هەرێمی کوردستان / عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی ڕاگەیاندن/ تەلەفزیۆن

# بەکارهێنانی تەکنیکی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا

نامەیەکە خوێندکار

کوێستان قادر سعید

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندن/ تەلەڤزیۆن.

بە سەرپەرشتی

پ. ی. د. سەلام نصرالدین محمد

٢٧٢٢ کوردی ٢٠٢٢ زایینی ١٤٤٤ کۆچی

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَمَا أُوتِيتُم مِّنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا﴾

سورة الإسراء آية (٨٥)

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (کوێستان قادر سعید) بە ناونیشانی (بەکارهێنانی تەکنیکی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا) بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن- تەلەڤزیۆن- دا)، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: پ. ی. د. سەلام نصرالدین محمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت٢٧/ ١٠/ ٢٠٢٢

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. سەلام نصرالدین محمد

سەرۆکی بەشی (ڕاگەیاندن)

ڕێکەوت:٢٧/١٠/ ٢٠٢٢

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (کوێستان قادر سعید) بە ناونیشانی (بەکارهێنانی تەکنیکی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ( )ی پێبدرێت.

واژۆ:

ناو: د. ابراهیم رشید فتح الله

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

سەرۆکی لیژنە:

ڕێکەوت: ١١/ ١ / ٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: د. حاکم عثمان حمید

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام:

ڕێکەوت: ٢٢/ ١٢/ ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو:

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام :

ڕێکەوت: ٢٢/ ١٢/ ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. سەلام نصرالدین محمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام و سەرپەرشتیار:

ڕێکەوت: ٢٤/ ١٢/ ٢٠٢٢

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی پەسەند کرا.

واژۆ:

ناو: پ. د . ابتسام اسماعیل قادر

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

ڕێکەوت: ١٧/ ١ / ٢٠٢٣

# پێشکەشکردن

ئەم هەوڵە خاکەڕاییە بە خۆشەویستییەوە پێشکەش دەکەم بە:

* ڕۆحی پاکی دایکم ....... یەکەم مامۆستای ژینم بوو.

* ڕۆحی پاکی باوکم ...... ڕێبەری ژیانم بوو.

* هاوسەری ئەزیزم ...... هەمیشە پشتیوانم.

* تاقانەکەم کەتوو ....... جوانترین دیاری خودا.

* خوشک و برا ئەزیزەکانم .......

* هەموو ئەوانەی لە هەوڵی بەدەستهێنانی زانیندان ......

* کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی ڕاگەیاندن .....

**کوێستان**

## سوپاس و پێزانین

* سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکەم کە دەرفەتی تەواکردنی توێژینەوەکەی پێبەخشیم.
* سوپاسی (پ. ی. د. سەلام نصرالدین محمد) دەکەم کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەی لە ئەستۆگرت و هاوکار و ڕێنیشاندەرم بوو.
* سوپاس بۆ (د. عبدالصمد قادر حسین) کە بە پێدانی سەرچاوە و بە درێژایی نووسینی توێژینەوەکە بە تێبینییە زانستییەکانی هاوکارم بووە.
* سوپاسی زۆرم بۆ مامۆستایان (پ.د. ئیبراهیم سەعید، پ.ی.د. کاروان محمد، پ.ی.د. یوهان عوسمان، پ.ی.د. پاڤێ جەمیل، پ.ی.م. کاوە عزالدین، م.ی. هاوڕێ مەحمود، م.ی. کاروان عبدالله) بە پێدانی سەرچاوە و تێبینییە زانستییەکانیان لە لایەنی مەیدانی و تیۆری توێژینەوەکەدا بەو پەڕی دڵسۆزی و پشوو درێژیان بەرچاو ڕوونیان پێدام.
* سوپاس بۆ (پ.د. ابتسام اسماعیل، پ.ی.د. دڵشاد مستەفا، پ.ی.د. شێرکۆ جەبار) کە ئەرکی هەڵسەنگاندنی فۆڕمە شیکارییەکەیان لە ئەستۆگرت.
* سوپاسی بێ پایان بۆ (پ.د. جواد نیعمت، پ.ی.د. سەمیرە محمد، م. عادل محمد، م.ی. محمد علی) لە ڕێنماییکردنی چۆنییەتی بەکارهێنانی هاوکێشە ئامارییەکان هاوکار بوون.
* سوپاس بۆ ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆی توێژینەوەکە، کە بە گفتوگۆ زانستییەکانیان هاوکار بوون لە سەرخستنی توێژینەوەکەدا.
* سوپاس بۆ کارمەندانی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سلێمانی و کارمەندانی کتێبخانەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان.
* سوپاس بۆ (دەریا عبدالوهاب، هێرۆ جەزا، ئالان محمد، شنە ئەمین) بە پێدانی سەرچاوە هاوکارییان کردووم.
* سوپاس بۆ هاوڕێیانم (نەوشیروان فرج، هێمن محمد) لە هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا بە سەرنجەکانیان هاوکارم بوون.
* سوپاسی (سالار عەلی و نزار قادر) دەکەم کە هەندێک لە سەرچاوە عەرەبی و ئینگلیزییەکانییان وەرگێڕا بۆ سەر زمانی کوردی.
* سوپاس بۆ (سیامەند هادی و بەرزان مەلا تەها) لە پێدا چوونەوەی نووسینی زمانی کوردی توێژینەوەکەدا ئەرکیان کێشاوە.
* سوپاس بۆ (پ.ی.د. دڵشاد عزیز، کرمانج ڕەسوڵ) لە کەناڵی کوردسات نیوز، (حەیدەر عمر و ڕێباز علی) لە کەناڵی ڕووداو، (زمناکۆ کەریم و جەمال حسێن) لە کەناڵی NRT، (نامۆ ئەحمەد و سەروەر محیدین) لەکەناڵی K24، لە بە دەستخستنی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان و پێدانی زانیاری سەبارەت بە کەناڵەکان هاوکار بوون.
* سوپاس بۆ (تارا شێخ عوسمان و نەوشیروان فرج) لە وەرگێڕانی پوختەی توێژینەوە بۆ زمانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی) هاوکار بوون.

**توێژەر**

# پوختەی توێژینەوەكە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەكارهێنانی تەكنیكی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆكیومێنتاری لە كەناڵە ئاسمانییەكانی هەرێمی كوردستاندا)، هەوڵێكە بۆ بەئاگابوون لەو ناڕوونییەی لە چۆنییەتی ئاستی بەكارهێنانی شێوازە تەكنیكییەكانی وێنەی تەلەڤزیۆنی وەک كردەیەكی گرنگی بەرهەمە بینراوەكان، لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆكیومێنتاری كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكاندا بەدیدەكرێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە بە بەكارهێنانی ڕێگای شیكاریی ناوەڕۆک (شیكاریی ڕواڵەتی). كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بریتییە لەسەرجەم فیلمە دۆكیومێنتارییەكانی كەناڵە ئاسمانییەكانی هەرێمی كوردستان. كە لە هەرچوار كەناڵی ئاسمانی (K24، Rudaw، NRT، Kurdsat News)دا (٢٧) فیلمی دۆكیومێنتاری، لە ماوەی شەش مانگدا لە (١/١/٢٠٢١- ٣٠/٦/٢٠٢١) وەک سامپڵی توێژینەوە بەشێوەی ناهەڕەمەكی مەبەستدار دیاریكراون و شیكارییان بۆ كراوە. دیارترین ئامانجەكانی توێژینەوەكە بریتییە لە: زانینی ڕادەی بەكارهێنانی جۆر و ناوەڕۆكی بابەتەكانی فیلمی دۆكیومێنتاری لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكاندا. هەروەها مامەڵەكردنیان لەگەڵ هونەری گێڕانەوەی فیلمەكان لەڕێگەی بەكارهێنانی دەنگ و شێوەزاری ئاخاوتنیان، پاشان ئاشكراكردنی چۆنییەتی بەكارهێنانی وێنە لەڕووی (گرتە، گۆشە، جوڵە)كانی كامێراوە. لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەكە پێی گەیشتووە بریتین لە:

١- لە كەناڵە ئاسمانییەكاندا، مامەڵەكردن لەگەڵ جۆری چاودێریكردن و ڕاڤەكردن لە پێشەنگی جۆرەكانی فیلمی دۆكیومێنتارییدان و زیاتر پشت بە بابەتەكانی (ژیانی كەسایەتی، مێژوویی و شوێنەوار) بەستراوە، ئەمەش بە كەلێنێک دادەنرێت لە بەرهەمهێنانی فیلمە دۆكیومێنتەرییە كوردییەكاندا، بەو پێیەی زۆر بواری گرنگی دیكەی وەک بابەتە كۆمەڵایەتییەكان فەرامۆشكراون.

٢- گێڕانەوە وەک ڕەگەزێكی گرنگی فیلمی دۆكیومێنتاری لەڕێگەی بوونی كۆمێنت (تعليق)ەوە، لە سەرجەم كەناڵەكاندا بە ئاستێكی گونجاو گرنگی پێدراوە و زۆرتر پشتیان بە شێوەزاری كرمانجی ناوەڕاست بەستووە، تەنیا كەناڵی (K24) بەبێ جیاوازی شێوەزاری ئاخاوتن، توانیویەتی ئەو ڕووداو و بابەتانەی پەیوەندیان بە كۆمەڵگەی كوردییەوە هەیە نمایشییان بكات.

٣- دەرهێنەرانی فیلمە دۆكیومێنتارییەكان لە كەناڵەكە ئاسمانییەكاندا، هەوڵێكی باشیان بەگەڕخستووە لە چارەسەركردنی فیلمەكاندا، توانیویانە دەنگی موزیكی وێنەیی و سروشتی ڕووداوەكان بۆ پاڵپشتی كردنی وێنەكان بە ئاستێكی گونجاو پەیڕەو بكەن.

٤- كەناڵەكان توانیویانە كار بە وەرگرتنی گرتە جیاوازەكان بكەن و زیاتر گۆشەی ئاستی بینین بەرجەستە بكەن، كە بە باشترین ڕێگای گواستنەوەی گرتە یەک لەدوای یەكەكان دادەنرێت و لە ئاستێكی بەرزدا لەڕێگەی كارتێكەری (بڕین- Cut)وە ئەنجامدراون.

٥- لەڕووی چۆنییەتی جوڵەکانی کامێراوە بەشـــێوەیەکی گشـــتی کەناڵەکان جیاوازیان هەیە لە ڕادەی بەکارهێنـانیـانـدا، بەجۆرێک جوڵەی (Zoom) پـانتـاییەکی زۆری داگیر کردووە، ئەمەش بەشـێوەیەکی زانسـتیانە بە هەند وەردەگیرێت، بەڵام کەمترین بایەخیان بۆ جوڵەی (Tracking) هەبووە، کە بەیەکێک لە جوڵە گرنگەکـان دادەنرێت بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکـان و گەیـانـدنی ڕاســتییەکان وەک خۆیان. لە هەمان کاتیشـــدا تەکنیکی تێکەڵکردنی گرتە و جوڵەکانی کامێرا لە فیلمەکاندا بە ئاستێکی باش بەرچاو دەکەوێت.

# لیستی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە


| ژ | ناونیشانی بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | قورئانی پیرۆز | أ |
| ٢ | ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | ب |
| ٣ | ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | ت |
| ٤ | پێشکەشکردن | ث |
| ٥ | سوپاس و پێزانین | ج |
| ٦ | پوختەی توێژینەوەکە | ح- خ |
| ٧ | لیستی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە | د- س |
| ٨ | پێشەکی | ١-٢ |
| ٩ | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە** | ٣-٢٤ |
| ١٠ | کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١١ | گرنگی توێژینەوەکە | ٤-٥ |
| ١٢ | ئامانجی توێژینەوەکە | ٥-٦ |
| ١٣ | جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە | ٦ |
| ١٤ | سنووری توێژینەوەکە | ٦ |
| ١٥ | کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە | ٦-٧ |
| ١٦ | ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە | ٧ |
| ١٧ | ئامادەکردنی فۆڕمی شیکاری توێژینەوەکە | ٨-٩ |
| ١٨ | ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە | ٩-١٠ |
| ١٩ | هاوکێشە ئامارییە بەکارهێنراوەکان | ١١-١٢ |
| ٢٠ | توێژینەوەکانی پێشوو | ١٢-٢٢ |
| ٢١ | گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو | ٢٢-٢٣ |
| ٢٢ | سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو | ٢٣ |
| ٢٣ | دیارییکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە | ٢٤ |
| ٢٤ | **بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە**<br>**تەکنییەکانی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا** | ٢٥-٨٨ |
| ٢٥ | باسی یەکەم: فیلمی دۆکیومێنتاری و ئاراستە هونەرییەکانی | ٢٦ |
| ٢٦ | یەکەم: پێناسە و چەمکی فیلمی دۆکیومێنتاری | ٢٦-٢٩ |
| ٢٧ | دووەم: تایبەتمەندی و ئەرکەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری | ٣٠-٣٣ |
| ٢٨ | سێیەم: دەرکەوتن و گەشەکردنی فیلمی دۆکیومێنتاری | ٣٣-٣٦ |
| ٢٩ | چوارەم: جۆر و شێوازەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری | ٣٦-٤٧ |
| ٣٠ | پێنجەم: گێڕانەوە لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا | ٤٧-٥٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣١ | شەشەم: ئاراستە هونەرییەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری | ٥٠-٥٤ |
| ٣٢ | باسی دووەم: بەکارهێنانی وێنە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا | ٥٤ |
| ٣٣ | یەکەم: بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری | ٥٤-٥٨ |
| ٣٤ | دووەم: قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری | ٥٩ |
| ٣٥ | قۆناغی پێش بەرهەمهێنان | ٥٩-٦٢ |
| ٣٦ | قۆناغی بەرهەمهێنان | ٦٢-٦٤ |
| ٣٧ | قۆناغی دوای بەرهەمهێنان | ٦٤-٦٦ |
| ٣٨ | سێیەم: وێنە لە پرۆسەی بینینسازی فیلمی دۆکیومێنتارییدا | ٦٦-٦٨ |
| ٣٩ | چوارەم: بەکارهێنانی وێنە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا | ٦٨-٨٨ |
| ٤٠ | **بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە**<br>**بەکارهێنانی تەکنیکی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا** | ٨٩-١٢٨ |
| ٤١ | دەرئەنجام | ١٢٩-١٣١ |
| ٤٢ | پێشنیاز | ١٣١-١٣٢ |
| ٤٣ | ڕاسپاردە | ١٣٢ |
| ٥١ | سەرچاوەکان | ١٣٣-١٤٨ |
| ٥٢ | پاشکۆکان | A-CC |


## پێڕستی شێوەکان


| ژمارەی شێوە | ناونیشانی شێوە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | شێوازی نووسینی سیناریۆی وێنەگرتنی فیلمی دۆکیومێنتاری | **٦١** |


## پێڕستی خشتەکان


| ژمارەی خشتەکان | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە، بەپێی ژمارە و ڕێژەی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان | ٧ |
| ٢ | ڕێژەی ڕێککەوتنی پسپۆڕ و شارەزایان بۆ دەستەکانی فۆڕمی شیکاریی | ١٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | جۆری فیلمی دۆکیومێنتاری بەکارهێنراو لە کەناڵە ئاسمانییەکانی (K24، Rudaw، NRT، Kurdsat News) | ٩٢ |
| ٤ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogrov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە نێوان کەناڵەکاندا لە شێوازی بەکارهێنانی جۆرەکانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا | ٩٣ |
| ٥ | ڕادەی بەکارهێنانی بابەتەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | ٩٥ |
| ٦ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogrov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە نێوان کەناڵەکاندا لە شێوازی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی بابەتەکانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا | ٩٦ |
| ٧ | ڕادەی بەکارهێنانی کۆمێنت (تعلیق) لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی نمونەی توێژینەوەکەدا | ٩٧ |
| ٨ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە ڕادەی بەکارهێنانی بوونی کۆمێنت لە نێوان کەناڵەکاندا لەبەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا | ٩٨ |
| ٩ | ڕەگەزی کۆمێنتتار لە فیلمە دۆکیومێنتەرییەکاندا | ٩٩ |
| ١٠ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە رادەی بوونی رەگەزی کۆمێنتتار لە نێوان کەناڵەکاندا | ١٠٠ |
| ١١ | شێوەزاری بەکارهێنراو لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا | ١٠١ |
| ١٢ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە رادەی شێوەزاری بەکارهێنراو لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا | ١٠٢ |
| ١٣ | ڕادەی بەکارهێنانی دەنگ لە بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا | ١٠٣ |
| ١٤ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی ڕادەی دەنگی بەکارهێنراو، لە کەناڵە ئاسمانییەکانی نمونەی توێژینەوەکەدا | ١٠٤ |
| ١٥ | شوێنی وێنەگرتنی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی نمونەی توێژینەوەکە | ١٠٥ |
| ١٦ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی شوێنی وێنەگرتنی فیلمی دۆکیومێنتاری، لە دەرەوەی ستۆدیۆ و ناوەوەی ستۆدیۆی کەناڵەکاندا | ١٠٦ |
| ١٧ | ڕادەی بەکارهێنانی جۆرەکانی وێنە لە فیلمە دۆکیومێنتارییە بەرهەمهێنراوەکاندا | ١٠٨ |
| ١٨ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی جۆرەکانی وێنەی بەکارهێنراو لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا | ١٠٩ |
| ١٩ | سەچاوەکانی بەرهەمهێنانی وێنە لە فیلمی دۆکیۆمێنتارییدا | ١١٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی سەرچاوەکانی وێنەی بەدەستهاتوو لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا | ١١١ |
| ٢١ | قەبارەکانی گرتەی بەکارهێنراو لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا | ١١٤ |
| ٢٢ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە بەکارهێنانی قەبارەی گرتەکانی کامێرا لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا | ١١٥ |
| ٢٣ | ڕادەی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا | ١١٧ |
| ٢٤ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرادا | ١١٨ |
| ٢٥ | ڕادەی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا | ١٢٠ |
| ٢٦ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرادا | ١٢١ |
| ٢٧ | چۆنییەتی بەکارهێنانی شێوازی جوڵەی کامێرای تێکەڵ بۆ گرێدانی گرتەکانی وێنە نمایشکراوەکان | ١٢٤ |
| ٢٨ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە بەکارهێنانی جوڵە تێکەڵاوەکانی کامێرادا | ١٢٥ |
| ٢٩ | شێوازەکانی پەیڕەوکردنی کارتێکەری وێنەیی لە پرۆسەی مۆنتاژدا | ١٢٧ |
| ٣٠ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە بەکارهێنانی چۆنییەتی پێکەوە بەستنی وێنەکان لەڕێگەی کارتێکەری وێنەییەوە | ١٢٨ |


## لیستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ناساندنی کەناڵە ئاسمانییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | B-D |
| ٢ | وەسفی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | E-P |
| ٣ | پێناسە کردەنییەکانی دەستەکانی شیکاری ناوەڕۆک | Q-W |
| ٤ | فۆڕمی هەڵسەنگاندنی شارەزایان | X-CC |

# پێشەکی

یەکێک لە گرنگترین ئەو کەرەستە هونەرییانەی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی میدیادا و بەتایبەت بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری هەیە لە گەیاندنی پەیامەکاندا، بریتییە لە وێنە، کە بەسەرجەم جۆرەکانییەوە هاوکات لەگەڵ دەقدا هێمایەکە بۆ کردنەوەی کۆدە نەبینراوەکان، لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کامێرا و بە لە چوارچێوەدانی (گرتە، گۆشە و جوڵە)کان دەکرێتە پرۆسەکی بینراو و لەسەر شاشە پەخشدەکرێت. وێنە وەک یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی، جێگەی وشە، ڕستە، ژمارەکان دەگرێتەوە و لە دونیای ئەمڕۆدا بەتەواوی دەستی بەسەر بەرهەمهێنانی ژانرە سینەمایی و تەلەڤزیۆنییەکاندا گرتووە. ئەمەش بە ئامانجی جوڵاندنی هەستی بینەر و سەرنجڕاکێشانی بۆ ڕووداوەکان بەکاردەخرێت، تاوەکو لەڕێگەیەوە بتوانرێت ئاسانتر بە دەربڕینە کەلتوورییەکان، واقیعیی ڕووداوەکان، بیروباوەڕ و چەمکە جیاوازەکانی جیهان ئاشنا بکرێت.

لە ئێستادا بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لە پەخشی تەلەڤزیۆنیدا بەدیدەکرێت، بەکارهێنانی وێنەی تەلەڤزیۆنی لە بەرهەمهێنانی ژانرەکاندا، چەندین فۆڕمی جیاواز و بنەمای دیاریکراو و تایبەت بەخۆی هەیە، فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان وەک یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی تەلەڤزیۆن لەو ڕوانگەیەوەی خەسڵەتی بەڵگەنامەیی دەبەخشن و ئەرکی زانیاری بەخشینە، هەروەها زۆرترین توانستی بڕواپێهێنان (قایلکردن)ی بینەریان هەیە، خاوەنی ڕووبەرێکی فراوانن و لە کەناڵە ئاسمانی و لۆکاڵییەکاندا بایەخی پێدەدرێت. سەرەڕای ئەوەی لەسەرەتای سەرهەڵدانیدا لە هەناوی سینەمادا لەدایکبووە، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوون و گۆڕانکارییەکاندا، بووە بە شێکی دانەبڕاو لەبەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا و بەبێ ئەوەی تایبەتمەندییە گرنگەکانی خۆی لەدەست بدات خۆگونجاندنێکی تەواوی لەگەڵ کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا دروستکردووە، لەگەڵ ئەوەدا لە کەناڵە گشتی و تایبەتمەندە جیهانییەکاندا کاتێکی دیاریکراو بۆ پەخشکردنیان تەرخان دەکرێت و زۆرترین بەکارهێنانی وێنەی تەلەڤزیۆنی تیایاندا دەردەکەوێت و لەڕێگەی هونەری مۆنتاژەوە بە گرتە پێکەوە بەستراوەکان، دیمەنێک لە ڕووداوەکە پێکدێنن و مانا بە ناوەڕۆکی فیلمەکان دەبەخشن.

لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە وەک پێویستییەکی زانستی و پیشەیی، هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی چۆنییەتی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی وێنە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان. لەو ڕێگەیەوە کار لەسەر پرۆسەی بینینسازی وێنەکان دەکات و جەخت دەکاتە سەر دنیابینینی دەرهێنەر لە چارەسەرکردنی وێنەی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا. لەم توێژینەوەیەدا بۆ خستنەڕووی ئەو کەلێنانەی لە لایەنە تەکنیکییەکانی پرۆسەکەدا بەدیدەکرێت، فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵە

ئاسمانییەکانی (Kurdsat News ،NRT ،Rudaw ،K24) بە نمونە وەرگیراون، کە کار لەسەر ڕووداوە هەرێمی و ناوخۆییەکان دەکەن و چەندین تەکنیکی تایبەت بە وێنەگرتن بەرجەستە دەکەن.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم لە چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکەدا دادەڕێژێت و هەریەک لە (کێشە و پرسیارەکان، گرنگی، ئامانج، جۆر و میتۆد، سنووری توێژینەوەکە، کۆمەڵگە و سامپڵ، ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە، ئامادەکردنی فۆڕمی شیکاری و چۆنییەتی دیاریکردنی دەستە و یەکەکان، ڕاستی و جێگیری، هاوکێشەی ئاماری بەکارهێنراو، توێژینەوەکانی پێشوو، گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو، سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو، دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە) لەخۆدەگرێت. بەشی دووەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە پێکدەهێنێت، تێیدا فیلمی دۆکیومێنتاری و ئاراستە هونەرییەکانی شرۆڤە دەکرێت، کە گرنگترین بابەتەکانی تایبەت بەفیلمی دۆکیومێنتاری لەڕووی (چەمک و پێناسەکانی و تایبەتمەندی و ئەرکەکانی، سەرەتاکانی دەرکەوتن و گەشەکردنی، جۆر و شێوازەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری، گێڕانەوە و بەکارهێنانی (تعليق) و ئاراستە هونەرییەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری) دەخرێنەڕوو. هەروەها تەکنیکەکانی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا دەخرێتەڕوو، کە باس لە لە (بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری، قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری، وێنە لە پرۆسەی بینینسازی فیلمی دۆکیومێنتاری و شێوازەکانی تەکنیکی وێنەگرتن) دەکرێت. بەشی سێیەم و کۆتایی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی لە خۆگرتووە و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکاریکردنیان دەخرێتەڕوو. پاشان دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، لەگەڵ چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەک دەخرێنەڕوو، هەروەها بە لیستی سەرچاوەکان، پاشکۆکان، پوختەی توێژینەوەکە بەزمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی بە توێژینەوەکە دەهێنرێت.

# بەشی یەکەم
# چواچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

یەکەم: کیشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە.

دووەم: گرنگی توێژینەوەکە.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە.

چوارەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە.

پێنجەم: سنووری توێژینەوەکە.

شەشەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە.

حەوتەم: ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە.

هەشتەم: ئامادەکردنی فۆرمی شیکاری توێژینەوەکە.

نۆیەم: ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە.

دەیەم: هاوکێشە ئامارییە بەکارهێنراوەکان.

یازدەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو.

دوازدەیەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو.

سیازدەیەم: سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو.

چواردەیەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە.

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

## یەکەم: کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بە ئاگابوونە لەو ناڕوونییەی لە چۆنییەتی بەکارهێنانی شێوازە هونەرییەکانی وێنەی تەلەڤزیۆنی لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا بەدیدەکرێت، بەهەنگاوی زانستی لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە بۆ ڕوومالّی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکرێت، تاوەکو بزانرێت بەچ شێوازێک مامەڵە لەگەڵ تەکنیکی وێنە بەکارهێنراوەکاندا دەکرێت؟ بەمەستی بەدەستهێنانی وەڵام بۆ پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە، چەند پرسیارێکی دیکە دەخرێتەڕوو:

١- جۆر و فۆڕمی ناوەڕۆکی بابەتەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری کامانەن، کە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا گرنگیان پێدەدرێت؟

٢- تاچەند کەناڵە ئاسمانییەکان، بایەخیان داوە بە بوونی کۆمێنت و ڕەگەزی کۆمێنتتار (چیرۆکخوان) لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا؟

٣- بەکارهێنانی دەنگ و شێوەزاری بەکارهێنراو لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکاندا، تاچەند گرنگیان پێ دراوە؟

٤- بایەخدان بە شوێنی وێنەگرتن لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکاندا، لە چ ئاستێکدایە؟

٥- تاچەند کەناڵە ئاسمانییەکان، ڕەچاوی هەمەجۆری لە بەکارهێنانی جۆرەکانی وێنە و بایەخدان بەسەرچاوەکانی بەرهەمهێنانیان کردووە؟

٦- بەچ شێوازێک لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکاندا، (گرتە و گۆشە و جوڵە)ی کامێرا و تەکنیکەکانی تێکەڵکردنیان و گواستنەوەی وێنەکان لەڕێگەی کارتێکەری وێنەیی کاریان لەسەرکراوە؟

٧- تاچەند جیاوازی لەنێوان کەناڵەکاندا هەیە، لەڕووی چۆنییەتی بەکارهێنانی وێنە و جۆرەکانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا؟

## دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە لە سروشتی کێشەی توێژینەوەکە بۆ هەردوو گۆڕاوی (وێنەی تەلەڤزیۆنی و فیلمی دۆکیومێنتاری)یەوە سەرچاوە دەگرێت، بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە لە چەند خاڵێکدا بەرجەستە دەبێت:

**١- لەڕووی تیۆرییەوە:** ئەم توێژینەوەیە بەزمانی کوردی، هەوڵێکی نوێیە و دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ کتێبخانەی کوردی و ناوەندەکانی توێژینەوە ئەکادیمییەکان لە بواری

سینەما و ڕاگەیاندندا، بە تایبەت خوێندکارانی بەشە بینراو و تەلەڤزیۆنییەکان. هەروەها دەرفەت بۆ توێژەرانی دیکە دەڕەخسێنێت، کە مەبەستیانە لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە، کار لەسەر لایەنێکی دیاریکراوی پەیوەست بە بواری تەکنیکی وێنەی تەلەڤزیۆنی و فیلمی دۆکیومێنتاری بکەن.

**٢- لەڕووی پراکتیکییەوە:** گرنگی دەبێت بۆ کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، تاوەکو بەشێوەیەکی زانستییانە مامەڵە لەگەڵ چۆنییەتی تەکنیکەکانی بەکارهێنانی وێنەی تەلەڤزیۆنی و یەکخستنیان لەگەڵ چیرۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانیاندا بکرێت. ئەمەش لە مەیدانی کاردا دەبێتە ڕێبەرێکی باش بۆ وێنەگران و دەرهێنەران و بەرهەمهێنەران.

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە

ئەو ئامانجانەی لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی بەدیهێنانیان دەدرێت، بریتین لە:

١- ئاشنابوون بە ڕادەی بەکارهێنانی، جۆر و ناوەڕۆکی ئەو فیلمە دۆکیومێنتارییانەی زۆرترین وێنەی تێدا بەکارهێنراوە، لە کەناڵە ئاسمانییەکانی (K24، Rudaw، NRT، Kurdsat News)دا.

٢- دیاریکردنی ڕادەی گرنگیپێدانی کەناڵە ئاسمانییەکان، بە بەکارهێنانی کۆمێنت و ڕەگەزەکانی کۆمێنتار، بۆ پاڵپشتی کردنی ئەو وێنانەی واقیعی ڕووداوەکان دەسەلمێنن.

٣- زانینی ڕادەی بایەخپێدانی کەناڵەکان، بە شێوەزاری ئاخاوتن و گرنگدانیان بە جۆری دەنگی بەکارهێنراو لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا.

٤- ئاشکراکردنی ئاستی بایەخپێدانی کەناڵە ئاسمانییەکان، بە شوێنی وێنەگرتنی ئەو ڕووداوانەی چیرۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان پێکدەهێنن و ڕۆڵ دەگێڕن لە گەیاندنی ڕاستییەکاندا.

٥-زانین و دەرخستنی، ئاستی بەکارهێنانی جۆرەکانی وێنەی تەلەڤزیۆنی و سەرچاوەکانی وێنەگرتنیان، لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکاندا.

٦- زانینی جۆری گرتە و گۆشە و جوڵە بەکارهێنراوەکانی کامێرا، گرنگیدان بە تەکنیکی جوڵەی تێکەڵ لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکاندا و گواستنەوەیان لە ڕێگەی کارتێکەری وێنەیی لە پرۆسەی مۆنتاژدا.

٧- دیاریکردنی جیاوازی ئامارەی ئاماری لە نێوان کەناڵە ئاسمانییەکاندا، لە چۆنییەتی بەکارهێنانی وێنە و جۆری فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا.

## چوارەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە

جۆری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەی وەسفیدایە. بەو پێیەی هەوڵێکە بۆ لێوردبوونەوە و بایەخدان بە دیاردە و ڕووداوەکان، ڕێگای شیکاری ناوەڕۆک (شیکاری ڕواڵەتی) بەکارهێنراوە، بۆ شیکردنەوە و بەدەستهێنانی داتا و زانیارییەکان، دەربارەی شێوازە بەکارهێنراوەکانی تەکنیکی جۆرەکانی وێنەی تەلەڤزیۆنی لە بەرهەمهێنانی فیلمە

دۆکیومێنتارییەکـانی کەنـاڵە ئاسـمانییەکانی (Kurdsat News ،NRT ،Rudaw ،K24)، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە.

**پێنجەم: سنووری توێژینەوەکە**

**ا- سنووری شوێن:** هەرێمی کوردستان/ پارێزگای (سلێمانی، هەولێر)، کە کەناڵە لێتوێژراوەکان پەخشی لێوەدەکەن.

**ب- سنووری بابەت:** بەکارهێنانی وێنە تەلەڤزیۆنییەکان لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی (Kurdsat News ،NRT ،Rudaw ،K24) بابەتی توێژینەوەکەن.

**پ- سنووری کات:** توێژەر لە ماوەی (٢٠٢٢/٣/١٥ تا ٢٠٢٢/٧/٣١) شیکاری ڕواڵەتی فیلمە بەرهەمهێنراوەکانی هەرچوار کەناڵی ئاسمانی (Kurdsat News ،NRT ،Rudaw ،K24) ئەنجامداوە و ماوەی کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەنێوان ساڵی خوێندنی (٢٠٢١- ٢٠٢٢).

**شەشەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە**

**ا- دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە؛ هەموو ئەو تاکانە یان بابەت و شمەک و توخمانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە کێشەی توێژینەوەکە و توێژەر بە دوای گشتاندنیدا دەگەڕێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەی[١]. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە سەرجەم فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان.

**ب- دیارییکردنی سامپڵی توێژینەوەکە:**

فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی هەرچوار کەناڵی ئاسمانی (Kurdsat News ،NRT ،Rudaw ،K24) کە نمایشی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکەن، لە ماوەی شەش مانگدا لە (٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/٦/٣٠) وەک سامپڵی توێژینەوەکە، بە شێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار دەستنیشان کراون، کە لە (٢٧) فیلمی دۆکیومێنتاریی پێکهاتووە. بڕوانە پاشکۆی (١ و ٢).

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو کەناڵانە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، لەڕووی ناوەڕۆکی فیلمەکانەوە بایەخیانداوە بە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری تایبەت بە ڕووداوەکانی ناوچە کوردستانییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە هەمانکاتدا پەنایان نەبردۆتە بەر فیلمی دۆکیومێنتاری جیهانی وەرگیراو و وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی کوردی، بەڵکو چیرۆکی فیلمەکان لەسەر زاری پاڵەوان و کاراکتەرەکانی بە زمانی کوردی و شێوەزارەکانی

---

(١) محمد خليل عباس، محمد بكر نوفل و أخرون، **مدخل الى مناهج البحث في التربية وعلم النفس**، ط٥، (عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع، ٢٠١٢)، ص٢١٧.

بەرهەمـدەهێنرێن. هەروەهـا تـوێژەر بە پێویسـتی زانیـوە فیلمـی دۆکیومێنتـاری ئەو کەنـاڵانە وەربگرێت کە جیاوازن لەڕووی ماوەی دامەزراندن، ئامانج و ئاراستەی کارکردن، ئایدۆلۆجیای کەناڵەکان و جیاوازی لە کوالیتی بەرهەمهێناندا.

– کەنـاڵی ئاسـمانی (K24)، بە پلەی یەکەم (١٤) فیلمـی بەڕێژەی (٥١,٨٥٪) بەرهەمهێنـاوە، پاشان هەریەک لە کەناڵی ئاسمانی (NRT ،Rudaw) لە پلەی دووەمدان و (٥) فیلمیان بەڕێژەی (١٨,٥٢٪) وەک سـامپڵی تـوێژینەوەکە وەرگیـراون، بەڵام کەنـاڵی ئاسـمانی (Kurdsat News) لەپـلەی سـێیەمدایە و سـەرجەم فیلمەکـانی کە (٣) فـیلمە بەڕێـژەی (١١,١١٪) لە کـۆی فـیلمە وەرگیراوەکانی سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە. بڕوانە خشتەی (١).

**خشتەی (١)**

**دابەشکردنی سامپڵی توێژینەوەکە، بەپێی ژمارە و ڕێژەی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان روون دەکاتەوە**

| کەناڵ | د | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| K24 | ١٤ | ٥١,٨٥ | ١ |
| Rudaw | ٥ | ١٨,٥٢ | ٢ |
| NRT | ٥ | ١٨,٥٢ | |
| Kurdsat News | ٣ | ١١,١١ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٧ | ١٠٠ | |

**حەوتەم: ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە**

بەمەبەسـتی کـۆکردنەوەی داتـا و زانیـاریی تـایبەت بە لایەنـی مەیـدانی و گەیشـتن بە ئامـانجی تـوێژینەوەکە، وەک بەشـێک لە پێداویسـتییەکانی دەسـتەبەرکردنی زانیارییەکـان، تـوێژەر پەنـای بردووەتە بەر بەکارهێنانی چەند ئامرازێکی توێژینەوە لەوانە:

**ا- فـۆڕمی شـیکاری:** ئەو فـۆڕمەیە کە تـوێژەر وەک ئامڕازێـک بەکاریهێنـاوە، بـۆ شـیکارکردنی شـێوازەکانی ئەو وێـنە تەلەڤزیۆنییـانەی لە کـاتی بەرهەمهێنـانی فیلمـی دۆکیومێنتارییەکانـدا بەکـاردەهێنرێن، بەمەبەسـتی شـیکارییکردنی چەنـدایەتی و جـۆرایەتی وێنەکـان و گونجانـدنیان لەگەڵ نـاوەڕۆکی فـیلمە نمایشـکراوەکاندا، کە پێکهـاتووە لە (١٤) دەسـتەی شـیکاری تـایبەت بە شێوە و ڕواڵەتی ناوەڕۆکی فیلمە بەرهەمهاتووەکان و تەکنیکەکانی وێنەگرتن.

**ب- چـــاوپێکەوتن:** تـــوێژەر بـــۆ بەدەســـتهێنانی کـــۆکردنەوەی زانیـــاری تـــایبەت بە کەنـــاڵە ئاسمانییەکانی (Kurdsat News ،NRT ،Rudaw ،K24)، وەک ئامڕازێکی توێژینەوەی زانستی، چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی کارگێڕی کەناڵەکان و بەڕێوەبەری بەشی بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا ئەنجامداوە، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی شێواز و سیاسـەتی کەناڵەکان و چۆنییەتی بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییە کوردییەکان.

### هەشتەم: ئامادەكردنی فۆڕمی شیكاری توێژینەوەكە

بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە شیكارییەكی پاشوەختە، واتا فۆڕمێكی ئامادەكراو و پێشوەختە لەبەردەستدا نییە، توێژەر بۆ شیكردنەوەی دەستە و یەكەكانی شیكاری پشتی پێ ببەستێت. بۆیە پاش دیاریكردنی كۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەكەی و بە سوود وەرگرتن لە توێژینەوەكانی پێشوو، لە دوای تەماشاكردنی فیلمە دۆكیومێنتارییە بەرهەمهێنراوەكانی هەرچوار كەناڵی سامپڵی توێژینەوەكە، فۆڕمێكی شیكاری ئامادەكرد كە گونجاوبێت لەگەڵ سامپڵەكەدا، پاشان دەستە و یەكەكانی شیكاری دیاریكرد، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ا- دیاریكردنی یەكەكانی شیكاری**

توێژینەوەكانی تایبەت بە شیكاری ناوەڕۆك، بە شێوەی چەندایەتی هەوڵی وەسفكردنی ناوەڕۆكی بنچینەی بابەتەكانی تایبەت بە كێشەی توێژینەوە دەدەن، كە بۆ چەند یەكەیەكی شیكاری دابەشكراون وەك یەكەكانی (وشە، بیرۆكە، كەسێتی، بڕگە، ڕووبەر و زەمەن)[1].

لەم توێژینەوەیەدا بەو پێیەی كار لەسەر ئەو گرتە ڤیدیۆییانە دەكرێت كە لە بەرهەمهێنانی فیلمە دۆكیومێنتارییەكاندا بەكاردەهێنرێن، لەبەرئەوە پشتی بەستووە بەیەكەی گرتەی وێنەی ڤیدیۆیی، كە لە هەر ژانرێكی تەلەڤزیۆنیدا و بە تایبەت لە فیلمی دۆكیومێنتارییدا كاری پێدەكرێت و لە هەمان كاتیشدا وێنەی (وەستاو و گرافیک) لەخۆدەگرێت، بەجۆرێک سەرجەم گرتە و گۆشەكانی وێنە بەكارهێنراوەكان بە جیاجیا وەرگیراون و شیكارییان بۆ ئەنجامدراوە. كەواتە ناوەڕۆكی توێژینەوەكە وێنەیە نەک نوسین، بەوەش یەكەی وێنە هاوشێوەی یەكەی بڕگە و ڕستەیە لە بواری شیكردنەوەی دەقی نووسراودا. هەروەها بەو پێیەی "لە زمان و ڕێزمانی سینەمادا (گرتە = وشە) بەو مانایە دێت كە هەر گرتەیەک وشەیەكە و ئامرازی پەیوەندیش ئەو كارتێكەرانەن كە گرتەكان پێكەوە دەبەستێتەوە"[2]، بۆ تەواو كردنی دەقی مانا و مەبەستەكانی وێنە نمایشكراوەكان.

**ب- دیاریكردنی دەستەكانی شیكاری**

مەبەست لەدەستەكان (Categories) ئەو ڕەگەزە سەرەكی و لاوەكییانەیە كە یەكەكانی شیكاری تێدا دادەنرێت. كە پێویستە بەوردی دەستنیشان بكرێن بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەكانی توێژینەوە و گەیشتن بە ئەنجامەكانی، كە توێژەر بەنیازە شیكارییان بكات و جیاوازی نێوانیان

---

(١)سعد سلمان المشهداني، **مناهج البحث الإعلامي**، (دولة الإمارات العربية المتحدة- الجمهورية اللبنانية: دار الكتاب الجامعي، ٢٠١٧)، ص١٢٥.

(٢) نەبەز ئەحمەد حەسەن، **بەكارهێنانی شێوازەكانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لە كەناڵە ئاسمانییەكانی هەرێمی كوردستاندا توێژینەوەیەكی شیكارییە بۆ هەردوو كەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN)**، **نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)**، (زانكۆی سلێمانی: كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، بەشی ڕاگەیاندن- تەلەڤزیۆن، ٢٠١٧)، لا٥٩.

دەربخـات. ئەمەش بە مەبەسـتی ئەوەی ناوەڕۆکێـک لەژێـر دوو دەسـتەی جیـاوازدا پـۆلێن نەکرێت[١].

بەشـیوەیەکی گشـتی لە شـێوازی شـیکردنەوەی ناوەڕۆکـدا دەسـتەکانی شـیکاری دابەشدەکرێن بۆ دوو جۆری سەرەکی، کە جۆری یەکەمیان وەڵامی پرسیاری (چی وتراوە)؟ دەداتەوە، تایبەتە بە ناسین و خستنەڕووی ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی شیکارییان بۆ دەکرێت. جۆری دووەمیان وەڵامی پرسیاری (چۆن وتراوە)؟ دەداتەوە، کە زیاتر پەیوەستە بە فۆڕم و لایەنە هونەرییەکانی ناوەڕۆکەوە و شێوازەکانی دەخاتەڕوو نەک بابەتەکەی[٢].

لە فۆڕمی شیکاری ئەم توێژینەوەیەدا، هەردوو جۆری (چی وتراوە و چۆن وتراوە) کاریان لەسەرکراوە، جۆری یەکەم تایبەتە بە وەڵامدانەوەی جۆری ناوەڕۆک و بابەتەکانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان. جۆری دووەم کە تایبەتە بە وەڵامدانەوەی (چۆن وتراوە)، لە دەستەکانی شیکاریدا وەڵامی چۆنییەتی بەکارهێنانی وێنە تەلەڤزیۆنییەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا دەداتەوە. (بڕوانە پاشکۆی -٣-).

## نۆیەم/ ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە:

**ا- ڕاستی فۆڕمی شیکاری:** ڕاستی بەکاردەهێنرێت بۆ ڕادەی پێوانەکردنی ڕاستی و دروستی ئەو داتا و زانیارییانەی لە توێژینەوەی زانستییدا لە لایەن توێژەرەوە کۆدەکرێنەوە، بە جۆرێک لەکاتی شیکارکردنیاندا لەگەڵ ڕاستی بابەتی توێژینەوەکە و مانای ڕاستەقینەی چەمکە بەکارهێنراوەکاندا بگونجێت و پاشان گشتاندنی بۆ ئەنجامبدرێت[٣]. ئەنجامدانی ڕاستی ئامڕازی توێژینەوە بە چەند جۆرێک دەپێورێت، لەم توێژینەوەیەدا جۆری ڕاستی ڕواڵەتی بۆ فۆڕمی شیکاری توێژینەوەکە بەکارهێنراوە. بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و دڵنیابوون لە ڕادەی شیاویی و ڕاستی ئامڕازەکە، توێژەر فۆڕمە شیکارییەکەی دابەشکرد بەسەر (٧)[*] هەڵسەنگێنەری پسپۆڕ

---

(١) سابیر بۆکانی، **میتۆدی توێژینەوەی زانستی**، سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠١٦)، لا٩٨-٩٩.

(٢) سمير محمد حسين، **دراسات فی مناهج البحث العلمی بحوث الإعلام**، (القاهرة: عالم الكتب، ٢٠٠٦)، ص ١٨١.

(٣) عدنان عوض، **مناهج البحث العلمي**، (القاهرة: الشركة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات بتعاون مع جامعة القدس المفتوحة، ٢٠٠٨)، ص ٢٤٩.

(*) ناوی پسپۆڕان و شارەزایان بۆ دەرهێنانی ڕاستی ئامڕازی توێژینەوەکە بەپێی ڕیزبەندی پلەی زانستییان:

١- پ. د. ابراهيم سعيد فتحوڵلا زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- پسپۆڕی ڕاگەیاندن/ ئێزگە و تەلەڤزیۆن.

٢- پ. د. ابتسام اسماعيل قادر زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- پسپۆڕی ڕاگەیاندن/ تەلەڤزیۆن.

٣- پ. ی. د. دڵشاد مصطفى ڕەحیم زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی هونەرە جوانەکان، بەشی فیلمسازی- پسپۆڕی سینەما.

٤- پ. ی. د. شێرکۆ جبار محمد زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ بەشی تەکنیکی میدیا- پسپۆڕی ڕاگەیاندن/ ئێزگە و تەلەڤزیۆن.

٥- پ. ی. د. یۆهان عثمان حمه زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- پسپۆڕی ڕاگەیاندن/ تەلەڤزیۆن.

٦- پ. ی. م. کاوە عزالدين عبدالرحمن زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- پسپۆڕی ڕاگەیاندن/ تەلەڤزیۆن.

٧- د. عبدالصمد قادر حسين زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ بەشی بازاڕگەری و پەیوەندییە گشتییەکان- پسپۆڕی ڕاگەیاندن/ دیجیتاڵ میدیا.

لە بواری سینەما و ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراودا. پاش وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکانیان، بەپێی هاوکێشەی ئاماری (Cooper)، بە ڕێژەی (٩٧٪)، کە لەڕووی زانستییەوە بە ئاستێکی بەرز هەژمار دەکرێت، تەوەر و بڕگەکان پەسەند کرا (بڕوانە خشتەی -٢-)، دواتر جارێکی دیکە فۆرمەکە لەشێوەی کۆتاییدا داڕێژرایەوە. (بڕوانە پاشکۆی -٤-).

**خشتەی (٢)**

**ڕێژەی ڕێککەوتنی پسپۆڕ و شارەزایان بۆ دەستەکانی فۆڕمی شیکاری ڕووندەکاتەوە**

| ژ | دەستەکانی شیکاری | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١ | فۆڕم و جۆرەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری | ١٠٠ |
| ٢ | جۆرەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری لەڕووی بابەتەوە | ٩٨,٥٧ |
| ٣ | بوونی تەعلیق | ١٠٠ |
| ٤ | ڕەگەزی کۆمێنتتار | ١٠٠ |
| ٥ | شێوەزاری بەکارهێنراو | ١٠٠ |
| ٦ | دەنگی بەکارهێنراو | ٩٥,٢٣ |
| ٧ | شوێنی وێنەگرتن | ١٠٠ |
| ٨ | جۆرەکانی وێنە | ١٠٠ |
| ٩ | سەرچاوەکانی وێنە | ٩٢،٨٥ |
| ١٠ | گرتەکانی وێنە | ٨٥,٧١ |
| ١١ | گۆشەکانی کامێرا | ١٠٠ |
| ١٢ | جوڵەکانی کامێرا | ١٠٠ |
| ١٣ | جوڵەی میکس | ١٠٠ |
| ١٤ | کارتێکەریی وێنەیی | ٨٥,٧١ |
| ١٥ | کۆی گشتی | ٩٧ |

**ب- جێگیری فۆڕمی شیکاری:** مەبەست لە جێگیری گەیشتنە بەهەمان ئەنجامی شیکاری یەکەمجار کە توێژەر ئەنجامیداوە، ئەویش بە دووبارەکردنەوەی شیکاری دەستەکانی هەمان نمونەی توێژینەوەکە بۆجاری دووەم، بەڕێژەیەکی دیاریکراو لەکاتێکی دیاریکراودا. بۆ گەیشتن بە جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە، توێژەر لەگەڵ خودی خۆییدا، پاش تێپەڕبوونی (٣٠) ڕۆژ بەسەر مێژوویی یەکەم شیکارییدا، هەستا بە دووبارە شیکردنەوەی دەستەکانی فۆڕمی شیکاری کە لە (١٤) دەستە پێکهاتوون، بۆ سەرجەم سامپڵی توێژینەوەکە کە (٢٧) فیلمی دۆکیومێنتارییە، لە هەرچوار کەناڵی ئاسمانی (K24، Rudaw، NRT، Kurdsat News). پاشان بە پشت بەستن بە هاوکێشەی ئاماری پێرسۆن بۆ جێگیری، دەرکەوت ڕێژەی هاویەکی جێگیری شیکارییەکە دەکاتە (٠,٩٧)، ئەمەش بە ڕێژەیەکی بەرز دادەنرێت و ئاماژەدارە بۆ جێگیری ئامرازەکە.

### دەیەم: هاوکێشە ئامارییە بەکارهێنراوەکان

لەم تـوێژینەوەیەدا تـوێژەر بـۆ دیـاریکردنی ئەنجامەکـانی پەیوەسـت بەلایەنـی شـیکاری و دەرخسـتنی جیاوازیی نێوان بگۆڕەکان لەلایەن کەناڵە ئاسـمانییەکانی نمـونەی تـوێژینەوەکە. بە پشـت بەسـتن بە بەکارهێنـانی بەرنـامەی ئامـاریی (SPSS)، (بەڕاوێـژ کـردن لەگەڵ پسـپۆڕانی بـواری ئامــار)* چەنــد هاوکێشــەیەکی ئامــاریی پەیوەســت بە ئەنجامەکــانی تــوێژینەوەکەی خستووەتەڕوو، کە بریتین لە:

١- **هاوکێشــەی ئامــاری (کــوپەر- Cooper):** بـۆ دەرهێنـانی ڕێـژەی ڕێککەوتنـی پسـپۆڕ و شارەزایان لەسەر دەستە و یەکەکانی ئامرازی توێژینەوەکە(١).

$$\text{ڕێژەی ڕێکەوتن} = \frac{\text{ژمارەی چەندجارەی ڕێکەوتن}}{\text{ژمارەی چەندجارەی ڕێکەوتن} + \text{ژمارەی چەندجارەی ڕێکنەکەوتن}} \times ١٠٠٪$$

٢- **هـاوکۆلکەی پەیوەنـدی پێرسـۆن:** بـۆ ئاشـکراکردنی ڕادەی جێگیـری و نەگـۆڕی ئـامڕازی توێژینەوەکە.

$$ر = \frac{\text{ن مج س ص} - (\text{مج س})(\text{مج ص})}{\sqrt{\{\text{ن مج س}^{٢} - (\text{مج س})^{٢}\}\{\text{ن }(\text{مج ص}^{٢}) - (\text{مج ص})^{٢}\}}}$$

ڕ=

ن= ڕێـژەی وەرگیـراو لە فـیلمە دۆکیومێنتـارییە بەرهەمهێراوەکـانی نمـونەی تـوێژینەوەکە بـۆ دووبارە شیکردنەوەیان بۆ جاری دووەم.

س، ص= بەهای گۆڕاوەکان

س= بەهای گۆڕاو بۆجاری یەکەم.

ص= بەهای گۆڕاو بۆجاری دووەم.

---

(*) ناوی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ئامار بەپێی ڕیزبەندی پلەی زانستییان:

١- پ.د. جواد نیعمت حسین زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی هونەر- پسپۆڕی ڕێگاکانی وانە وتنەوە.

٢- پ. ی. د. سەمیرە محمد صالح زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی ئامار و زانیاری، بەشی ئامار- پسپۆڕی/ ئامار.

٣- م. عادل محمد نوری زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی کۆمەڵایەتی- پسپۆڕی/ دبلۆمی باڵا لە ئاماردا.

٤- م. ی. محمد علی کمال زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی کۆمپیوتەر- پسپۆڕی/ ئامار.

(1) Cooper, John O., **Measurement and Analysis of Behavioral Techniques**, (C. E. Merrill, 1974), p.39.

وەرگیراوە لە (کارزان محمد عارف، **أثر برنامج تعليمي متعدد الوسائط في تحصيل طلبة المرحلة الأولى في قسم العلوم الأجتماعية في مادة الجغرافية الطلبة وإتجاهاتهم نحوه، رسالة ماجستير (غير منشورة)**، (أربيل: جامعة صلاح الدين، كلية التربية الأساسية، قسم العلوم الإجتماعية، ٢٠١٥)، ص٩١).

**٣- دووبـارە بـووەوە و ڕێـژەی سـەدی:** بـۆ بەئاگـابوون لە چەنـدجارەی دووبارەبووەکـان و وەسـفکردنی دەسـتە و یەکەکـانی شـیکاری بەپێـی ئامانجەکـانی تـوێژینەوەکە، لەڕێگـای هەژمارکردنیان بە ڕێژەی سەدی.

٤- **ناوەندە ژمێری (mean):** بۆ دەرخستنی ئاستی جیاوازی نێوان بڕگەی گۆڕاوەکان.

**٥- لادانی پێوەری (لادانی ستانداردی- Standard Deviation):** بۆ دەرخستنی توانای نزیک بوونەوە یاخود دوورکەوتنەوەی گۆڕاوەکان لە ناوەندە ژمێری دەستەکانی شیکاری لە هەر کەناڵێکی نمونەی توێژینەوەکەدا.

**٦- ئامـاری ناپـارامیتری (Non parametric)**[*]: بە بەکارهێنـانی هاوکێشـەی ئامـاری تـاقیکردنەوەی کۆلمۆگۆرۆڤ- سـمیرنۆڤ-ی یەک ئاڕاسـتە ( One- Sample Kolmogorov- Smirnov Test)، بەمەبەسـتی خسـتنەڕووی جیـاوازی لەنێـوان گۆڕاوەکانـدا، هەروەهـا ئاشـکراکردنی ئامـاژە ئامارییەکـان لە نێـوان دووبـارەبووەوەی کەنـاڵە ئاسـمانییەکانی (K24، Rudaw، NRT، Kurdsat News)، بۆ سەرجەم دەستەکانی شیکاری.

## یازدەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو

لەئەنجـامی گەڕان و بەدواداچـوونی تـوێژەر، بەدوای تـوێژینەوە زانسـتییەکانی نـاوەوە و دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتاندا، بە ئامـانجی فەراهەمکردنـی چەنـد تـوێژینەوەیەکی پێشـوو بـۆ جێبەجێکردن و بە ئەنجـام گەیاندنی ڕێکارە تیۆریی و پراکتیکییەکانی توێژینەوەکە. ژمـارەیەک تـوێژینەوە دەسـتکەوتوون، کە نزیـک و پەیوەندییـدارن بە بـابەتی تـوێژینەوەی ئێسـتا. بـۆ ئەو مەبەستەش بەپێی نوێترین توێژینەوە بۆ دێرینترینیان بەمشێوەیەی خوارەوە ڕیزبەند دەکرێن:

**١- توێژینەوەی إنصاف عثمان الزاكي الحسن (٢٠٢٠)، بە ناونیشانی: الأسس الفنية والإبداعية وفاعليتها في تطوير إنتاج الفيلم الوثائقي**[1].

ئامـانجی تـوێژینەوەکە: دەستنیشـانکردنی گرنگتـرین پێشـکەوتنە هـونەریی و داهێنەرەکـانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری لە بـواری (بیسـتراو/ بینـراو)دا، کاریگەرییـان لەسـەر بنەمـای کـاری بەرهەمهێنـانی فیلمـی دۆکیومێنتـاری. دەرخسـتنی ئاسـتی گرنگیـدان بە تەکنیکەکـانی بەکارهێنانی دەنگ و وێنە بە ئامانجی ڕاکێشانی زۆرترین وەرگر بۆ فیلمە دۆکیومێنتارییەکان.

---

[*] **ئامـاری ناپـارامیتری:** شـێوازێکی ئامـارییە بـۆ دڵنیـابوون و لێکۆڵینەوە لە ڕاسـتی و دروسـتی بـوونی جیاوازی لە نێوان بەهاکانی تایبەت بە کۆمەڵگەیەکی نادیار (ناپارامەتریک)، بەکاردەهێنرێت. هەروەها گونجاوە بۆ نمونەیەک کە دابەشبوونێکی ناسروشـتی هەبێت و ژمـارەی ئەندامانی لە (٣٠) کەمتربێت. (کەریـم شـەریف قەرەچەتانی، **ئامـاری پەروەردەیـی و دەروونـی**، (تەهـران: چاپخانەی زبـان صلح، ٢٠١٨)، لا٣١٤).

([1]) إنصاف عثمان الزاكي الحسن، **الأسس الفنية والإبداعية وفاعليتها في تطوير إنتاج الفيلم الوثائقي (دراسة وصفية تحليلية تطبيقية على نماذج من الإنتاج الوثائقي السوداني يناير ٢٠٠٩- ديسمبر ٢٠١٩)**، **أطرحة دكتوراه (غير منشورة)**، (جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية العلوم الاتصال، ٢٠٢٠).

توێژینەوەیەکی وەسفییە و پشتی بەستووە بە میتۆدی ڕووپێوی بە هەردوو جۆری ڕاپێویی و شیکارکردنی ناوەڕۆک. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم دەرهێنەران و بەرهەمهێنەرانی فیلمی دۆکیومێنتاری، پسپۆڕان و شارەزایان لە بواری بینراو و بیستراودا لە زانکۆکانی سودان. بەشێوەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار نمونەی توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر بەرهەمهێنەران و دەرهێنەرانی فیلمی دۆکیومێنتاری سودانی، میدیاکاران، پسپۆڕان و شارەزایانی بواری بینراو/ بیستراو لە زانکۆی سودان بەشی ڕاگەیاندن، کە سەرجەمیان (٢٢) کەسن. توێژەر ئامرازی تێبینیکردن، چاوپێکەوتن، فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆک و فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە، شیکردنەوەی بۆ (٣) فیلمی دۆکیومێنتاری کردووە، کە لەماوەی نێوان (٢٠٠٩ – ٢٠١٩) نمایشکراون.

لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، بریتین لە:

ا- وردبینی لە بیرۆکە، شێوازی هەڵبژاردنی دەنگ و وێنەی بەکارهێنراو لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا، زیندوێتی، داهێنان و گەشەسەندن بە بەرهەمهێنانی فیلمەکان دەبەخشێت.

ب- بەکارهێنانی دەنگ و کارتێکەرە دەنگییەکان و بوونی کۆمێنت، لەگەڵ ناوەڕۆک و ئامانجی گشتی فیلمەکاندا گونجاوە.

ت- پێکەوە بەستنەوەی وێنەکان بەهۆی کارتێکەرەکانی وێنە، هۆکارە بۆ سەرخستنی فیلمەکان لە دەرخستنی مانا و واتای وێنەکاندا.

**٢- توێژینەوەی احمد عبدالستار حسین (٢٠٢٠)، بە ناونیشانی: المعالجة الفنية للبرامج الوثائقية في القنوات الفضائية [1].**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجێتی؛ شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا دەستنیشان بکات. ئەویش بە دیاریکردنی شێوازی پۆلێنکردنی وێنە و جۆرەکانی گۆشە و جوڵەی بەکارهێنراو. ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی میتۆدی وەسفی بەشێوازی شیکاری ناوەڕۆک ئامادەکراوە، فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆک بەکارهێنراوە بۆ شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە زنجیرەیەک فیلمی دۆکیومێنتاری کە لە کەناڵی ئاسمانی (روسيا اليوم العربية)دا پەخشدەکرێن، هاوکات نمونەی توێژینەوەکە لە شێوەی سەراپاگیر (الحصر الشامل)دا، بۆ سەرجەم بەرنامە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵەکە لە ماوەی (٢٠١٩/١٠/١ تا ٢٠١٩/١٢/٢٩)، کە ژمارەیان (١٢) فیلمە دیاریکراوە.

---

([1]) احمد عبد الستار حسين، **المعالجة الفنية للبرامج الوثائقية في القنوات الفضائية**، (البغداد: **مجلة الباحث الإعلامي، العدد ٤٩، مجلد (١٢)**، ٢٠٢٠)، ص ص ٧٢- ٩٣.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، خۆی دەبینێتەوە لە:

ا- کەناڵی ئاسمانی (روسیا الیوم العربیة)، لەڕووی بابەتەوە زیاتر گرنگی بەجۆری فیلمە دۆکیومێنتارییە ژینگەییەکان داوە، لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری فەرامۆشکردووە.

ب- لە فیلمە دۆکیومێنتارییە بەرهەمهێنراوەکاندا، کەناڵی ئاسمانی ڕوسیا بە پلەی یەکەم پشتی بە بەکارهێنانی وێنەی جوڵاو (ڤیدیۆیی)، گۆشەی ئاستی بینین داوە، بۆ دەرخستنی واقیعی ڕووداوەکان، لە هەمان کاتیشدا جوڵەی ئاسۆیی کامێرا زاڵە بەسەر جوڵەکانی دیکەی کامێرادا، بەوەش نەیتوانیوە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش مامەڵە لەگەڵ وێنە بینراوەکاندا بکات.

پ- بایەخدان بە هەمەجۆری لە بەکارهێنانی کارتێکەری وێنەی لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا، لایەنێکی باشی مامەڵەکردنە لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی فیلمدا.

**٣- توێژینەوەی جمال محمد عبدالحي (٢٠١٨)، بە ناونیشانی: تحلیل اللقطة في الخطاب التلفازي: المفاهیم والأطر النظریة ومناهج التحلیل "دراسة نظریة"[١].**

ئامانجی توێژینەوەکە: دیاریکردنی چوارچێوەی گرتە بەکارهێنراوەکانی وێنەیە لە گوتاری تەلەڤزیۆنیدا، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە چەمک، تیۆر، میتۆد و ڕێبازی زانستی لە شیکاریکردنی ئەو گوتارانەی لە تەلەڤیزیۆندا پێشکەش بە جەماوەر دەکرێن. هەروەها گەشەپێدان بە توانا زانستی و کردەنییەکانی شیکارکارانی میدیای تایبەتمەند، کە لە بواری گوتاری تەلەڤزیۆنی و تەکنیکی کامێرادا کاردەکەن. ئەم توێژینەوەیە سنووردار کراوە بە شیکردنەوە و پێکهاتە ڕواڵەتی و جوانکارییەکانی وێنە بینراوەکانی تەلەڤزیۆن (بە بێ زمانی وشەی بەکارهێنراو)، هەروەها بەیەکێک لە توێژینەوە بنچینەییە تیۆرییەکان دادەنرێت، کە توێژەر بەشێوەی تیۆری و بە پشت بەستن بە سەرچاوەی زانستی ئەنجامیداوە. سامپڵی توێژینەوەکە دیاریکراوە بۆ شیکارکردنی سەرجەم ئەو گرتانەی لە وێنەی تەلەڤزیۆنیدا کاریان پێدەکرێت، کە پێکهاتە و ڕواڵەتی وێنەکان بەپێی گرتە و گۆشەکانی کامێرا لە گوتاری تەلەڤزیۆنیدا شیکار دەکات.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامە تیۆرییانەی توێژەر پێی گەیشتووە:

ا- گرتە تۆخمێکی جەوهەرییە لە گوتاری تەلەڤزیۆنیدا، یەکێکە لە پێکهاتە بنەڕەتییە بینینسازییەکانی تەلەڤزیۆن، کە دەبێت لە ناو گوتارەکاندا ئەرکیان هەبێت و ئەرکەکانیشیان لەگەڵ بیرۆکە و گێڕانەوەی گشتی گوتارەکەدا یەکانگیربێت.

---

([١]) جمال محمد عبدالحي، **تحلیل اللقطة في الخطاب التلفازي: المفاهیم والأطر النظریة ومناهج التحلیل: دراسة نظریة**، (عمان: **مجلة الشارقة للعلوم الإنسانیة والاجتماعیة، المجلد: ١٥، العدد: ٢**، دیسمبر ٢٠١٨)، ص ص٢٢٤- ٢٦١.

ب- خوێندنەوەی گوتاری بینراوی تەلەڤزیۆنی جیاوازە لە گوتاری زارەکی و نوێنەرایەتی گوتارێکی سەربەخۆ دەکات، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی وێنە لەگەڵ گوتارەکاندا، کە ئەرک و مانایان پێدەبەخشێت.

پ- بەشێوەیەکی زانستیانە، چۆنییەتی شیکارکردنی گرتە و ئاشکرا کردنی کێشە جوانکاریی و کارابیەکانی گوتاری تەلەڤزیۆنی، کار دەکاتە سەر باشترکردنی توانا و لێهاتووی وێنەگران و ئەوانەی لە بواری بەرهەمهێناندا کاردەکەن، تا بتوانرێت لە کاتی پرۆسەی مونتاژدا کەمترین چاککردنی پێویست بێت.

**٤- توێژینەوەی Silvio Carta (٢٠١٥)، بە ناونیشانی: ( Documentary Film, Observational Style And Postmodern Anthropology in Sardinia: A Visual Anthropology)** [١].

ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە تەکنیک و ڕێبازی زانستی لە دروستکردنی فیلمی (ئیسنۆگرافیک Ethnographic Film و دۆکیومێنتاری) ئەنجام دراوە. لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە و ڕێبازی چۆنایەتی و شیکاری کۆمەڵناسییانەی پەیڕەوکردووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەرجەم فیلمە ئیسنۆگرافی و دۆکیومێنتارییەکانی دورگەی (ساردینیا Sardinia)یە، نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار بۆ ژمارەیەک فیلمی تایبەت بە ساردینیا کە (٧) فیلمە دیاریکراوە، تاوەکو لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە شیکاری لەسەر بونیاتنانی گفتوگۆی نێوان ئەنسرۆپۆلۆجیای بینراو لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا بکات. لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە:

ا- توخمە نازارەکییەکان (Nonverbal elements)، لەگەڵ وێنە بینراوەکاندا لە چوارچێوەی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، وەک جۆرێک لە مەعریفەی گوزارشت لێکراو لە ڕووداوێکی دیارییکراودا دان بە بوار و ئەزموونە جیاوازەکاندا دەنرێت.

ب- سەرجەم فیلمەکان بەشێوەی گێڕانەوە لەلایەن پاڵەوانەکان دەگێڕدرێنەوە و هیچ کۆمێنتێک نییە بۆ لێکدانەوەی وێنە پیشاندراوەکان، ئەمەش لەگەڵ ڕەوتە ئەنسرۆپۆلۆجییە زانستناسییە بینراوەکاندا یەکدەگرێتەوە.

---

([1]) Silvio Carta, **Documentary Film, Observational Style And Postmodern Anthropology in Sardinia: A Visual Anthropology**, **PHD Thesis (Unpaplished)**, (University of Birmingham: Department of Modern Language and Cultures, 2015).

**٥- توێژینەوەی فاطمة محجوب عبدالرحمن (٢٠١٥)، بە ناونیشانی: فاعلية تقنية الصورة في إنتاج برامج الإخبار**[1]**.**

لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە: زانینی هاوتەریبوونی وێنەی هەواڵی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ تەکنەلۆجیای وێنەی بەکارهاتوو لە ناوخۆی کەناڵەکاندا. دیاریکردنی چۆنییەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای وێنە لە هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا، هەروەها دەرخستنی ڕادەی ڕەنگدانەوەی تەکنەلۆژیا لە بەرهەمهێنانی بەرنامەی هەواڵیدا. بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەکان توێژەر میتۆدی وەسفی ڕووپێوی بەکارهێناوە، بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی ئامرازی تێبینیکردنی زانستی، چاوپێکەوتن و فۆڕمی ڕاپرسی. کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە بەرنامە هەواڵییەکانی تەلەڤزیۆنی سودان، کە ماوەی دوو ساڵ لە (٢٠١٣ بۆ ٢٠١٤)ی بەرنامە هەواڵییەکانی تەلەڤزیۆنی سودان وەرگرتووە و (٥٠) کەسی وەک سامپڵی توێژینەوەکەی دەستنیشانکردووە، کە پێکهاتوون لە (١٨) پسپۆڕ و شارەزا لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سودان، (٣٢) کارمەندی بەشی تەکنیکی و هەواڵسازی تەلەڤزیۆنی نیشتمانی سودان.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، بریتین لە:

ا- سەرچاوەی وەرگرتنی وێنەی هەواڵی تەلەڤزیۆنی سودان، نوێنەرایەتی ڕۆڵی وێنەگران و میدیاکارانی بەشی هەواڵسازی کەناڵەکە دەکات، لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای وێنە بە کامێرای دیجیتاڵی نایاب و بەرهەمهێنان لە بواری گرافیک و مۆنتاژدا، کە هاوتەریبن لەگەڵ تەکنەلۆجیا و فۆڕمی بەرنامە هەواڵییەکاندا.

ب- بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای وێنەی هەواڵی لە تەلەڤزیۆنی نیشتمانی سوداندا، پشت بە کارایی لە چۆنییەتی بەکارخستنی گرتە، گۆشە و جوڵەکانی کامێرا دەبەستن، ئەوەش دەبێتە هۆی گەشبینی و زیاتر سەرنجراکێشانی بینەر بۆ ڕووداوەکان و هاوکات زیادبوونی کێبڕکێ و متمانەی کەناڵەکە لای جەماوەر.

**٦- توێژینەوەی کاروان محمد حسن (٢٠١٥)، بە ناونیشانی: مضامين الأفلام التسجيلية في قناة (روداو) الفضائية "دراسة تحليلية"**[2]**.**

ئامانجی توێژینەوەکە: زانینی جۆر و بابەتی ئەو فیلمە دۆکیومێنتارییانەی لە کەناڵی ئاسمانی ڕووداودا بەرهەمدەهێنرێت، هەروەها زانین و دەرخستنی چۆنییەتی بەکارهێنانی شێوازە هونەرییەکانی بەرهەمهێنان و فۆڕم و توخمە پێکهێنەرەکانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانە.

---

([1]) فاطمة محجوب عبدالرحمن، **فاعلية تقنية الصورة في إنتاج برامج الإخبار، دراسة تطبيقية على تلفزيون السودان في الفترة من (٢٠١٣م- ٢٠١٤م)**، **رسالة ماجستير (غير منشورة)**، (الخرطوم: جامعة السودان للعلوم والتكنلوجيا، كلية علوم الاتصال، قسم الوسائط المتعددة، ٢٠١٥). http://repository.sustech.edu/handle/123456789/11566?show=full

([2]) كاروان محمد حسن، **مضامين الأفلام التسجيلية في قناة (روداو) الفضائية "دراسة تحليلية"**، (**زانكۆی گەرمیان، ژمارە ٧**، ٢٠١٥)، ص ص ٢٤٦- ٢٦٧.

لەم تـوێژینەوەیەدا تـوێژەر بە بەکارهێنـانی ئـامرازی فـۆڕمی شـیکاری و تێبینیکـردن، میتـۆدی وەسفی شێوازی شیکاری ناوەڕۆکی پەیڕەوکردووە. کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەی سەراپاگیر (حصر الشامل) دیاریکراوە بۆ سـەرجەم فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵی ئاسـمانی ڕووداو لەماوەی ٢٠١٤/١/١ بۆ ٢٠١٤/١٢/٣١، کە (٢٤) فیلمی دۆکیومێنتارییە.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە:

١- لە کەنـاڵی ڕووداودا بە پلەی یەکەم گرنگی بە جـۆری فیلمە مێژووییەکـان دراوە و جـۆری ژیانی کەسایەتی لە پلەی دووەمدایە.

٢- کۆمێنت وەک توخمێکی سەرەکی بەکارهێنراوە و بەڕێژەی (١٠٠٪) کۆمێنتار لە کۆمێنتەکاندا لە ڕەگەزی (نێر)ن و ڕەگەزی (مێ) بایەخی پێ نەدراوە.

٣- موزیکی وێنەیی بە ئاستێکی بەرز لە فیلمەکاندا پشتی پێبەستراوە.

٤- بابەتەکـانی مێـژووی سیاسـی لە گرنگتـرین بابەتەکـانی فـیلمە دۆکیومێنتارییەکـانی کەنـاڵی ڕووداوە بە بەراورد بە بابەتەکانی مێژووی ژیـانی مرۆڤەکـان و شارسـتانییەتەکان و مێژووی ژیانی سیاسەتمەداران.

**٧- توێژینەوەی یوهان عثمان حمە حسین (٢٠١٥)، بە ناونیشانی: زاویا الکامیرا التلفزیونیة في برامج الأطفال[1].**

ئەم تــوێژینەوەیە گوزارشــت لە گرنگیــدان بە بەرنــامەی منــداڵان دەکــات. کە بەهــۆی لاسـاییکردنەوەیان بـۆ وێنە پیشـاندراوەکانی نێـو بەرنـامە هەمەجۆرەکـان، لەڕووی ئایـدۆلۆژیا، کەلتور، پەروەردە و دەروونییەوە، کاریگەریی لەسەر منداڵان دروست دەکات. ئەو وێنـانەش لە ئەنجـامی دانـانی کـامێرای تەلەڤزیـۆنییەوە بـۆ گرتنـی دیمەنـی بابەتێـک بە گۆشـەیەکی دیـاریکراو بەدەستدەهێنرێت. بۆ ئەو مەبەستە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا ئامـانجی دیاریکردنی شـێوازەکانی فــۆڕمە هونەرییەکــانی پێشکەشــکردنی بەرنــامەی منــداڵانە، هاوکــات دیــاریکردنی گۆشــە بەکارهێنراوەکـانی کـامێرا بـۆ گەیانـدنی مانـا و واتـای پەیـامە پێشکەشـکراوەکانی بەرنامەکـان. تـوێژەر بە بەکارهێنـانی ئـامرازی فـۆڕمی شـیکاری و چـاوپێکەوتن، میتـۆدی وەسـفی شـێوازی شـیکاری نـاوەڕۆکی جێبەجێکـردووە. کـۆمەڵگە و سـامپڵی تـوێژینەوەکە سـنووردار کـراوە، بـۆ ســەرجەم زنجیرەکــانی بەرنــامەی منــداڵان لە کەنــاڵی ئاســمانی کوردســات، بە دیــاریکراوی زنجیـرەی (چیرۆکـانی) لەمـاوەی شــەش مانگـدا لە (٢٠١٠/١/١ تـا ٢٠١٠/٦/٣٠) وەک نمـونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، کە سەرجەمیان (٣٥) زنجیریە.

---

[1] یوهان عثمان حمە حسین، **زاویا الکامیرا التلفزیونیة في برامج الأطفال، دراسة تحلیلیة لمسلسلات (چیرۆکانی) في قناة کوردسات،** (**زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٧**، ٢٠١٥)، ص ص ٢٢٩- ٢٤٥.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە:

- بەکارهێنانی سەرجەم گۆشەکانی کامێرا بەشێوەیەکی هەڕەمەکین و هەندێک لە گۆشەکان بۆ پیشاندانی شوێنی بابەتەکان بەشێوەیەکی هەڵە لەکاتی بەرنامەکاندا وەرگیراون.

**٨- توێژینەوەی توێژەران کاوە عزالدین عبدالرحمن و ئەوانی دیکە (٢٠١٥)، بە ناونیشانی: ڕۆڵی کامێرا لە فیلمی دۆکۆمێنتاری دا، کەناڵی BBC بە نمونە[1].**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: زانینی ڕادەی بایەخ پێدانی کەناڵی BBC، بە هونەری کامێرا (جوڵە، گرتە و گۆشە)ی بەکارهێنراو، لە چوارچێوەی بابەت و جۆری فیلمە دۆکیومێنتارییە بڵاوکراوەکانیدا. توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، توێژەران کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیان بریتیی بووە، لە سەرجەم ئەو فیلمە دۆکیومێنتارییانەی لەلایەن کەناڵی BBC یەوە بەرهەمهێنراون لە ماوەی جەنگی کۆبانێدا. سامپڵی توێژینەوەکە، پێکهاتووە لەو فیلمە دۆکیومێنتاریانەی لەسەر شەڕڤانی ژن بەرهەمهێنراون لە ماوەی (٢٠١٤/٩/٢٠ تاوەکو ٢٠١٥/٤/١٥)، بۆ ئەوەش توێژەران ئامرازی فۆڕمی شیکاری و تێبینیکردنیان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە شیکردنەوەی زانیارییەکان و دیاریکردنی ڕەهەندە جیاجیاکانی بابەتی توێژینەوەکە.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەران بۆ شیکارکردنی ناوەڕۆکی (٤) فیلمی دۆکیومێنتاری کەناڵی BBC، پێی گەیشتوون بریتین لە:

ا- کەناڵی BBC زیاتر وێنەی فۆتۆگرافی (وەستاو)ی لە ئاستێکی بەرزدا و بەڕێژەی (٨٣,٣٣٪)، بە بەراورد بە ڕەگەزەکانی دیکەی چارەسەرکردن بەکارهێنراوە.

ب- هەردوو گۆشەی (سەروو ئاستی بینین و خوارووی ئاستی بینین) بەڕێژەی (٢٥٪) چەندبارەی (٩) لە پلەی یەکەمدا بەکارهێنراون.

پ- جوڵە و گرتەی بەکارهاتوو لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵی BBC دا، بە پلەی یەکەم لە جۆری (گرتەی نزیک) و جوڵەی (Pan) دایە.

**٩- توێژینەوەی الأرقم محمد الجيلاني مصطفى (٢٠١٢)، بە ناونیشانی: فاعلية الصوت والصورة في المنتج التلفزيوني[2].**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، ناساندنی لایەنە هەمەجۆر و جیاوەزەکانی، بەکارهێنانی (دەنگ و وێنە)یە لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە، دیاریکردنی کاریگەریی دەنگ و لایەنە بینراوەکان لەسەر ئاستی بایەخپێدان بە هونەری جوانناسی و ناوەڕۆکی واتا لە

---

([1]) کاوە عزالدین عبدالرحمن و ئەوانی دیکە، **ڕۆڵی کامێرا لە فیلمی دۆکۆمێنتاری دا کەناڵی BBC بە نمونە**، (**گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان، خولی سێیەم: بەشی B، ژمارە ٤**، ئەیلولی ٢٠١٥)، لالا ١٩١- ٢١٠.

([2]) الأرقم محمد الجيلاني، **فاعلية الصوت والصورة في المنتج التلفزيوني، (دراسة تحليلية)، دكتورا (منشورة)**، (الخرطوم: جامعة السودان، كلية علوم الاتصال، للعلوم والتكنلوجيا، ٢٠١٢).

بەرهەمهێنانی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی سودان-دا، لەهەمان کاتیشدا دەرخستنی ئاراستە و پێوەرەکانی بەرهەمهێنان و دەرهێنانی پەیامە میدیاییە تەلەڤزیۆنییەکان. توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاری ناوەڕۆکە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی سودان، بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی (النيل الازرق، السودان القومي، الشروق)، توێژەر بە بەکارهێنانی فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆک، شیکردنەوە بۆ مانا و واتای ناوەڕۆکی بەرنامە دۆکیومێنتاری و دراماییەکانی نمونەی توێژینەوەکە کردووە، کە بەشێوەیەکی ڕووپێوی گشتگیر بەرنامەکان وەرگیراون، هەروەها فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە، بۆ کارمەندانی بەشی بەرهەمهێنان و دەرهێنەرانی کەناڵەکانی نمونەی توێژینەوەکە کە (٧٦) کارمەند بوون، (٤٦) دەرهێنەر لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی (السودان القومي)، (١٢) دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر لە کەناڵی (النيل الأزرق)، (١٨) دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر لە کەناڵی (الشروق)ە، کە سەرجەمیان دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری بەرنامە دۆکیومێنتاری و دراماییەکانی کەناڵەکانی نمونەی توێژینەوەکە بوون، بەڵام تەنیا (٩٤) فۆڕم وەڵام دراونەتەوە.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتین لە:

ا- لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا بەرهەمهێنەرانی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی سودان، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی وێنەدا، کەمتر بایەخ بە توخمەکانی ڕوونکردنەوەی وێنە دەدەن، وەک دەنگ و بەکارهێنانی کۆمێنت.

ب- یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا، لاوازی بەکارهێنانی دەنگە لە کەناڵەکاندا وەک بەکارهێنانی دەنگی سروشتی کە بە ئاستێکی نزم بەکاردەهێنرێت، لە بەرامبەریدا دەنگی موزیکی تایبەت بە بەرهەمی کەناڵەکان بایەخێکی زیاتری پێدراوە.

**١٠- توێژینەوەی نهلة عبدالرزاق عبدالخالق رشيد (٢٠١١)، بە ناونیشانی: دراسة تحليل مضمون للافلام التسجيلية الوثائقية في قنات الجزيرة الوثائقية للمدة من ٢٠١١/٤/١ و لغاية ٢٠١١/٤/٣٠**[1].

ئەم توێژینەوەیە ئامانج لێی، دەرخستنی ئاستی ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان و ناساندنی فۆڕم و توخمە هونەرییە بەکارهێنراوەکانێتی. لە هەمانکاتدا زانینی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی فیلمەکان و چۆنییەتی پەرەپێدان بە فۆڕمی بەرهەمهێنانییان بۆ خزمەتکردن بە ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان. توێژینەوەیەکی وەسفییە لەڕێگەی وەسفێکی ڕواڵەتی ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی نێو کەناڵەکەوە، داتاو زانیارییەکان کۆکراونەتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی توێژینەوەکە. کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە، پێکهاتووە لە

---

([1]) نهلة عبدالرزاق عبدالخالق رشيد، **دراسة تحليل مضمون للافلام التسجيلية الوثائقية في قناة الجزيرة الوثائقية الفضائية للمدة من ٢٠١١/٤/١ ولغاية ٢٠١١/٤/٣٠**، (البغداد: مجلة كلية الأداب، جامعة المستنصرية، العدد: ٩٨، ٢٠١١)، ص ص٤١١- ٤٤٦.

فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی (الجزیرة الوثائقیة)، کە فیلمە نمایشکراوەکانی ماوەی مانگێک لە (٢٠١١/٤/١ تا ٢٠١١/٤/٣٠) بەشێوەی سەراپاگیر (الحصر الشامل) وەرگیراوە و سەرجەمیان (٣٠) فیلمە. توێژەر لە ڕێگەی ئامڕازی تێبینیکردنی بۆ فیلمەکان و بەکارهێنانی فۆڕمی شیکاری گەیشتووە بە داتا و زانیارییە پێویستەکانی توێژینەوەکە بۆ خستنەڕووی ئەنجامەکانی.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی پێی گەیشتووە بریتین لە:

ا- کەناڵی ئاسمانی (الجزیرة الوثائقیة)، لەڕووی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی بابەتی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانییەوە، هەمەجۆری بەخۆیەوە بینیوە و بەپلەی یەکەم زۆرتر جەختی لەسەر لایەنە مێژووییەکانی وەک مێژوویی (ژیانی کەسایەتییە سیاسییەکان، شارستانێتەکان و شوێنەوارەکان) کردووەتەوە.

ب- کەناڵی جەزیرە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ بەکارهێنانی کۆمێنتدا بەشێوەیەکی ورد کاریکردووە، بەجۆرێک کۆمێنتەکان تەواو هاوکاتە لەگەڵ وێنە بینراوەکاندا و تەواوکەری دەقەکانن.

**١١- توێژینەوەی عبدالصمد قادر حسین (٢٠١٠)، بە ناونیشانی: الأفلام الوثائقیة في قناة کوردسات الفضائیة التلفزیونیة**[1]**.**

لەم توێژینەوەیەدا؛ توێژەر بە ئامانجی تیشک خستنەسەر، دیاریکردنی جۆر و ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییە بەرهەمهێنراوەکانی، بەشی دۆکیومێنتاری کەناڵی ئاسمانی کوردسات کاری کردووە، لە هەمانکاتدا ئاشکراکردنی چۆنییەتی بەکارهێنانی لایەنە هونەرییەکانی بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵەکە، لەڕووی چۆنییەتی بەکارهێنانی دەنگ و ئامرازەکانی گواستنەوەی قەبارەی وێنەی بەکارهاتوو. ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامڕازی فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆک، تێبینیکردنی توێژەر بۆ فیلمەکان، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرهەمهێنەران و دەرهێنەرانی بەشی دۆکیومێنتاری کەناڵی کوردسات، توێژەر ماوەی دوو ساڵی لە (٢٠٠٧/١/١ تا ٢٠٠٨/١٢/٣١) وەک نمونەی توێژینەوەکەی بەشێوەی سەراپاگیر (الحصر الشامل)، بۆ شیکارکردنی فیلمە دۆکیومێنتارییە بەرهەمهێنراوەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردسات وەرگرتووە، کە کۆی گشتی فیلمەکان لەو ماوەیەدا (٤٩) فیلم بووە.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە بەدەستیهێناون، بریتین لە:

ا- فیلمە دۆکیومێنتارییە بەرهەمهێنراوەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردسات، هەمەجۆرن و پشتی نەبەستووە بە شێوازێکی هونەری ورد و جیاواز لە بەرهەمهێناندا.

---

(1) عبدالصمد قادر حسین، **تأثیر الأفلام الوثائقیة في قناة کوردسات الفضائیة التلفزیونیة - دراسة تحلیلیة للمدة من ٢٠٠٧/١/١ إلى ٢٠٠٨/١٢/٣١**، **رسالة ماجستیر (غیر منشورة)**، (الجامعة السلیمانیة: کلیة علوم الانسانیة، قسم الاعلام، ٢٠١٠).

ب- بایەخپێدانی فیلمی دۆکیومێنتاری لە جۆری ژیانی تایبەتی کەسایەتیی (السیرة الذاتیة) و بابەتی کۆمەڵایەتی، لە کەناڵەکەدا زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە و بابەتەکانی دیکەی فیلمی دۆکیومێنتاری بایەخیان پێنەدراوە.

پ- لە بەرهەمهێنانی فیلمەکاندا قسەکەر (کۆمێنتتار) زۆرتر لە ڕەگەزی نێر بوون.

**١٢- توێژینەوەی یوسف حسن محمود الفراجي (٢٠٠٦)، بە ناونیشانی: أشكال البرامج الوثائقية ومضامينها**[1] **.**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: دەرخستنی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ فۆڕم و ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان و ئاستی گرنگیدانی کەناڵی ئاسمانی (أبو ظبي) بە بەرهەمە دۆکیومێنتارییە ناوخۆییە عەرەبی و جیهانییەکان. توێژینەوەکە پەیڕەوی میتۆدی وەسفی شیکاری ناوەڕۆکی کردووە، هەردوو ئامرازی تێبینیکردن و فۆڕمی شیکاری بەکارهێناوە بۆ شیکارکردنی داتا و زانیارییەکان دەربارەی ناوەڕۆکی فیلمەکان. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە کەناڵە ئاسمانییەکان، پاشان بەشێوەی هەڕەمەکی سادە نمونەی توێژینەوەکە دیاریکراوە، کە پێکهاتووە لە بەرنامە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی (أبو ظبي)، لە (٢٠٠٥/٣/١ تا ٢٠٠٥/٧/٣١) بە نمونە وەرگیراوە، کۆی فیلمە نمایشکراوەکان لەو ماوەیەدا (٢٥) فیلمی دۆکیومێنتارییە.

لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

ا- پشت نەبەستنی کەناڵەکە بە فۆڕمێکی هونەری دیاریکراو لە بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا.

ب- لەبەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا زیاتر جەخت لەسەر بابەتە ئابوورییەکان کراوەتەوە.

**١٣- توێژینەوەی إيمان عبدالرحمن حميد (٢٠٠٥)، بەناونیشانی: إستخدامات الصورة في الإخبار التلفزيونية**[2] **.**

ئامانجی توێژینەوەکە: تیشک خستنەسەر پەرەپێدان و گەشەکردنی وێنەی هەواڵی تەلەڤزیۆنییە لە تەلەڤزیۆنی عێراقدا، زانینی ئاستی گرنگی پێدان و چەندێتی زۆرترین وێنەی بەکارهاتوو لەهەواڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا، لەڕێگەی بەدواداچوونی هەواڵی وێنەداری ناوخۆیی، عەرەبی، جیهانی و سەرچاوەکانی بەدەستهێنانیان. لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی وەسفی، شیکاری ناوەڕۆکی بۆ شیکردنەوەی گەشتی هەواڵی تەلەڤزیۆنی عێراق و چۆنییەتی بەکارهێنانی وێنەی تەلەڤزیۆنی (وەستاو، جوڵاو و هەواڵی بێ وێنە) بەکارهێنراوە. کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە،

---

(1) يوسف حسن محمود الفراجي، **أشكال البرامج الوثائقية و مضامينها (قناة أبو ظبي انموذجا)**، **رسالة الماجستير غير منشورة**، (جامعة بغداد: كلية الاعلام، ٢٠٠٦).

(2) ايمان عبدالرحمن حميد، **إستخدام الصورة في الأخبار التلفزيونية، دراسة مسحية لأنماط توظيف الصورة الأخبارية في تلفزيون العراق للمدة من ١-١٠-٢٠٠٢/ إلى ١-٤-٢٠٠٣**، **أطورحة دكتورا (غير المنشورة)**، (العراق: جامعة البغداد، كلية الإعلام، ٢٠٠٥).

وێنەی هەواڵە تەلەڤزیۆنییەکانی عێراقە، توێژەر ماوەی (٦) مانگ لە (٢٠٠٢/١٠/١ بۆ ٢٠٠٣/٤/١) بەشـێوەی هەڕەمەکـی ڕێکخـراو، بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکـانی تـوێژینەوەکە وەک نمـونە وەرگرتووە.

توێژەرەکە گەیشتووەتە کۆمەڵێک ئەنجام کە دیارترینیان بریتی بوون لە:

ا- تەلەڤزیۆنی عێراق لە پەخشی گەشتی هەواڵەکانیدا، زیاتر پشتی بە هەواڵی وێنەدار بەستووە.

ب- لە جۆری وێنەی بەکارهێنراوی هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا، وێنەی جوڵاو پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە بە بەراورد لەگەڵ هەواڵی بێ وێنە و بەکارهێنانی وێنەی وەستاودا.

**دوازدەیەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژینەوەی ئێستا لە چەند لایەنێکەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا خاڵی لەیەکچوون و جیاوازییان هەیە، لە پاش ئەنجامدانی ڕێکاری زانستی ئەم توێژینەوەیە گەشتینە ئەوەی:

ئامـانجی سـەرەکی ئەم تـوێژینەوەیە نزیـک و هاوشـێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکـانی (إنصـاف عثمان ٢٠٢٠)، تـوێژینەوەی (أحمـد عبدالسـتار ٢٠٢٠) و (کـاوە عزالـدین و ئەوانـی تـر ٢٠١٥)، لە دەستنیشـانکردنی لایەنە تەکنیکییەکـانی وێـنە و دەنـگ لە فـیلمە دۆکیومێنتارییەکانـدا. هەروەهـا هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (کاروان محمد ٢٠١٥)، (نهلا عبدالرزاق ٢٠١١)، (عبدالصـمد قـادر ٢٠١٠) و (یوسـف حسـن ٢٠٠٦)، لە دیـاریکردنی نـاوەڕۆکی بـابەتی فـیلمە دۆکیومێنتارییەکانـدا، بەڵام جیـاوازە لە تـوێژینەوەی (یوهـان عثمـان ٢٠١٥) کە ئامـاژە بە شـێوازە هونەرییەکـانی بەرنـامەی منـداڵان دەکـات لە دیـارییکردن و بایەخـدانیان بە گۆشـەکانی کـامێرا. جـگە لەوەش توێژینەوەکانی (جمال عبدالحي ٢٠١٨) و (فاطمة محجوب ٢٠١٥) ناوەڕۆکیان جیاوازە و گفتوگۆ لەبـارەی وێـنەی تەلەڤزیـۆنییەوە دەکەن لە گوتـار و بەرنـامەی هەواڵـی تەلەڤزیۆنیـدا، دواتـر تـوێژینەوەی (Silvio Carta ٢٠١٥) ئامـاژە بەلێکـۆڵینەوە لە تەکنیـک و میتـۆدە زانسـتییەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی ئیسنۆگرافی و دۆکیومێنتاری دەکات. هەروەک توێژینەوەی (الأرقم محمد ٢٠١٢) جیـاوازە لەڕووی تـاووتوێکردنی ناسـاندنی لایەنە هەمەجۆرەکـانی وێـنە و دەنـگ لە بەرهەمهێنـانی بەرنـامە تەلەڤزیۆنییەکانـدا. بەهەمـان شـێوە جیـاوازە لە تـوێژینەوەی (إیمـان عبدالرحمن ٢٠٠٥)، کە کـاری لەسـەر پەرەپێـدان و گەشەسـەندنی وێـنەی هەواڵـی تەلەڤزیـۆنی کردووە.

لە ڕووی میتـــۆدی تـــوێژینەوەوە، تـــوێژینەوەی ئێســـتا هاوبەشـــە لەگەڵ هەر (١٣) توێژینەوەکەدا و میتۆدی (وەسفی)یان بەکارهێناوە، بەڵام جیاوازە لە توێژینەوەی (جمال محمد ٢٠١٨)، کە توێژینەوەیەکی جۆری تیۆرییە و پشت بەست بەسەرچاوەی زانستی ئەنجامدراوە، هەروەهـا تـوێژینەوەکەی (Silvio Carta ٢٠١٥) ڕێبـازی چۆنـایەتی شـیکاری کۆمەڵناسـی بەکارهێناوە.

سەبارەت بە بەکارهێنانی ئامرازی توێژینەوە، توێژینەوەی بەردەست هاوشێوەیە لەگەڵ زۆرێک لە توێژینەوەکانی پێشوو لە بەکارهێنانی ئامرازی فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆک و چاوپێکەوتن، بەڵام جیاوازە لەگەڵ توێژینەوەی (فاطمة محجوب ٢٠١٢) کە فۆڕمی ڕاپرسییان پەیڕەو کردووە، بەهەمانشێوە توێژینەوەی (إنصاف عثمان ٢٠٢٠) جگەلە فۆڕمی شیکاری فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە.

لەڕووی دیارییکردنی کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەوە، ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لەگەڵ سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو، چونکە فیلمە دۆکیومێنتارییە کوردییەکانی چوار کەناڵی ئاسمانی کوردی وەک سامپڵی توێژینەوە وەرگرتووە، هەروەها لەڕووی دابەشکردنی ژمارەی سامپڵەوە جیاوازە.

بەگشتی ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لە توێژینەوەکانی پێشوو لە دیاریکردنی هەندێک لە دەستە و یەکەکانی شیکاری، بە دیاریکراوی لە دەستەکانی (جۆری فیلمی دۆکیومێنتاری، ناوەڕۆکی بابەتەکانی فیلم، سەرچاوەی بەرهەمهێنانی وێنە، تەکنیکی تێکەڵکردنی گۆشە و جوڵەکانی کامێرا)، هەروەها لە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئامارییدا جیاوازە، لەبەرئەوەی ئاماری ( Non parametric) لە هیچ یەکێک لە توێژینەوەکاندا جێبەجێ نەکراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی دیارییکردنی سامپڵی توێژینەوەی ئێستا.

**سیازدەیەم: سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو**

لەپاش خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو کە ژمارەیان (١٣) توێژینەوەیە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی، توێژەر بەگشتی لە دارشتنی ناوەڕۆکی توێژینەوەکەوەدا توانیویەتی لەچەند ڕوویەکەوە سوودیان لێوەر بگرێت، لەوانە:

١- لەڕووی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی هەردوو گۆڕاوی توێژینەوەکە و دارشتنی ناونیشان و بابەتی توێژینەوەکە.

٢- لە ڕێکخستن و چۆنییەتی دارشتنی برگەکانی میتۆدنامەی توێژینەوەکە.

٣- وەک سەرچاوەی زانستی لە بەشی تیۆری توێژینەوەی ئێستادا بەکارهێنراون و سوودیان لێوەرگیراوە بۆ گەڕان و دەست کەوتنی ئەو سەرچاوانەی پشتیان پێبەستوون.

٤- لەدیاریکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە و چۆنییەتی شیکردنەوەی ئەنجامەکاندا.

٥- بۆ دروستکردنی فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆک و ڕێکخستنی دەستە و یەکەکانی سوودیان لێوەرگیراوە.

**چواردەیەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە**

**بەکارهێنـانی وێـنە:** هـونەری مـامەڵەکردنە لەگەڵ وێـنەی تەلەڤزیـۆنی و بەگەڕخسـتنیان لە بەرهەمهێنـانی فیلمـی دۆکیومێنتـاری کەنـاڵە ئاسـمانییەکانی (K24، NRT، Rudaw، Kurdsat News).

**وێنە:** لەچوارچێوەدانی کۆمەڵێک گرتەی یەک لەدوای یەکە، بۆ پیشـاندانی دیمەنێکی واقعییـانە لەبەردەم ئـامێری وێنەگرتنـدا، کە ڕۆڵ دەگێـڕن لە دەرخسـتنی لێکـۆڵینەوە و بەدواداچـوونی ڕووداوەکانی دۆکیومێنتارییە تەلەڤزیۆنییە کوردییەکاندا.

**بەرهەمهێنانی فیلمی دۆیکومێنتـاری:** پرۆسـەیەکی ڕاگەیاندنی کردەییە کە بەشـی بەرهەمهێنـانی کەنـاڵە ئاسـمانییەکانی (K24، NRT، Rudaw، Kurdsat News)، لە چوارچێـوەی بەرنـامەی تەلەڤزیۆنی و فیلمی دۆکیومێنتارییدا بەرهەمیدەهێنێن و بە چەند قۆناغێکی وەک (نووسینی دەق، وێنەگرتن، دەرهێنان، پەخشکردن)دا تێپەڕدەبێت و جێبەجێ دەکرێت.

**فیلمی دیکومێنتاری:** جۆرە فیلمێکی تەلەڤزیۆنییە و مەبەست لەو فیلمە کوردییانەیە، کە لەڕێگەی گێـڕانەوەوە تۆمـاری واقیعـی ڕووداوەکـان دەکـات، هەروەهـا کـار لەسـەر ئەنجامـدانی پێشکەشـکردنی بەڵگەکـان و ڕاسـتییەکان دەکـات بـۆ قـایلکردنی زۆرتـرین بیـنەر لە کەنـاڵە ئاسمانییەکانی (K24، NRT، Rudaw، Kurdsat News)دا.

**کەنـاڵە ئاسـمانییەکان:** مەبەسـت لێی کەنـاڵە ئاسـمانییەکانی (K24، NRT، Rudaw، Kurdsat News)، کە لەڕێگەی مـانگی دەسـتکردەوە پەخشـی خۆیـان بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ و تۆمـارکراو دەگەیەنـنە سـنووری مـانگە دەسـتکردەکانیان و بەپێـی یاسـای پەخشـی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەی یاسایی میدیاییان لەگەڵ دەکرێت. بارەگای سەرەکیان لە سـنووری هەرێمـی کوردسـتانی عێراقدایە و بە زمانەکـانی (کـوردی، عەرەبـی) پەخشـدەکەن و تاڕادەیەکیش لەهەندێک بەرنامەیاندا زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن.

**هەرێمی کوردستان:** هەرێمێکی فیدراڵییە و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدایە و بە پێی دەستوری نوێی عێراق دانی پێدانراوە. خـاوەن پەرلەمـان و حکومەت و سـەرۆکایەتی هەرێمـی خۆیەتی، وەک هەرێمێکی فیدراڵی بەسـتراوەتەوە بە حکومەتی ناوەندەوە لە بەغدادی پایتەختی عێراق. هاوکات لە ڕووی جوگرافییەوە لە باشورییەوە لکاوە بە دەوڵەتی عێراق-ەوە و ناسـراوە بە کوردستانی عێراق[1].

---

([1]) ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان
http://previous.cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=13&s=050000&r=327&p=238&h=1&fbclid=IwAR3lu2_wqTaCdqSlKot3eMH2nijglcHoO-ANnnB0i2bY0LwgMxZxbw5u4NA.(کاتی سەردان کردن: ٢٨/١٠/٢٠٢٢، کاتژمێر (١٠) بەیانی)

# بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری
# تەکنیکی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا

باسی یەکەم: فیلمی دۆکیومێنتاریی و ئاراستە هونەرییەکانی

یەکەم: پێناسە و چەمکی فیلمی دۆکیومێنتاری

دووەم: ئەرک و تایبەتمەندی فیلمی دۆکیومێنتاری

سێیەم: دەرکەوتن و گەشەکردنی فیلمی دۆکیومێنتاری

چوارەم: جۆر و شێوازەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری

پێنجەم: گێڕانەوە (Narration) لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا

شەشەم: ئاراستە هونەرییەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری

باسی دووەم: بەکارهێنانی وێنە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا

یەکەم: بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری

دووەم: قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری

سێیەم: وێنە لە بینینسازی فیلمی دۆکیومێنتارییدا

چوارەم: شێوازەکانی تەکنیکی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا

## بەشی دووەم: تەکنییەکانی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا

### دەستپێک:

پرۆسەی بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، پرۆسەیەکی جیاواز و فرەچەشن و جۆراوجۆرە و بە چەند هەنگاوێکی کردەیی و تیۆرییدا تێپەڕدەبێت. فیلمی دۆکیومێنتاریش وەک بابەتێکی گرنگی تەلەڤزیۆنی پاش ئەوەی بەچەند قۆناغێکی مێژووییدا تێپەڕبووە، لەگەڵ گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئامراز و کەرەستە هونەرییەکانی بەرهەمهێناندا، لە ژانرێکی سینەماییەوە بووەتە بابەتێکی تەلەڤزیۆنی و لە کاری میدیایی ئەمڕۆدا، کەناڵە تەلەڤزیۆنییە جیهانییەکان پانتاییەکی دیاریکراو بۆ پەخشکردنی تەرخان دەکەن، کە بیرۆکە و چیرۆکەکانیان لەڕێگەی وێنە و دەنگ و جولەوە دەگێڕدرێنەوە و دووبارە لە قاڵبێکی تەلەڤزیۆنی گونجاودا بەرهەمدەهێنرێن.

توێژەر لەم بەشەدا؛ هەوڵدەدات باس لە چەمک و پێناسەی فیلمی دۆکیومێنتاری، لەگەڵ ئەو قۆناغە مێژووییەی پیایدا تێپەڕبووە بکات. لە هەمان کاتدا جۆر و شێوازەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری و ئاراستە هونەرییەکانی ڕووندەکاتەوە. هەروەها پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری لەگەڵ ئەو قۆناغ بەندییەی وەکو بەرهەمێکی تەلەڤزیۆنی پێیدا تێدەپەڕێت بخاتەڕوو، پاشان ڕۆڵی ئامراز و کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی وێنەی تەلەڤزیۆنی، لە پرۆسەی بینینسازی فیلمی دۆکیومێنتارییدا شیدەکاتەوە.

### باسی یەکەم: فیلمی دۆکیومێنتاری و ئاراستە هونەرییەکانی

### یەکەم: پێناسە و چەمکی فیلمی دۆکیومێنتاری

سەبارەت بە چەمک و پێناسەی فیلمی دۆکیومێنتاری، بە پشتبەستن بە سەرچاوە جۆرا و جۆرەکان، سەرەڕای نزیکی و هاوشێوەبوونی پێناسە و چەمکەکان؛ توێژەر هەوڵیداوە لە چوارچێوەی گشتی بابەتەکەدا و بە مەبەستی بە دەستهێنانی تێگەیشتنێکی تەواو لەبارەیەوە، بەشێک لەو پێناسانە بخاتەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەکارهێنانی چەمکی فیلمی دۆکیومێنتاری (Film documentarie)، بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ فەڕەنسییەکان، کە گوزارشتکردن بووە لەو فیلمانەی تایبەتبوون بە گەشتکردن (devoyage Film) و بابەتەکانی شوێن یان ڕووداوێک یان کەسێکیان لەخۆدەگرت، بەڵام لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بە فیلمی بەڵگەنامەیی (Documentary Film) ناوبراوە[1]،

---

([1]) غسان عبد الوهاب الحسن، **الصحافة التلفزيونية**، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٣)، ص١٨٢.

ئەمریکییەکانیش دەستەواژەی (non- fiction) یان بۆ بەکارهێناوە، بە مانای فیلمی بێ نواندن، وەک فیلمە ڕاستییەکان (أفلام الحقيقية)[١].

ئەم ژانرە لەنێو کایەی ئەدەبی زمانی عەرەبیدا، بە چەند جۆرێک دەناسێنرێت و ناویان لێدەنرێت، کە هەندێک لە نووسەرانی بە فیلمی تۆمارکراو (الفيلم التسجيلي) یان فیلمی بەڵگەنامەیی (الفيلم الوثائقي) دەیناسێنن[٢]، بەڵام لەنێو زمانی کوردییدا زیاتر وەرگێڕدراوی زاراوە ئینگلیزییەکەی (Documentary Film) بە واتای فیلمی بەڵگەنامەیی بەکاردەهێنرێت. لە چوارچێوەی ئەم تویژینەوەیەدا تویژەر بە دروستی دەزانێت بەبێ وەرگێڕانی چەمکە ڕەسەنەکەی فیلمی دۆکیومێنتاری بەکاربهێنێت.

وشەی دۆکیومێنتاری؛ بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەیەکی لاتینی کە (Document)ەو بە مانای بەڵگە دێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، بەکارهێنانی واتای وشەکە لە فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد (Oxford English Dictionary) لەساڵی ١٨٠٠، گۆڕاوە و بە مانای (وانە) یاخود (ئاگادارکردنەوە) هاتووە[٣]. هەروەها ڕەخنەگری ئینگلیزی (جۆن گریرسۆن)*، یەکەم کەس بوو پێناسەی فیلمی دۆکیومێنتاری کرد و لە ساڵی ١٩٢٦ لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی ( New York Sun) لەکاتی کۆمێنتدان لەسەر فیلمی موانا (Moana)، بە (Documentary Film) ناوزەندی کرد و بەکاری هێنا[٤]. لێرەوە پێناسەیەکی کورتی خستووەتەڕوو دەڵێت: "چارەسەرێکی داهێنەرانەی واقیعییە"، بەو واتایەی لەم جۆرە فیلمەدا تواناکان بەگەڕخراون بۆ تۆمارکردنی ژیانی واقیعی و پاراستنی ساتێک لە کردارێکی ڕاستی[٥].

لەم چوارچێوەیەدا، یەکێتی جیهانی بۆ فیلمی دۆکیومێنتاری لەساڵی ١٩٤٨ ئەم پێناسەیەی خستەڕوو: "ڕێگایەکی تۆمارکردنە لەسەر کاسییەتی سیلیلۆید بۆ هەر دیمەنێک لە دیمەنە

---

(١) مجموعة من الباحثين، **الفيلم الوثائقي: قضايا وإشكالات**، (قطر: مركز الجزيرة للدراسات، ٢٠١٠)، ص٤١.

(٢) خالد مطهر العدواني، **استخدام الأفلام الوثائقية في التدريس**، (اليمن: مجلة جيل العلوم الانسانية والاجتماعية، عدد: ٦٢، ٢٠٢٠)، ص١٠.

(3) Jack C. Ellis and Betsy A. Mclane , **A new history of Documentary film**, (New York: The continuum international publishing group, 2006), p.3.

(*) **جۆن گریرسۆن:** لە ساڵی ١٨٩٨ لە گوندی دینستون لە نزیک شاری سترانج لە سکۆتلەندا لە دایکبووە. دوای شەڕی جیهانی یەکەم بڕوانامەی ماستەری لە بواری فەلسەفەدا بە دەستهێناوە و وەکو مامۆستا لە زانکۆی دۆرهام بۆماوەیەکی کورت کاریکردووە، دواتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژیاوە و بەشێوەیەکی چڕ لێکۆڵینەوەی لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامداوە، بەتایبەت ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە بوارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و تیۆری دیموکراسی و پڕوپاگەندەوە هەبووە. بڕوانە:

- (فورسيث هاردي، **السينما التسجيلية عند جريرسون**، ت: صلاح التهامي، (القاهرة: الدار المصرية للتأليف والترجمة، ١٩٦٥)، ص٦).

-Keith Beattie, **Documentary Screens Non- Fiction Film and Television**, (London: Palgrave Macmillan, Martins press, 2004), p.27.

(٤) عبدالصمد قادر حسين، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١١- ١٢.

(5) Gunthar Hartwig, **New Media Documentary Exploration in the Changing Form, Theory and Practice of Documentary**, December 2001, p.2. https://fdocuments.net/document/new-media-documentary-new-media-documentary-explorations-in-the-changing-form.html?page=2 (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/٤/٣ کاتژمێر (١٠:٣٠)ی بەیانی).

واقیعییەکان، ئەگەر هاتوو شێوازی پێشکەشکردنەکەی بە ڕێگای وێنەگرتنی ڕاستەوخۆ یان سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی بێت. بۆ ئەوەی هاوشان بێت لەگەڵ ئەقڵ و سۆزداریدا، لەپێناو تێرکردنی ئارەزووەکان و فراوانکردنی زانین و پەیبردن و نمایشکردنی کێشەکان و چارەسەرکردنیان. ئەمەش لە بوارە جیاوازەکانی ئابووریی و کەلتووریی و پەیوەندییە مرۆییەکاندا بوونی هەیە"[١].

ئینسکلۆپیدیای نوێی بەریتانی (The new encyclopedia British)، بەمشێوەیە ناساندن بۆ چەمکی فیلمی دۆکیومێنتاری دەکات: "بریتییە لە جۆرێک فیلمی سینەمایی، خەیاڵ و چیرۆک لە خۆناگرێت، بەڵکو بە وێنەی واقیعی و ڕاڤەکردنی مەتریاڵی ڕاستی، بە ئامانجی بە دەستخستنی پەروەردە و فێرکاری یان کات بەسەربردن، گوزارشت لە ڕاستی ڕووداوەکان دەکات"[٢].

لە فەرهەنگی زاراوەی ڕاگەیاندندا هاتووە کە فیلمی دۆکیومێنتاری: "جۆرێکە لەو فیلمانەی گێڕانەوەی بیرۆکەیەکی خەیاڵی نییە و ماددەکانی لە واقیعی ژیانەوە بە لە دوو ڕێگای سەرەکی هەڵدەبژێرێت: یەکەمیان  بە ڕاستەوخۆیی لەڕێگەی گواستنەوەی ڕووداوەکانەوە دەبێت، وەک ئەوەی لەواقیعدا ڕوودەدات، دووەم ڕێگا: دووبارە دروستکردنەوەی ئەو واقیعە و چاککردنی و ڕاستکردنەوەیەتی بەجۆرێک نزیک بێت لێوەی"[٣].

هەندێک لە تیۆریست و شارەزایان لە بواری فیلمی دۆکیومێنتارییدا، لە چەندین پێناسەدا ئاوڕیان لە چەمکی فیلمی دۆکیومێنتاری داوەتەوە، لەوانە:

قوتابخانەی ئینگلیزی  لە ڕوانگەی پاوڵ ڕۆسا (Paul  Rotha)[*]، دەڵێت: "گوزارشتە لە شێوازی ژیانی ڕاستەقینەی خەڵک، کە بەڕێگایەکی داهێنەرانە تیشک دەخاتە سەر ڕابردوو و ئێستا شیدەکاتەوە و شتێکیش لەبارەی داهاتووەوە دەڵێت"[٤].

دەرهێنەری سینەمای و فیلمی دۆکیومێنتاری پێر لۆرێنتز (Pare   Lorentz)[**]، ناساندوویەتی بەوەی کە: "فیلمێکە؛ بۆ بەرهەمهێنانی واقیع، بەشێوەیەکی درامی مامەڵە لەگەڵ

---

([١]) محمد منير حجاب، **المعجم الإعلامي**، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤)، ص٤٠٤.

([٢]) بڕوانە:

- احمد كامل مرسي، **عشرون فيلما تسجيليا عن الحياة والفن في مصر**، (القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، ١٩٩٢)، ص١٩.

- فاروق انيس جرار، **الرسالة والصورة ( قضايا معاصرة في الأعلام)**، (عمان: وزارة الثقافة الأردنية، ٢٠٠١)، ص١٢٥.

([٣]) بدون إسم المؤلف، **معجم المصطلحات الإعلامية**، (القاهرة: مجمع اللغة العربية، ٢٠٠٨)، ص٢٣.

([*]) **پاوڵ ڕوسا:** دەرهێنەر و بیرمەندی بواری فیلمی سینەمایی و دۆکیومێنتاری بووە، لە ٣ی جوزەیرانی ١٩٠٧ لە ئینگلتەرا لەدایکبوو، چەندین کتێبی نووسراو چاپکراوی لەبواری فیلمی دۆکیومێنتارییدا هەیە. بڕوانە:

(کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/١١/١٩، کاتژمێر (٦) ئێوارە). https://oac.cdlib.org/findaid/ark:/13030/tf1b69n716/

([٤]) عاصم علي الجرادات، **معالجة الأفلام التسجيلية للصراعات السياسية سلسلة (سري للغاية) في قناة الجزيرة "أنموذجاً"**، **رسالة الماجستير (غير منشورة)**، (جامعة الشرق الأوسط: كلية الأداب، قسم الإعلام، ٢٠٠٩)، ص٣٢.

([**]) **پێر لۆرێنتز:** لەسەرەتای دەرکەوتنیدا وەک ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگری فیلم ناسراوە، دواتر لە ١٩٣٠ دا بووە بە دەرهێنەر و وەک ڕاوێژکار لە بواری فیلمسازییدا لە بەڕێوەبەرایەتی بنیاتنانەوەی فیلم لە ئەمریکا دەستنیشانکراوە. بڕوانە:

ڕاستییەکاندا دەکات، لەبەرئەوەی وەک دراما لەسەر فیلمی گێڕانەوەیی (الروائي) نەوەستاوەتەوە، لەهەمان کاتدا دەرهێنەری فیلمەکە دەتوانێت، کەسێک یان کاراکتەرێک دیاری بکات و ڕۆڵی کەسایەتییە ڕاستەقینەکەی ناو ڕووداوەکەی پێ ببەخشێت"[١].

بازیل ڕایت (Basil Wright)[*] دەرهێنەری بەریتانی بەم شێوەیە گوزارشت لە ڕای خۆی دەکات: "فیلمی دۆکیومێنتاری ڕێگایەکە، لقێک لە لقەکانی زانیاری گشتی لە خۆدەگرێت و لە میدیای جەماوەری (ڕاگەیاندنی جەماوەری) نزیک دەبێتەوە"[٢].

بیڵ نیکۆڵس (Bill Nichols)[**] پێناسەی فیلمی دۆکیومێنتاری بەوەکردووە کە "نواندنی واقیع"ە، بەگشتی بەو مانایە وەرگیراوە کە کرداری نوێنەرایەتی کردنی واقیعی بابەتێکە، کە لەڕووی (چاودێریکردن، لێکۆڵینەوە، پێشبینیکردن، لێکدانەوە و ڕەنگدانەوەی قوڵی بابەتەکەوە) ڕووماڵی دەکات، لەبەرئەوە پێویستە دەرهێنەران، وێنەگران و ئەوانەی کار لە ئامادەکردنیدا دەکەن، ئاراستە بکرێن بۆ بەدەستهێنانی ئەو گرتانەی مەبەستیانە هەڵیبژێرن[٣].

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی پێشوو، بەو پێیەی توێژەر لەسەرچاوە جۆراو جۆرەکاندا خوێندنەوەی قوڵی بۆ ئەنجامداوە، ئەوەی لەلا گەڵاڵە بووە و بۆی دەرکەوتووە: فیلمی دۆکیومێنتاری بەڵگاندنی ژیانە؛ بەهەموو شێواز و ڕەهەندەکانییەوە گوزارشت لە ڕووداوە ڕاستی و واقیعییەکان دەکات، بە ئامانجی دانانی ڕێگە چارەیەکی گونجا بۆ کێشە و گرفت و ململانێکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤایەتی، قاڵبێکی تەلەڤزیۆنی سەرنجڕاکێشی بەبەردا دەکرێت، کە دووربێت لە بەرهەمێکی وێناکراوی خەیاڵی و ئەندێشەی نووسەرێک.

---

Harrison Engle, **Pare Lorentz Documentary Fund**, https://www.documentary.org/parelorentz/films ( کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/١١/١٩، کاتژمێر (١١) شەو).

(١) منى الحديدي و سلوى إمام، **السينما التسجيلية الخصائص والأساليب والاستخدامات**، (القاهرة: دار الفكر العربي،٢٠١٠)، ص١١٤.

(*) **بازیل ڕایت:** لە ١٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٧ لە دایکبووە، کۆلێجی کۆپورس کریستی لە کامبریج تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٢٦ لەلایەن جۆن گریرسۆن-ەوە، وەک ئەندام لە یەکەی بۆردی ئیمپراتۆری بازاڕگەریدا بۆ خزمەتگوزاریی میدیایی لە ئلنگلتەرا دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٣٧ دا لەگەڵ گریرسۆن-دا بە ئاراستەی واقیعی، لە ناوەندی بەرهەمهێنانی فیلمدا، کاریان لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا کردووە. بڕوانە: Martin Stollery, **Basil Wright**, https://www.academia.edu/9698703/Basil_Wright (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/١١/٢٠، کاتژمێر (١٠) بەیانی).

(٢) لؤي الزعبي، **الأفلام الوثائقي**، (سوريا: وزارة التعليم العالي، الجامعة الإفتراضية، (بدون سنة))، ص١٩.

(**) **بیڵ نیکۆڵس:** دەرهێنەرێکی ئەمریکییە، لە زانکۆی کالیفۆڕنیا لە لۆس ئەنجلۆس، بڕوانامەی دکتۆرای لە هونەری شانۆدا بەدەستهێناوە، لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکای لاتین و ئاسیادا وانەبێژی کردووە و پرۆفیسۆرە لە بەشی سینەمای زانکۆی ویلایەتی سانفرانسیسکۆ، هەروەها پسپۆڕی بواری فیلمی دۆکیومێنتاری و ئیسنۆگرافی و مێژوویی فیلم و شێواز و تیۆرییەکانی فیلمە، خاوەنی ١٠ کتێبە لە بواری فیلمی دۆکیومێنتاری و بوارە جۆراوجۆرەکانی سینەمادا. بڕوانە: /https://americanfilmshowcase.com/experts/bill-nichols-2 (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/١١/٣، کاتژمێر (١١)ی شەو).

(٣) جوناثان بجنيل و جيرمى أورليبار، **المرجع الشامل في التليفزيون**، ت: عبد الحكم أحمد الخزامي، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧)، ص٢٥٨.

## دووەم: تایبەتمەندیی و ئەرکەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری

لە چوارچێوەی ئەم باسەدا، لە بەیاننامەیەکدا کە لە ساڵی ١٩٣٦ دەرچووە و لە گۆڤارێکی سینەمایی وەرزیدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە کتێبی سینەمای دۆکیومێنتاری جۆن گریرسۆن-دا، کە لەلایەن فۆرست هاردی- یەوە نووسراوەتەوە و وەک ڕێبەری فیلمی دۆکیومێنتاری کاری پێدەکرێت، هەموو ئەو خاڵانەی تێدا خراونەتەڕوو کە گریرسۆن وەک تایبەتمەندی و خەسڵەتی فیلمی دۆکیومێنتاری دەستنیشانی کردوون، هەروەها لە پێناسەکانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا جەختیان لەسەر دەکرێتەوە، ئەوانیش:

ا- بابەتەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری پشت دەبەستێت بە تێبینیکردن و هەڵێنجان و وێنەگرتنی دیمەنە زیندووەکانی ڕووداوەکان. نەک ئەو بابەتانەی گوزارشت لە ژینگەیەکی دروستکراو دەکات، وەک ئەوەی لە فیلمە چیرۆکییەکاندا دەبینرێت[١].

ب- ڕێکخستنی بابەتەکە، لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنێکی تەواوەتی و ورد، بۆ لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ لە واقیعی ڕووداوەکانەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت. بەوەش تۆمارکردنەکە ڕەگەزە واقیعییەکان بۆ هەر گۆڕانکارییەک لە بابەت و ڕووداوەکاندا بەکاردەهێنێت[٢].

پ- لە ناوەڕۆکی بابەتەکاندا و جێبەجێکردنیاندا پشت بە واقیع دەبەسترێت و تۆمارێکی واقیعییانە بۆ ئەو ڕووداوانە دەکرێت کە بەڕاستی ڕوویانداوە. بۆ ئەمەش پێویستی بە ئەکتەری شارەزا نییە، بەڵکو خەڵکەکان خۆیان لە واقیعدا ڕووداوەکە دەگێڕنەوە و دەیگوازنەوە بۆ بینەر[٣].

ت- جیاکارییە لەنێوان گوزارشتکردن و درامادا، هەروەها لەنێوان چارەسەری ڕووکەشی بۆ بابەتەکان و ئەو شێوازانەی کە ڕاستییەکان بەڕێگەیەکی کارا ئاشکرا دەکەن[٤].

ج- دەتوانرێت بۆ پاڵپشتیکردنی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان، لە وێنە و کۆمێنتەکاندا ماددە ئەرشیفییەکان بەکاربهێنرێت[٥].

لەکۆی ئەو تایبەتمەندیانەوە، دەکرێت ئەرکەکانی فیلمی دۆکیومینتاری، ئاماژە پێبدەین کە چەند ئەرکی گرنگ لە پێناو بەدیهێنانی ئامانج یان مەبەستێکی دیاریکراودا بەجێدەهێنێت، لە گرنگترین ئەو ئەرکانە:

---

(١) محمود سامي عطا الله، **الفيلم التسجيلي وبناء الإنسان المصرى**، (القاهرة: دار المعارف،١٩٨٠)، ص١٥.

(٢) كرم شلبي، **فن الكتابة للراديو والتليفزيون**، (لبنان: دار ومكتبة الهلال للطباعة والنشر، (بدون سنة الطباعة))، ص٢١٠-٢١١.

(٣) ايمن عبد الحليم نصار، **إعداد البرامج الوثائقية**، (عمان: دار المناهج، ٢٠٠٧)، ص١٥.

(٤) نهلة عبدالرزاق عبدالخالق رشيد، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٤١٥.

(٥) سوزان القليني، **الكتابة للراديو والتلفزيون**، (القاهرة: **مجلة الفن الإذاعي، عدد: ١٤٨،** ٢٠٠٦)، ص١٢٣.

**١- ئەركی زانیاری بەخشین:**

هەوڵدەدات زانیارییەكان شیبكاتەوە و مرۆڤ بە ژینگەی دەووروبەری ئاشنا بكات، بۆ ئاگاداركردنەوەی لەو مەترسیانەی هەڕەشەن بۆ سەر ژیانی كۆمەڵگە[1].

**٢- ئەركی پڕوپاگەندەیی:**

فیلمی دۆكیومێنتاری بە ئامڕازێكی گرنگ دادەنرێت لە بواری پڕوپاگەندەدا. لەم ڕووەوە لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتدا، ئەو سیاسەتەی حكومەت مەبەستییەتی لەناو خەڵكدا بڵاویان بكاتەوە و چەندین ئامانج بەدەستبهێنێت، بەوەش ڕای گشتی پێكدەهێنرێت بۆ پشتیوانی كردن و هاوسۆزی دەربڕین بۆ ئامانجەكانی دەوڵەت، بەڵام بەهۆی ئەوەی فیلمە دۆكیومێنتارییەكان بەشێوەیەكی سەرەكی پشت بە دەنگ و وێنە و واقیع دەبەستن، لەسەر ئاستی میدیای نێودەوڵەتی بە تەواوی جیهان دەگات، چونكە وێنە بە هەموو جۆرەكانییەوە بووەتە زمانێكی جیهانی و توانای گەیاندنی پەیامەكانی هەیە لەبواری پڕوپاگەندەی ئابوریی و سیاسیی و گەشتیارییدا.

**٣- ئەركی فێركاریی:**

فیلمی دۆكیومێنتاری بەشێوەیەكی كارا بەكاردەهێنرێت لە دامەزراوەكانی پەروەردە و فێركردندا، بۆ فەراهەمكردنی توانای پێدانی زانیاریی نوێ بە خوێندكاران، هەروەها بابەتە ئاڵۆزەكانیان بۆ شرۆڤە دەكات. لە هەمان كاتدا تەكنیكەكانی وێنەگرتنی توانای فێركاری بە فیلم دەبەخشێت و یارمەتیدەرێكی باشی خوێندكاران دەبێت بۆ تێگەیشتن.

**٤- ئەركی تۆماركردن و بە بەڵگەكردن:**

ئەم ئەركە لە پرۆسەی ئەرشیفكردن و تۆماركردنی ڕووداوە ژینگەیی، سیاسی، كۆمەڵایەتی و كەلتورییەكاندا بەرجەستە دەبێت و وەك بەڵگەیەكی مێژوویی كاری پێدەكرێت، پاشان بەشدار دەبێت لە گواستنەوەی ئەزموون، تاقیكردنەوەكان، پاراستنی ڕووداوە مێژووییەكان و ئەرشیفكردن و گواستنەوەیان بۆ ئێستا و داهاتوو[2].

لێرەوە دەكرێت بەپێی ئەو ئەركانەی لە فیلمی دۆكیومێنتارییدا خراونەتەڕوو، جیاوازی و لێكچونی لەگەڵ ڕیپۆرتاژی تەلەڤزیۆنی و فیلمی خەیاڵیدا دیاری بكەین:

ا- ڕیپۆرتاژی تەلەڤزیۆنی، بەشێوەیەكی خێرا و بە كاتێكی كەمتر مامەڵە لەگەڵ یەك ڕووداو یان كێشەیەكدا دەكات و كاردانەوەی ڕاستەوخۆ لەلای وەرگر بەجێدەهێڵێت، بەڵام فیلمی دۆكیومێنتاری تەلەڤزیۆنی بەشێوەیەكی فراوانتر و بە كاتێكی زیاتر لەڕووی بەرهەمهێنانییەوە،

---

(١) كرم شلبي، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٢١١.

(٢) نهلة عبدالرزاق عبدالخالق رشید، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٤١٧- ٤١٨.

بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەکات و شیکردنەوە بۆ هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە تێڕوانینە جیاوازەکانی تایبەت بە ڕووداوەکە نمایشدەکات[١].

ب- لەڕووی ئەرکەوە، ڕیپۆرتاژی تەلەڤزیۆنی تەواو هاوشێوەی فیلمی دۆکیومێنتارییە[٢].

پ- لە بارەی گوزارشتکردن لە بابەتێکەوە، شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکە، کەسانی بەشداربوو، ئەوانەی دەکرێت وەک شایەتحاڵ بۆ خستنەڕووی ڕاستی ڕووداوەکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت، ڕیپۆرتاژی تەلەڤزیۆنی نزیکدەبێتەوە لە فیلمی دۆکیومێنتاری، چونکە فیلمی دۆکیومێنتاری هەمان هەنگاوی لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکان دەگرێتەبەر، بەڵام وێنەی بەشداربووەکانی بە پێچەوانەی ڕیپۆرتاژەوە دەبنە پاڵەوانی فیلمەکە، نەک میوان لە بەرنامەیەکدا[٣].

لەو ڕوانگەیەوە دەکرێت فیلمی دۆکیومێنتاری لەگەڵ فیلمی خەیاڵدا لە چەند ڕوویەکەوە خاڵی جیاواز و لەیەکچوون لەنێوانیاندا هەبێت کە بریتین لە:

١- لەڕووی ئامانج و مەبەستی بەرهەمهێنانەوە، فیلمی خەیاڵی بە ئامانجی پەیداکردنی قازانجی ماددی و بازرگانی بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام فیلمی دۆکیومێنتاری هیچ مەبەستێکی بازرگانی نییە و ئامانجی بڵاوکردنەوەی زانیاریی و دانانی کاریگەرییە لەسەر ئاراستە و ڕەفتارەکانی جەماوەر.

٢- فیلمە خەیاڵییەکان لەسەر بنەمای نووسینی دیالۆگ، دیکۆر، ماکیاج، دیزاینی جل و بەرگ، موزیک و هەندێکجار گۆرانی تایبەت بە فیلمەکە بەرهەمدەهێنرێت، کە لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا بەردەست نین و پاڵەوانەکان بە سروشتی خۆیان واقیعەکە[٤].

٣- ئەکتەرەکانی فیلمی خەیاڵی ئەستێرەی ناسراو و بەناوبانگ، بەڵام لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا ڕاستەقینەن و هیچ شارەزاییەکیان لە نواندنی بەردەم کامێردا نییە.

٤- دەرهێنەری فیلمی دۆکیومێنتاری ناتوانێت دووبارە وێنەی فیلمەکە بگرێتەوە، یان کاتی وێنەگرتنەکەی دوابخات، چونکە کات سنوورداره و دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەرهەمبهێنرێت، بەڵام لە فیلمی خەیاڵیدا کات دیاریکراو نییە. ئەگەر گرتەیەکی ڤیدیۆیی گونجاو بەردەست نەبوو، دەرهێنەر دەتوانێت پرۆسەی وێنەگرتن دوابخات[٥].

---

(١) إسماعيل الأمين، **التلفزة المعاصرة سلطة رابعة أم سلطة مربعة؟**، (لبنان: شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، ٢٠١٥)، ص٦٨- ٦٩.

(٢) نهلة عبدالرزاق عبدالخالق رشيد، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٤١٦.

(٣) عادل فهمي، **مهارات الإعلاميين اللغوية والاتصالية**، (القاهرة: دار المشرق العربي، ٢٠١٤)، ص٢٨٤.

(٤) لبنى مهدي، **ماهي أوجه الاختلاف مابين الفيلم الوثائقي والفيلم الروائي؟**، مارس ٢٣، ٢٠٢٠. بڕوانە:
https://e3arabi.com

(كاتی سەردانكردن: ٢٠٢٢/٣/٢٠، كاتژمێر (٤:٣٠) پاشنیوەڕۆ).

(٥) عبدالصمد قادر حسين، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٢٣، ٢٤.

سەرئەنجام بەڕای توێژەر، فیلمی دۆکیومێنتاری جیاواز لە ژانری ڕیپۆرتاژی تەلەڤزیۆنی و فیلمی خەیاڵی، لە بەرهەمهێنانیدا پشت بە گەیاندنی واقیعی چیرۆکی ئەو دیوی ڕووداوەکان دەبەستێت و سەرنجی بینەران ڕادەکێشێت بۆ دەرخستنی لایەنێکی شاراوە و دیمەنێکی خێرای نەبینراو. بەشێوەیەکی قوڵتر و کاتێکی زیاتر بنکۆڵکاری لە واقیعی بابەتەکان دەکات و لەڕێگەی پاڵەوانە ڕاستەقینەکانەوە دەیانگێڕێتەوە و پەنا نابات بەر چاوپێکەوتنی کەسایەتییە بەرپرسیارەکانی حکومەت و دامەزراوە حکومییەکان. لە هەمانکاتدا دوورە لە خەیاڵێکی دروستکراوی پلان بۆ داڕێژراو و دەرهێنەر بەبێ ویستی خۆی ڕووداوەکان وەک خۆیان نمایشدەکات. هەروەها لە ئێستادا دەرهێنەران لە کەناڵە کوردی و جیهانییەکاندا بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ڕێگەی کەسایەتییە ڕاستەقینەکانەوە جۆرێک لە ژانری تەلەڤزیۆنی بەرهەمدەهێنن، بەڵام ناچێتە قاڵبی فیلمی دۆکیومێنتارییەوە و بەشێوەی فیچەر کاریان لەسەر دەکرێت، کە لەچوارچێوەی دەقێکی نوسراوی داڕێژراودا گرنگی بە لایەن مرۆییەکان دەدات، کە یەک بابەت لەخۆ دەگرێت و لەشێوەی قاڵبی هەواڵی ئاساییدا دادەڕێژرێن.

## سێیەم: دەرکەوتن و گەشەکردنی فیلمی دۆکیومێنتاری

بەشێوەیەکی گشتی ئەم باسە تەرخان کراوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر، قۆناغە سەرەتاییەکانی دروستبوونی فیلمی دۆکیومێنتاری تا دەگاتە قۆناغی هاوچەرخ، کە وەک بابەتێکی گرنگی بواری سینەما و تەلەڤزیۆن ئامرازێکی پڕ بایەخی پەیوەندیکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و پڕوپاگەندەیە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بووەتە جێگای بایەخی کەناڵە تەلەڤزیۆنییە ئاسمانی و لۆکاڵییەکان.

سەرەتاکانی دەرکەوتنی فیلمی دۆکیومێنتاری، دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی هەردوو برا لویس و ئۆگەست لومێر (Louis and Auguste Lumière)[*]، کە لەڕێگەی پڕۆژە بچوکەکانیانەوە توانییان قۆناغی لەدایکبوونی فیلمی دۆکیومێنتاری بهێننە ناو کایەکانی تری وەکو (سینەما، هونەر و کەلتوور)، بۆیە هەردوو برا لەڕێگەی فیلمێکیانەوە، یەکەم نمایشی بینراوی ڤیدیۆیی دۆکیومێنتارییان لە ساڵی ١٨٩٥ بەرهەمهێنا، کە ماوەکەی دوو خولەک و چەند چرکەیەک بوو. ئەم فیلمە دوو پارچە ڤیدیۆی بینراوی لەخۆدەگرت، پارچە ڤیدیۆییەکیان بە ناونیشانی (گەیشتنی

---

[*] **لویس و ئۆگەست لومێر:** ئۆگەست لە ١٩ تشرینی یەکەمی ١٨٦٢، لویس لە ٥ تشرینی یەکەمی ١٨٦٤، لە شاری بێسانچۆنی فەڕەنسا لە دایکبوون، بە هەرە پێشەنگەکانی جیهانی سینەما و بە کۆنترین فیلمساز لە مێژوودا دادەنرێن، کە سینەماتۆگرافی و یەکەم وێنەی جوڵاویان دروستکرد و توانیان پێشکەوتنی ڕیشەیی لە بواری فۆتۆگرافیدا بەدەستبهێنن، کە ئۆگەست لە ساڵی ١٨٧٠ دا یەکەم هەوڵی بە هاوکاری براکەی لە بواری سینەمادا دەستپێکرد، ئۆگەست وەک بەڕێوەبەر و لویس وەک فیزیکزان، لەکاتی کارکردنیاندا لەگەڵ باوکیاندا دەستیان بە تاقیکردنەوە کرد، لە پێشکەوتن و باشترکردنی ئامێری فۆتۆگرافیدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنان و یەکەم فیلمی دۆکیومێنتارییان نمایشکرد. بڕوانە:
Kyerstin Hill, **Auguste Lumière & Louis Lumière 1862-1954, 1864- 1948**, https://iphf.org/inductees/auguste-louis-lumiere/ (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/١١/١٩، کاتژمێر (١١) شەو).

شەمەندەفەر بە وێستگەی لاسیۆتات) بوو، ئەوی دیکەشیان بریتیبوو لە (دەرچوون لە کارگەی لومێر)، کە باسی لە گەشتکردنی واقیعی ژیانی ڕۆژانەی فەرەنسییەکان و دەرچوونی کرێکارەکانی لە کارگەکەدا دەکرد. لێرەوە سەرەتاکانی دەرکەوتنی فیلمی دۆکیومێنتاری گەشەیکرد و بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاوبووەوە و هۆکارێکیش بوو بۆ دەرکەوتنی تۆماری واقیعییەت لەژیاندا[(١)].

لەم ڕوانگەیەوە لە بواری سینەمادا، هەمیشە ئاماژە بە کارەکانی جۆرج میلیەس ( Georges Mèliès)[*]ی فەرەنسی دەکرێت، کە یەکەم فیلمی بەرهەمهێنراوی بەناوی (Agame of cards) بوو، لەساڵی ١٨٩٦ لە یەکێک لەماڵەکانی دەووروبەری پاریس دەرهێنانی بۆکرا، دواتر میلیەس دەرهێنانی بۆ ئەو فیلمانە کرد، کە دەربارەی یاریکردنی جادووگەریی بوون، پاشان کاری دەرهێنانی بۆ فیلمی (گەشتێک بۆ سەر مانگ) کردووە. دەکرێت بوترێت فیلمەکانی میلیەس زیاتر دەرچوونە لە ڕێچکەی واقیعی و جەخت لەسەر ڕووداوە جادووگەرییە خەیاڵییەکان دەکاتەوە[(٢)].

لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا چەندین فیلمی دۆکیومێنتاری بە فۆرم و جۆری جیاواز دەرکەوتن و لەشوێنی جیاوازدا تۆمار دەکران. لەوانە فیلمی دۆکیومێنتاری نانۆکی باکوور (Nanook of the North) بوو، لە ساڵی ١٩٢٢ لەلایەن ڕۆبێرت فلاهێرتی ( Robert Flaherty)[**]یەوە دەرهێنانی بۆکراوە و بە یەکێک لە بنچینە و بناغەی دامەزراندنی فیلمی دۆکیومێنتاری دادەنرێت[(٣)]. لەم فیلمەدا دەرهێنەر بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و داهێنەرانە، گرتەکانی هەڵبژاردووە و باس لە چیرۆکی ژیانی خەڵکی ئەسکیمۆ دەکات، کە لە دورگەیەکی سەهۆڵبەنداندا دەژین و ڕۆژانە سەرقاڵی ڕاوکردنی ماسین[(٤)].

---

([١]) نهلة عیسى، **الأفلام الوثائقية**، (سوريا: منشورات الجامعة الافتراضية السورية، ٢٠٢٠)، ص٢٠.

([*]) **جۆرج میلیەس:** دەرهێنەرێکی فەرەنسییە، لە ٨ کانوونی یەکەمی ١٨٦١ لە پاریس لەدایکبووە، یەکەم کەسبووە لەڕێگەی وێنەی جوڵاو و بەکارهێنانی تەکنیکی کامێرا، فیلمی خەیاڵی جادووگەر ئامێز بەرهەمبهێنێت. بڕوانە:
The Editors of Encyclopaedia Britannic, **Georges Mèliès French Filmmaker**, Jan 17, 2021 https://www.britannica.com/biography/Georges-Melies.(کاتی سەدانکردن: ٢٠٢٢/٢/٧، کاتژمێر (١٢) شەو)

([٢]) لؤي الزعبي، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٤.

([**]) **ڕۆبێرت فلاهێرتی:** نووسەر و دەرهێنەرێکی ئەمریکییە و یەکێکە لە پێشەنگەکانی فیلمی جیهانی و باوکی ڕۆحی سینەمای دۆکیومێنتارییە، لە ١٦ی شوباتی ١٨٨٤ لە شاری میتشیگان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایکبووە، ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی چاودێریکردنی ژیانی واقیعی مرۆڤایەتی بووە، تا بگاتە ئەو قۆناغەی بتوانێت داستانی قارەمانێتی و ئازایەتی و سادەیی لە ژیانی ئاسایی مرۆڤدا بەرجەستە بکات، لە ساڵی ١٩١٠دا بەرەو باکووری کەنەدا ڕۆیشتووە و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ خێزانێکی ڕاوچی ئەسکیمۆی نانۆک-دا دروست کردووە، بڕیاریداوە بەبێ ئەوەی ڕاوچییەکە بزانێت وێنەی بگرێت و تا ساڵی ١٩١٣ بەردەوام بووە، بەهۆی فیلمە بەناوبانگەکەیەوە "The Nanook of the North" سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە، بەوەش ناوبانگی هاوشان و یەکسان بوو بە ناوبانگی چارلی چاپلین. بڕوانە : (سعيد ياسين، **روبرت فلاهرتي.. الأب الروحي للسينما التسجيلية**، الأربعاء ٤ مارس ٢٠٢٠)، https://www.alittihad.ae/article/13562/2020 (کاتی سەردان کردن: ٢٠٢١/٦/١١، کاتژمێر(٦)ی ئێوارە).

([٣]) باتريشيا أوفدرهايدي، **الفيلم الوثائقي مقدمة قصيرة جدا**، ت: شيماء طه الريدي، (القاهرة: مؤسسة الهنداوي للتعليم والثقافة، ٢٠١٣)، ص٩.

([٤]) عبدالخالق محمد علي، **فن الإخراج التلفزيوني والإذاعي**، (بيروت: دار المحجة البيضاء، ٢٠١٠)، ص٥٢.

پەخشکردنی ئەم فیلمە، زیاتر بوو بە بنەما و بناغەی مێژووی فیلمی سینەمایی ئەمریکی و چەمکێکی نێودەوڵەتی نویَ لەبواری فیلمسازییدا. ئەم لایەنەش بووە هۆکارێکی باش کە زیاتر فلاهێرتی لە بواری فیلمسازییدا بناسرێت، لێرەوە پێوەر و تایبەتمەندی و خەسڵەت و توخمە سەرەکییەکانی فیلمەکە بووە بنەمایەک کە لە فیلمەکانی دوای خۆیدا پەیڕەو دەکران[١].

بەڕای توێژەر، ئەمە بەو واتایە دێت کە دەرهێنەرە سەرەتاییەکانی بواری بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری، تەنیا کاریان لەسەر چۆنییەتی نمایشکردنی واقیعی ژیانی خەڵک و ژیانی ڕۆژانەی ئەو پاڵەوانانەی دەبنە کارەکتەری سەرەکی ناو فیلمەکان کردووە. کەواتە تۆمارکردنی واقیعی ژیان، بنچینەی دروستکردنی فیلمی دۆکیومێنتارییە. ئەو بۆچوونەش زاڵە بەسەر بەشێکی زۆر لەو فیلمانەی کە لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم ژانرەوە بەرهەمهێنراون.

بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەکانی بواری فیلمسازی و سینەما و مێژووی دروستبوونی فیلمی دۆکیومێنتاری، پێویستە باس لە کارە بینراوەکانی دەرهێنەری سۆڤێتی دیزیگا ڤێرتۆڤ (Dziga Vertov)* بکرێت، کە لە ڕێگەی فیلمی (پیاوێک لەگەڵ کامێرایەکی جوڵاودا) (The man with the movie camera)، لەساڵی ١٩٢٨دا و لە قۆناغی سینەمای بێدەنگدا، هەوڵەکانی خۆی خستووەتەگەڕ بۆ بینینی قۆناغێکی گرنگی مێژوویی لە سینەمای یەکێتی سۆڤییەتدا و تاکو ساڵانی بیست و چلەکانی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بووە. لەم فیلمەدا دەرهێنەر پێیوایە، کامێرا "چاوێکە لەشێوەی ئامێرێک کە ئاستی بینینی زیاترە لە چاوی مرۆڤی ئاسایی و دەتوانێت جیهانە شاراوە و نهێنییەکانی ژیان بەڕێگەیەکی تازە ئاشکرا بکات"، لەبەرئەوە لەبواری سینەما و تەلەڤزیۆندا بە هۆکارێک بۆ کردنەوەی کۆدە بینراوەکان ( Visual Code) دادەنرێت، کە وەکو ئامرازێکی گرنگ بۆ (پۆلێنکردن، ڕێکخستن، دابەشکردن، هاندان، گێڕانەوەی بینراوی واقیع و خوێندنەوەی واقیع) هەژماردەکرێت. ئەوەش بە هاوکاری و پشتیوانی پرۆسەی وێنەگرتن و مۆنتاژ کردن جێبەجیَ دەکرێت[٢]. فیلمی دۆکیومێنتاری، لە دوای سەرهەڵدانی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانییەوە، وەکو ئامرازێکی گرنگی پەیوەندیکردن، پروپاگەندە، خزمەتکردن بە ئایدیۆلۆژیا و ئامانجە سیاسییەکان بەکاردەهێنرا[٣]، پاشان لە ساڵی ١٩٣٣ بە ئامانجی خزمەتکردن بە ئایدیۆلۆژیای نازییەکان بەکاردەهێنرا و بووە واقیعێکی دیاری

(1) Robert J. Chirstopher, **Robert and Frances Flaherty: A documentary life, 1883-1922**, (London: McGILL-Queens University press, Montreal & kingston, 2005), p.3.

(*) **دیزیگا ڤێرتۆڤ**: لە ساڵی ١٨٩٦ لە پۆڵەندا لە دایکبووە، سەرۆکی وێنەگرانی ڕۆژنامەنووسان بووە و کاری ڕێکخستن و ئامادەکردنی مەتریاڵی فیلمی کردووە، لە ساڵی ١٩١٨ کۆمیتەی جێبەجێکاری سینەمای ڕوسیا بەڕێوەدەبات، هەر لەو تەمەنە سەرەتاییەدا دەستی بە پەرەپێدانی تیۆرییەکی تایبەتی خۆی کردووە، کە برتیبووە لە (کامێرا چاوی فیلمە). بڕوانە (نهلة عیسی، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٥١).

(٢) مجموعة من الباحثين، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٦٨ ، ١٦٥.

(٣) جورج خليفي، **الفيلم الوثائقي دليل مقترح للتدريس في الجامعات والكليات الفلسطينية**، (فلسطين: مركز تطوير الإعلام- جامعة بيرزيت، ٢٠١٤)، ص١١.

ئەو سەردەمە، دواترچەندین گۆڕانکاریی و شۆڕشی بەرهەمهێنان و شێوازی نوێ هاتە بواری فیلمسازییەوە، کە بە سینەمای ڕاستەقینە (Cinéma vérité) ناسرا و بەشێوەیەکی بەرچاو دەرکەوت و پەرەی سەند[١].

لەو چوارچێوە مێژووییەدا و لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠ بەرەو پێشچوون و گەشەسەندنی ئەم ئاڕاستە کارکردنە بووە هۆی خێرا بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی کامێرای (١٦)ملم لەبواری فیلمسازییدا[٢]، کە ئەم کامێرایە زیاتر بە کێش کەمی و قەبارە بچوکی ناسراوە و بەرهەمهێنەرانی فیلمسازی سینەما توانییان بەم ئامێرە گرتە جۆراوجۆر و جیاوازەکان وەربگرن و تۆماریان بکەن[٣]. هاوکات توانایەکی باشی تۆمارکردنی دەنگی لەگەڵ جوڵەدا هەبووە، هەروەها کاریگەری گەورەی لەسەر بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری داناوە، لەبەرئەوە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی وایکرد بەرهەمهێنانی فیلم ئازاد بێت لە تۆمارکردندا و چەندین ڕێگە و شێوە بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی کاریگەری زیاتر لەسەر بینەران. لێرەوە داهێنانی کامێرای (DV) کاریگەری گەورەی لەسەر ئەم بوارە دروستکرد، بە تایبەت لەچۆنییەتی بەرەوپێشچوونی (پرۆسەی وێنەگرتن، پرۆسەی مۆنتاژی ڤیدیۆی دیجیتاڵی، تۆماری دەنگ، بەرەوپێشچوونی قۆناغی دوای بەرهەمهێنان (Post-production)، بەکارهێنانی کاریگەری بینراو، ئامرازەکانی وێنەی جوڵاو (Animation)، دەستکاریکردنی ڕەنگ و دانانی کاریگەرییە دەنگییەکان)، بواری بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری بردە قۆناغێکی باڵاتر[٤].

## چوارەم: جۆر و شێوازەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری

لێرەدا تویژەر جۆر و شێوازەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری دەخاتەڕوو، کە هەریەک لەو جۆرانە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و پێوەرن و یەکدی لەیەک جیادەکەنەوە. بەپێی سەرچاوە جۆراوجۆرەکان، ڕاو بۆچوونی جیاواز دەربارەی جۆر و شێوازی فیلمی دۆکیومێنتاری خراونەتەڕوو، لەبەرئەوە تویژەر بە باشی زانیوە ئاماژە بە هەردوو پۆلێنکارییەکە بدات. بەپێی پۆلێنی بیڵ نیکۆڵس (Bill Nichols)، جۆرەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری دابەشکراوە بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە، کە لە بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییە جیهانییەکاندا پەیڕەودەکرێن[٥]:

---

(١) حامد معروف الزيات، **الأفلام الوثائقية مصدرا للمعلومات التاريخية: دراسة تجريبية**، (مصر: جامعة بنها، شعبة النشر والخدمات المعلوماتية، ٢٠١٨)، ص١٦- ١٧.

(٢) منى سعيد الحديدى، سلوى إمام على، **أسس الفيلم التسجيلى: اتجاهاته واستخداماته في السينما والتليفزيون**، (القاهرة: دار الفكر العربى، ٢٠٠٢)، ص٥٢.

(3) Patricia Aufderheide, **Documentary film: A very shot Introduction**, (New York: Oxford university press, 2007), P.45.

(4) Maxine Baker, **Documentary in the digital age**, (London: Focal Press, 2006), p.x.

(5) Kevin J. Lindenmuth, **The Documentary Moviemaking Course: The starter guide to documentary filmmaking**, (Bloomsbury Publishing, 2010), p10.

### ١- جۆری ڕاڤەکردن یان ئاشکراکردن (تفسيري) (Expository type):

زیاتر لە فیلمی دۆکیومێنتاری تەلەڤزیۆنیدا بەکاردەهێنرێت و هەندێکجار بە فیلمی گوتار ناودەبرێت، چونکە ئامانجی سەرەکی پەروەردەکردنی بینەران و ڕوونکردنەوەی بابەتی فیلمەکەیە. هەروەها ئەم جۆرە فیلمە بە (دەنگی خودا) گوزارشتی لێدەکرێت، لەبەرئەوەی دەرهێنەری فیلمەکە سیناریۆی چیرۆکی فیلمەکە بەجۆرێک دادەڕێژێتەوە هەماهەنگ بێت لەگەڵ بابەتە بینراوەکەدا، بەوەش بینەر وا هەستدەکات بەشێکبێت لە ڕووداوەکان[١].

لەڕووی تەکنیک و شێوەی کارکردنەوە، ئەم جۆرە زیاتر پشت بە ئامرازی زارەکی دەبەستێت و لەشێوەی گفتوگۆکردندا بە کۆمێنتی زارەکی (Verbal Narration) و تێڕوانین و بۆچوون (Point of view)، بابەتێک دەخاتەڕوو کە لە چوارچێوەی گفتوگۆ و مشتومڕدا بێت، یاخود بە بەکارهێنانی گێڕانەوەی چیرۆک لەسەر زاری پاڵەوانێک یان کۆمێنتارەوە (Narrator)، هاوپێچ لەگەڵ وێنەی ڤیدیۆییدا تەواوی دید و بۆچوونەکان بۆ بڕواهێنان بە بینەران نمایشدەکات، کە ئەرکی ئاشکراکردنی بابەتێکی دیاریکراوی مێژووییە[٢].

بیڵ نیکۆڵس فیلمی دۆکیومێنتاری ڕاڤەکردن دەناسێنێت بەوەی: "ئەو دەنگە بەهێزەیە، کە لە سەرچاوەیەکی نەناسراوەوە و بەشێوەی تێڕوانینێکی شیعری بۆ ئاشکراکردنی زانیاری لە بارەی جیهانی مێژووییەوە دێتەکایەوە و تێڕوانینێک بۆ دنیای نوێ دەخاتەڕوو، تەنانەت ئەگەر بەڕاو بۆچوونی ڕۆمانسی و ئیلهام بەخش کۆتاییان پێبهێنرێت"[٣].

پاڵپشت بەو بۆچوونەی خراوەتەڕوو، لەم جۆرە فیلمەدا تەواوی بیرۆکە و چەمکەکان، تێڕوانینە ئەبستراکتییەکان و دەربڕینە مەعریفییەکان لە ژێر دەسەڵاتی دەرهێنەردان. هەروەها چیرۆکخوان وەک بنەما و فاکتەری سەرەکی لە پێشکەشکردنی تێڕوانینەکاندا لەچوارچێوەی فیلمەکەدا کاردەکات، لەگەڵ ئەوەشدا وێنەی ڤیدیۆیی و چاوپێکەوتن و توخمە هونەرییەکان پاڵپشتی مشتومڕە فکرییەکان دەکەن[٤]. کەواتە "ڤیدیۆی ئەرشیفی، دۆکیومێنت، ئینفۆگرافی و پرۆسەی مۆنتاژ، یارمەتی یەک لەدوای یەکی بیرۆکەی فیلمەکە دەدات، پاشان خستنەڕووی دیدو بۆچوونەکان لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی هەردوو فاکتەری کات و شوێن، بەردەوامی بە گرتە و دیمەنەکان دەبەخشێت"[٥].

---

([1]) Katherine Selway, **Bill Nichols' 6 Modes of Documentary**, 29th August 2017. https://liftoff.network/bill-nichols-6-modes-documentary/ (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/٣/٥، کاتژمێر (١٠:٣٠) بەیانی).

([2]) Carl Plantinga, **What a documentary is after all**, (Grand rapids, Michigan, **The journal of aesthetic and art criticism**, **volume (63)**, **Issue (2)**, April 2005), P.109.

(٣) وارن بكلاند، **فهم دراسات الأفلام من هتشكوك إلى تارانتينو**، ت: محمد منير الأصبحي، (دمشق: منشورات وزارة الثقافة – المؤسسة المؤسسة العامة للسينما، ٢٠١٢)، ص٢٢٣.

([4]) Bill Nichols, **Introduction to documentary**, Third Edition, (Blooming ton, Indiana university Press, 2017), p.108.

(٥) إياد الداود، **فن التقصي الفيلم الوثائقي التحقيقي**، (معهد الجزيرة للإعلام، ٢٠١٩)، ص٤٣.

بەشـێوەیەکی گشـتی بیـنەری ئەم جـۆرەی فـیلم، خـاوەنی پێشـبینییەکی لـۆژیکییە بـۆ ئاشـکراکردنی ڕووداوێـک، زۆرجـار بینەر چـاوەڕوانی ئەوە دەکـات کە دەقەکە، شـێوەیەک یـان فۆرمێـک لەبـارەی چارەسـەری کێشـەیەک یـان تەنگـژەیەک یـان بـابەتێکی ئـاڵۆزەوە، بـۆ بەدەسـتهێنانی وەرگرتنـی زانیـاریی یـان هەواڵێکـی ڕۆژ بخـاتەڕوو. هەروەهـا بـۆ نمایشـکردنی بابەتێکی مێژوویی ژیانی کەسێک لەشێوەی دۆکیومێنتاری بیۆگرافی (Biography) یان پرۆفایل (Profile)، لە فۆرمە کلاسیکییەکەیدا بەکاردەهێنرێت و ڕۆڵی یەکێتی بابەت دەگێڕێت، بە تایبەت لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کاتدا، لە شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکدا (Narration) هەستێکی دراماتیکی دروست دەکات[١]. نمونەی ئەمەش فیلمی (جامە خۆڵەکە) (The Dust Bowl)یە، کە لەساڵی (٢٠١٢) لەلایەن کین بێرنس (Ken Burns) دەرهێنانی بۆ کراوە. کە وەک کارەسـات و بـوونی خەمۆکییەکی گەورە بەسەر گەلی ئەمریکای باکووردا هـاتووە، لەم فیلمەدا دەرهێنەر لەڕێگەی بەکارهێنانی گرتەی ڤیدیۆیی، باس لە وشکەسـاڵی دەکات و تەواوی هۆیەکانی دروسـتبوونی و کاریگەرییەکانی بۆ تالانکردنی زەوی کشتوکاڵی ئەمریکای باکوور دەگێڕێتەوە[٢].

لەو ڕوانگەیەوە توێژەر پێی وایە، ناوەڕۆکی ئەمجۆرە دۆکیومێنتارییە بەشـێوەی (سـەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) نەخشەسازی لە دارشـتن و دانـانی پلانـی وێنەگرتندا دەکات، هەروەهـا ئەو گرتە و وێنـانە هەڵدەبژێردرێت، کە لە فیلمەکەدا کۆمەکی گێڕانەوەکـان و پەیرەوکردنـی بنەمـای نووسـین بـۆ وێـنە (writing to picture) دەکەن، هاوکـاتیش بە بـوونی چـاوپێکەوتن زیـاتر ناوەڕۆکی فیلمەکە ڕووندەکرێتەوە و پشتگیری مشتومڕ و گفتوگۆکان دەکرێت.

### ٢- جۆری دۆکیومێنتاری شیعریی (Poetic Documentary type):

لەسـەر بنەمـای جوانکـاری وێـنەی جۆراوجـۆر بنیاتـدەنرێت، بە بـێ ئەوەی بە چیرۆکێکـی دیاریکراو یان کەسایەتییەکی دیاریکراوەوە ببەسترێتەوە، کە وەک گەلەرییەکی وێنە، کۆمەڵێک وێنەی جیاواز بۆ هاندانی بینەر بۆچوونە نێو قوڵایی بـابەتی فیلمەکە نمـایش دەکات[٣]. فیلمـی دۆکیومێنتـاری شـیعری بـۆ دروسـتکردنی بونیـادێکی واقیعـی لە بـری ئەوەی وێنەی بەردەوامـی لەسـەر یەک ڕاسـتەهێڵ یـان یەک لەدوای یەکـی بەکاربهێنێت، زیـاتر پشـت بە ڕەنـگ و دەنـگ دەبەستێت، بەهۆیانەوە وێنەکان پێکەوە گرێدەدات و لەڕێگەی نواندنێکی بابەتی و ئەبسـتراکتێکی خودیی ڕاستییەوە، جەخت لەسەر بابەتە بینراوەکان دەکاتەوە و نیشـانی بینەرانی دەدات[٤]، بەو

---

([1]) Bill Nichols, **Representing Reality: Issues and Concepts in Documentary**, (Blooming ton, Indiana University Press, 1991), p.37- 38.

([2]) master class, **Film Documentary Guide: 6 Types of Documentaries**, Nov 8, 2020.
https://www.masterclass.com/articles/film-documentary-guide#what-are-documentary-modes (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/٣/١٥، کاتژمێر (١١)ی شەو).

([٣]) محمد شعبان، **أنواع الأفلام الوثائقية بحسب تصنيف الباحث الأمريكي Bill Nichols**، ٢٠١٩/٧/١٦، بروانە پێگەی پرۆفیلم:
https://www.proffilm.com/.(کاتی سەردانکردن: ٢٠٢٠/٦/١٧، کاتژمێر (٩)ی شەو)

([4]) Katherine Selway, **Bill Nichols' 6 Modes of Documentary**, **سەرچاوەی پێشوو**.

هـۆیەوە ئەمجـۆرە دۆکیومێنتـارییە، لە بەرنـامە دۆکیومێنتـارییە تەلەڤزیۆنییەکـانی ئەمـڕۆدا بەکارهێنانی زۆر نییە، چونکە هیچ جۆرە گفتوگۆیەکی تێدا بەکارنایەت[١].

### ٣- جۆری چاودێریکردن (Observational type):

ئەمجـۆرە فـیلمە لە لایەن دەرهێـنەری فـیلمەکە بە کەمتـرین دەسـتوەردان لە نـاوەڕۆکی چیـرۆکەکە بەرهەمـدەهێنرێت. دەرهێـنەر بەشـێوەیەکی نادیـار لە فـیلمەکەدا دەردەکەوێـت، لەبەرئەوەی تەنیـا ئەرکی چـاودێریکردنی ژیـانی ڕۆژانەی خەڵـک لە ئەسـتۆدەگرێت، بـۆ ئەوەی هاوکاری بینەر بکات وێنـایەکی تەواو بـۆ دەرئەنجـامی فیلمەکە بکێشـێت[٢]. لەگەڵ ئەوەدا بەهـیچ شێوەیەک کۆمێنت بوونی نییە و ناونیشانەکانی ناوەوە (Sub-sub title) و چاوپێکەوتنیش لەخۆ ناگرێت و جەخـت دەکـاتەوە لەسـەر پێشکەشـکردنی بەشـێکی واقیعـی ژیـان یـان نمایشـکردنی ڕاسـتەوخۆی ڕووداوە وێنە گیراوەکـان[٣]. لێرەوە دەردەکەوێت دۆکیومێنتـاری چـاودێرییکردن پێچەوانەی فیلمـی دۆکیومێنتـاری ئاشـکراکردنە و بەیەکێـک لە ئـامڕازە گرنـگ و پـڕ بایەخەکـان دادەنرێـت، بـۆ تۆمـارکردن و پاراسـتنی چـاودێریکردنی ورد لەسـەر ڕووداوەکـان، هاوکـات کـاریگەری گەورەی هەیە لەسـەر ڕەسـەنایەتی زانـین لە بـواری مرۆڤناسـیدا (ئەنسـرۆپۆلۆجیا- (Anthropology)[*]، ئەمەش لەڕێگەی پرۆسـەی بەدواداچوونی قوڵ بۆ بابەتەکان، ئاشـکراکردنی زانیـاری ورد لەسـەر دیـاردەیەک، کێشـەیەک و بابەتێـک دەخـاتە بەر بـاس و لێکـۆڵینەوە، کە ڕێگەیەکـی ئاسـان دەبێـت بـۆ کـارکردن لەسـەر زەمینەیەکـی مرۆڤناسـی نـوێ و دۆزینـەوە و ئاشکراکردنی زانیاری ورد لەسەر لۆژیکی ئەنسرۆپۆلۆجی[٤].

ئەم جـۆرە فـیلمە زیـاتر شـێوەی وێنەگرتنـی ڕۆژانەی ژیـانی خەڵـک لەخۆدەگرێـت، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر تۆمارکردنی کار و چالاکی و جموجۆڵی تاکەکان لە چوارچێوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان، وەک خێزان و کڵێسا و دەزگای چاکسازی کۆمەڵایەتی و دەروونی[٥].

لەو ڕوانگەیەوە، بوونی بنەمای (ڕەسەنایەتی، واقیعی بوون و ڕاستی بوون) دەبنە هۆکاری سـەرەکی دروسـتبوونی فیلمـی دۆکیومێنتـاری چـاودێرییکردن، نمـونەش بـۆ ئەوە بەکارهێنـانی

---

(1) Without the author's name, **Mode of documentary**, https://www.slideshare.net/a2media15d/mode-of-documentaries (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/١٢/٣، کاتژمێر (١١:٣٠) بەیانی).

(2) Kevin J. Lindenmuth, **سەرچاوەی پێشوو**, p.10.

(٣) وارن بکلاند، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٢٢٩-٢٣٠.

(*) **ئەنسرۆپۆلۆجیا Anthropology:** لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئیغریقی لێکدراوە، لە وشەی (anthropos) بە واتای مرۆڤ و (logos) بە واتای زانست پێکدێت، مانا فەلسەفییەکەی زانستی مرۆڤناسی دەگەیەنێت و لقێکە لە لقەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان، کە لێکۆڵینەوە دەربارەی ژیانی مرۆڤ دەکات، لەڕووی بەها (کەلتوری، ئاینی، ئاکاریی، ئابوری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی)یەکانەوە. بڕوانە: (مصطفى تيلوين، **مدخل عام في الأنثروبولوجيا**، (بيروت: دار الفارابي، ٢٠١١)، ص ١٩- ٢٠).

(4) Silvio Carta, **سەرچاوەی پێشوو**, p.23.

(5) Lucia Ricciardelli, **American Documentary Filmmaking in the digital age: Deprictions of war in Burns Moors and Morris**, (New York: Routledge,2014), P.24.

کامێرای چاودێری و کامێرای سەر پاسکیل یان سەر ئۆتۆمبێلە لە بەرهەمهێنانی فیلمەکەدا، کە چالاکی و جموجۆڵەکانی مرۆڤ و تەواوی ڕووداوەکان وەک خۆی تۆماردەکات[١].

سەرئەنجام، توێژەر پێیوایە، کە دەرهێنەری فیلمی دۆکیومێنتاری جۆری چاودێرییکردن، بەردەوام لە چاودێریکردنی وردی ڕووداوەکانـدایە، بەبێ ئەوەی دەستوەربداتە گۆڕینی ئاراستەی کارکردنی ڕووداوەکان، هەروەها جگەلە دەنگی سروشتی واقیعی شوێنی ڕووداوەکە هیچ جۆرە موزیکێک و کاریگەرییەکی دەنگی بۆ تۆمارکردنییان دەستنیشان ناکرێت، لە هەمان کاتیشدا پاڵەوانی فیلمەکە دیاریکراو نییە و ئامادەکاری بۆ نەکراوە، لەبەرئەوەی دەرهێنەر بەبێ لایەنگیری دیمەنەکان دەگوازێتەوە و لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەژی و هەر کەسێک یان شتێک لە بەردەم کامێرادا بجولێت و تێپەڕببێت، بە سروشتی بەبێ ئاماژەپێدان و ڕێنمایکردن وێنەیان دەگیرێت و دەردەکەون و نواندن بۆ چیرۆکی فیلمەکە ئەنجام دەدەن، بەبێ ئەوەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت. باشترین نمونەی ئەم جۆرە فیلمەش چاودێریکردنی سروشت و ژیانی ڕۆژانەی ئاژەڵەکانە، (وەک لە فیلمی "سروشتی نەبینراوی" سامپڵی توێژینەوەکەدا کاری لەسەر کراوە).

**٤- جۆری بەشداریکردن (Participatory type):**

بەهەمان شێوەی فیلمی دۆکیومێنتاری ڕاڤەکردن، دەرهێنەری فیلمەکە دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لە ڕووداوەکاندا، لەهەمان کاتیشدا بە ڕۆڵگێڕانی بەشدار دەبێت و بەشێوەیەکی باش لەسەر شاشە دەردەکەوێت. ئامانج لەم جۆرە فیلمە، نمایشکردن و خستنەڕووی مشتومڕ و گفتوگۆکانە. نمونەی ئەم جۆرە دۆکیومێنتارییە، فیلمی "Bowling for columbine"ی ساڵی ٢٠٠٢ مایکڵ مۆر"Michael More"ە، باس لە چارەسەرکردنی ئەو ئارەزووە زۆرەی بۆ خاوەندارێتیکردنی چەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە دەکات. بەشێوەک دەرهێنەر لە فیلمەکەدا وەک ئەمریکییەک خۆی نمایش دەکات و دەبێتە توخمی سەرەکی و ناوەندی لە بابەتی فیلمەکەدا و ڕاستەوخۆ قسە بۆ بینەران دەکات[٢].

سەرەڕای ئەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی، لە مێژە جەخت لەسەر ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە چینە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، توێژەرانی ئەم بوارانە زۆرجار پشت بە ئامرازی چاودێریکردنی بەشداربووان (Participant Observation)، کە وەک ئامرازێکی مەیدانی باو لەنێو کایەی توێژینەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت و لە چوارچێوەی کایەی ئەنسرۆپۆلۆجیا و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕووداوەکان تۆمار دەکرێت[٣].

---

(1) Michael Rabiger, **Directing the Documentary Sixth Edition**, (New York: focal press, 2014), P.67.
(2) Kevin J. Lindenmuth , **سەرچاوەی پێشوو**, p.12.
(3) Bill Nichols, **Introduction to documentary,** p.138- 139.**سەرچاوەی پێشوو**

بەپێی ئەو دەربڕینانە، توێژەر پێیوایە، دەرهێنەری فیلمی دۆکیومێنتاری بەشداریکردن، بەو پێیەی ڕۆڵێکی بەشدار لە فیلمەکەدا دەگێڕێت، بەشێکی گرنگ و پانتاییەکی زۆری وێنە و گرتە ڤیدیۆییە بەرهەمهێنراوەکان پێکدەهێنێت، لە هەمانکاتدا کاری جێبەجێکردن و بەرهەمهێنان و دەرخستنی تێڕوانین و زانیارییەکان لەسەر ڕووداوەکان، بە کەمترین کات و بەشێوەیەکی ئاسان بەرهەمدەهێنرێت.

**٥- دۆکیومێنتاری ڕەنگدانەوەیی (Reflexive Documentary):**

دەرهێنەر لەبەرهەمهێنانی ئەم جۆرە فیلمەدا، سەرباری سەرنجدانی لەسەر ڕووداو و بەشداربووانی فیلمەکە، زیاتر جەخت دەکاتە سەر چۆنییەتی وێنەگرتنی ڕووداوەکان و گرنگی بە چۆنییەتی ئەنجامدانی پرۆسەی وێنەگرتن و جۆر و کوالیتییان دەدات، بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمەکە، سەرجەم ئەو قۆناغانەی پێیایدا تێپەڕدەبێت، ببێتە بابەتی سەرەکی سەرنجدان و تەواوی پرۆسەی فیلمسازی بۆ بینەران نمایش بکات، کە لە دیارتین فیلمە بە ناوبانگەکانی ئەم شێوازە، فیلمی (پیاوێک لەگەڵ کامێرایەکی جوڵاودا)یە[1].

بەگشتی شێوازی فیلمی ڕەنگدانەوەیی هاوشێوەی جۆری فیلمی بەشداریکردنە و بە (بەڵگەنامەیەکی کارلێک) ناسراوە، چونکە لە هەردوو جۆرەکەدا دەرهێنەر ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و لەگەڵ وێنەگردا دەبنە بەشێک لە فیلمەکە، هەروەها جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان فیلمسازان و بینەران دەکاتەوە، بە جۆرێک دەرهێنەر بۆ هۆشیارکردنەوەی بینەران و نەهێشتنی هەستی لایەنگرییان دەربارەی ناوەڕۆک یان ئەجێندای کاری فیلمەکە، وێنەی تەواوی پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمەکە و پشتی کامێرا و سەرجەم قۆناغەکانی نمایش دەکات[2].

**٦- دۆکیومێنتاری نواندن یان نمایشکردن (Performative Documentary):**

ئەم شێوازە جەخت دەکاتە سەر بەشداریکردنی دەرهێنەر، بە بەکارهێنانی ئەزموونی کەسی خۆی لەگەڵ بابەتەکەدا، بۆ خستنەڕووی کێشە سیاسییەکان یان کۆمەڵایەتییەکان، کە بە شێوەی هەست ئامێز پشت بە دووبارە نواندنەوەی ڕووداوەکان دەبەستێت و بە یەکێک لە لایەنە هونەرییە گرنگەکانی ئەم جۆرە دۆکیومێنتارییە دادەنرێت، لە هەمانکاتیشدا لەکاتی پرۆسەی مۆنتاژدا زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی دەربڕیندا دەکات، وەک: دەست بەسەرداگرتنی ماوەی مانەوەی گرتەکان لەسەر شاشە، بەکارهێنانی گرتەی نزیک بەڕادەیەکی زۆر، نیشاندانی نەخشە و گرافیک، بۆ بەرەوپێشبردنی کارنامەی فیلمەکە[3]. ئەم جۆرەی فیلم بە ئەستەم لە جۆری فیلمی بەشداریکردن جیادەکرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەکتەرە بەشداربووەکانی

---

(1) إنصاف عثمان الزاكي الحسن، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٤٧.
(2) master class, **Film Documentary Guide: 6 Types of Documentaries**, **سەرچاوەی پێشوو**.
(3) أياد داود، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٤٤– ٤٥.

کەسانی ڕاستەقینەن و جیاواز لە ڕۆڵ و نواندنێکی خەیاڵی، خۆیان لە ژیانی ڕۆژانە و ڕاستەقینەی کەسایەتییە واقیعییەکان چیرۆکی فیلمەکەدا دەبیننەوە[١].

لەو سۆنگەیەوە توێژەر ڕای وایە، فیلمی دۆکیومێنتاری نمایشکردن، بەشێوەیەکی زیندو و بابەتیانە چیرۆکی فیلمەکە دەگێڕێتەوە، کە دەرهێنەر بیرۆکەی فیلمەکەی بە بەخشینی تێڕوانینەکانی بۆ ڕووداوەکان بەشێوەی شوناسی واقیعیانە دادەڕێژێتەوە، بە مەبەستی وروژاندنی هەست و سۆزی بینەران. ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی یەکریزی ڕووداوەکان، دەرهێنەر هاندەدات بەشێوەیەکی هونەری داهێنەرانە تێکەڵی بابەتەکە ببێت و نمایشێکی چێژ ئامێز و سۆزدارییانە پێشکەش بکات، کەواتە دۆکیومێنتاری نواندن تەواو پێچەوانەی دۆکیومێنتاری چاودێریکردنە.

سەرئەنجام دەردەکەوێت، سەرجەم ئەو جۆر و شێوازانەی فیلمی دۆکیومێنتاری، کە بیل نیکۆڵس دەستنیشانی کردوون لە زۆرێک لە سەرچاوە بیانییەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە، لە کاتی جیاوازدا بوونیان هەیە و زۆر جاریش دوو جۆر یان زیاتریان لە فیلمێکدا تێکەڵ دەکرێن، هەروەک ڕەخنەگر ستێلا بروز Stella Bruzzi* لە ٢٠٠٠ دا ئاماژەی پێکردووە، هەرشەش جۆرەکەی فیلمی دۆکیومێنتاری بە هاوبەش دەزانرێت بۆ گەیاندنی مانا و دەستەواژەکانی ڕووداوێک کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا بوونیان هەیە[٢]، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە تاکە تیۆری یەکلاکەرەوەی فیلمی دۆکیومێنتاری دانانرێن، بەڵکو ئەو شێوازانە وا دەکەن کە فیلمەکە بە سادەیی پێناسەی شێوازی نمایشکردنی بکات، لەبەرئەوە ئەوانە یاسایەک نین فیلمە دۆکیومێنتارییەکانیان لەسەر بونیاد بنرێن، بە ڵکو وەک کۆمەڵێک ڕێنوێنی و تێبینی دەتوانرێت کاریان پێبکرێت[٣].

سەرەڕای ئەو شێوازانەی فیلمی دۆکیومێنتاری کە نیکۆڵس ئاماژەی پێکردوون، توێژەر بەباشی دەزانێت شێوازێکی دیکەی کە لە هەندێک لە سەرچاوەکانی تایبەت بە فیلمی دۆکیومێنتارییدا ئاماژەی پێکراوە بخاتەڕوو، ئەویش بریتییە لە:

---

([1]) Barry Natusch, Beryl Hakins, **Mapping Nichols Modes in Documentary Film: Ai Weiwei: Never Sorry and Helvetica**, (Japan: **IAFOR Journal of Media, communication & Film, Volume 2, Issue 1**, Summer 2014), p.123- 124. https://iafor.org/journal/iafor-journal-of-media-communication-and-film/volume-2-issue-1/ (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/١٢/٥، کاتژمێر (٩) شەو).

(*) **Stella Bruzzi:** پرۆفیسۆرە لە بواری بەرهەمهێنانی فیلم و تەلەڤزیۆندا، لە زانکۆی مانچستەر زمانی ئینگلیزی و درامای خوێندووە و دکتۆرای لە بواری ڕەخنەگرتن لە هەڵەکانی سیاسەتی تاقیکردنەوەی فیلم و بەرهەمی تەلەڤزیۆنیدا هەیە. خاوەنی چەندین توێژینەوەیە لە بواری (فیلمی دۆکیومێنتاری، تەلەڤزیۆن، دیزاین و دیکۆری فیلم و سینەما، مۆنۆگرافیک و بەڵگەنامەی مێژوویی)، لە ئێستا خاوەنی زیاتر لە (٨) کتێبی چاپکراوە لە بواری فیلمی دۆکیومێنتاری و سینەمادا. https://www.ucl.ac.uk/english/people/stella-bruzzi (کاتی سەردان کردن: ٢٠٢٢/١٠/٤، کاتژمێر (١١)ی بەیانی).

([2]) Without the author's name, **Mode of documentary**, **سەرچاوەی پێشوو**.

([3]) Katherine Selway, **Bill Nichols' 6 Modes of Documentary**, **سەرچاوەی پێشوو**.

### - دۆکیودراما (Docudrama):

ڕاستییەکی خەیاڵییە یان درامایەکی بنچینەییە و لەچوارچێوەی فیلمی دۆکیومێنتارییدا بە ناوی دۆکیودراما نمایش دەکرێت. بووە بەیەکێک لە بەناوبانگترین شێوەکانی فیلمی دۆکیومێنتاریی تەلەڤزیۆنی و لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەرکەوتووە و تائێستاش کاری لەسەردەکرێت. لەگەڵ ئەوەی بنەمای فیلمی دۆکیومێنتاری پەیوەندی بە واقیعەوە هەیە، بەڵام لە دۆکیودرامادا خەیاڵی وەک ڕاستی تێدا پێشکەش دەکرێت و ڕووبەرێکی تەواو داگیردەکات، بەڵام دەرهێنەر دەستی واڵا نابێت بەویستی خۆی چۆنی بوێت خەیاڵی فراوان بکات، بەڵکو دەبێت مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و کەسانی ڕاستەقینەدا بکات[١].

لەڕووی زمانەوانییەوە، دۆکیودراما لە دوو وشەی لێکدراو پێکدێت (دۆکیومێنتاری Documentary و دراما Drama)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مشتومڕی زۆر لەبارەی ئەم چەمک و زاراوەیە دەکرێت و چەندین زاراوەی دیکەیان بۆ بەکارهێناوە، بۆنمونە (دۆکدراما Docdrama، دراما- دۆکیومێنتاری drama- documentary، دۆکیودراما Docudrama، دۆکیومێنتاری دراما Documentary drama، دۆکیومێنتاری خەیاڵی Fictionalised Documentary، فیلمی دۆکیومێنتاری باشکراو Enhanced Documentary Film). لە هەمانکاتدا ئەم زاراوەیەی کە وەک ئاماژەیەک بۆ فیلمی خەیاڵی (Fiction Film) بەکارهێنراوە، جیاوازە و ناکرێت وەکو ناوەڕۆک و شێوەی چارەسەرکردنی بیرۆکەکە زاراوەی فیلمی دۆکیومێنتاری واقیعی تێپەڕێنێت، لێرەدا هەموو ئەم زاراوانە تەنیا هەڵگری یەک ئاماژەن، ئەویش گەیاندنی چیرۆکێکی واقیعییە لە چوارچێوەی نمایشکردنی فیلمێکی دۆکیومێنتارییدا، لەبەرئەوەی دەرهێنەر لەم فیلمەدا هەوڵ دەدات لە دەستەبەرکردن و چارەسەرکردنی ئەو تەنگژانەی دەربارەی کێشەیەکی گەرمی ڕۆژ ڕووبەڕووی خەڵک دەبێتەوە، جگەلە شایەتیدانییان دەربارەی کێشەکان، خەیاڵی لەگەڵدا تێکەڵ بکات و واقیعەکە بونیادبنێتەوە[٢].

لە دۆکیودرامادا پشت بە تەکنیکی گواستنەوە بۆ شوێنی ڕووداوە ڕاستییەکان دەبەسترێت، بۆ ئاشکراکردنی ئەو ڕاستییەی کە نەگونجاوە لە کات و ساتی ڕوودانی ڕووداوەکەدا تۆماربکرێت[٣]، کە لەبارەی ئەو قۆناغە مێژووییەوە، ڤیدیۆ و وێنەی ئەرشیفی بەردەست نەبوو،

---

(1) Alan Rosenthal, **Writing, Directing, and Producing Documentary Films and Videos**, Third Edition, (USA: Laibrary of Congress Cataloging in Puplication Data, 2002), p. 276, 277, 279.

(2) Georges Fournier, **Naming and Labelling Documentary Fiction: No Better Way to Tell IT?**, (french: Universite Jean Miulin Lyon 3, **Film Journal 4** (2017)), p.3.
chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://hal.archives-ouvertes.fr/hal-02467787/document
(کاتی سەردان کردن: ٢٠٢١/١٢/٥، کاتژمێر (٨:١٥)ی شەو).

(٣) حسين عماد مكاوى، **الأخبار الأذعية والتليفزيونية**، (القاهرة: الدار العربية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩)، ص٢٣٠.

لەبەرئەوە سەر لەنوێ نواندن بۆ ڕووداوەکە دەکرێتەوە و تەکنیکی خوێندنەوەی چیرۆکەکە لەلایەن بێژەرێکەوە (کۆمێنتتار) بەکاردەهێنرێت[١].

بەپێی سروشتی ململانێکان لە ڕووداوەکاندا و توخمە درامییەکان و ناوەڕۆکی سروشتی فیلمەکە، هەندێک تایبەتمەندی فیلمی دۆکیودرامای دۆکیومێنتاری هاوبەشە لەگەڵ (میلۆدراما)[*]دا، بەڵام چیرۆکی فیلمی دۆکیودرامای دۆکیومێنتاری بە تەواوی پشتدەبەستێت بە خستنەڕووی چیرۆکێکی ڕاستەقینەی تێکەڵکراو لەگەڵ خەیاڵی دەرهێنەر بۆ ئەو ڕووداوانەی لە ژیاندا بوونیان هەیە[٢].

بەشێوەیەکی بەرچاو دۆکیودراما لەنێو کایەی سینەما و تەلەڤزیۆندا گەشەیکردووە، لە دەرئەنجامی ڕووداوێکی ڕاگەیەندراو و جوڵاندنی مەبەستداردا، لە چوارچێوەی کاریی میدیایدا دەگێڕدرێنەوە و گفتوگۆیان لە بارەوە دەکرێت[٣]، لەبەرئەوە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیودراما لە تەلەڤزیۆندا، پرۆسەیەکی گرنگ و پڕ لە وردەکاری و لێکۆڵینەوەی قوڵە، ئەوەش وادەکات پێوەری ڕەهەندە ئیتیکییەکان لەلایەن دەرهێنەرەوە بەدیدەبگیرێت[٤].

سەرئەنجام توێژەر، لە کۆی ئەو جۆر و شێوازانەی فیلمی دۆکیومێنتاری کە ئاماژەی پێکردوون، پێیوایە شێوازی دۆکیودراما جیاوازە لەو شێوازانەی دیکە کە وەک ستانداردێکی جیهانی لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا بەکاردەهێنرێن، لەبەرئەوەی دۆکیودراما چیرۆکێکی ڕاستی لەگەڵ تێکەڵکردنی خەیاڵدا دەگێڕێتەوە، ئەمەش یەکناگرێتەوە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەدا، بەو پێیەی فیلمی دۆکیومێنتاری گێڕانەوەی ڕاستی ڕووداوەکانە وەکو خۆیان و بێ هیچ دەستکاریکردنێک.

---

(1) Kevin J. Lindenmuth, **سەرچاوەی پێشوو**, p.10.

(*) **میلۆدراما:** زاراوەیەکی یۆنانییە و لە وشەی (Melos) و (Drama) پێکهاتووە، تێکەڵەیەکە لە موزیک و دراما و مانای (یاریکردن بە موزیک) دەبەخشێت، یەکێکە لە ژانرە لاوەکییەکانی فیلمە درامییەکان و بەشێوەیەکی نا واقیعیانە چیرۆکێکی ڕۆمانسی یان خەیاڵی دەگێڕێتەوە، کە پەیوەستە بە خەیاڵی دەرهێنەرەوە و چیرۆکەکەی دروستکراوە، لەڕێگەی موزیکی سەرنجڕاکێشەوە، یاری لەگەڵ هەستەکانی بینەر دەکات و دەیان هەژێنێت بۆ چوونە ناو قوڵایی فیلمەکە، وەک ئەو فیلمانەی ترس ئامێز و سەرکێشییان تێدایە.

بڕوانە:

- https://www.filmsite.org/melodramafilms.html (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢٢/٢/١٤، کاتژمێر (٤٥: ١٢) بەیانی).
- https://clipchamp.com/en/definition/what-is-melodrama-film/ (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢٢/٢/١٤، کاتژمێر (٤٥: ١٢) بەیانی).

(٢) بات کوبر، کین دانسایجر، **كتابة سيناريو الأفلام القصيرة**، ت: أحمد يوسف، (القاهرة: المركز القومی للترجمة، ٢٠١١)، ص٢٣٩.

(3) Katherine Steinbach, **Documentary adaptation: non-fiction transformation via cinema and television**, **PHD thesis (Unpublished)**, (University of Lowa: Philosophy degree in Film Syudies, 2017) ,p.12. https://pdfroom.com/books/documentary-adaptation-non-fiction-transformations-via-cinema-and-television/JzydDYN4g14 (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/١٢/٧، کاتژمێر (١٠)ی بەیانی).

(٤) فرمان عەبدولڕەحمان، **ڕۆژنامەگەریی تەلەفیزیۆنی بەرهەمهێنانی ڤی تی و دۆکیۆمێنتاری**، (سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، بەڕێوەبەریتی گشتی کتێبخانەکان،٢٠٢٠)، لا١٧١,١٧٢.

لە دووتوێی ئەم باسەدا، توێژەر بە باشی زانی ئاماژە بە پۆلێنێکی دیکەی جۆر و شێوازی فیلمی دۆکیومێنتاری بدات، کە لە زۆربەی سەرچاوە عەرەبییەکاندا بەپێی ناوەڕۆک و بابەتی فیلمەکان، دابەشکراوە بۆ سێ ئاست، ئەوانیش:

**١- ئاستی وەسفی سادەی بابەتە سروشتییەکان، کە خۆی دەبینێتەوە لە:**

**ا- فیلمی دۆکیومێنتاری هەواڵی یان ڕۆژنامەی سینەمایی (Newsreel):**

لەم جۆرەدا وێنەگر دەچێتە شوێنی ڕووداوەکان، تاوەکو ڕاپۆرتی بینراو لەبارەی زۆرترین هەواڵی ڕۆژ کۆبکاتەوە. زیاتر لە بۆنە و ئاهەنگە نیشتمانییەکان و ڕووداوە هەنوکەییەکاندا ئەنجام دەدرێت(١).

**ب- گرتەی دۆکیومێنتاری ماددەی خام (Archive):**

گرتەی تۆمارکراوی تاکە کەسییە و بە بابەتێکی دیاریکراوەوە نەبەستراوەتەوە، وتە و گێڕانەوەی زارەکی لە خۆ ناگرێت و ژیانی ئاسایی خەڵک نمایش دەکات. لەمجۆرەدا، بێ ئەوەی گرتەکان ڕێکبخرێنەوە یان چاکبکرێن، وێنەی ڕووداوەکان تۆماردەکرێن، وەک: گرتەی شوێنە گشتییەکان و وێنەگرتنی خەڵک لە بازاڕ و گەڕەک و کۆڵانەکاندا(٢).

**پ- گۆڤاری سینەمایی (Cinema Magazines):**

کار لەسەر ئەو دۆزانە دەکات کە لە کاتێکی دیاریکراودا بیری خەڵک سەرقاڵ دەکەن و بایەخیان پێدەدەن، ئەمجۆرە فیلمە بەشێوەی مانگانە یان وەرزانە نمایش دەکرێت(٣).

**٢- ئاستی وەسفی پێشکەوتوو بۆ بابەتی سروشتی، کە ئەمانە دەگرێتەوە:**

**ا- فیلمە پەروەردەییەکان (Educational Film)**: ئەو فیلمانە دەگرێتەوە، کە ئامانجیان فێرکردن و گەیاندنی زانیاری و بیرۆکەیە بە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە، بابەتی جۆراوجۆ لەخۆدەگرێت، وەک بابەتی: دامەزراوە (کۆمەڵایەتییەکان، خوێندنگەکان، پەیمانگاکان، زانکۆکان، هێزە چەکدارەکان، دەستە پیشەییەکان و ئاینییەکان)، کە بە هاوکاری دامەزراوەکانی میدیا و فێرکردن پێشکەش دەکرێن(٤).

**ب- فیلمە زانستییەکان (Scientific Films):** بابەتە زانستییە ئاڵۆزەکان بەشێوەیەکی ئاسان و سادە و ڕوون پێشکەش دەکات، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی هۆشیاری بینەر بۆ وەرگرتنی

---

(١) إدوين إمرى و فليب ه. أولت وارين ك. أجي، **الاتصال الجماهرى**، ت: إبراهيم سلامة إبراهيم، (القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة، ٢٠٠٠)، ص٣٧٤.

(٢) بڕوانە:

- ضياء مرعي، **السينما التسجيلية في مصر(١٨٨٦- ١٩٧٧)**، (الاسكندرية: دار الوفاء، ٢٠٠٤)، ص٣٧.

- محمد علي الفرجاني، **فن الشريط التسجيلي**، (القاهرة: دار العربية للكتاب، (ب. س))، ص٢٧.

(٣) عبدالصمد قادر حسين، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٢٩.

(٤) عسلون بنعيسى، **وصفة اولية للبرامج الوثائقية العلمية في التلفزيون العربي**، (تونس: **مجلة الإذاعة العربية، العدد ٤**، ٢٠٠٢)، ص٤٦.

زانیاری دەربارەی زانست و تەکنەلۆجیا و دەوڵەمەندکردنی توانا و ئەزموونەکانی، کە توانای تێڕوانینی بۆ پێشهات و پێشکەوتنە تەکنەلۆجی و زانستییەکان زیاتر بێت[1].

**پ- فیلمی فێرکاری (Instructional Film):** ئەم فیلمە هەوڵدەدات داتا و زانیارییە پێویستەکان شیبکاتەوە، بە ئامانجی پێدانی لێوەشاوەیی و توانا و زیادکردنی زانین لە بوارەکانی مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی یان هۆشیارکردنەوە، هەروەها بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری تەکنیکیی و هونەریی لەناو کۆمەڵەی کرێکاران و پیشەوەران و جوتیاران و سوپاکاندا، لەڕووی فۆڕمەوە لە فیلمە پەروەردەییەکانی خوێندنگەکان دەچێت و تەنیا لە ئەرک و ئامانجدا جیاوازن[2].

**ت- فیلمی ڕۆشنبیریی (Culture Films):** بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی گشتی لەناو توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵدا بەرهەمدەهێنرێت، ئەویش لە ڕێگای پیشاندانی بابەتە هونەریی و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانەوە، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵک[3].

**ج- فیلمی هۆشیارکردنەوە و ڕێنمایکردن:** بە فیلمێکی سەرنجڕاکێش و ئاسان دادەنرێت لای بینەران، بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی زانیاری پێویست و فەراهەمکردنی زانیاریی بۆ وەرگر بەرهەمدەهێنرێت، لەرێگەی نمایشکردنی زۆرترین زانیاری دەربارەی کارکردنی بوار و پیشەکانی ڕۆژانەی خەڵک، کە ڕەهەندی بیرکردنەوەیان فراوانتر دەکات، نمونەی ئەمجۆرە دۆکیومێنتارییەش: هۆشیاری تەندروستی، ژینگەیی و کشتوکاڵە[4].

**چ- فیلمی گەشتیاریی (Tourist Film):** ئەم جۆرە دۆکیومێنتارییە شوێنەوارە سەرنجڕاکێشەکان تۆمار و نمایش دەکات، بە ئامانجی ئاشکراکردنی بەها کۆمەڵایەتی و فیکری و جوانکارییەکان، ئاسۆی بیرکردنەوەی وەرگر فراوانتر دەکات، بە پێدانی زانیاری دەربارەی شارستانییەتەکان و شوێنەوارە دێرینەکان و مۆنۆمێنتەکان لە جیهاندا، بەوەش بە فیلمە دۆکیومێنتارییە شوێنەوارییەکان ناوزەند دەکرێت[5].

**ح- لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی دۆکیومێنتاری (ریپۆرتاژی بەدواداچوونی دۆکیومێنتاری) (Reportage):** لە ڕێگەی دیمەنێکی وێنەگیراوەوە، چیرۆکی فیلمەکە بەشێوەیەکی زارەکی سادە

---

(1) عسلون بنعیسی، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٤٦.

(2) محمد علي الفرجاني، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٣٤.

(3) کوبیبي حفصة، **الفیلم التسجیلي مقاربة مفاهیمیة**، (مجلة الحقیقة، مجلد: ١٧، عدد ٣٠، سبتمبر ٢٠١٨)، ص٥٣٢.

(4) نهلة عبدالرزاق رشید، **سرەچاوەی پێشوو**، ص٤٢٠-٤٢١.

(5) یوسف حسن محمود الفراجي، **أشكال البرامج الوثائقیة و مضامینها (قناة أبو ظبي انموذجا)**، رسالة الماجستیر (غیر منشورة)، (جامعة بغداد: كلیة الاعلام، ٢٠٠٦)، ص٢٥.

دەگێڕدرێتەوە، نمایشی کارای ڕووداوێکی هەنوکەیی گرنگ دەکات، بە مەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامێکی واقیعی وەک خۆی و بێ دەستکاریکردن[١].

**خ- فیلمەکانی گەشت و گەڕان:** کاری ئەم جۆرە، مامەڵەکردنە لەگەڵ تۆمارکردنی هەندێک شوێنی گەشتیاریی یان شوێنە نامۆکانی ناوچەکانی جیهان و تێکەڵکردنیان لەگەڵ کەلتووری ناوچەکاندا، بۆ ناسینەوە و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ژیانیان، دەیانکاتە بابەتی خۆی و زانیاری لەبارەی نەریت، کەلتوور، ڕێگاوبان، خواردن و خواردنەوەکانیان پێشکەش دەکرێت، بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی زانیاری و کەلتووری گشتییان نەک تەنیا پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن[٢].

**د- فیلمی هونەریی:** هونەری موزیک، شێوەکاری وەک هەڵکۆڵین و وێنەکێشان، هونەرەکانی دیکە و ژیانی هونەرمەندان دەخاتەڕوو[٣].

**سێیەم/ ئاستی وەسفی قوڵ و گوزارشتێکی درامی و شیکردنەوەی بابەتە سروشتییەکە، وەک[٤]:**

ا- فیلمی کۆمەڵایەتی.

ب- فیلمی ژیانی کەسایەتی (Bio- filmography).

پ- فیلمی ژینگەیی و ژیانی وشکانی و دەریایی.

ت- فیلمە وەرزشییەکان.

ج- فیلمە مێژوویی و سیاسییەکان.

چ- فیلمە ئابوورییەکان.

لە سەرئەنجامدا دەردەکەوێت لە کۆی ئەو پۆلێنکارییانەی بۆ شێوازەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری کراون، هەر پۆلێنکارییەک بەپێی ئاراستە و ڕێنماییەکانیان لە دابەشکردنی جۆرەکانیدا، بەردی بناغەی دەستپێکردنی کاری هونەری سینەما و فۆتۆگرافین، کە زانیارییەکی ورد و بە بەها دەربارەی ڕووداوەکان و مێژووی دروستبوونیان پێشکەش دەکرێن و لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا وەک یەکێک لە ژانرە گرنگەکان سەرگوزشتەی واقیع دەکات و بەرجەستە دەکرێت.

## پێنجەم: گێڕانەوە (Narration) لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:

دیاریکردن و بڕیاردان لەسەر شێوازی گێڕانەوەی چیرۆک لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا، هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنی فیلمەکەیە و پێویستە دەرهێنەر لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەرهەمهێنانییەوە دەستنیشانی بکات، کە ئەویش دوو شێواز لەخۆ دەگرێت:

---

(١)یوسف حسن محمود الفراجي، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٢٦.

(٢) محمد علي الفرجاني، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٣٨

(٣) کوبیبي حفصة، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٥٣٢.

(٤) نهلة عبدالرزاق عبدالخالق رشید، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٤٢١.

**ا- گێڕانەوەی چیرۆک لە زاری پاڵەوانی فیلمەکەوە (گێڕانەوەی زارەکی):**

لەم جۆرەدا چیرۆکی فیلمەکە لەزاری خاوەن چیرۆکەکەوە دەخرێتەڕوو، بەبێ ئەوەی بێژەر ڕۆڵی پێبدرێت، کەواتە ململانێ و پرۆسەی بە دۆکیومێنتکردنی ژیانی ڕۆژانە و چیرۆکەکانی ناو ژیانی پاڵەوانەکە، بە وشەی سەر زاری خۆی و بە گوزارشتی خۆی بۆ ڕووداوەکان دەگێڕدرێتەوە[١].

**ب- گێڕانەوەی چیرۆک لەڕێگەی کۆمێنتتارەوە (چیرۆکخوان Narrator):**

بریتتیە لە دەنگێکی هەڵبژێردراوی کاریگەر، بۆ بێژەرێکی تایبەتمەند، کە چیرۆکێک یان زانیاریی بەشێوەی کۆمێنت لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا دەخوێنێتەوە و پێیدەوترێت چیرۆکخوان، کە ڕاڤەکاری و گفتوگۆکردن لەسەر ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە لە خۆدەگرێت و ئامرازێکی ڕاستەوخۆیە و بڕی تێچووی کەمە لە گواستنەوەی زانیارییدا بۆ وەرگر[٢].

لە بەرهەمە تەلەڤزیۆنییەکاندا، پێویستە نووسینەوەی دەقی کۆمێنت، بۆ تێگەیشتن ئاسان و ڕوون بێت، لەبەرئەوەی لە پرۆسەی بینینسازی فیلمی دۆکیومێنتارییدا، بوونی وێنە بناغەی سەرەکییە و لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پرۆسەی تەواوکاری مانا لەلای وەرگر و پێدانی زانیاری زیاتر لەبارەی ڕووداوەکانی فیلمەکە، بە مەرجێک هاوکات بێت لەگەڵ وێنەکەدا و نابێت بە ڕاستەهێڵێکی جیاواز و پێچەوانەی وێنەکان بەکاربهێنرێت[٣].

لە بنەڕەتدا ئەرکی گێڕانەوە لەڕێگەی کۆمێنتەوە بریتییە لە: پاراستنی ئاراستەکردنی بینەران، بەهێزکردنی فیلم، دروستکردنی کاریگەری لەسەر وێنە و پێدانی ڕوونکردنەوەی زیاتر بە مانا و ئاماژەکانی لەگەڵ وێنەدا نمایش دەکرێن. بەوەش ناوەڕۆکی وێنەکان ڕاڤە دەکات و ئەو لایەنە شاراوانەی چاوی بینەر پەی پێ نابات دەیانخاتەڕوو، لەبەرئەوە دەرهێنەرەکان پەنا دەبەنە بەر ڕێگای ڕاڤەکردنی زانیارییەکان بۆ بینەران، بۆ بەخشینی ناوەڕۆکێکی نوێ بە گرتەکان[٤].

لە پرۆسەی نووسینەوەی دەقی گێڕانەوەدا، نووسەری تەلەڤزیۆنی لەسەر بنەمای هەواڵێکی گرنگ، کە خزمەت بەرژەوەندی و ئامانجەکانی بینەران دەکات، هەوڵدەدات زانیاری ڕاست بۆ چارەسەرکردنی گفتوگۆکانی بەکاربهێنێت، تاوەکو بەڵگەی پێویست بۆ پشتگیری لە دید و بۆچوون و تێڕوانینەکان ئاشکرا بکات[٥]. هەروەها لە کاتی نووسینەوەی دەقی

---

(١) فرمان عەبدولڕەحمان، **سەچاوەی پێشوو**، ل١٦٦.

(٢) علي فرجاني، **مهارات المراسل التلفزيوني وفن صناعة التقارير الاخبارية**، (عمان: دار امجد للنشر والتوزيع، ٢٠١٦)، ص٤١٩.

(٣) كرم شلبي، **سەرچاوەی پێشوو**، ص ١٤٧، ٢١٧.

(٤) محمود سامی عطا الله، **الفيلم التسجيلي**، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٣٠.

(٥) عبد النبي خزعل، **فن تحرير الأخبار والبرامج في الفضائيات التلفزيونية والقنوات الإذاعية**، (لبنان: دار النهضة العربية، ٢٠١٠)، ص١٥١.

کۆمێنتتەکاندا، ماوە و پانتاییەکی کاتی بۆ بێدەنگی بەبێ هیچ گێرانەوەیەک تەرخان دەکرێت، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پشوودان بە بینەران[1].

بەگشتی دەتوانین ئەرکەکانی (کۆمێنت) لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە[2]:

**١- ئەرکی ئاشکراکردن:** ئامانج و بیرۆکەی سەرەکی فیلمەکە لەڕێگەی گرتە و دیمەنەکانەوە ئاشکرا دەکات، هەروەها شوێن و کاتی ڕوودانی واقیعی ڕووداوەکان پیشاندەدات و پەیوەندی لە نێوان بڕگە و دیمەنەکاندا دروستدەکات.

**٢- ئەرکی ڕیتمی:** بوونی کۆمێنت لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا، بەردەوامی و خێرایی بە فیلمەکە و بەهـا بە هـاوتەریبوونی لەگەڵ وێـنەدا دەدات، بەوەش لە ڕێگـای ڕوونکـردنەوەی مانـا و ئاماژەکـانەوە، جەخـت لە نـاوەڕۆکی قـوڵی وێنەکـان دەکـاتەوە و زیـاتر سـەرنجی بیـنەران ڕادەکێشێت.

**٣- ئەرکی هەواڵ و زانیاری:** زانیاری نوێ بە بینەران دەبەخشێت و ئەرکی هەواڵی و میدیایی ئەنجام دەدات.

**- مەرجەکانی نووسینی دەقی گێڕانەوە لەڕێگەی (کۆمێنت)ەوە لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا**[3]:

ا- دەبێت وشەی سادە و ڕستەی کورت بەکاربهێنرێت کە هیچ ئاڵۆزییەکی زارەکیان تێدا نەبێت. بە جۆرێـک بنووسـرێنەوە، بیـژەر تەنیـا پشـت بە خوێنـدنەوەیان نەبەسـتێت بەڵکـو بتوانێـت گفتوگۆیان لەبارەوە بکات.

ب- هەمیشە و لەبنەڕەتدا بە بەکارهێنانی کاریگەری دەنگی و موزیک، ڕەچاوی بوونی بۆشـایی لەنێوان بڕگەکانیدا بکرێت، لەبەرئەوەی چاو و گوێی بینەر پێویستی بەو بۆشاییانە هەیە تاکو لە وێنە و بڕگەکان تێبگات. ئەوەش یارمەتیدەر دەبێت بۆئەوەی بینەر بتوانێت بۆ ماوەی شـەش چرکە بەشی یەکەمی ڕستەکە لە مێشکیدا بهێڵێتەوە، پێشئەوەی گوێی لە تەواوی ڕستەکە ببێت.

---

(١) أميرة الحسيني، **فن الكتابة للإذاعة والتلفزيون**، (لبنان: دار النهضة العربية، ٢٠٠٥)، ص١٨٠.

(٢) بڕوانە:

- حازم أنور محمد البنا، **فعالية برنامج تدريبي لتنمية بعض مهارات انتاج الأفلام الوثائقية لدى طلاب قسم الإعلام التربوي دراسة شبه تجريبية**، (**المجلة العلمية لبحوث الإذاعة والتلفزيون**، **العدد السابع عشر**، يناير/ يونية ٢٠١٩)، ص٧٨- ٧٩.

- محمد نبيل طلب، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١٢٩.

- يوسف حسن محمود الفراجي، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٨٠.

(٣) بڕوانە:

- دوايت سوين، جوى سوين، **كتابة السيناريو للسينما**، ت: أحمد الحضرى، ط٢، (القاهرة: دار الطناني للنشر والتوزيع، ٢٠١٠)، ص٩١- ٩٢.

- محمد نبيل طلب، **الأفلام الوثائقية والبرامج التسجيلية**، (القاهرة: الدار العربية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩)، ص١٣١- ١٣٣.

پ- لە کاتی نووسین و داڕشتنی دەقی گێڕانەوەدا باشترە کاتی ئێستا بەکاربهێنرێت، تەنیا لەکاتی پێویستییەکی زۆردا دەتوانرێت کاتی رانەبردوو بەکاربهێنرێت، بەهۆی ئەوە ساتی ڕابردوو کەلێنێک لە نێوان وێنە و لێدوانەکاندا دروستدەکات.

لێرەوە توێژەر دەگاتە ئەوەی، لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا بەکارهێنانی کۆمێنت لەگەڵ وێنەدا پێکەوە بەستراون و تەواوکەری یەکترن، ئەوەش بەجیاوازی پانتایی کاتی تەرخانکراو لە فیلمەکەدا، کە لە فیلمێکەوە بۆ فیلمێکی دیکە دەگۆڕدرێت، چونکە لە فیلمێکی دۆکیومێنتارییدا هەوڵدەدرێت لەڕێگەی وێنەی بەکارهێنراوەوە زانیاری دەربارەی بابەتێک یان بیرۆکەیەک بخرێتەڕوو، کە تەنیا بە بەکارهێنانی وێنەی بینراو بەدەست ناهێنرێت و پێویستی بە گێڕانەوە هەیە بۆ زیاتر کۆمەک کردنی وێنەکە، بەوەش دەقی گێڕانەوە و وێنە یەکسان دەبن لە بەهێزکردنی فیلمە بەرهەمهێنراوەکەدا.

## شەشەم: ئاراستە هونەرییەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری

گفتوگۆکردن لەسەر ئاراستە هونەرییەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەمجۆرە فیلمە لە سینەمادا، بەتایبەت دەرهێنەرانی ئەو سەردەمە هەموو هەوڵەکانی خۆیان خستبووەگەڕ بۆ دۆزینەوەی ئاراستەی کارکردن و شێوازی هونەری جوانناسی، بۆ داهێنانی ڕێگەیەک یان شێوەیەک لە کارکردن لە بواری دۆکیومێنتارییدا، ئەوەش بۆ بەرجەستەکردن و گێڕانەوەی واقیعی جوانی ژیانی ئەو ڕۆژگارە بووە. بەجۆرێک لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی بواری فیلمی دۆکیومێنتارییدا، ئاڕاستە هونەرییەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری بۆ چوار ئاڕاستە دابەشکراوە، ئەوانیش:

### ١- ئاراستەی ڕۆمانسی سروشتیی (The Naturalist "Romantic" Tradition):

لەم ئاراستە کارکردنەدا دەرهێنەری فیلمەکە بەوردی بابەتی فیلمەکە هەڵدەبژێرێت و بەتەواوی پشتدەبەستێت بە وێنەگرتنی دیمەنی (سروشتی، جوگرافی، ئاراستەی هونەری، گرنگیدان بە ژیانی تاک و پەیوەندی بە جیهانی دەووروبەریان و ململانێکانیان لەگەڵ مرۆڤ و توخمە سروشتییەکاندا). لەو ڕێگەیەوە هەوڵدەدات تێگەیشتن و ڕوانینمان بۆ دیمەنە ڕاستییەکانی ژیان وردتر و ڕوونتربێت، لەبەرئەوە ئاڕاستەی ڕۆمانسی، بەیەکێک لە بەهێزترین ئاراستەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری دادەنرێت، کە بینەرێکی زۆری هەیە و لەنێو خەڵکدا ناسراوە[١]. نمونەی ئەم جۆرەش، فیلمی پیاوێک لە ئاران (Man of Aran)، کە لەدەرهێنانی

---

(١) بڕوانە:

- محمد عبد العزيز سيد طه، **دور القنوات الوثائقية فى تزويد الجمهور بالمعارف و اتجاهاتهم نحوها دراسة تطبيقية على المحتوى والجمهور**، **رسالة ماجستير (غير منشورة)**، (جامعة المنيا: كلية الاداب، قسم الإعلام، ٢٠١٣)، ص٨٤.

- منى سعيد الحديدى، سلوى إمام على، **السينما التسجيلية الخصائص والأساليب والاستخدامات**، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١٣١.

ڕۆبێرت فلاهێرتی- یەو ماوەکەی ٧٦ خولەکە، کە یەکێکە لە باشترین فیلمەکانی ئاراستەی ڕۆمانسی و شێوازێکی تازەگەریی پێشکەوتوو لە بەرهەمهێنانیدا پەیڕەوکراوە[١].

**٢- ئاراستەی واقیعی (The Realist Tradition):**

شێوازی کارکردن لەم جۆرە ئاراستەیەدا، تۆمارکردنی ئەو دیمەنانەیە کە لەشارو شەقامەکان و کۆڵانەکانی شار و کارگەکان و بازاڕەکاندا هەن، کە دەبنە ناوەڕۆکی پشت ڕووداوەکان و لەسەر شاشە نمایش دەکرێن[٢]. لە ناوەڕۆکیدا زۆرتر، فیلمی (گەشتکردن، فێرکاریی، گۆڤاری تەلەڤزیۆنی و گۆڤاری سینەمایی) لە خۆدەگرێت، ئامانجێکی تایبەتی هەیە و دەرئەنجامی کۆتایی جۆرە پەیامێکی کاریگەر و دیاریکراو دەبەخشێت. لێرەوە دەکرێت ئاراستەی واقیعی لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا، وەک بەرنامە هەواڵییەکان ناوەزەند بکرێت[٣].

بەگشتی بڵاوبوونەوەی فیلمی فەرەنسی (هیچ شتێک لە دەرەوەی کات نییە- لا شيء غير الزمان- Rien que les herures)، بووەهۆی دەرکەوتنی ئاراستەی واقیعی لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا، کە لەساڵی ١٩٢٦، لە لایەن ئەلبێرتۆ کاڤاڵکانتی Alberto Cavalcanti* یەوە دەرهێنانی بۆکراوە، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە فیلمەکەدا، وێنەی مرۆڤ دەبێتە خاڵی نێوەند و باس لە پرس و کێشە و بابەتە تایبەتییەکانی کە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە دەکرێت، ئەوەش بووە وەرچەرخانێکی گەورە و دەیان فیلمی دۆکیومێنتاری کە هەڵگری تێڕوانینی کۆمەڵایەتی بوون بەرهەمهێنرا[٤].

بە تێڕوانین لە سەرچاوە زانستییەکان توێژەر پێی وایە، بەکارهێنانی توخمە سروشتییەکان لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا، هۆکارێکە بۆ سەلماندنی واقیع و نمایشکردنی ڕاستییەکان، کەواتە واقیع بریتییە لە بنەما و ڕێچکەی سەرەکی دروستبوون و بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری. باشترین نمونەش بۆ ئەم ئاراستە کارکردنە، ئەو فیلمانەن کە باس لە چەند کێشەیەک دەکەن وەک: نەخوێندەواری، شوێنە دوورە دەست و بێ خزمەتگوزارییەکان، پیسبوونی ژینگە و

---

([١]) محمد علي الفرجاني، **سەرچاوەی پێشوو**، ص ٥٧,٥٩.

([٢]) فارس مهدی، **الاتجاه التسجيلى في الفيلم الروائى العراقى**، (بغداد: دار الشئون الثقافية العربية، ٢٠٠١)، ص٢٤- ٢٦.

([٣]) منى الحديدي و سلوى إمام، **السينما التسجيلية الخصائص والأساليب والاستخدامات**، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١١٧.

(*) **ئەلبێرتۆ کاڤاڵکانتی:** ناوی تەواوی ئەلبێرتۆ دی ئەڵمێیدا کاڤاڵکانتی-یە (Alberto de Almeida-Cavalcanti)، لە ٦ی شوباتی ١٨٩٨ لە بەڕازیل لە دایکبووە و لە ٣٣ی ئابی ١٩٨٢ لەپاریس کۆچی دوایی کردووە. دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر و سیناریستە لە بواری بەڕێوەبردنی هونەری فیلم و وێنەی جوڵاودا. لەساڵی ١٩٣٠ وەک فیلمسازێکی بەتوانای فیلمی دۆکیومێنتاری ناوبانگی دەرکردووە و کەسایەتییەکی پێشەنگ بووە لە دەرهێنان و بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی بەڕازیلدا و دەرهێنانی بۆ چەندین فیلمی دۆکیومێنتاری بەناوبانگ کردووە. https://www.britannica.com/biography/Alberto-Cavalcanti (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢٢/١٠/٤، کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆ).

([٤]) محمد نبيل طلب، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١٤٤.

مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆس لەسەر ژیانی مرۆڤ دەکەن، وەک پەتای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا ڤایرۆس.

**٣- ئاراستەی سیمفۆنی:**

فەلسەفەی ئاراستەی سیمفۆنی لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا، بریتییە لە دیدێک کە سینەما هۆنەرێکی هاوشێوەی موزیکە و توخمی جوڵەی تێدایە. کەواتە ئەگەر توخمی جوڵە لە موزیکدا گوزارشت لە بوونی دەنگ بکات لەناو چوارچێوەی کاتدا، ئەوا جوڵە لە سینەمادا بریتییە لە جوڵەی ڕووناکی لە چوارچێوەی کات و شوێندا. لەسەر بنەمای ئەم هاوشێوەبوونەی کایەی موزیک و سینەما، ئاراستەی سیمفۆنی لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا بنیات دەنرێت[١].

سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئاراستەی سیمفۆنی لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا دەگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگی جیهانی لە فەرەنسا، هەروەها هەوڵەکانی دەرهێنەری فەڕەنسی جێرمەین دولاک (Germaine Dulack)[*] لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، بووەهۆی دەرکەوتنی بیرۆکەی سینەمای ڕەسەن (Pure Cinema)، کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە سینەما و موزیک دوو بواری جوڵەداری هاوبەشن، لەڕێگەی گەشەکردنی ئاوازەوە کاریگەری لەسەر وروژاندنی هەست لە دەروونی مرۆڤەکاندا دروست دەکەن[٢].

ئامانجی سەرەکی لە ئاراستەی سیمفۆنیدا، بریتییە لە پێشکەشکردنی دیمەنە یەک لەدوای یەکەکانی فیلمەکە بە جوڵەیەک، کە هاوشێوەی جوڵەی سیمفۆنیای موزیکییە. مەرجە لەسەر ئەو دەرهێنەر و وێنەگرانەی بە ئاراستەی سیمفۆنی کاردەکەن، خاوەنی هەستێکی هونەری بەرز و بە ئەزموون بن و شارەزاییەکی باڵایان هەبێت، لە چۆنییەتی وێنەگرتن بە بەکارهێنانی ئاواز (ریتم) و جوڵەیەکی خێرا لە پێکهاتە و بونیادی فیلمەکەدا[٣]. نمونەی ئەم جۆرەش، هەمان ئەو ڕێگایانەیە کە لە نمایشە سەربازییەکاندا بە لێدانی ئاوازێکی خێرا لە موزیک و دەهۆڵ کاریگەریی لەسەر ئامادەبووان دادەنرێت[٤].

---

([١]) ضیاء مرعی، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٣٢.

([*]) **جێرمەین دولاک:** یەکەمین سینەماکاری فێمینیست بووە، کە دەستی بە بەرهەمهێنانی فیلم کردووە و یەکەم فیلمی میلۆدرامی بەرهەمهێنا. لەسەرەتای ساڵی ١٩٠٠ نووسەر و فۆتۆگرافەر بووە لە هەردوو گۆڤارم فێمینیستی (La Fronde and Le Francaise)، ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە پەرەپێدانی سینەمای ئاڤاندگاردی فەرەنسی و سەرسام بووە بە جوڵە و فیلمە ئەبستراکتییەکان، هەوڵیداوە شێوازێکی نوێی فیلم بەرهەمبهێنێت و ناوی لێناوە (فیلمی تەواوکاریی- بنچینەیی The Integral Film). خاوەنی چەندین توێژینەوەیە لەبواری فیلمی سینەمایی و دۆکیومێنتارییدا، لەساڵی ١٩٢٧ سیمفۆنیایەکی بینرا و لە وێنەی ریتمی (La Coquille et le Clergyman) بەرهەمهێناوە و بە باشترین فیلمی تەواوکاریی ناسێنراوە. بڕوانە: https://lightcone.org/en/filmmaker-99-germaine-dulac (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢٢/١٠/٤، کاتژمێر (١١)ی شەو).

([٢]) منى الحديدي و سلوى إمام، **السينما التسجيلية الخصائص والأساليب والاستخدامات**، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١٣٩.

([٣]) علال دونیا، **الشخصية التاريخية في الفيلم الوثائقي العربي دراسة تحليلية تاريخية "ثائر يبني دولة- هواري بومدين"**، **رسالة الماجستر (غير منشورة)**، (جامعة العربي بن مهيدي أم البواقي: كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، قسم الإعلام والاتصال، ، ٢٠١٧)، ص٢٨.

([٤]) فورسیث هاردی، **سەرچاوەی پێشوو**، ص ١٢٢.

تویژەر وایدەبینێت ئەم ئاراستەیە وەکو شێوازێکی هونەری بابەتە کەسییەکان پێشکەش ناکات، بەڵکو ناوەڕۆکی فیلمەکە بەشێوەیەکی ئاسایی دوور لە ڕۆمانسییەت و دیمەنی سروشتی نمایش دەکات، ئەویش بە بەکارهێنانی توخمەکانی وەک (ڤیدیۆ، جوڵە، زمان، دەنگ و مونتاژ) گوزارشت لە مرۆڤ و پرسە پەیوەندیدارەکان بە مرۆڤەوە دەکات، جەخت لەسەر هاوشێوەبوونی تەواو لە دید و بۆچوونی دەستەی بەرهەمهێنانی فیلمەکە دەکاتەوە، بە تایبەت لەڕووی ئەزموون و شارەزایی و هەست و ڕوانینی هونەرییان لەبارەی ڕیتمی جوڵەی خێرا لە وێنە بینراوەکاندا.

**٤- ئاراستەی ڕاستی:**

دەرکەوتنی ئاراستەی سینەمای ڕاستی، لە ساڵی ١٩٢٢ لەسەر دەستی دەرهێنەری ڕوسی دیزیگا ڤێرتۆڤ و لەشێوەی گۆڤاری سینەمایی بەرهەمهێنرا، بە ناونیشانی (Kino Pravda)، ئەم گۆڤارە سینەماییە ٢٢ ژمارەی لێ پەخشکراو تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٤ بەردەوام بوو، ناوەڕۆکی ئەم گۆڤارە تەرخان کرابوو، بۆ باسکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی لەو قۆناغەدا لە کۆمەڵگەی سۆڤێتیدا ڕوویاندەدا، هەر ژمارەیەکی خاوەنی تایبەتمەندی خۆی بوو، لە ئاشکراکردنی شتی نوێ و گەڕان بەدوای ئامرازی هاوچەرخدا بەشێوەیەک کە لە کارە دۆکیومێنتارییەکانی پێش خۆی جیاواز بێت، ئەوەش وایکرد ئەم ئاراستەیە بەتەواوەتی لە کارەکانی ڤێرتۆڤدا ڕەنگبداتەوە[١].

بەهۆی تایبەتمەندی هاوێنە جیاوازەکانی کامێرا و پرۆسەی مۆنتاژ کردن، لە ڕێکخستنی گرتەکان بۆ کەمکردنەوە و کورتکردنەوەی کات و توانای خێراکردن و هێواشکردنەوە و ڕاگرتنی وێنەکان، چاوی کامێرا بەبەراورد لەگەڵ چاوی مرۆڤدا زیاتر و وردتر توانای گواستنەوەی ڕاستییەکانی هەبووە، ئەوەش لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا بە واتای کارکردن بە ئاڕاستەی ڕاستی دێت[٢].

یەکێک لە ناسراوترین ئەو بەرهەمانەی پەیوەندی بە جیهانی ڕاستی و واقیعی ژیانەوە هەیە، لە لایەن دەرهێنەر دای ڤۆگان (Dai Vaughan)* بەرهەمهێنراوە، کە هەستاوە بە ئەنجامدانی جیاکارییەکی بنەڕەتی لەنێوان ئەو کەسانەی کە لە تۆمارکردنی کارەکانیاندا ئامێری فۆتۆگرافی میدیایی و فۆڕمەکانی تری بەرهەمهێنان بەکاردەهێنن. لەو جیاکارییەدا ڕوونی

---

([١]) ضیاء مرعی، **سەرچاوەی پێشوو**، ٢٠٠٤، ص٣٣.

([٢]) جورج خلیفي، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١٠.

(*) **دای ڤۆگان:** لە ساڵی ١٩٣٣ لە شاری کینگستۆنی ئینگلتەرا لەدایکبووە، لە ٢٠١٢ کۆچی دوایی کردووە. ساڵی ١٩٥٠ دەستی بەکاری نووسین و دەرهێنان کردووە و لە بواری فیلم و فیلمی دۆکیومێنتارییدا ناوبانگی پەیدا کردووە. لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا وتار و بابەتی سینەمایی و ڕۆمانی بڵاوی کردووەتەوە، لەوانە (فیلم و وێنەگرتن، بینین و دەنگ، شاشە و نمایشکردن). زیاتر لە (١٠) کتێبی چاپکراوی هەیە دەربارەی فیلمی دۆکیومێنتاری و ڕۆمان و شیعر. بڕوانە:
https://www.imdb.com/name/nm1564889/. (کاتی سەردان کردن: ٢٠٢٢/١٠/٤، کاتژمێر (١١:٤٠) شەو).

دەکاتەوە "ئەگەر نووسەرێک هەستێت بە دۆکیومێنتکردنی ژیانی ئەسپێک، تەنیا پێویستی بە قەڵەمێکی دار و پارچەیەک کاغەز نییە، بەڵکو پێویستی بە کەرەستە و ئامرازی باشتری وەک پارچەیەک قوماش و فڵچە و بۆیاخی ڕەنگاوڕەنگە، بەڵام پەیکەرتاشێک پێویستی بە چەکوشی باش و مێخێک هەیە بۆ داتاشینی بەردێک". ئەوەی هاوبەشە لەنێوان ئەم هونەرمەندانە و ئەو هونەرمەندەی هاوێنای کامێرا بۆ تۆمارکردنی ڤیدیۆیی بەکاردەهێنێت، بریتییە لە ڕێگەی نێوەندی بۆ گەیاندنی مەبەستی سەرەکی کارەکانیان، هەوڵدەدەن شتێک وەربگرن دروستکراوی ڕاستی بێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت وێنەگر لەڕێگەی کەرەستەکانی وێنەگرتنی فیلمەوە بتوانێت هەستەکانی مرۆڤ لە بینینی توخمە بینراوەکان تێر بکات[1].

## باسی دووەم: بەکارهێنانی وێنە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا

### یەکەم: بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری

دانانی پێناسەیەکی دیاریکراو لەبارەی وشەی بەرهەمهێنانەوە کارێکی ئاسان نییە، بەهۆی ئەوەی وشەیەکی گشتگیرو بەرفراوانە و خاوەنی ڕەهەندی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییە، بەڵام بەواتا گشتییەکەی برتییە لە "هەر کارێک یان چالاکییەک کە بەرهەمی هەبێت، ئەویش بە تێکەڵبوونی کۆمەڵێک فاکتەر و توخم سەرچاوە دەگرێت، کە لە بەردەم مرۆڤدا بەردەستبێت و بتوانێت لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بەکاریبهێنێت، کەواتە بەرهەمهێنان هەموو چالاکییەکی زیندوویی مرۆڤە"[2]. پرۆسەیەکی بەهاداری داهێنەرانەیە، لە دروستکردنی شێوەیەکی گونجاو بۆ بیرۆکەیەک و گواستنەوەی لەڕێگەی کۆمەڵێک گرتەی هەڵبژێردراوی پاڵپشتکراو بەدەنگ، بۆ چارەسەرکردن و گەیاندنی ناوەڕۆکی فیلمەکە بەبینەران، لە چوارچێوەیەکی هونەرییدا[3].

نزیکترین زاراوە، بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان زاراوەی (Realization)ە، کە زاراوەیەکی فەرەنسییە و بە مانای گەڕان و بەدواداچوون بەشوێن ڕاستی ڕووداوەکاندا دێت[4]. لە ئێستادا بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ، سیمایەکی دیاری پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنییە. لێرەشەوە هەموو توخمە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان بۆ دروستکردنی فۆرمێک یەکدەگرنەوە لە مەترِیاڵێکی تەلەڤزیۆنیدا، بە واتای یەکگرتنەوەی لایەنی مرۆیی و توخمە تەکنیکییە هونەرییەکان، کە دەشێت چارەسەربکرێت بە تێپەڕاندنی بیرۆکەکان بە پرۆسەی بینینسازییدا، ئەوەش

---

([1]) Richard Kilborn, John Izod, **An Introduction to Television Documentary Confronting Reality**, (New York: Manchester University Press, 1997), p.27.https://books.google.iq/books?id=bgBB_7AsSG8C&printsec=frontcover&hl=ar&source=gbs_ge_summary_r&cad=0#v=onepage&q&f=false (کاتی سەردانکردن: ١٠/٣/ ٢٠٢١، کاتژمێر (٤)ی پاشنیوەڕۆ).

([2]) عبد المعين الموحد، **إدارة الإنتاج السينمائي**، (دمشق: منشورات وزارة الثقافة السلسلة: الفن السابع، ٢٠٠٦)، ص١٢.

([3]) سامان جەلال، **هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی تەلەڤزیۆن. ڕادیۆ. ڕۆژنامە. میدیای ئەلیکترۆنی**، (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٨)، ل٧٩.

([4]) كمال الحاج، **الإنتاج الإذاعي والتلفزيوني**، (دمشق: الجمهورية العربية السورية، منشوران الجامعة الافتراضية السورية، ٢٠٢٠)، ص٣٠.

پێویستی بە کاری هەرەوەزییە (Team work) بۆ ڕێکخستن و دابەشکاریی کارو بەڕێوەبردنی و چاودێری وردی کارەکان، بۆئەوەی بیرۆکە نەبینراوەکان بە بینراو بکرێن و لەسەر شاشە و لە ژانرێکی تەلەڤزیۆنیدا نمایش بکرێن(١).

لێرەوە دەردەکەوێت، بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی: پرۆسەیەکی دینامیکی تەواو و ئامانجدارە، بە تێکەڵکردنی کۆمەڵێک توخم بەرهەمدەهێنرێت، کە پەیوەستن بەیەکەوە و کاریگەری لەسەر یەکتر دروستدەکەن. کەواتە پرۆسەی بەرهەمهێنان، ئامرازێکە لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن کە خۆی لە هونەری داڕشتنەوە و ئامادەکردن و ڕێکخستنی شێوە و ناوەڕۆکی مەتریاڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا دەبینێتەوە(٢).

بە سەرنجدان لەوەی خرایەڕوو توێژەر وایدەبینێت، پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری دەچێتە چوارچێوەی ئەو پۆلێنکارییەی کە بۆ بەرهەمە تەلەڤزیۆنییەکان دانراوە، چونکە خاوەنی هەمان تایبەتمەندییە لەڕووی (ناوەڕۆک، شێوەی بەرهەمەکە، چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ گرتە و جوڵەی کامێرا، شێوازی چارەسەرکردنی بیرۆکە و بابەتی فیلمەکە)، هاوکاتیش بۆ خستنەڕووی بەرهەمەکە لەسەر شاشە، سەرجەم لایەنە هونەرییەکانی بەرهەمهێنانی تێدا بەکاردەهێنرێت.

بەو پێیەی فیلمی دۆکیومێنتاری پشت بە بابەت و چیرۆکی پاڵەوانێک دەبەستێت و لە گۆشەنیگایەکی گونجاوەوە چارەسەری تەلەڤزیۆنیانە بۆ ئەو بابەتە ئەنجامدەدات. لێرەوە دەرهێنەر دەتوانێت لە بارەی توخمە پێکهێنەرەکانی فیلمەکەیەوە کە بریتین لە توخمی (وێنە و دەنگ)، وێنایەکی تەواو بۆ چیرۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە بنیاتبنێت(٣).

لە دوو توێی ئەم باسەدا، ئامانجی بەرهەمهێنان لە سەرجەم ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی (بینراو و بیستراو)، گەیاندنی زانیارییە بە وەرگر، لەڕێگەی ئەو تەکنیکانەی پەیوەستە بە (وێنە و دەنگ)ەوە، کە تەنیا لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆک و شێوەی پێشکەشکردنیانەوە لەیەکتری جیادەکرێنەوە(٤).

لەو چوارچێوەیەدا توێژەر پێیوایە، بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری: بریتییە لە گۆڕینی بیرۆکەیەک بۆ دیمەنێکی بینراو و دەنگی، کە ماوەیەکی کاتی دیاریکراو داگیردەکات، بە جۆرێک دەرهێنەر و بەرهەمهێن لە هێنانە کایەی مەتریاڵەکاندا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن و لەسەر شاشە

---

(١) سامي العنزي، **مدخل إلى مفهوم الإخراج الإذاعي بين العلمية والاحترافية والتكنيك**، (دمشق: دار العلوم للنشر والتوزيع، ٢٠٠٨)، ص٧٠.

(٢) يوسف مرزوق، **فن الكتابة للإذاعة والتليفزيون**، (الإسكندرية: دار المعريفة الجامعية، ٢٠٠٨)، ص٤٧.

(٣) منى سعيد الحديدي و سلوى إمام على، **أسس الفيلم التسجيلي اتجاهاتەو واستخداماته في السينما والتلفزيون**، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٥٦.

(٤) هبة كامل، **عناصر الإنتاج التلفزيوني**، ٢٧ سبتمبر ٢٠١٨، https://mawdoo3.com/ (کاتی سەردان کردن: ٢٠٢١/٥/١٠، کاتژمێر (٣) پاش نیوەڕۆ).

نمایشیان دەکەن، لەبەرئەوە دەکرێت بڵێین بەرهەمهێنان وەک پرۆسە، هونەرە و پێویستی بە داهێنانە، چونکە بەهایەکی جوانی لە داهێناندا پێشکەش دەکات.

**سیستمی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری دەکرێت بە چەند بەشێکەوە لەوانە**(١):

١- **سیستمی بەرهەمهێنان لەڕووی بابەتەوە:** چارەسەری بابەتێکی مێژوویی دیاریکراو دەکات، لە ڕێگەی کەسانی پسپۆڕی بواری مێژووەوە ناوەڕۆکەکانیان بۆ بینەران دەخاتەڕوو.

٢- **سیستمی بەرهەمهێنان لەڕووی ناوەڕۆکەوە:** گرنگی بە پێداویستییەکانی بینەران دەدات و پشت بە ڕاپرسی دەبەستێت بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕووداو و دیاردەکان.

٣- **سیستمی بەرهەمهێنان لەڕووی توانای مرۆییەوە:** لە سیستمی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا پشت بە توانا مرۆیی و تەکنیکییە گەورەکان دەبەسترێت، کە وەک کەرەستەی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی بەردەستن و سەرجەم کارمەندانی (بواری تەکنیکیی و هونەریی) دەگرێتەوە و بە هێزە مرۆیی و هونەرییەکانی بەرهەمهێنان ناودەبرێن، کە بەم شێوەیە دابەشدەکرێن:

**أ- هێزە مرۆییەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری:**

هەموو ئەو کارمەندانە دەگرێتەوە کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمکەدا بەشدارن، بەگشتی ڕۆڵیان وەرگێڕانی سیناریۆی ڕووداوێک یان چیرۆکێکە بۆ وێنە و هەموو ئەو فۆرمانەی کاریگەریی لەسەر بینین دادەنێن، ئەوانیش پێکدێن لە:

١- **دەرهێنەر:** بەرپرسی یەکەمە لە بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی سەرجەم کارمەندانی بەشی بەرهەمهێنان و پرۆسە هونەرییەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری، لەلایەکی دیکەوە بەرپرسیارە لە گۆڕینی دەقی نوسراوی چیرۆکێک بۆ دەقێکی بیستراو و بینراو لەڕێگەی وێنەی تەلەڤزیۆنی و دەنگەوە(٢).

٢- **وێنەگر:** ڕەگەزێکی گرنگی دەستەی کارکردنە لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا، بە چاوی دەرهێنەر و وەرگێڕی گۆشە و جوڵەکانی کامێرا دادەنرێت. کاتێک دەست بە وێنەگرتن دەکات، هەموو ئەو دیمەنانی دەرهێنەر لە پلانی کاری وێنەگرتندا دایناوە جێبەجێیان دەکات، جگەلە کوالیتی و باشی چوارچێوەی وێنەگرتن، نابێت وێنەگر لە ئاراستە و ڕێنمایی و تێبینییەکانی دەرهێنەر لابدات و دەست لە کارەکانی وەربدات(٣).

---

(١) محمد حمد بن عروس، **الأسس الفنية للإذاعتين المسموعة والمرئية**، (بنغازي: الدار الجماهرية للنشر والتوزيع والإعلان، ١٩٨٧)، ص٣١٣-٣١٤.

(٢) هاربيت زيتل، **المرجع في الإنتاج التلفزيوني**، ت: سعدون الجنابي، خالد الصفار، (العين: دار المكتب الجامعي، ٢٠١٣)، ص ٤٩٩- ٥٠٠.

(٣) عبدالصمد قادر حسين، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٤٤.

**٣- یاریدەدەری وێنەگر:** یەكێكە لە كارمەندانی دەستەی كاركردن و بەرپرسە لە دابینكردنی پێداویستییەكانی كامێرای تەلەڤزیۆنی، واتا سێ پای ڕاگیركردنی كامێرا و پاتری كامێرا و جانتای تایبەتی كامێرا ئامادە دەكات و لەشوێنی وێنەگرتندا جێگیریان دەكات، زۆرجاریش كاری وێنەگرتن ئەنجام دەدات.

**٤- ئەندازیاری دەنگ:** بەرپرسی یەكەمە لە باشی جۆری تۆماركردنی هەموو ئەو دەنگانەی لە شوێنی وێنەگرتنی فیلمە دۆكیومێنتارییەكەدا بوونیان هەیە، وەك (دەنگی سروشتی شوێنەكە، دەنگی كاراكتەرەكان، موزیك، موزیكی وێنەیی و كارتێكەرە دەنگییەكان). هەروەها شارەزایی تەواوی هەیە لە دیاریكردنی ئامێری تۆماركردنی گونجاو (مایكرۆفۆن)، بۆ تۆماركردنی دەنگ لە فیلمە دۆكیومێنتارییەكاندا[1]، كە دوو جۆر مایك بەكاردەهێنرێن ئەوانیش: مایكی سەر یەخە (Nic Mic) كە مایكێكی بچوكە و بە ئیسفنجێكی تایبەت داپۆشراوە، بۆ ڕێگری گرتن لە وەرگرتنی دەنگە نەشازەكان، هەروەها بووم مایك (Boom Mic) زۆرترین بەكارهێنانی هەیە لە فیلمی دۆكیومێنتارییدا بە بەراورد بە مایكی سەر یەخە، كە بە ستاندێكی دەستییەوە جێگیركراوە و لە لایەن كەسێكی تایبەتەوە هەڵدەگیرێت، قەبارەی گەورەیە و بە ڕووپۆشێكی خوری نەرم داپۆشراوە و دەتوانێت زۆرترین شەپۆلی دەنگی وەربگرێت.[2].

**٥- مۆنتێر:** كەسێكی گرنگ و بە بایەخە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆكیومێنتارییدا، ئەو هونەرمەندەیە كە تۆماركردن، بژاركردن و جوانكاری بەلایەنی بینینی فیلمەكان دەبەخشێت، ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لە تەكنیكی گونجاندن و ڕێكخستن و بەیەكەوە بەستنەوەی وێنە و دەنگەكان.

**٦- ئاوازدانەری موزیكی وێنەیی (مؤلف الموسیقی التصویریة):** بەشێوەیەكی پیشەیی و داهێنەرانە، هەڵدەستێت بە وەرگێڕانی گوزارشتكردنی ئەو وێنانەی لە فیلمە دۆكیومێنتارییەكاندا بەكارهاتوون، بۆ ئاوازێكی موزیكی بیستراو، بە مەبەستی دانانی كاریگەریی بۆ سەرنجڕاكێشانی بینەر.

## ب: كەرەستە هونەرییەكانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆكیومێنتاری:

لەبەرهەمهێنانی فیلمی دۆكیومێنتارییدا، چەند فاكتەرێكی هونەری گرنگ لەگەڵ هێزە مرۆییەكاندا بەشدارن لە پرۆسەكەدا، ئەوانیش:

**١- كامێرا:** یەكەمین و سەرەكیترین ڕەگەزە لە بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا، بەپێی جۆری كامێراكە و ئەو تەكنیكانەی كاری لەسەر دەكرێت بەكاردەهێنرێت، وەك كامێرای پەخشكردن (Broadcasting Camera)، كامێرای پرۆفێشناڵ (Professional)، كامێرای تایبەتی

---

(1) عبدالمجید شكري، **الدراما التلیفزیونیة فن كتابة وإخراج التمثیلیة التلیفزیونیة**، (القاهرة: دار الفكر العربي، ٢٠٠٩)، ص١٦٢ ، ١٦٣.
(2) فرمان عەبدولڕەحمان، **سەرچاوەی پێشوو**، ل٧٤- ٧٥.

بەکارهێنەران (Consumers)، کە لەڕووی قەبارە و کێشەوە جیاوازن، هەندێکیان ئاسانن بۆ هەڵگرتن و هەندێکیشیان پێویستیان بە دوو کەسە بۆ گواستنەوەیان. کامێرای تەلەڤزیۆنی لە توانایدا هەیە وێنەی زیندوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان تۆمارکراو بگوازێتەوە، لەڕێگەی یەکەی تۆمارکردن و گواستنەوەی دەرەکییەوە[١].

**٢- ئامێری تۆمارکردنی دەنگ:** فاکتەری سەرەکی تەواوکەری وێنەیە، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا، دەبێت لە چوارچێوەی سروشت و ژینگەی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا بەکاربهێنرێت[٢]، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی سێ توخمەوە چارەسەربکرێت ئەوانیش:

**ا- دەنگی مرۆیی:** لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا دابەشدەکرێن بۆ دەنگی کۆمێنتار (چیرۆکخوان) و پاڵەوانی فیلمەکە (Narrator)، یان دەنگی ئەوانەی دۆبلاژی زمانی بنەڕەتی فیلمەکان دەکەن بۆ سەر زمانێکی دیکە.

**ب- کارتێکەرە دەنگییەکان:** بریتین لە دەنگی سروشتی وەک: دەنگی (با، ئاو، باران و دەنگی ئاژەڵەکان) یان دەنگی ئامێرەکان وەک: (ئۆتۆمبێل، شەمەندەفەر و ئامێرە میکانیکییەکان)، کە دەکرێت لە کەش و هەوای واقیعدا بوونیان نەبێت و لە ڕێگەی مۆنتاژەوە بۆی زیاد بکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی دەگمەن لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا بەکاردەهێنرێت[٣].

**پ- دەنگی موزیک و مۆزیکی وێنەیی:** وەک ڕەگەزی تەواوکاری لە پێکهاتەکانی چیرۆکی فیلمەکاندا کاردەکات، هۆکارێکی گرنگە بۆ گوزارشتکردن لە وێنەکان و ڕاکێشانی بینەر بۆ چوونە ناو ڕۆخی فیلمەکە[٤].

**٣- ئامێری ڕووناکی:** لەڕووی کوالیتییەوە، بەرهەمهێنانی وێنەی تەلەڤزیۆنی پشت بە بوونی ڕووناکی دەبەستێت، لەبەرئەوە دەبێت لە کاتی وێنەگرتندا ڕووناکی پێویست لەبەرچاو بگیرێت و توندی ڕووناکی و جۆرەکەی لەگەڵ گرتە و دیمەنەکاندا هەماهەنگ بێت، چەند جۆرێک سەچاوەی ڕووناکی هەن:

- ڕووناکی بنچینەیی Key Light.
- ڕووناکی تەواو Filler Light بۆ نەهێشتنی سێبەر بەکاردێت.
- ڕووناکی باکگراوند Background Light.

---

(١) ارکان رؤوف عزيز، **استخدام تكنولوجيا الاتصال الحديثة في إنتاج النشرات الإخبارية التلفزيونية، النشرات الإخبارية في قناة NRT إنموذجا –دراسة وصفية-**، **رسالة ماجستير (غير منشورة)**، (جامعة السليمانية: سكول العلوم الانسانية، قسم الاعلام/ التلفزيون، ٢٠١٥)، ص٥٢- ٥٣.

(٢)سليم عبد النبي، **الإعلام التلفزيوني**، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٠)، ص٢٣٢.

(٣) احمد عبد الستار حسين، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٧٩- ٨٠.

(٤) محمد البشتاوي، **الموسيقى في الفيلم الوثائقي**، معهد الجزيرة للإعلام، ١٠ أبريل ٢٠١٧. https://institute.aljazeera.net/ar/ajr/article/565 (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/٧/١٠، کاتژمێر (١٠:٣٠) شەو).

- ڕووناکی پشتەوە Back Light [١].

## دووەم: قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری

لە هەر قۆناغێکی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی و فیلمی دۆکیومێنتارییدا، قۆناغەکان یەکتری تەواو دەکەن و بە کۆمەڵێک هەنگاو و پرۆسەی یەک لەدوای یەکدا دەڕۆن، خۆیان لە کردە هونەری و تەکنیکییەکانی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا دەبیننەوە. لەم قۆناغانەدا سەرچاوە مرۆییەکان ڕۆڵ و بەرپرسیاریتی خۆیان لە چۆنییەتی دارشتنەوەی پلان و ڕێکخستنی بەشە جیاجیاکانی ژانرە تەلەڤزیۆنییەکاندا بە جێدەگەیەنن، تا ئەو ساتەی دەبێتە مەتریاڵێکی تەلەڤزیۆنی و پەخشدەکرێت.

لەم باسەدا توێژەر هەوڵدەدات، گفتوگۆکانی دەربارەی باسکردنی قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری چڕبکاتەوە، کە خۆی لە چەند قۆناغێکدا دەبینێتەوە و وەک پێوەرێک لە بەرهەمهێنانی ژانرە تەلەڤیزۆنییەکاندا پەیڕەو دەکرێن، لەهەمانکاتدا دەرهێنەر بەتەواوی تێکەڵی ژینگەی بەرهەمهێنانی فیلمەکەی دەبێت و بۆ ماوەیەکی درێژ چاودێری بارودۆخی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی ناو فیلمەکەی دەکات، پاشان بەرهەمەکەی بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێنێت، کە وەک پلان و نەخشە ڕێگای بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری دەناسرێنەوە.

### ١- قۆناغی پێش بەرهەمهێنان (Pre- Production Stage):

قۆناغی پلان داڕشتنەوە و ئامادەکارییە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا، لێرەوە خشتەی کارکردن بۆ دەستەی بەرهەمهێنان و تایبەتمەندێتی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمەکەدا دیاریدەکرێت. بۆ ئەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیاریتی و ئەرکی بەڕێوەبردنی بەرهەم و بودجەی دیاریکراو و گونجاندن لە نێوان کاراکتەرەکانی پرۆسەی بەرهەمهێناندا، بەڕوونی باسبکرێت و بخرێتە چوارچێوەی پلانی نووسراوی بەرهەمهێنانی فیلمەکە[٢].

لەو ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین چەند هەنگاوێک لە قۆناغی پێش بەرهەمهێنان لە فیلمی دۆکیومێنتاریدا بخەینەڕوو، کە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

---

(١) نەبەز ئەحمەد حەسەن، **بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی راپۆرتی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN)**، **نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)**، (زانکۆی سلێمانی: کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن- تەلەڤزیۆن، ٢٠١٧، لا٢٦- ٢٧.

(2) Meghan Dubitsky, **Three Stages of TV and Film Production**, April 23, 2020.
https://www.centralcasting.com/three-stages-of-film-production/?fbclid=IwAR1VeAIeSKhX5_PONLTgZKk8SJ4BJjXqEMQS0mUszjgCqgFouNVKtCvVRA4

(کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/٧/٧، کاتژمێر (٢) نیوەڕۆ).

**ا- هەڵبژاردنی بیرۆکە:**

ئەم قۆناغە بە سەرەتای هەڵبژاردن و دیاریکردنی بیرۆکە یان چیرۆک یان بابەتی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە دەستپێدەکات. کە لەلایەن دەرهێنەرەوە هەڵدەبژێردرێن و بە خاڵی دەستپێکی ئەم قۆناغە دادەنرێت. دانان و دارشتنی بیرۆکە، گرنگترین هەنگاوە کە دەرهێنەر بەر لە هەر هەنگاوێکی بەرهەمهێنان ئامادەکاری بۆ دەکات و ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی بۆ ئەنجام دەدات[١].

**ب- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و کۆکردنەوەی زانیاری:**

لەم هەنگاوەدا دوای ئەوەی دەرهێنەر بە تەواوی جێگیردەبێت لە سەر بیرۆکەی فیلمەکە، بەشێوەیەکی ورد و چڕ دەستدەکات بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و کۆکردنەوەی زانیاری و ئامار و بەڵگە لەبارەیەوە، کە دەبێتە بناغەی فیلمەکە و بەهۆیەوە دەتوانێت ئامانجە سەرەکییەکانی فیلمەکەی دیاری بکات، کە تا قۆناغی کۆتایی بەرهەمهێنان لەگەڵیدا دەبێت[٢].

**پ- ئامادەکردنی سیناریۆی وێنەگرتن:**

سیناریۆیی فیلمی دۆکیومێنتاری، پشت بەو کارانە دەبەستێت کە تۆمار دەکرێن، واتا بە دۆکیومێنتکردنی کردارەکان و زانیارییەکانە. بەشێوەیەک ڕێکدەخرێت یارمەتیدەربێت بۆ تێگەیشتن لە بابەتێک یان بیرۆکەیەک یان کۆمەڵێک بیرۆکە[٣]. دەرهێنەر لەڕێگەی ئەم هەنگاوەوە دەتوانێت شێوەیەکی سەرەتایی لەبارەی فیلمەکەیەوە بزانێت، کە بە هەنگاوێکی گرنگ و پڕ بایەخ دادەنرێت و پێویستە لە بەرچاوی بگرێت، بە پێچەوانەشەوە کاریگەریی خراپ لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە دروست دەکات.

ئامادەکردنی سیناریۆی وێنەگرتن خۆی لە کۆمەڵێک فاکتەردا دەبینێتەوە، بۆ نمونە: لە کوێ وێنەی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە دەگیرێت و تۆماردەکرێت؟، واتا شوێن. کەی فیلمەکە تۆماردەکرێت؟، واتا کاتی تۆمارکردن (شەو و ڕۆژ)، بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی بەرهەمهێنان. دەرهێنەر دەستدەکات بە نووسینی قەبارەی گرتە و جوڵەی کامێرا، بە مەبەستی دانانی پلانی سەرەتایی بۆ وێنەگرتن (Shooting Script) سەردانی شوێنی وێنەگرتن دەکات[٤].

سیناریۆ (Sinario) لە بنەچەدا وشەیەکی ئینگلیزییە، بە مانای هونەری نووسینی دەقێک دێت (Script writing)، لەڕووی زمانەوانییەوە بە واتای نەخشەی کاردێت، واتا چۆنییەتی کارکردن لەسەر کۆپییەکی سکریپت بۆ دەرهێنانی فیلمێک، بۆ وەسفکردنی هەموو ئەو کردارو ڕەفتارو دەنگ و جوڵانەی، لەشوێنی وێنەگرتندا و لە ناوەوەی ستۆدیۆ یاخود دەرەوەی

---

(١) عبد الباسط محمد الحطامي، **مقدمة في الإذاعة والتلفزيون**، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٥)، ص١٠٤.

(٢) مصطفى عبد الوهاب، **فن إعداد البرامج للراديو والتليفزيون**، (مصر: مجلة الفن الإذاعي، **العدد ١٩٢**، أكتوبر ٢٠٠٨)، ص١٣١.

(٣) فاروق ناجي محمود، **البرامج التلفزيوني كتابة ومقومات نجاحه**، (الأردن، دار النفائس للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧)، ص١٥.

(٤) عبدالصمد قادر حسين، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٥٧.

ستۆدیۆدا وێنەیان دەگیرێت، کە پێویستییان بە پلانی دەرهێنانە[١]، چونکە ئەرکی سەرەکی سیناریۆ ڕێکخستنی زانیارییە بەشێوەیەکی نەرم و دانانی دیمەنی سەرنجڕاکێش و بەزمەساتی (التشویق)، بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی کۆتایی، بەهای ئەوەش لە گەرمکردنی ململانێکان و چڕکردنەوەی ڕەهەندە درامییەکاندا خۆی دەبینێتەوە[٢].

لە بەرهەمە تەلەڤزیۆنییەکاندا نووسینەوە و ئامادەکردنی سیناریۆ دابەشدەکرێت بۆ دوو جۆر: یەکێکیان بەشێوە تەواوەکان ناسراوە، کە لە بەرنامە درامییەکاندا بەکاردەهێنرێت و نووسەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی دەتوانێت کار لەسەر توخمەکانی بکات. ئەوی دیکەشیان سیناریۆی دەقی ناتەواوە، لەم جۆرەدا ئامادەکار یان دەرهێنەر ناتوانن بەتەواوی کار لەسەر توخمەکانی سیناریۆکە بکەن، بەڵکو تەنیا هێڵە گشتییەکانی دیاریدەکەن، هەروەها لەکاتی نووسینی سیناریۆی فیلمە دۆکیومێنتارییەکەدا، ئەو کاغەزەی سیناریۆکەی لەسەر دادەڕێژرێت، دەکرێت بە دوو بەشەوە (لای ڕاست و لای چەپ)، کە لای ڕاستی بۆ وێنە و شتە بینراوەکان وەکو (جوڵە، گرتە، گۆشەکان و هەموو ئامرازە بینراوەکان) تەرخان دەکرێت، بەشی لای چەپی لاپەڕەکەش بۆ (دەنگ، گفتوگۆ، کۆمێنت، کاریگەرییە دەنگییەکان، موزیکی وێنەیی و دەنگی سروشتی) دادەنرێت[٣]. بڕوانە خشتەی[٣].

**شێوەی (١)**

**شێوازی نووسینی سیناریۆی وێنەگرتنی فیلمی دۆکیومێنتاری**

| ژمارەی گرتەکان | جۆری (گرتەکان، گۆشەکان، جوڵەکان)ی کامێرا | کات | دەنگ (دەنگی سروشتی، کارتێکەرە دەنگییەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | | | |
| ٢ | | | |
| ٣ | | | |

### ت- نووسینی پرۆپۆزەڵی فیلمی دۆکیومێنتاری:

لەڕێگەی ئەم هەنگاوەوە دەرهێنەر دەتوانێت هەموو لایەنەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکەی، بۆ بەڕێوەبەری بەشی بەرهەمهێنانی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکە بخاتەڕوو، بە مەبەستی وەرگرتنی یارمەتی دارایی و ڕەزامەندی بۆ پرۆژەی بەرهەمەکەی. لەو پرۆپۆزەڵەدا دەرهێنەر هەوڵدەدات بە بەپوختی و بەڕوونی و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش ئەو فیلمەی بەرهەمیدەهێنێت دیاری بکات، بەمەبەستی چوونە مەیدان و بەرهەمهێنانی فیلمەکەی.

---

(١) أشرف فالح الزعبي، **الدور الاتصالي للمخرج في العمل الدرامي التلفزيوني**، **رسالة الماجستير (غير منشورة)**، (جامعة الشرق الأوسط: كلية الإعلام، ٢٠١٠)، ص٧١.

(٢) إياد الداود، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٩٣.

(٣) مصطفى عبد الوهاب، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١٣١.

زۆرجـار نـاوەڕۆکی ئەم شـێوە پڕۆپـۆزەڵە خـۆی لە دوو لاپەڕەدا دەبینێـتەوە، لاپەڕەیەکیـان تەرخانـدەکرێت بـۆ: (ناونیشـانی فـیلمەکە، پـوختەیەک لەسـەر نـاوەڕۆکی فـیلمەکە Synopsis، هۆکارەکانی هەڵبژاردنی فیلمەکە، دیاریکردنی جەماوەری بە ئامانج وەرگیراو بۆ بەرهەمەکە)، ئەوی دیکەشیان: (کورتەیەک لەسەر چیرۆک و پاڵەوانی فیلمەکە، ژیاننامەی دەرهێنەر، ئەندامانی دەستەی بەرهەمهێنان، ماوەی دیاریکراوی فیلمەکە، کەرەستەی پێویستی بەرهەمهێنان، بودجەی پێویســت بــۆ فــیلمەکە و دیــاریکردنی جــۆری کــامێرای ڤیــدیۆی تــایبەت بە فــیلمە دۆکیومێنتارییەکە)ی، تێدا دەنووسرێت و ئاماژەیان پێدەدرێت[١].

یەکێـک لە پێداویسـتییە گرنگەکـان لە بەرهەمهێنـانی فیلمـی دۆکیومێنتارییـدا، دیـاریکردنی تێچووی ئابووری بەرهەمهێنانی فیلمەکەیە، کە دەرهێنەر دەبێت پێشوەخت بیری لێ بکاتەوەو لە بەرچاوی گرتبێت، هەروەهـا ئەندامانی دەسـتەی بەرهەمهێنـان و کـاراکتەرە بەشـداربووەکان و هەمــوو پێداویســتییەکانی بەرهەمهێنــان و ئۆتــۆمبێلی تــایبەت بــۆ گواســتنەوەی کەلــوپەل و کارمەندان بۆ شوێنی وێنەگرتن، پێویستە و دەبێت بەڕوونی دیاری بکرێت[٢].

**٢- قۆناغی بەرهەمهێنان (Production Stage):**

لەم قۆناغەدا دەرهێنەری فیلمی دۆکیومێنتاری بە تەواوەتی دەچێتە بواری جێبەجێکردنی قۆناغی پێش بەرهەمهێنانەوە و هەنگاوەکانی جێبەجێدەکات، بە تایبەت سیناریۆی وێنەگرتن، کە دەرهێنەر بەکردەیی و لە مەیدانی وێنەگرتنەکەدا دەست بە تۆمارکردنی ڕووداوی چیرۆکەکە دەکات، هەروەها لەم قۆناغەدا کار لەسەر پرۆسەی بە بینینسازی بیرۆکەکە و کردنی بە گرتە و دیمەنی بینراو دەکرێت، کە ئەم هەنگاوانە لەخۆدەگرێت:

**ا- ئامادەکاری بۆ وێنەگرتن:**

لەم هەنگــاوەدا دەرهێــنەر بە گفتوگــۆ و ڕاوێــژ لەگەڵ دەســتەی بەرهەمهێنــانی فــیلمە دۆکیومێنتارییەکەدا، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ئامادەکاری بۆ پرۆسەی وێنەگرتن و کار لەسەر لیستی گرتەکان دەکرێت، کە بریتیین لە: (جۆری گرتەکان، قەبارەی گرتەکان، گۆشەی گرتەکان، جوڵەی کامێراو ئەرکی گرتەکان)، پاشان گفتوگۆ لەبارەی دیاریکردنی (کاتەکانی وێنەگرتن، شــوێنی وێــنە گــرتن، ئەگەرەکــانی گۆڕانکــاری لە پلانــی وێنەگــرتن، چــۆنییەتی گەیشــتن بە شــوێنەکانی وێنەگـرتن و مەیـدانی ڕووداوەکە، کەرەسـتەکانی بەرهەمهێنـان، پێداویسـتییەکانی وێنەگرتن، ڕووناکی و تۆمارکردنی دەنگ) دەکرێت، هەموو ئەمانە قۆناغی ئامادەکارییە بۆ پێش

(١) عبدالصمد قادر حسين، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٥٢ و ٥٥.

(٢) هاربيت زيتل، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٥٣٦.

وێنەگرتن، بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو کە کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر ئەو پلانەی کە لە قۆناغی پێش بەرهەمهێناندا دیاریکراوە[١].

## ب- وێنەگرتن:

بەیەکێک لە پرۆسە گرنگەکان و توخمە هونەرییە سەرەکییەکانی قۆناغی بەرهەمهێنانی سینەمایی و تەلەڤزیۆنی دادەنرێت، لەبەرئەوە وێنەی ڤیدیۆیی توخمێکی گرنگ و سەرەکییە لە پرۆسەی بە بینینسازی چیرۆکەکاندا و بەبێ بوونی وێنەی ڤیدیۆیی، ناتوانرێت کاریگەری لەسەر بینەر دروست بکرێت[٢].

لەم هەنگاوەدا پێویستە دەرهێنەر و وێنەگر زانیاری تەواویان دەربارەی شوێنی وێنەگرتن هەبێت، لە ڕووی ژینگە و ڕووناکی و ئەو کەلوپەل و دیکۆرانەی لەو شوێنەدا بوونیان هەیە، لە هەمان کاتیشدا دەرهێنەر پاڵەوانێک یان زیاتر بۆ ڕۆڵگێران لە ناو فیلمە دۆکیومێنتارییەکەدا دەستنیشان دەکات[٣].

کەواتە قۆناغی بەرهەمهێنان لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا بریتییە لە: پرۆسەی تۆمارکردنی گرتەکان، کە دەرهێنەر بەڕێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی دەستەی بەرهەمهێناندا، هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی پلانی وێنەگرتن، ئەوەش وادەخوازێت دەرهێنەر خاوەنی شارەزایی و ئەزموون و ڕاهێنانی بەردەوام بێت لەو بوارەدا، لەبەرئەوەی لە مەیداندا وێنەگر هەڵدەستێت بە جێبەجێکردن و بە کردەییکردنی ئەو پلانەی دەرهێنەر هێڵە گشتییەکانی بۆ دیاری کردووە[٤].

لەو ڕوانگەیەوە توێژەر ڕای وایە، سەرکارو بڕیاردەری دەستەی بەرهەمهێنان دەرهێنەرە، چونکە لە هەر هەنگاو و کردارێکدا و بە تایبەتی لە تۆمارکردنی گرتەکاندا، دەبێت پشتی پێببەسترێت و لە بارەی چۆنییەتی وەرگرتن و دیاریکردنی ناوەڕۆکی گرتەکاندا ڕاوێژی پێبکرێت، لەبەرئەوە "دەرهێنەر لە مەیدانی کارکردندا سێ ئەرکی سەرەکی جێبەجێ دەکات، لەوانە"[٥]:

١- **گونجاندن (التنسيق)**: گونجاندن و پێکەوە بەستنی پەیوەندی کارکردنە لە نێوان کامێرامان و ئەندازیاری دەنگ، لە مەیدانی کاردا.

٢- **پەیوەندیکردن**: ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان پاڵەوانە بەشداربووەکانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە، بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ڕۆڵەی پێیدەبەخشرێت.

---

(١) ماجي حلواني حسين و محمد مهني، **مقدمة في الفنون الإذاعية والسمع البصرية**، (القاهرة: مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، ١٩٩٩)، ص١٤٧.

(٢) منى الحديدي و سلوى إمام، **السينما التسجيلية الخصائص والاساليب والاستخدامات**، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١٥٠.

(٣) كوبيبي حفصة، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٥٣٥.

(٤) ريم عبود، **مدخل الإذاعية والتلفزيون**، (سوريا: من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، ٢٠٢٠)، ص١٧١.

(٥) تروي لانير و كلاي نيكولاس، **الإخراج السينمائي كيف تصنع فيلمك الأول بالديجيتال؟**، ت: عاطف معتمد عبد الحميد، (القاهرة: الطناني للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧)، ص٨٩-٩٠.

**٣- دروستكردنی بڕیار**: پەیوەندی بەو بڕیارانەوە هەیە، کە دەرهێنەر لەمەیدانی کارکردندا لەبارەی بەرهەمهێنانی بەرهەمەکەوە دەریان دەکات و لە لایەن سەرجەم ئەندامانی دەستەی بەرهەمهێنان و بەشداربووانی فیلمەکەوە جێبەجێ دەکرێن.

**٣- قۆناغی دوای بەرهەمهێنان (Post- Production stage):**

لەم قۆناغەدا هەریەک لە دەرهێنەر و مۆنتێر، سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی گرتەکان دەبن و هەموو تۆمارە ڤیدیۆییەکان لە ناو کۆمپیوتەری مۆنتاژکردندا تۆماردەکەن، بە ئامانجی تەواوکردنی ڕێکارەکانی پرۆسەی مۆنتاژکردن، لێرەدا توێژەر هەوڵدەدات ڕووناکی بخاتەسەر دوو هەنگاوی سەرەکی کە لە قۆناغی دوای بەرهەمهێناندا جێبەجێ دەکرێن، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**ا- ڕێکخستنی گرتەکان:**

ئەم هەنگاوە بە هەنگاوی ئامادەکاریی بۆ پرۆسەی مۆنتاژکردن ناودەبرێت، بەجۆرێک مۆنتێر و دەرهێنەری فیلمی دۆکیومێنتاری، هەڵدەستن بە جیاکردنەوە و ڕێکخستن و داخڵکردنی گرتەکان بۆ ناو کۆمپیوتەر و بڕین و لابردنی ئەو گرتانەی بەکارناهێنرێن لە پرۆسەکەدا[1].

لە هەنگاوی یەکەمی ئەم قۆناغەدا دەرهێنەر و مۆنتێر، گرتەکان لە میمۆری کارتەکانەوە بۆ سەر ئامێرەکانی مونتاژکردن دەگوازنەوە، پاشان دەستدەکەن بە پێرستکردنی گرتەکان لەڕووی جۆری گرتەکان و جوڵە و ماوەی گرتەکانەوە، گرتە باش و خراپەکان پۆلێن دەکەن، بە ئامانجی هەڵبژاردنی ئەو گرتانەی دەبنە بەشێک لە فیلمەکە، لە پاشاندا لە هەنگاوی دووەمدا پرۆسەی مۆنتاژکردن دەستپێدەکات، کە بە لکاندن و کۆکردنەوەی گرتەکان و دارشتنەوەی دیمەنەکان ئەنجام دەدرێت[2].

**ب- پرۆسەی مونتاژکردن:**

لەم هەنگاوەدا بە تەواوی ڕۆڵی ئامێری مۆنتاژکردن دەردەکەوێت، بە تایبەت بە بەکارهێنانی ئامێرە دیجیتاڵییەکان و جێبەجێکردنی فرەشێوازی جیاجیا لە چۆنییەتی بەکارهێنانی کاریگەرییە وێنەییەکان لە پرۆسەکەدا، کە مۆنتێر ڕەنگی گرتەکان بە پرۆسەیەکی تایبەت

(١) غمشي بن عمر، **واقع التقنيات السينمائية في الفيلم الجزائري دراسة تطبيقية ميدانية**، أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، (جامعة وهران- 1 أحمد بن بلة: كلية الآداب والفنون، قسم الفنون، ٢٠١٨- ٢٠١٩)، ص٩٢.
https://theses.univ-oran1.dz/document/THA4289.pdf (کاتی سەردان کردن: ٢٠٢١/٤/١٣، کاتژمێر (٧) ئێوارە).

(٢) قاسمي أميرة و زغدودي صلحة و حزام شافية، **المهارات الاتصالية لمقدمي البرامج التلفزيونية وتأثرها على فاعلية الرسالة الإعلامية دراسة ميدانية عينة على طلبة جامعة قالمة**، رسالة ماجستير (غير منشورة)، (الجزائر: جامعة 8 ماي 1845، كلية العلوم الانسانية والاجتماعيّة، قسم الإعلام والاتصال وعلم المكتبات، ٢٠١٥- ٢٠١٦)، ص٢١٩.

ڕێکدەخاتەوە و پێیدەوترێت (ڕاستکردنەوەی ڕەنگ- Color Corection)[*]، بەهەمانشێوە لە پرۆسەی مۆنتاژکردنەکەدا دەتوانێت ئامرازەکانی تری وەک (تۆمارکردنی دەنگ، چاککردنی دەنگ، کاریگەرییە دەنگییەکان و موزیک) بەکاربهێنێت، هەموو ئەم توخمانە پێکەوە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لەسەر باشتر پێشکەشکردنی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە[١].

لە ڕێگەی ئەم هەنگاوەوە، فیلمە دۆکیومێنتارییەکە بەرەو قۆناغی کۆتایی و پەخشکردن ئامادەدەکرێت، تیایدا گرتە فرەجۆر و جیاوازەکان کە لە مەیداندا تۆمارکراون، لە چوارچێوەی دیمەنی یەک لەدوای یەک ڕێکدەخرێن و دەنگی ڕاستەوخۆ یان تۆمارکراویان لەگەڵدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە هەندێک باردا و بەدەگمەن کاریگەرییە دەنگییەکان بوونیان دەبێت، چونکە فیلمی دۆکیومێنتاری تۆمارکردنی واقیعە، ئەو کاریگەرییە دەنگیانەی لە ڕووداوەکاندا هەن، دەبێت بەشێوەیەکی واقیعیانە بخرێنەڕوو، کە پێویستە هەموو ئەمانە پێکەوە دەرهێنەری فیلمی دۆکیومێنتاری و مۆنتێری فیلمەکە بڕیاریان لە بارەوە بدەن، بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ دیمەنە بینراوەکان و ئەو دەنگەی کە هاوکات لەگەڵیدا دەبێت. لەبەرئەوە بڕیاردەدەن لەچ گرتەیەکەوە دەستپێبکەن و کام گرتەیە زیاتر کاریگەر و بەهێز و وروژێنەرە و دەبێتەهۆی ڕاکێشانی سەرنجی بینەران، هەڵیبژێرن و مۆنتاژ بکرێت[٢].

لەو چوارچێوەیەدا دەردەکەوێت، کە پرۆسەی مۆنتاژ هونەری هەڵبژاردن و ڕێکخستن و ماوەی کاتی دیمەنەکانە لەسەر شاشە، کە لەڕێگەیەوە پەیامێکی دیاریکراوی مانادار پەخش دەکرێت، لەبەرئەوە پێویستە مۆنتێر توانا و ئەزمونێکی باشی هەبێت لە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی دیمەنەکان، ئەویش بە ئەنجامدانی کرداری لکاندن و دیاریکردنی ماوەی کاتی ڕووداوەکان، تاکو ببنە گوتارێک و ئاراستەی بینەران بکرێت[٣].

سەرئەنجام بەڕای توێژەر، قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری، یارمەتیدەرێکی باشن لە دروستکردنی فیلمەکاندا، لە هەمانکاتدا پەیڕەوکردنی هەنگاوەکان لەلایەن دەرهێنەر یان بەرهەمهێنەوە، پانتایی و دیدێکی فراوانتریان پێدەبەخشێت بۆ کاراتر کارکردنیان لەسەر چۆنییەتی دروستکردنی شێوەیەکی تایبەت بە بەرهەمەکەیان، چونکە لەڕێگەی ئەو سێ قۆناغە

---

(*) **color correction:** بریتییە لە هەمواركردنی ڕەنگی ئەو گرتانەی، کە لە ڕەوشی ڕووناکی جیاواز و شوێنی جیاوازدا وێنە گیراون، بە جۆرێک مۆنتێر لە کاتی مونتاژکردندا و بە ئایکۆنی تایبەت لە پرۆسەی مۆنتاژدا، بەمەبەستی گەیشتن بە یەکچوونی ڕەنگەکانی گرتە جیاوازەکان ڕێکیاندەخاتەوە و بە یەک ئاست و یەک جۆر ڕەنگی ڕێکخراو پرۆسەیان دەکات، بەو شێوازەی هەموو گرتەکان لە یەک شوێن و یەک کاتدا وێنەگیرابن. بڕوانە: (انصاف عثمان الزاكي الحسن، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٨٩).

(١) فارس مهدي القيسي، **التكنولوجيا الرقمية في الإنتاج السينمائي والتلفزيوني**، (بغداد: **مجلة الاكاديمي، عدد ٤٧**، ٣١ ديسمبر/ كانون الأول٢٠٠٧)، ص١٥٨.

(٢) جون كورنر، **التلفزيون والمجتمع: الخصائص، التأثير، النوعية، الإعلانات**، ت: أديب خضور، (دمشق: المكتبة الإعلامية، ١٩٩٩)، ص١١٣.

(٣) نجلاء الجمال، **فن المونتاج التليفزيوني: خطوات العمل على برنامج Final Cut Pro7**، (القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، ٢٠١٣)، ص١٩- ٢٠.

گرنگەوە کاریگەرییەکان بەسەر بەرهەمەکەوە دەردەکەوێت، لێرەوە دەکرێت بڵێین هەموو ژانرە تەلەڤزیۆنییەکان بەو سێ قۆناغەدا تێپەڕدەبن، بەلآم ڕەنگە لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی ناو قۆناغەکاندا جیاوازبن یان لە ژانرێکدا هەنگاوێک پێش هەنگاوێکی تر بکەوێت، کەواتە ژانرە تەلەڤزیۆنییەکان لەڕووی کات و شوێن و قۆناغەکانی بەرهەمهێنان جیاکارییان تیادا دەکرێت.

## سێیەم: وێنە لە پرۆسەی بینینسازی فیلمی دۆکیومێنتارییدا

لەم باسەدا بە پشت بەستن بە سەرچاوە زانستییەکان توێژەر؛ هەوڵیداوە باس لە پرۆسەی بە بینینسازی لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا بکات. کە بە هۆکارێکی گرنگ لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری دادەنرێت و پێویستە لە لایەن دەرهێنەرەوە چۆنییەتی بەرهەمهێنانی فیلمەکە، لە پێناو ئاشکراکردنی ڕێگایەک بۆ خەیاڵکردن و وێناکردن و بە بینینکردنی ناوەڕۆکی چیرۆکی فیلمەکان لەبەرچاوی بگرێت. لەبەرئەوە بڕیاردانی پێشوەختەی دەرهێنەر لەبارەی پرۆسەی بینینسازی، هەموو بەش و ڕەگەزەکانی چیرۆکەکە و نووسینی دەق و هەنگاوەکانی چۆنییەتی وەرگرتنی گرتە و گۆشە و جوڵەکانی وێنە، کاریگەری دەبێت لە بە ئەنجام گەیاندنی بیرۆکەی فیلمێکی دۆکیومێنتاری بۆ کردنی بە وێنەیەکی بینراو.

(بینینسازی- Visualization): وشەیەکی جادوگەر ئامێزە، کە دەرهێنەری فیلمی دۆکیومێنتاری گوزارشت لە خەون و خەیاڵێکی نەبینراوی زیهنی دەکات و دەیگۆڕێت بۆ کردارێکی واقیعی داهێنەرانەی بینراو، ئەویش بەخستنە نێو بازنەی کاری قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی فیلمەکە، بە ئامانجی ئاشکراکردنی توانا و لێهاتووییەکانی مرۆڤ بۆ گەلێک مەبەستی جیاواز[1].

لە پرۆسەی بینینسازییدا دەرهێنەر دوای ئەوەی بیرۆکەی فیلمەکەی پەسەندکرد، لەکاتی وێنەگرتنی فیلمەکەدا و بە بەشداریکردنی چەند کاراکتەرێک، لە زیهنی خۆیدا (چاوی هزری-Minds eye) وێنایەک دەربارەی شێواز و جۆری دانیشتنی کاراکتەرەکان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێت لە چوارچێوەی شوێنێکی دیاریکراودا دروستدەکات، کە دەبێتە بەشێک لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکە[2]، بەلآم دەبێت دەرهێنەر چیرۆک و دەقی نووسراو و سیناریۆی ئەو فیلمەی لەڕێگای وێناکردنییەوە دایڕشتووە، بۆ تەواوی کاراکتەرەکان و وێنەگرانی شیبکاتەوە، تاوەکو کاراکتەرەکان بتوان ئەو ڕۆڵەی پێیان دەبەخشرێت وەک بوونی کاراکتەری ڕاستەقینە بەرجەستەی بکەن. لە هەمانکاتیشدا یارمەتی وێنەگر دەدات، بە ئاسانی گرتەکانی فیلمەکە هەڵبژێرێت و وێنەیان بگرێت، کەواتە پرۆسەی بینینسازی هەنگاوێک دەبێت بۆ بیرکردنەوە لە

---

([1]) Steven D. katz, **Film directing shot by shot visualizing from concept to screen**, (New York: Focal press, 1991), p.21.

([2]) Kevin J. Lindenmuth, **سەرچاوەی پێشوو**, p.32.

دروستکردنی فۆڕمێکی گونجاو بۆ نمایشکردنی فیلمەکان[١]. ئەوەش دەریدەخات وەرگرتنی گرتە و پرۆسەی تۆمارکردنی ڕووداوەکان و بەبینینکردن و کاری بینینسازی چیرۆک، هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر وەرگر[٢].

به گەڕانەوە بۆ لاپەڕەکانی مێژوو، ئەوە دەبینین کە زانایانی دەروونناسی وەرزشی، بۆ یەکەمجار پرۆسەی بینینسازیان بە ئامانجی دەستپێکردن بە خەیاڵ و بە بینینکردنی خودی خۆیان بەشێوەیەکی نمونەیی بۆ چەسپاندنی ڕێنماییەکانیان بەسەر وەرزشەوانان‌دا بەکارهێناوە. ئەم پرۆسەیەش بۆخۆی پێویستی بە شەپۆلەکانی بینینە بۆ بە وێنەکردنیان، کەواتە لێرەدا پرسیار گەلێک دێنە ئاراوە، کە ئایا دەرهێنەرەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری، چۆن و بە چ ئامانجێک خەیاڵ و وێناکردن بەکاردەهێنن؟[٣]، ئایا لەکاتی گەڵاڵەبوونی بیرۆکەی فیلمەکەدا، دەرهێنەر دڵنیایە لە بوونی چیرۆکێکی بینراوی فیلمی دۆکیومێنتاری؟ ئەگەر چیرۆکێکی بینراو نەبوو، دەکرێت بکرێتە چیرۆکێکی بینراو؟ ئەم پرسیارانە گەلێک گرنگن بۆ ناوەڕۆکی بیرۆکەیەک کە تەرخانکرابێت، بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی چیرۆکێکی هاوچەرخ، وەک: (بابەتی تەکنەلۆژیای نوێ یان بیرۆکراتییەت یان بابەتێکی مێژوویی)، هەروەها ئەگەر چیرۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە وێنەی تەواوی لە بارەی ناوەڕۆکی ڕووداوەکانەوە نەبێت، ئەوا پێویستە دەرهێنەر بڕیاربدات لەبارەی بینینسازیی چیرۆکەکەوە، ئەوەش پێویستی بە پلانە بۆ چۆنییەتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە و دامەزراندنی توخمە سەرەکییەکانی لە چوارچێوەیەکی لۆژیکیدا، کە لەڕێگەی بەکارهێنانی وێنە و بوونی گرتە و گۆشە و جوڵەکانی کامێراوە، بیرۆکە و چیرۆکی فیلمەکە دەکرێتە وێنەیەکی جوڵاو و پاش تێپەڕبوونی بە پرۆسەی مۆنتاژدا، لە پرۆسەیەکی نەبینراوەوە دەبێتە پرۆسەیەکی بینراو و لەسەر شاشە نمایش دەکرێت. کەواتە پرۆسەی بینینسازیی گەڕان و پشکنینە بەدوای ئامانجێکی دیاریکراودا و گەیاندنی بە بینەر، کە تەواو جیاوازە لە بینینی وێنەیەکی دیاریکراو کە لە خەیاڵماندا بوونی هەیە[٤].

لە ژانرە تەلەڤزیۆنییەکاندا و بە تایبەتی لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا، دەرهێنەر و نووسەری دەق بەر لە بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی بەرهەمهێنان، جەخت لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی وێنە دەکەنەوە، کە چۆن بتوانرێت لە ڕێگەیەوە مانا و ناوەڕۆکی چیرۆکی بابەتەکان وەربگێڕدرێتە سەر زمانی ڕاستەقینەیان، چونکە بیرۆکەکان پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە تاکو ڕاستی چیرۆکی فیلمەکە بسەلمێنرێت. بەهێزترین ڕێگەش بەکارهێنانی هێزی هاوبەشە

---

([1]) Steven D. Katz, **Film Directing: Cinematic Motion**, $2^{nd}$ Edition, (New York: Michael Wiese Production, 2004), p.266.

([٢]) جواد علي مسلماني، **البرامج التلفزيونية والدور الثقافي للقنوات الفضائية**، (عمان: دار امجد للنشر والتوزيع، ٢٠١٦)، ص١٢٢.

([3]) Steven D. katz, **Film directing shot by shot visualizing from concept to screen**, **سەرچاوەی پێشوو**, 1991, p.22.

([4]) Sheila Curran Bernard, **Documentary Storytelling**, **Making Stronger and More Dramatic Nonfiction Films**, Second Edition, (London: Elsevier, Focalpress, 2007), p.42.

لەنێوان ڕەگەزی وێنە و وشـەدا، ئەویش بە بینینسـازیی کردنـی دەقە نەبینراوەکـان بـۆ دەقێکـی وێنەگیـراوی بەبینینکـراو، لەبەرئەوە لە سروشـتی کـاری تەلەڤزیۆنیـدا وێـنە بنەمـا و ڕەگەزی یەکەمـی بەرهەمهێنـانە، لە پـاڵ بەکارهێنـانی وێـنەدا دەنـگ کە گرنگـی چیرۆکبێـژی هەیە، وەک ڕەگەزی دووەم بۆ ڕوونکردنەوەی مانا و ناوەڕۆکی وێنەکان بەکاردەهێنرێت[١]. لەگەڵ ئەوەشدا وێـنەی ڤیـدیۆیی لە پڕۆسـەی بینینسـازی فیلمـی دۆکیومێنتارییـدا تـوخمێکی سـەرەکییە لە گواسـتنەوەی ڕاسـتی و دروسـتی تۆمـارکردنی ڕووداوەکاندا و خـاڵێکی گرنـگ و جەوهەرییە و توخمەکانی سەرنجڕاکێشی لەخۆ دەگرێت وەک (ڕەنگ، هێڵ، قەبارەی گرتە و ڕووناکی شـەو و ڕۆژ) کە توانـای وروژانـدن و کـات بەسـەربردن بە بینـەر دەبەخشـێت و هـۆیەکە بـۆ بەبینینـی کردنی ڕاستییە شاراوەکانی ئەودیوی ڕووداوەکان[٢].

لەئەنجامـدا بە ڕای تـوێژەر، پڕۆسـەی بینینسـازی لە فیلمـی دۆکیومێنتارییـدا، لەسـەر ئەوە دەوەستێتەوە، فیلمەکە تا چەند چاوپێکەوتن لەخۆ دەگرێت بۆ گێرانەوەی چیرۆکەکـان. هەروەهـا نمایشـکردنی دیمـەن و گـرتە و گۆشـەکانی وێنەکـان، چـۆن ڕۆڵـدەگێڕن لە بە ئەنجـام گەیانـدنی باشترین ڕێگە بۆ دڵنیابوون لە بەبینینکردنی چیرۆکی فیلمەکەدا. بـۆ ئەو مەبەسـتەش هاوبەشـی پێکردنی کامێرامان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی چیرۆکەکەوە، هەنگـاوێکی گرنگە بـۆ بەدەسـتهێنانی پڕۆسەکە، کە بتوانێت بەشـێوەیەکی سـادە وەک ڕاوچییەکـی گرتە لە مەیدانی کارکردنـدا ڕۆڵـی هەبێـت بـۆ بەدەسـتهێنانی گـرتەی بـاش و بـوونی جـوڵەی کـامێرای گونجـاو و پەیوەندیـدار بە چیرۆکـی فـیلمەکەوە، تـا وەکـو لەچوارچێـوەیەکی جـوان و سەنجڕاکێشـدا بیـرۆکە و وێنـایەکی نەبینراوی چیرۆکێکی واقیعی بکاتە وێنەیەکی بینراو و مانایەکی تەواو ببەخشێتە هەر گرتەیەکی نمایشکراو کە لە چوارچێوەی کادرێکی تەلەڤزیۆنیدا نمایش دەکرێت.

## چوارەم: بەکارهێنانی وێنە لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا

هەروەک یەکێـک لە ئامـانجە گرنـگ و دیاریکراوەکـانی ئامڕازەکـانی ڕاگەیانـدنی جەمـاوەری گەیشتنی پەیامەکانییەتی بە جەماوەر، تەلەڤزیۆنیش بە یەکێک لە ئامڕازە گرنگەکـانی ڕاگەیانـدن دادەنرێت و ڕێگەیەکە بۆ ناردن و وەرگرتنـی وێنەی جـوڵاو، کە ئـامڕازێکی ناڕاسـتەوخۆیە و لە

(١) بڕوانە:

- رفعت عارف الضبع، **التلفزيون النوعي**، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠١١)، ص١٨-١٩.

– Alan Rosenthal**, Writing, Directing, and Producing Documentary Films and Videos**, 4th ed, (USA: Sauthern Illino is University Press, 2007), p.103.

(٢) عبدالجبار ولي، **المفاهم الأساسية لعملية الاتصال اللغوي والتصويري**، (بغداد: إصدارات معهد التدريب الإذاعي والتلفزيوني، ١٩٨٠)، ص١١. وەرگیراوە لە: (يوهان عثمان حمه حسين، **الأشكال الفنية لبرامج الأطفال وإنتاجها في قناة كوردسات دراسة مسحية تحليلية، رسالة ماجستير (غير منشورة)**، (جامعة السليمانية: فاكلتي العلوم الإنسانية، قسم الإعلام/ التلفزيون، ٢٠١٢) ، ص ٨٦).

چرکەیەکدا بەشێوەیەکی ڕێک و پێک، وێنەی یەک لەدوای یەک دەگوێزێتەوە و پەخشەکەشی بەهۆی کامێرا و سیستمی پەخشەوە لەسەر شاشە نمایش دەکرێت[١].

لە بەرهەمهێنانی ژانرە تەلەڤزیۆنییەکاندا وێنە بە گرنگترین کەرەستە و ئامراز دادەنرێت بۆ بەرجەستەکردنی ڕاستگۆیی و وردبینی و بەڵگەی بوونی ڕاستی ڕووداوەکان. بەکارهێنانی وێنە تەنیا ئامرازێک نییە بۆ ڕازاندنەوە و بەخشینی بەهای جوانی بە ڕووداوەکان، بەڵکو لەلای بینەران بووەتە سەچاوەیەک بۆ درکپێکردن و بینینی ڕاستی ڕووداوەکان وەک خۆیان[٢].

لەو سونگەیەوە؛ بەڕای توێژەر، وێنەی تەلەڤزیۆنی لە توانایدایە، ئەوەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە لە ئێستادا زیندووی بکاتەوە و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە ڕێگەی تەکنیکی کامێرا و مۆنتاژەوە بیگۆڕێت و ڕاستییەکان وەکو خۆی نمایش بکات، بە مەرجێک نابێت وێنەکە هەڵخەڵەتێنەربێت و ڕاستی بابەتەکە بشێوێنێت، چونکە "لە بنەڕەتدا دەرهێنەر دەیەوێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دیمەنەکان و گۆشە و گرتەکانی کامێراوە، ڕاستی چیرۆکەکان وێنا بکات، ئەویش بە سەرنجدان لە باکگراوندەکانی وێنەکە کە لە ڕەهەندێکی فیکریی بەرچاودا ئەنجامدەدرێن و ڕاستی ڕووداوەکان لە قاڵبێکی وێنەی ڤیدیۆیدا نمایش دەکرێن"[٣].

چەمکی وێنەی تەلەڤزیۆنی بە مانا گشتییە فراوانەکەی "هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە بینەر لە شاشەی تەلەڤزیۆندا و لە ڕێگەی هەستی بینینەوە دەیانبینێت و لێیان تێدەگات، بەڵام دەکرێت بە مانا ڕاستەوخۆکەی وێنەی تەلەڤزیۆنی وەک یەکەی بینایی بنەڕەتی لەگەڵ توخمە بینراوەکان لە دۆخێکی جێگیر و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا پێناسە بکرێت. واتە بەتەواوی هاوشێوەی وێنەی فۆتۆگرافییە، بەڵام لەسەر کاغەز چاپ نەکراوە، بەڵکو توخمەکانی لەسەر شریتی فیلمی وێنەگرتنە و ژمارەیەکی زۆر وێنەی یەک لەدوای یەکی ڕێک و پێکە بەتێکڕای (٢٤) وێنە لە چرکەیەکدا و لە چواچێوەی کادرێکدا، جوڵە دەبەخشێتە وێنە و بە چاوی بینەردا تێپەڕدەبێت[٤]،لەبەرئەوە تەلەڤزیۆن ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ کە وێنە بە هەموو ئەو دووریانەی هەیەتی لە بەرهەمهێنانی ژانرەکانیدا بەرجەستەیان بکات. لەو ڕووەوە وێنەی ڤیدیۆیی فیلمی دۆکیومێنتاری بە هەموو پایەکانی و زمانی دەربڕین و شێوە و جۆرەکانییەوە، هەروەها هەموو ئەو هۆکارانەی یارمەتیدەرن لە دیاریکردنی گۆشە و جوڵە و باکگراوندی دەرکەوتنی لەسەر شاشە، لەڕووی دەربڕینی مانای وێنەکان و شێوەی بەکارهێنانییەوە، بە

---

(١) سارا قادر محمد، **توندوتیژی دژی ژنان لە زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی- کوردیدا**، **نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)**، (زانکۆی سلێمانی: فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠١٢)، لا٦٥.

(٢) أديب خضور، **مدخل إلى الصحافة نظرية و ممارسة**، ط٣، (دمشق: المكتبة الاعلامية (٢١)، ٢٠٠٨)، ص١٣٣.

(٣) ميلاد ألفي جرجس، **الإذاعة والتلفزيون كظاهرة عالمية**، (عمان: دار غيداء للنشر والتوزيع، ٢٠٢٠)، ص٢٧.

(٤)علي عزيز بلال، **الفيلم التسجيلي التلفزيوني من الفكرة إلى الشاشة**، (دمشق: الهيئة العامة السورية للكتاب، ٢٠١٣)، ص١٤.

بەشێک لە وێنەی ڤیدیۆیی لە نمایشکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بینراو دادەنرێت، چونکە فیلمی دۆکیومێنتاری، پشت بە بەکارهێنانی وێنە دەبەستێت[1].

بەشێوەیەکی گشتی لە فیلمی دۆکیومێنتاری تەلەفزیۆنیدا سێ جۆر وێنە بەکاردەهێنرێت کە بریتین لە:

**١- وێنەی وەستاو یان (وێنەی فۆتۆگرافی ئەرشیفی):**

وێنەی وەستاو دەکرێت وێنەیەکی فۆتۆگرافی یان نەخشەیەک بێت، کاتێک بەکاردەهێنرێت ئەگەر وێنەی زیندووی بابەتەکە بەردەست نەبێت، هەروەها بە مەبەستی پێدانی باکگراوندی مێژوویی بۆ ڕووداوەکان بەگەڕدەخرێن[2]. بۆ نمونە کاتێک فیلمێکی دۆکیومێنتاری لەسەر مێژووی شاری سلێمانی ئەنجامدەدرێت، دەرهێنەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وێنە فۆتۆگرافییانەی لە ئەرشیفدا وەک پاشخانێکی بەڵگەیی هەڵگیراون، لەبەرئەوەی ناتوانرێت جارێکی دیکە ئەو وێنانە بەرهەمبهێنرێنەوە کە لەڕابردوودا وێنەگیراون.

**٢- وێنەی جوڵاو:**

یەکێکە لە هەنگاوە هونەرییە داهێنەرەکانی وێنەی تەلەڤزیۆنی، بە یەکێک لە سەرەکیترین و گرنگترین جۆرەکانی وێنە هەژمار دەکرێت، وێنەی جوڵاو لە هەرکارێکی هونەری دیکە جیادەکرێتەوە بەوەی کار لەسەر یەک گرتەیی دەکات و دواجار لە کۆی چەند گرتەیەک دیمەنێک بۆ وەرگر دەخولقێنێت، بەڵام ناتوانین بە تەنیا بڕیار لەسەر وردبینی یان کوالیتی هونەری و باشی وێنەکە بدەین، ئەگەر چوار ڕەگەزە پێکهێنەرەکەی وێنەی جوڵاو کە خۆیان دەبیننەوە لە: (شێوە، هێڵ، گروپ و جوڵە)، بە باشی پێکەوە کارا نەکرێن و هەماهەنگی لەنێوانیاندا نەبێت، چونکە تەواوکاری لەنێوان ڕەگەزەکاندا دەبێتەهۆی ئەوەی وێنە جوڵاوەکە زیندوێتی و ڕوونی بە دیمەنەکە ببەخشێت. لە هەمانکاتیشدا بەگشتی گوزارشت لە کەشی دیمەنە وێنەگیراوەکە و باری دەروونی وێنەگران و ئەوانەشی وێنەیان دەگیرێت دەکات، کەواتە دەکرێت بە وێنەیەکی جوڵاو گوزارشت لە هەزاران وشە بکرێت[3].

**٣- وێنەی گرافیک:**

لە هەر ژانرێکی تەلەڤزیۆنیدا بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە و تیشکخستنەسەر لایەنێکی دیاریکراو دەربارەی بابەتە تەلەڤزیۆنییەکە بەکاردەهێنرێت، ئەو ماددانەی بە وێنەی گرافیکی ناسراون بریتین لە: (نەخشە، هێڵکاری، ژمارەو خشتەی ئاماری)[4].

---

(١) أحمد مطهر عقبات، **التعبير الصوري في البرنامج التلفزيوني**، (تونس: **مجلة الاذاعات العربية، عدد ٤**، ٢٠٠٣)، ص٨٧.

(٢) أديب خضور، كمال بديع الحاج، **الكتابة للإذاعة والتليفزيون**، (جامعة دمشق، مركز التعليم المفتوح، ٢٠٠٥)، ص٥٦.

(٣) بارعة شقير، كمال بديع الحاج، **الإخراج الإذاعي والتلفزيوني**، (سوريا: جامعة دمشق، ٢٠١٨)، ص٢٦١.

(٤) عدالت عبدالله، **التقرير الإخباري التلفزيوني مفهومه– نشأته– بنائه**، (لبنان: دار العلوم العربية، ٢٠٢١)، ص٩٨.

گرافیک جێگرەوەی مادده فیلمییەکانە و چارەسەرێکی گونجاوە بۆ ئەو ڕووداوانەی وێنەی جوڵاویان نییە، بەڵام دەبێت ڕوون و ئاشکرابن و گونجاندن (هارمۆنییەت) لە بەکارهێنانی ڕەنگەکانیدا هەبێت و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چیرۆکی بابەتەکەوە هەبێت، نەک تەنیا بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی کەموکورتی لە نەبوونی وێنەی جوڵاودا بەکاربهێرێت[١].

بەشێوەیەکی گشتی، لەکاتی بەکارهێنانی وێنەی ڤیدیۆیدا، بۆئەوەی وێنەیەکی تەلەڤزیۆنی سەرکەوتوو بەدەستبهێنرێت، لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری و ژانرەکانی تەلەڤزیۆنیدا، دەبێت وێنەگر لە کاتی وێنەگرتندا ڕەچاو کۆمەڵێک فاکتەر بکات، ئەوانیش:

**ا- بواری بینین:** مەبەست لە قەبارەی چوارچێوەی کامێرا (کادر) یان مەودای دووری و نزیکی وێنەکەیە لە چاوی بینەرەوە، بەشێوەیەکی گشتی دابەشدەکرێت بۆ (گرتەی گشتی زۆر دوور، گرتەی گشتی، گرتەی مامناوەند، گرتەی نزیک، گرتەی زۆر نزیک)، هەروەها گرتەی دووانی و سیانی، کە پێویستە لەسەر وێنەگر قەبارەی گرتەکان بەڕێک و پێکی وەربگرێت، تاکو مانای گرتەکان نەشێوێندرێت.

**ب- مەودای بەشی سەرەوەی شاشە، کە بە بواری سەر Headroom ناودەبرێت:** دەبێت مەودای ژوورووی سەری ئەو کاراکتەرەی وێنەی دەگیرێت ڕەچاو بکرێت، واتا مەودایەکی بەتاڵ لە سەرەوەی سەری کەسەکە بەجێبهێڵدرێت بۆ بەدەستهێانی هاوسەنگی ستوونی وێنەکە، تاوەکو وا دەرنەکەوێت کە کەسە وێنەگیراوەکە لە چوارچێوەی وێنە تەلەڤزیۆنییەکەدا بەگیر هاتووە.

**پ- باکگراوندی وێنە:** وێنەگر دەبێت خۆی بەدوور بگرێت لە بابەتە نەویستراوەکان کە پەیوەندییان بە بابەتە ویستراوەکانەوە نییە، چونکە هەندێکجار وێنەگر گرنگی بە هەندێک شت نادات کە لەچوارچێوەی بابەتە وێنەگیراوەکەدا بوونیان هەیە و لە باکگراونددا دەردەکەون، ڕەنگە دیمەنی جوانکاری وێنەکە بشێوێنێت بۆیە دەبێت بزانێت ئەو کادرەی وێنەی گیراوە بابەتی زیادەی ناپەیوەندیداری تێدا نەبێت[٢].

**ت- مەودای ئاڕاستەی بینینی کەسە وێنەگیراوەکە، یان مەودای قسەکردن Lead room or Nose room:**
ئەگەر کەسی وێنەگیراو لەچوارچێوەی وێنەکەدا دەرکەوت و لێدوانیدا، بەڵام کامێرا ڕووبەڕووی نەبوو، دەبێت بۆشاییەکی گونجاو لە بەردەم کەسەکەدا دابنرێت، بەجۆرێک کە ئاستی چاوی و لێوەکانی ڕووی لە کامێراکە بێت، کە هێمای ئەوەیە، بۆ کەسی بەرامبەر کە لەسەر شاشە دیارنییە لێدوان دەدات، نابێت بۆشاییەکی زۆر لەپشتی کەسەکەوە جێبهێڵدرێت و شێواوی لەمانای وێنەکەدا دروستبکات.

---

([١]) هەردی ئەحمەد دەروێش، **پەیامنێر، ڕۆڵ، ئەرک و تایبەتمەندییە پیشەییەکان**، (کەرکوک: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٨)، لا٦٥.

([٢]) ایمان عبدالرحمن حمید، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٨٣-٨٤.

**ج- بواری ڕۆیشتن:** کاتێک وێنەی کەسێک دەگیرێت کە لەناو شاشەدا دەڕوات و ڕێدەکات، دەبێت لەبەشی پێشەوەی ئاڕاستەی ڕۆیشتنی کەسەکەدا بۆشایی گونجاو جێبهێڵرێت و بواری ڕۆیشتنی هەبێت، چونکە بواری ڕۆیشتن لەگەڵ جوڵەی کامێرادا بەشێکی گرنگی فێربوونی چۆنییەتی بەکارهێنانی وێنە و جوڵەی کامێرایە. کارێکی ئاسایی نییە کاتێک کەسەکە لەسەرخۆ ڕێدەکات، بکەوێتە ڕۆخی شاشەکە و دواتر کامێراکە بسوڕێنیت و بتەوێت بیگریتەوە، چونکە ئەو جۆرە جوڵەکردنە بە کامێرا ناپیشەیی وێنەگر نیشاندەدان.

**چ- پێوانەی تەواو:** هەوڵبدە پێوانەی تەواو بۆ چوارچێوەکە دروست بکەیت و وردەکاری تەواوی تێدا ئەنجامبدەیت، نابێت بەشە گرنگەکانی وێنەکە لەچوارچێوەکەدا دیارنەبن، بەڵکو دەبێت هەرچوارلای چوارچێوەکە بەشێوەیەکی باش و تەواو ئەندازە بکرێن، چونکە هەڵبژاردنی پێوانەی تەواو بۆ چوارچێوەکە گرنگترین بەشە لە بەدەستهێنانی وێنەکی باش و سەرکەوتوو[1].

لێرەدا دەکرێت بڵێین لە وێنەی تەلەڤزیۆنیدا پێکهاتەی گرنگ و پڕ بایەخ هەیە و پێیدەوترێت کادری تەلەڤزیۆنی، هەر وێنەیەکی تەلەڤزیۆنیش لە کۆمەڵێک گرتە پێکدێت و هەر گرتەیەکیش چەندین ماناو ئاماژە لەخۆی دەگرێت، کە لە ڕێگەی چەند هونەرێکەوە بەرهەمدەهێنرێت، وەک: (هونەری وێنەگرتن و دەرهێنان، دیاریکردنی جوڵەی گرتە و گۆشەنیگای وەرگرتنی گرتەکان)، کە لە کۆتاییدا سەرجەمیان وێنەیەکی ڤیدیۆیی تەلەڤزیۆنی دروستدەکەن و پێیدەوترێت (کادری تەلەڤزیۆنی)[2].

بەکارهێنانی کامێرای تەلەڤزیۆنی لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە گواستنەوەی وێنەی ڤیدیۆیی بۆ شتێک کە لە شوێنێکدا هەیە و مەبەست لێی تۆمارکردنییەتی بە کامێرای ڤیدیۆ، کەواتە بە وەرگرتنی گرتەیەک لە وێنەی بابەتە دۆکیومێنتارییەکە، دەتوانین کاریگەری لەسەر بینەرو بڕواپێهێنانی بە ناوەڕۆکی گرتەکە دروست بکەین، ئەوەش وا دەخوازێت کە گرتەکە گوزارشت بەخش و کاریگەربێت و لە ڕێگەی شێوازێکی هونەری نوێوە بخرێتەڕوو کە زیندوویەتی لەخۆ بگرێت[3].

بە گشتی، ناکرێت فیلمی دۆکیومێنتاری بەبێ بوونی گۆشە و گرتەی وێنەی تەلەڤزیۆنی و جوڵەکانی کامێرا، لە بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی بە بینینسازیی چیرۆکی پاڵەوانی ناو فیلمەکەدا بەرهەمبهێنرێت، بۆ ئەو مەبەستەش لە پێناو بنیاتنان و ئامادەکردنی وێنەیەکی تەلەڤزیۆنی

---

([1]) برزۆ ئیسماعیل مەنسوور، **پیشەگەری و تەکنیکەکانی بەرهەم لە شاشەی تەلەفزیۆن**، (هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری، ٢٠١٠)، ل٨٢-٨٣.

([2]) نسمة أحمد البطريق، **الكتابة للإذاعة والتليفزيون**، (القاهرة: الدار العربية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩)، ص١٤١.

([3]) رستم أبو رستم، **جماليات التصوير التلفزيوني**، (الأردن: المعتز للنشر والتوزيع، ٢٠١٠)، ص١٣.

گونجاو و مانابەخش لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا، پێویستمان بەسێ بواری سەرەکی هەیە، کە دەبێت پەیڕەوبکرێت لەکاتی وەرگرتن و بەکارهێنانی وێنەی تەلەڤزیۆنیدا، ئەوانیش بریتین لە:

**١- قەبارەی گرتەکانی وێنەی تەلەڤزیۆنی:**

گرتە (Shot)؛ بچووکترین یەکەیە کە دیمەنی ڕووداوە دراماتیکییەکانی لەسەری بنیاتنراوە، هەر دیمەنێک (Scene)* مەبەستێکی تایبەت و دیاریکراو لەخۆدەگرێت، بەڵام ئەگەر بە تەنیا گرتەیەک نەیتوانی ئامانجی خۆی بپێکێت، پێویستە دەستبەجێ بۆ تەواوکردنی ئامانجەکەی گرتەیەکی دیکەی بەدوادا بێت و پێکەوە سەرجەم پێکهاتە و مانا دیاریکراوەکان لەخۆ بگرن و لەگەڵ دۆخی گشتی فیلمەکەدا بگونجێن، لەبەرئەوەی دیزاینکردنی گرتە بەشێکی گرنگ و بنەڕەتییە لە کاری بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاریدا[١]. ئەو پانتاییەی گرتەی دیمەنێک داگیری دەکات ڕەنگە لە ڕووی کاتەوە لە ٥ دەقیقە زیاتربێت یان کورتتربێت لە چەند چرکەیەک. هەروەها لەسەر بنەمای قەبارەکانی گرتە ناویان لێنراوە[٢]، هەریەکەیان لە چوارچێوەی بەکارهێنانیاندا ئەرک و مانا و مەبەستی دیاریکراو و تایبەتیان هەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێن بە چەند گرتەیەکی سەرەکییەوە، ئەوانیش[٣]:

**١- گرتەی گشتی یان گرتەی درێژ Long Shot (LS):**

پێیدەوترێت گرتەی بنەڕەتی یان گرتەی بنیاتنان (establishing shot)، بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتووە لە گرتەیەکی گشتی درێژ بۆ ئەو شوێنەی کە ئامانجمان وێنەگرتنییەتی، بەکارهێنانی ئەم جۆرە گرتەیە زیاتر پەیوەستە بە پێویستی و دیدی بینەرەوە بۆ بینینی شوێنی ڕووداوەکە و هەندێک لە کاراکتەرە جیاوازەکان و هەموو ئەو شتانەی کە لە گرتە گشتییەکەدا دەردەکەوێت[٤].

لەگرتەی گشتیدا جەخت دەکرێتەوە لەسەر ناوچەی پشتەوەی شوێن و ژینگەی دەوروبەری ئەو بابەتەی دەمانەوێت وێنەی بگرین[٥]، ڕوومالّی پانتاییەکی نادیاریکراو بۆ ئەو شوێن و دیمەنانە دەکات کە ئامانج لێیان وێنەگرتنە، لەبەرئەوە بە گرتەی (Full shot) ناسراوە[٦].

گرتەی گشتی دابەشدەکرێت بۆ دوو جۆر گرتە کە پێکدێن لە:

---

(١) حسن علي قاسم، **التصوير التلفزيوني الأسس، المبادیء، التقنيات**، (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٩)، ص١٧١.

(٢) عبد الباسط سلمان، **الإخراج والسيناريو في السينما والقنوات الفضائيي التليفزيوني ومؤسسات أخرى**، (القاهرة: الدار الثقافية للنشر، ٢٠٠٦)، ص٥٨.

(٣) كاظم مؤنس، **قواعد أساسية في فن الإخراج التلفزيوني والسينمائي**، (إربد: عالم الكتب الحديث، ٢٠٠٦)، ص٣٧.

(٤) علي فرجاني، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٣٧٣.

(٥) كاروان محمد حسن، **أثر الإخراج التلفزيوني في جذب اهتمام المشاهدين للنشرات الإخبارية في الفضائيات الكوردية دراسة تحليلية- ميدانية**، (سلێمانی: لەبڵاوکراوەکانی تۆڕی ئەکادیمیاو دیالۆگی میدیا، ٢٠١٩)، ص٤٨.

(٦) كرم شلبي، **الإنتاج التلفزيوني وفنون الإخراج**، (بيروت: دار ومكتبة الهلال، ٢٠٠٨)، ص٦٩.

**ا- گرتەی گشتی زۆر دوور Etream Long Shot (ELS):**

لەم گرتەیەدا وێنەی دوورترین مەودای دیمەنی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە وەردەگیرێت، کە زیاتر لە سەرەتای دەستپێکی فیلمەکاندا بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی شوێنی پەیوەندیدار بە فیلمەکەوە. هەروەها بۆ ئەوەی بینەر پەی بە جیاوازی شوێنی دیمەنە وەرگیراوەکان نەبات، لە کاتی پێکەوەبەستنیان لەگەڵ گرتەی پاڵەوانی فیلمەکەدا[١].

ئەم گرتەیە زۆرترین بڕی زانیاری تێدایە کە دەتوانێت بگاتە چاوی بینەر، واتە دیمەنی شوێنێک لە دوورەوە نمایشدەکات، بە جۆرێک لەشی مرۆڤ وەک خاڵێکی بچووک دەردەکەوێت و بینەر ناتوانێت بیناسێتەوە و ئەستەمە جیاوازی بۆ بکرێت لەنێوان نێرو مێدا، چونکە ئەم جۆرە گرتەیە لە خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی دیمەنەکەدا، دیاریکردنی دیمەنەکەی لەلا گرنگترە وەک لە ناسینەوەی کەسەکان، ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ بەدەستهێنانی سامانی زانیاری گشتی، کە ڕووداوەکە لە (کوێ) ڕوویداوە[٢].

**ب- گرتەی گشتی دوور Very Long Shot (VLS):**

هەندێکجار ئەم گرتەیە وەک بناغەی دەستپێکردن بە گرتنی دیمەنێک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو شوێنەی وێنەی دەگیرێت بەکاردەهێنرێت[٣]، بەجۆرێک جەستەی پاڵەوانی فیلمەکە بە قەبارەیەکی بچووک لە نێو چوارچێوەی دیمەنی ئەو شوێنەی مەبەستە لە فیلمەکەدا نیشاندەدرێت، تاکو پەیوەندی پاڵەوانەکە بە ژینگەی دەووروبەری دیمەنە وێنەگیراوەکە دەربخات و سەرلێشێواندن لای بینەر دروست نەکات[٤].

**٢- گرتەی مامناوەند Medium Shot (MS):**

ئەم جۆرە گرتەیە لە بواری وێنەگرتنی سینەما و تەلەڤزیۆندا باوە، کە گرتەکە ئاستی وەرگرتنی ئاسۆیی دەبێت و بەشی پێشەوە و باکگراوندی پشتەوەی، جێگەی هاوێنەی کامێرادەبێت[٥].

گرتەی مامناوەند دەکەوێتە نێوان گرتەی (Close Up)و گرتەی (Long shot)ەوە، بۆ نیشاندانی جۆرێک لە ساکاری گواستنەوەی نێوان هەردوو قەبارەی گرتەکە، بۆ نمونە لەکاتی گرتنی وێنەی کەسێک ئەم گرتەیە لە ناوقەدی کەسەکەوە دەستپێدەکات تا سەرووی سەری[٦]،

---

(١)غسان عبد الوهاب الحسن، **الصحافة التلفزيونية**، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٣)، ص٢٢٨.

(٢) على حسن العتر، **حرفيات الإخراج التليفزيوني**، (القاهرة: سلسلة كتب دراسات السينمائية، ٢٠١٦)، ص٥٥.

(٣) حيدر حسون الفزع، استقلال دليل العازمي، **فن الإخراج**، (بغداد: تصدر عن مؤسسة الاعلام العربي للانتاج الاعلامي والتلفزيوني، بدون التاريخ)، ص١٣٦. وەرگیراوە لە: (کاروان محمد حسن، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٤٨).

(٤) جوناثان بجنيل، جيرمي أورليبار، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٣٢٦.

(٥) نجم شهيب، **كتابة السيناريو**، (عمان: دار المعتز للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤)، ص٥١-٥٢.

(٦) ميلاد ألفي جرجس، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٢٦٦.

بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر قەبارەی جەستەی مرۆڤ دەکات، بەبێ جەختکردنە سەر ژینگەی دەووروبەری. کەواتە ئەم گرتەیە بەکاردێت بۆ تیشک خستنەسەر پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک، زۆرجاریش دەرهێنەر بەکاریدەهێنێت بۆ ئەو دیمەنەی کە ناوەڕۆکەکەی بریتییێت لە ململانێیەکی درامی، لەبەرئەوەی گرتەی مامناوەند دەتوانێت شێوەی گوزارشتی دەم و چاو و جوڵەی جەستە و پارێزگاری کردن لە گۆڕانکارییەکانیاندا بەرجەستە بکات.

گرتەی مامناوەند دابەشدەکرێت بۆ سێ جۆر قەبارەی دیکەی گرتە کە پێکدێن لە:

**ا- گرتەی مامناوەندی نزیک Medium Close Up (MCU):**

هەندێکجار بە گرتەی سنگ (Chest Shot) ناودەبرێت و تیایدا ڕووبەری جەستەی مرۆڤ لە سەرووی سەرەوە تا خوارووی سنگ دەردەکەوێت[١].

لەم گرتەیەدا تایبەتمەندییەکانی ڕووخسارو شێوازو ڕەنگی قژو ئارایشتکردنی پاڵەوانەکان زۆر بەڕوونی دەردەکەون، تا ئاستێک کە بینەر دەتوانێت خوێندنەوە بۆ چاوەکانیان و هەست و سۆزیان بکات، لەبەرئەوەی ئەم گرتەیە زۆرترین زانیاری لەسەر کاراکتەرەکان نمایشدەکات، لە کاتی گفتوگۆکردن یان گوێگرتن یان ئەنجامدانی کردارێک کە جوڵەی جەستە یان سەری زۆر تێدا نەبێت، یەکێکە لە باوترین ئەو گرتانەی لە بواری فیلمسازیدا کاری لەسەردەکرێت[٢].

**ب- گرتەی ئەمریکی American Shot:**

لەم گرتەیەدا ڕووبەری جەستەی مرۆڤ لە کۆتایی ئەژنۆکانەوە تا سەر دەردەکەوێت و بە گرتەی ئەمریکی بە ناوبانگە و ٣/٤ ی درێژی لەشی تیادا دەردەکەوێت، لە زۆربەی فیلمە سینەماییە ئەمریکییەکاندا بەکاردەهێنرێت[٣].

**پ- گرتەی مامناوەندی درێژ Medium Long Shot (MLS):**

ئەو گرتەیەیە کە بەکاردەهێنرێت بۆ وێنەگرتنی جەستەی مرۆڤ بەشێوەیەکی تەواوەتی، لەگەڵ بوونی مەودایەکی کورت لە سەروو خوارووی لەشەوە، (واتە ڕووبەرێکی دیاریکراو لە سەروو خوارووی شاشەکە بەجێدەهێڵرێت)[٤].

**٣- گرتەی نزیک Close Up Shot (CU):**

ئەم گرتەیە لە سەرووی سنگەوە ڕاستەوخۆ تا سەرەوەی سەری کەسەکە وێنە دەگیرێت، بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی بینەر بۆ چاو و دەمی پاڵەوانەکە، کە بەهۆیەوە دەتوانێت ڕەنگی

---

(١) رستم أبو روستم، **جماليات التصوير التلفزيوني**، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢.

(2) Roy Thompson, Christopher J. Bowen, **Grammar of the Edit**, Second Edition, (USA: Elsevier, Focall press, 2009), p.18.

(٣) طالب فرحان، **صناعة الإعلام الإذاعي والتلفزيوني المقومات الفنية والمهنية لرجل الإعلام الإسلامي**، (عمان: دارالنفائس، ٢٠١١)، ص٤٢.

(٤) كرم شلبي، **الإنتاج التلفزيوني وفنون الإخراج، سەرچاوەی پێشوو**، ص٧٠.

پێست و شێوەی ڕووخساری کەسەکە بەڕوونی ببینێت و هەستی پێبکات، هەندێکجاریش ئەم گرتەیە بە گرتەی گەورە (Big Close Up) ناودەبرێت[١].

گرتەی نزیک بۆ بابەتێک یان کەسێک بەکاردەهێنرێت، کە ئامانج لێی دەرخستنی بەشێکی گرنگی ئەو بابەتەیە کە وێنەی دەگیرێت، زۆرجار لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا تەنیا بۆ وەرگرتنی گرتەی سەری چیرۆکخوانەکە لە کاتی چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردنیدا بەکاردەهێنرێت، تاکو لە ڕێگەیەوە ئاستی بینین بۆ بینەران بخرێتەڕوو بەبێ ئەوەی کاریگەری نەرێنی لەلای بینەر دروست بکات، بۆ نموونە وەرگرتنی گوزارشتەکانی دەم و چاو، کە یارمەتی بینەر دەدات بۆ دروستکردنی بیرکردنەوەیەکی باشتر لەبارەی پاڵەوانەکەوە[٢].

لەم بوارەدا گرتەی نزیک پۆلێن دەکرێت بەسەر چەند جۆرێکی تردا[٣]:

**ا- گرتەی لە ڕادەبەدەر نزیک Extreme close up shot (ECU):**

ئەم گرتەیە بەشێک لە دەم و چاو یان ئەندامێکی بچوکی جەستەو تایبەتمەندییەکانی بەرجەستە دەکات، بۆ نموونە دەست لەرزین وەکو ئاماژەیەک بۆ توڕەبوون یان ترس و دڵەڕاوکێ لە هەڵچوونەکانی مرۆڤدا دەردەخات، هەروەها زۆرتر بۆ مەبەستی شیکارکردن لە بەرنامە زانستی و پەروەردەییەکان و فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا بەکاردەهێنرێت.

**ب- گرتەی زۆر نزیک Very close up shot (VCU):**

ئەم گرتەیە مەودایەک لە ناوەڕاستی دەم و چاوەوە بۆ سەرووی چەناگە پیشاندەدات، بۆنمونە وێنەگرتنی بەشێکی ڕوومەتی مرۆڤ وەک ئاماژەیەک بۆ دەرخستنی باری دەروونی ئەو کەسە لەڕیگەی شێوەی دەم و چاوییەوە[٤]، یاخود بەشێکی زۆر بچووکی ماددەیەک وێنەی دەگیرێت، بۆ نمونە وەرگرتنی وێنەی براندێکی بازرگانی لەچوارچێوەی دوکانێکدا. گرتەی نزیک ئەم تایبەتمەندییانە لەخۆدەگرێت[٥]:

١- جەختکردنەوە لەسەر شتێکی دیاریکراو و سەرنجڕاکێشانی بینەر بۆ ئەو بابەتەی لە چوارچێوەی گرتە تەلەڤزیۆنییەکەدا دەردەکەوێت.

٢- دەرخستنی پەرچەکردارو هەڵچوونەکانی پاڵەوانەکان، کە لەڕێگەی شێوەی دەم و چاو و ئەندامەکانی جەستەوە دەردەکەون.

---

(١) خليل شحادة، **الإخراج التلفزيوني**، (الأردن: دار المعتز للنشر والتوزيع، ٢٠١٣)، ص١٢٣.

(٢) انصاف عثمان الزاكي الحسن، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١١١.

(٣) بڕوانە:

- نهلة عيسى، **الإخراج الإذاعي والتلفزيوني**، (الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠)، ص١٨٣.

- غمشي بن عمر، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٣٥.

(٤) جميل حمداوي، **سيميوطيقا الصورة السينمائية**، (تطوان: دار الريف للطبع والنشر الإلكتروني، ٢٠٢٠)، ص٢٥.

(٥) علي فرجاني، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٣٧٤.

٣- بـاری دەروونـی و نـاخی کاراکتەرەکـان و هەڵوێسـتیان بـۆ پەسـەندکردنی ڕووداوەکـانی دەووروووبەریان  ئاشکرا دەکات.

لەچوارچێوەی باوترین قەبارەی گرتە سەرەکییەکانی وێنەی تەلەڤزیۆنیدا، چەند پێوانەیەکی دیکەی گرتە هەن، وەک تەواوکەری گرتە بنەڕەتییەکان بەگەڕدەخرێن و ڕۆڵـی کامێرا چالاک دەکەن بە دروستکردنی گرتەی سەرنجڕاکێش، ئەوانیش[١]:

**- گرتەی لەسەرووی شانی بەرامبەرەوە Over the shoulder shot (OTS):**

لەسـەر شـانی کـاراکتەرێکەوە کە سـەیری بکەرێـک یـان بابەتێـک یـان کـارەکتەرێکی دیکە دەکات، وەردەگیرێت[٢]، واتە ئەو کاراکتەرە پشتی لە کامێرایە و لە شـانی ڕاست یان چەپییەوە وێنەی کارەکتەرەکەی دیکە یان بکەرەکە دەگیرێت.

**- گرتەی ڕوانگەیی یان گۆشەنیگا Point Of View Shot (POV):**

ئەو گرتەیەیە کە کاراکتەری فیلمەکە لەچاوی کامێراوە تەماشای دیمەنێک دەکات، بۆنمونە کاتێک لە دیمەنێکدا دەردەکەوێت، کاراکتەرەکە سەرقاڵی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە و لە گۆشـەی چاوەکـانییەوە وێـنەی دوگـمە و پیتەکـانی سـەر تەخـتەی سـەرەکی  نووسـینی کۆمپیـوتەرەکە دەگیرێت[٣]، ئەم گرتەیە هەسـتێکی تـایبەت و سـەرنجڕاکێش لای بینەر دروستـدەکات و خـۆی لەناو ڕووداوەکانی فیلمەکەدا دەبینێتەوە.

**- گرتەی گروپێک لە خەڵک Shooting a group of people:**

ئەم گرتەیە لەسـەر بنەمـای ژمـارەی ئەو کـاراکتەرانەی لە نـاوەوەی کـادری تەلەڤزیۆنـدا دەردەکەون بنیات نراوە، کە دابەشدەکرێن بۆ ئەم گرتانەی خوارەوە:

**١- گـرتەی تـاکە کەسـی One   Shot:** تـاکە کەسـێک یـان کاراکتەرێـک لە کـادری وێـنەکەدا دەردەکەوێت[٤].

**٢- گـرتەی دووانـی** Tow   Shot: دوو کەس یـان کـاراکتەر لە وێـنەکەدا دەردەکەون و دیـمەنە نمایشکراوەکە لە دەووریاندا چوارچێوە دەگرێت.

**٣- گرتەی سیانی** Three Shot: بوونی سێ کاراکتەرە لە ڕووداوێکی دراماتیکیدا[٥].

---

(١) روستم أبو روستم، **جماليات التصوير التلفزيوني**، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٤.

(2) Rich Underwood, **Roll! Shooting TV News: Views From Behind the Lens**, (UK: Elsevier, 2007), p.95.

(٣) هەردی ئەحمەد دەرویش، **سەرچاوەی پێشوو**، لا٤٧.

(4) Roger Inman, Greg Smith, **Television Production Handbook**, (UK: Focal Press, 2006), p.26. https://tv-handbook.com/Television%20Production%20Handbook%202006.pdf (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/٧/٢٩، کاتژمێر (١١:٣٠) شەو).

(٥) غسان عبد الوهاب الحسن، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٢٣١.

لەکاتی وەرگرتنی ئەم گرتانەدا، گرووپەکان زیاتر بەقەبارەی گرتەی (مامناوەند یان نزیک یان لەسەرشانەوە) وەردەگیرێن.

**- گرتەی چارەسەر Cutaway:**

ئەم گرتەیە لە نمایشکردنی فیلمە سینەمایی و تەلەڤیزیۆنییەکاندا بەکاردەهێنرێت، کە سەرنج و بایەخی بینەر بۆ ڕووداوە سەرەکییەکە لە گرتەی بنەڕەتی دیمەنەکەوە دەگۆڕێت بۆ گرتەیەکی دیکە کە پەیوەندی بەڕووداوە سەرەکییەکەوە هەیە، بەڵام بەشێک نییە لێی، واتە دیمەنێک لە فیلمەکە، کە بە گرتەی سەرەکی دەستپێدەکات و پاشان بازدەدات بۆ گرتەیەکی نزیک و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ گرتە سەرەکییەکە، بۆنمونە: لە دیمەنێکدا گرتەیەکی گشتی پاڵەوانی فیلمەکە نیشاندەدرێت و بەدوایدا بە گرتەی گۆشەنیگا (point of view)، ئەوە دەردەخات کە پاڵەوانەکە تەماشای کاتژمێرەکەی دەستی دەکات و پاشان دەگەڕێتەوە سەر گرتەی گشتی پاڵەوانەکە، بەوەش ئامانجی پاڵەوانەکە بۆ بینەر ڕووندەکاتەوە و ڕێگەیەکیشە بۆ پیشاندانی تێپەڕبوونی کات[1]. هەریەک لەم گرتانە دەکرێت لەکات و ساتێکی جیاوازدا وێنە گیرابن، لەبەرئەوە گرتەی چارەسەر وەک پردێک بۆ بەستنەوەی گرتە یەک لەدوای یەکەکانی کاراکتەرێک بەکاردەهێنرێت، بۆئەوەی بتوانێت لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی دیکە بگوازرێتەوە، بەبێ ئەوەی کرداری بڕین پیشان بدرێت[2].

سەرئەنجام توێژەر ڕای وایە قەبارەی هەر گرتەیەکی وێنەی تەلەڤزیۆنی لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاریدا ماناو مەبەستێکی دیاریکراو دەبەخشێت، ئەویش بە گوێرەی قەبارەی ئەو چوارچێوەیەی لە بەرامبەر ئەو کرداروو ڕووداوانەی لە فیلمەکەدا ڕوودەدەن، لە دیمەنە نمایشکراوەکەدا بەکارهێنراوە، هەروەها ماوەی دووری وێنەی کاراکتەرەکان، شوێن، کردارەکان و دیمەنەکان لە شاشەوە، پەیوەندی تێگەیشتنی بینەر بۆ ڕووداوەکان لە فیلمەکەدا دروست دەکات، لەبەرئەوەی قەبارەی گرتەکانی وێنە یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بە ماناو ئاماژەکانی لە ڕووخساری کاراکتەرەکاندا و شوێنی پەیوەندیدار بە ڕووداوەکانەوە دەردەکەون.

---

(1) بڕوانە:

- رانيا ممدوح صادق، **الإعلان التلفزيوني التصميم والإنتاج**، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٢)، ص٨٣-٨٤.

- Masster Class staf, **Cutaway Shote Explained: Purpose of Cutaways in Film and TV**, Oct 22,2021 https://www.masterclass.com/articles/cutaway-shot-explained#what-is-a-cutaway-shot (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/١٢/٢٩، کاتژمێر (٤)ی پاشنیوەڕۆ).

(2) عاصف حميدي، **کارکردن لە تەلەفیزیۆندا: کلیلەکانی سەرکەوتن- نهێنییەکانی داهێنان**، و: حەکیم عوسمان، (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٠)، لا٧٥.

### ب- گۆشەی کامێرا Camera Angles:

مەبەست لە گۆشەی کامێرا، شوێنی کامێرایە بۆ ئەو بابەتەی وێنەی دەگیرێت، لە ڕووی بەرزی و نزمی گرتەی وێنە لە چاوی کامێراوە، ئەویش لە دوو ئاستدا بەرهەمدەهێنرێت: یەکێکیان لە ئاستێکی بەرزتر لە دیمەنەکە یان پاڵەوانی فیلمەکە وێنە دەگرێت، ئەوی دیکەیان لە ئاستێکی نزمتردا[1]، کە دەبێتەهۆی دانانی کاریگەری لەسەر بینەر بەرامبەر بە ڕووداوەکانی فیلمەکە، بۆنمونە: ئەگەر لە گۆشەیەکی نزمەوە وێنەی کاراکتەرێک وەربگیرێت، ئەوا گۆشەکە مانای گەورەکردنی کەسایەتی کاراکتەرەکە دەگەیەنێت، چونکە مەزنتر لە دیدی بینەر پیشان دەدرێت[2].

گۆشەکانی کامێرا مانا و مەبەستێکی دیاریکراو دەبەخشنە وێنەی گرتە وەرگیراوەکە، لەبەرئەوە دەبێت دەرهێنەر بزانێت بۆ چ مەبەستێک بەکاریاندەهێنێت، لە هەمانکاتیشدا پێویستە لەنێوان مانا و ناوەڕۆکی گۆشە وەرگیراوەکان و ڕووداوەکانی فیلمەکەدا گونجاندنی تەواو هەبێت، تاکو نەبێتەهۆی چەواشەکردنی بینەر[3].

دەتوانین بەپێی بەرزی و نزمی چاوی کامێرا لە بابەتە وێنەگیراوەکانەوە، گۆشەکانی کامێرا بۆ چەند جۆرێکی جیاواز سنوردار بکەین لەوانە:

#### ١- گۆشەی ئاستی بینین (Eye- Level- Angl):

لەم گۆشەیەدا وێنەگر هەڵدەستێت بە وەرگرتنی گرتەیەک، کە لە ئاستی بینینی چاوی ئەو کاراکتەرەدا دەبێت کە ڕووبەڕووی کامێرا لێدوان دەدات، واتا چاوی کامێرا لە ئاستی چاوی بینەردایە و کامێراکە بە شێوەیەکی ئاسۆی و بەرزی ١٥٠ سانتیمەتر دادەنرێت، ئەم گۆشەیە بەهۆی ئەو ئاراستە واقیع بینینەی هەیەتی، بە گۆشەیەکی بێلایەن دادەنرێت و لە هەمانکاتیشدا نرخێکی کەمی دراماتیکی هەیە[4].

#### ٢- گۆشەری سەرووی ئاستی بینین (بەرز) (High Angle Shot):

لەم گۆشەیەدا وێنەگر هەوڵدەدات لەڕێگەی هاوێنەی کامێراکەیەوە گرتەیەک وەربگرێت لە سەرووی ئاستی ئاسۆی بینینی مرۆڤەوە بێت، واتا سەرووی ئاستی هێڵی ستوونی. پێویستە هاوێنەی کامێرا لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئاراستەبکرێت، بەوەش مانا و ناوەڕۆکی گۆشەی وێنەکە، ئاماژە بۆ کەمکردنەوەی بایەخ و هێزو گرنگی و لاوازی و شکستخواردوویی

---

([1]) هاوژین عومەر، **تەکنیکی نووسینی میدیایی**، (هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٣)، ل١٩٣.

([2]) برزۆ ئیسماعیل مەنسوور، **سەرچاوەی پێشوو**، ل٩٤.

([3]) رائد محمد عبد ربه، عكاشة محمد صالح، **مبادىء الإخراج**، (الأردن: دار الجنادرية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩)، ص٢٩.

([4]) یوهان عثمان حمه، **زاويا الكاميرا التلفزيونية في برامج الأطفال، دراسة تحليلية لمسلسلات (چيرۆكانى) في قناة كوردسات، سەرچاوەی پێشوو**، ص٢٣٤.

کاراکتەرەکە دەکات، کەواتە ئەم گرتەیە بۆ کەمکردنەوەی کەسایەتی کەسێک بەکاردەهێنرێت، بە گۆشەنیگای دابەزینی ئاستی کەسەکە بۆ ئاستی زەوی[١].

**٣- گۆشەی خوارووی ئاستی بینین (نزم) (Low Angle):**

لەم گۆشەیەدا وێنەگر هەڵدەستێت بە وەرگرتنی گرتەیەک لەخوار ئاستی بینینەوەبێت، واتە گرتنی وێنەی کەسێک لەخوارەوە بۆ سەرەوە، ئەمەش زیاتر بۆ گەورەکردنی کەسایەتییەکی خاوەن هێز و دەسەڵات بەکاردەهێنرێت، بە ئامانجی گەورەکردن و بەپاڵەوان کردنیان[٢]، بۆ نمونە: پیشاندانی گرتە ڤیدیۆییەکانی ئەدۆڵف هێتلەر (Adolv Hetler)، لە سەردەمی جەنگدا بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی نازییەکان.

ئەم گۆشەیە بۆ دروستکردنی کاریگەری درامی بەکاردەهێنرێت و دەتوانێت ئاڵۆزی و گرژییەکانی ناو دیمەنە توندوتیژییەکان زیاتر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لە زیانەکانی ئەم گۆشەیە دەرخستنی کەموکورتییەکانی دەم و چاوی کەسایەتییەکان و هەڵئاوسانی ژێرچەنەیە[٣].

**٤- گۆشەی چاوی باڵندە (زۆر بەرز) (Birds Eye View):**

یەکێکە لە ئاڵۆزترین و قورسترین گۆشەکانی کامێرا، هاوێنەی کامێرا بەشێوەیەکی ستوونی لەسەرەوە لە ئاستێکی بەرزەوە ڕاستەوخۆ جەخت (Focus) دەکاتە سەر ئەو بابەتەی وێنەی دەگرێت، بەڵام لە کاتی بەکارهێنانیدا ئاماژەی گرنگ لە خۆدەگرێت و ئەوە نمایشدەکات کە، کاراکتەرەکە گەمارۆدراوە یان گوشارێکی زۆری لەسەرە و لەژێر دەستبەسەرداگرتنی دژە هێزدایە و ستەم لێکراوە و کەسێکی لاواز و بێ دەسەڵاتە، یاخود وەک کەسێکی تاوانبار دەردەکەوێت، لەبەرئەوە ئەم گۆشەیە بۆ وێنەگرتنی سەرکردە سیاسییەکان و سەرکردەکانی دەوڵەت و کەسانی خاوەن دەسەڵات بەکارناهێنرێت[٤].

زۆرجار ئەم گۆشەیە بە گرتەی کرێن (crane) ناسراوە، کە خاوەنی ئاستی جیاوازە لەڕووی وەرگرتنی گۆشەوە، ئەمەش لایەنی جوانی و هونەری دەبەخشێتە گرتەکە و ئامانج لێی دەرخستنی وردەکاری و زانیاری تێر و تەسەلە لەبارەی ئەو بابەتەوە کە وێنەی دەگیرێت[٥].

---

(١) بڕوانە:

- سهير جاد، سامية أحمد على، **البرامج الثقافية في الراديو والتليفزيون**، ط٢، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ١٩٩٩)، ص٣١.
- يوهان عثمان حمه، **زاويا الكاميرا التلفزيونية في برامج الأطفال، دراسة تحليلية لمسلسلات (چيرۆكانى) في قناة كوردسات، سەرچاوەی پێشوو**، ص٢٣٤.

(٢) كاوه عزالدين عبدالرحمن، **استخدام مؤثر القطع في فيلم "كوێستانى سپى" دراسة وصفية تحليلية**، (گەرمیان: **گۆڤاری زانکۆی گەرمیان**، **ژمارە ١٣**، ٢٠١٧)، ص٥٧٤.

(٣) حسن على قاسم، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٧١.

(٤) بڕوانە:

- لوي دي جانيتي، **فهم السينما**، ت: جعفر علي، (بغداد: وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر، ١٩٨١)، ص٣١.
- جمال محمد عبدالحي، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٢٤١.

(٥) عبد الباسط سلمان، **سحر التصوير فن وإعلام**، (مصر: دار الثقافية للنشر، بدون سنة الطبع)، ص٣٤.

**٥- گۆشەی چاوی بۆق یان مێرووله (زۆر نزم):**

ئەم گۆشەیە بە پێچەوانەی گۆشەی چاوی باڵندەوەیە و کامێرا زۆر لە خوارووی ئاستی بینینەوە دادەنرێت، بەگۆشەی بینینی چاوی بۆق بۆ سەرەوە[١]، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ڕێزگرتن و گەورەکردنی کاراکتەر و بابەتەکان. هەروەها ڕێگە بە بینەر دەدات بە ڕوونی دیمەنی ئەودیوی کاراکتەرەکە (Background) ببینێت و چێژ لە فیلمەکە و تێگەیشتن لە ڕوانگەی کاراکتەرەکان وەربگرێت[٢].

**٦- گۆشەی تەنیشت (Side Angle):**

بریتییە لەو گۆشەیەی لە تەنیشتەوە وێنەی کاراکتەرەکە دەگیرێت و لایەکی ڕووخساى لە شاشەی تەلەڤزیۆنەکەدا نیشان دەدرێت، ئەمەش جۆرێک لە ڕووتەختی دەداتە وێنەکە، لەبەرئەوە ئەگەر لەڕووی تێڕوانینەوە نەخوازراو بوو، پێویستە ئەم گۆشەیە لاببرێت، چونکە هەستێکی بێ وەڵام دەبەخشێتە بینەر بەرامبەر بەو کاراکتەرەی وێنەی گیراوە[٣].

**٧- گۆشەی لار (Canted Angle):**

بەگۆشەی ئەڵمانی ناسراوە و زۆرجار بە (slanted) ناوردەبرێت و گۆشەیەکی خوارو نزمە[٤]، کە بەهۆی نامۆیی و دەگمەنییەکەیەوە گۆشەیەکی سەرسوڕهێنەرە و بۆ کۆمەڵێک دیمەنی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، چونکە جەخت دەکاتە سەر بارودۆخە کەسییەکان و لایەنی دەروونی تاک. هەروەها نیگابەخشە بە جوڵەی دڵەڕاوکێ و ڕاڕای و گومانـاوی، لەبەرئەوە پێویستی بە هۆشیارییەکی ورد و ئاگاییەکی زۆر هەیە لە بەکارهێنانیدا. ئەم گۆشەیە گوزارشت لە تێڕوانینی ئەو کەسە دەکات کە لە دیمەنەکەدا بەشدارە، کە ترس و دڵەڕاوکێ و ڕەنگدانەوەی هەستی ناسەقامگیری و ناهاوسەنگی دەردەخات[٥].

لە سەرئەنجامدا بەڕای توێژەر، لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا، گۆشەکانی کامێرا هێزێکی ئەفسوناوی دەبەخشن بە لایەنی بینینی وێنەکان و جوانترکردنی فیلمەکە لەڕووی دەرهێنانەوە. هەروەها خاوەنی گوزارشتن و لایەنی جوانکاری و ڕاڤەکاری بە وێنەکان دەبەخشن و ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕن لە گەیاندنی مانا و ئاماژەکاندا و کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر بینەر دادەنێن. کەواتە چەند گرتەی جۆراوجۆر وەربگیرێت بۆ فیلمە دۆکیومێنتارییەکان، بەهەمان ئەندازەش پێویستدەکات گۆشەی جیاواز وەربگیرێت بۆ بەخشینی هێزێکی مەزن بە گرتە ڤیدیۆییەکە و

---

(١) فاروق ناجي محمود، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١٠٨-١٠٩.

(٢) طالب الشمري، **صناعة الإعلامية الإذاعي والتلفزيوني المقومات الفنية والمهنية لرجل الإعلام**، (عمان: دار النفائس للنشر والتوزيع، ٢٠١٥)، ص٤٤.

(٣) علی حسن العتر، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٦٢.

(٤) یەحیا عومەر ڕێشاوی، **توێژینەوەی میدیایی**، (سلێمانی: چاپخانەی ناوەندی سارا، ڕێکخراوی چاودێری میدیای کوردی، ژمارە: ١، ٢٠١٩)، لا١٧٣.

(٥) کاظم مؤنس، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٩٥.

گەیاندنی مەبەستی دیاریکراو بە چیرۆکی فیلمەکە. لێرەدا ئەرکی دەرهێنەر و وێنەگری فیلمی دۆکیومێنتارییە کە چۆن گۆشەکان دیاری دەکەن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، بەپێی ئەو بیرۆکەیەی دەرهێنەر بۆ چیرۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکەی دارشتووە، چونکە هەر گۆشەیەک بەپێی ئەو گرتەیەی وەردەگیرێت، مەبەست و مانای تایبەتی خۆی هەیە و دەبێت لەرووی ناوەرۆکەوە بگونجێت لەگەڵ سیناریۆی فیلمەکە و ئەو پەیامەی دەیەوێت بیگەیەنێتە بینەران.

**پ- جوڵەکانی کامێرا Camera Movements:**

جوڵەی کامێرا، ئامرازێکی دەستکردە و یەکێکە لە هەڵبژاردە پڕ بایەخ و ورووژێنەرەکان، کە دەستەبەرە لەبەردەم دەرهێنەردا، بۆ بڕیاردان لە ئەنجامدانی جوڵەیەکی داینامیکی و زیندوو، کە لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا ئامانجێکی دیاریکراو دەبەخشێت بە گرتەکان[1]، چونکە جوڵەی کامێرا وەک پەردەی شانۆ وایە و دەرهێنەر دەتوانێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەران کۆنترۆڵی بکات[2].

ئەگەر لە گرتەیەکدا، جوڵەی کامێرا ڕێگەی بە بینەردا شوێن جوڵە و گۆڕینی ئاراستەی ئەکتەرێک بکەوێت، یان ئەوە ببینێت کە لەڕوانگەی کارەکتەرە بەشداربووەکانەوە وێناکراوە، ئەوا ئەو گرتەیە هێزێکی تایبەت و سەرنجراکێش بە بینەر دەبەخشێت، بۆ ئەو بەش و بابەتانەی لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکەدا ئامانج و مەبەستی دەرهێنەرن[3]. جوڵەی کامێرا هێزێکی سەرەکی و بنەڕەتییە لە بەکارهێنانی وێنە لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا، نمونەش بۆ ئەو جۆرە کردارە، شوێنکەوتنی کامێرایە بۆ هەر جوڵە و هەنگاوێک کە پاڵەوانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە بە ئەنجامی دەگەیەنێت، لەو ژینگەیەی تیایدا دەژی.

بۆ ئەنجامدانی جوڵەکانی کامێرا بەلای ڕاستدا یان بەلای چەپدا یان بۆ سەرەوە یان بۆ خوارەوە، کامێرا لەسەر ڕاگر (سێ پا)ی کامێرا بە جێگیرکراوی ئەنجام دەدرێت[4]، یان لەسەرشانی وێنەگر جوڵەکان بەرهەمدەهێنرێت، ئەمەش بۆخۆی پانتاییەکی فراوانی ئازادی دەبەخشێتە وێنەگر بۆ جوڵاندنی کامێراکەی بە دەووروبەریدا[5]. هەر جوڵەیەکی کامێرا، گرنگییەکی تایبەتی و مانایەک دەبەخشێت بەو بارودۆخانەی لە ڕووداوەکاندا بوونیان هەیە و

---

([1]) كين دانسايجر، **فكرة الإخراج السينمائي: كيف تكون مخرجآ عظيمآ؟**، ت: أحمد يوسف، (القاهرة: المركز القومى للترجمة، ٢٠٠٩)، ص١٣١.

([2]) روبيرت ل. هيليارد، **الكتابة للتليفزيون والإذاعة ووسائل الإعلام الحديثة**، ت: مؤيد حسن فوزي، (الإمارات العربية المتحدة، دار الكتاب الكتاب الجامعي، ٢٠١٤)، ص٤٤.

([3]) هاني أبو الحسن سلام، **جماليات الإخراج بين المسرح والسينما**، (الإسكندرية: دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، ٢٠٠٨)، ص٤١٩.

([4]) كرم شلبي، **فن الكتابة للراديو والتليفزيون، سەرچاوەی پێشوو**، ص٣١٥.

([5])كين دانسايجر، **تقنيات مونتاج السينما والفيديو التاريخ والنظرية والممارسة**، ت: أحمد يوسف، (القاهرة: المركز القومي للترجمة، ٢٠١١)، ص١٣١.

هاوکاردەبن لە ڕوونکردنەوەی نارۆشنییەکاندا[١]. لێرەدا جوڵەکانی کامێرا دەخەینەڕوو کە لە فیلمی دۆکیومێنتاری و ژانرەکانی تەلەڤزیۆندا کاریان پێدەکرێت، کە دابەشدەکرێن بۆ سێ ڕێگەی جیاوازی جوڵە بە پێی جۆری ئەو ڕاگرەی کامێرای لەسەر جێگیر دەکرێت، ئەوانیش:

**١- جوڵەی کامێرا لەسەر سێ پای جێگیر (Tripod):**

لەسادەترین جۆری ڕاگری کامێرای تەلەڤزیۆنییە و لە سێ پا پێکدێت و لەسەر بنچینەیەکی سێگۆشەیی دادەمەزرێت، کە بە (Spider/ Spreader) ناودەبرێت و دوو جۆری هەیە (چەرخدار و بێ چەرخ)، تا بتوانرێت لەسەر زەوی جێگیر بکرێت، بە جێگیرکردنی کامێرا لەسەر سێ پای جێگیر، کە ناتوانرێت سێ پاکە و کامێراکە بەرەو پێشەوە یان دواوە بجوڵێنرێت، بەڵکو تەنیا ئەم جوڵانە بە کامێرا ئەنجام دەدرێن[٢]:

**ا- جوڵەی ئاسۆیی، پانۆرامی (Panorama movement, Panning):**

واتە جوڵاندنی کامێرا لەباری تیرەی ئاسۆییدا، ئەم جوڵەیە لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت، کە کامێرا لەسەر ڕاگری کامێرا جێگیر دەکرێت و وێنەی گۆشەیەک، لەسەر هێڵێکی خەیاڵی کە لە زهنی وێنەگردا هەیە بە گۆشەی ١٨٠ پلە دەگرێت، بە مەبەستی ئاشناکردنی ڕاستی و دروستی ڕووداوەکان[٣]. ئەم جوڵەیە لە لای ڕاستی دیمەنە وێنەگیراوەکەوە بۆ لای چەپ دەستپێدەکات یان بەپێچەوانەوەیە و ناو دەبرێت بە (pan right & pan left)[٤]، جوڵەی pan جوڵەیەکی لەسەرخۆ و نەرم لەسەر شاشە نمایش دەکات، کە ڕادەی خێرایی و هێواشییەکەی کاریگەری خۆی هەیەو ڕووخسارێکی جیاواز دەبەخشێتە ناوەڕۆکی گرتەکان لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا. گرنگی ئەم جوڵەیە بریتییە لە بەخشینی توانا بە بینەران بۆ سەرنجدانیان لە دیمەنە گرنگ و کاریگەرەکان، هەروەها ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم جوڵەیە بریتییە لە: پێویستی دەستپێکردنی دیمەنێک بۆ بەدواداچوون بەدوای تەنەکان و کاراکتەرەکان یان بۆ بینینی پێوانەی دیمەنێک بۆ پیشاندانی پەیوەندی نێوان پاڵەوانی فیلمەکە بە کاراکتەرێکی دیکەوە، یاخود ئەو تەنانەی پەیوەندییان بە بابەتی فیلمەکەوە هەیە[٥].

**ب- جوڵەی ستوونی (Tilte up and Tilte down):**

بریتییە لە جوڵەی کامێرا لە سەرەوە بۆ خوارەوە یان بە پێچوانەوە کە بە (Tilt up & Tilt down) ناودەبرێن و بە ئاراستەی ستوونی کامێرا، بەبێ ئەوەی لە شوێنی خۆی بجوڵێت ئەنجام دەدرێت، ئامانج لەم جوڵەیە جوڵاندنی سەرنجی بینەرە بۆ پیشاندان و پێوانەکردنی

---

([١]) عبدالباسط سلمان، **سحر التصوير فن وإعلام**، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١٤.

([٢]) رستم أبو رستم، **الأجهيزة والمعدات في التلفزيون**، (الأردن: دارالمعتز للنشر والتوزيع، ٢٠١٢)، ص٢٩١-٢٩٢.

([٣]) كاظم مؤنس، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١١٠.

([٤]) محمد خيري سعود، **إشكالية النص السينمائي- بحوث و دراسات**، (الإسكندرية: سعود جروب، ٢٠١٤)، ص١٠٨.

([٥]) رانيا ممدوح صادق، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٩٠-٩١.

بەرزی شـوێنێک و فرەجـۆرکردنی گرتەکـان[١]، دەکرێـت ئەم جـوڵەیە زۆر بە هێواشـی یـان بە خێرایی یان بە مامناوەندی ئەنجام بدرێت، زۆرجار ناوزەند دەکرێت بە کەسێکی وەستاو کە سـەری بەرزدەکـاتەوە بـۆ سـەرەوە و دایـدەبەزێنێت بـۆ خـوارەوە بەبـێ ئەوەی جەسـتەی بچەمێنێتەوە[٢].

## پ- جوڵەی زووم (Zoom):

ئەم جـوڵەیە خـۆی لە دوو جـوڵەی سـەرەکیدا دەبینێـتەوە، کە گۆڕانکـاری لە قەبـارەی گرتەکاندا دەکەن. لەڕووی پانی گرتەوە لەسەر شاشە، قەبارەی وێنەکە لە گرتەیەکی گشتییەوە دەگۆڕێت بۆ گرتەیەکی گەورە، کە بە (Zoom in) ناودەبرێت، یان لە گرتەیەکی گەورەوە بۆ گرتەیەکی گشـتی دەگۆڕێـت و پێیـدەوترێت (Zoom out)[٣]، کە بە جوڵانـدنی لێنـزی کـامێراکە قـوڵێتی و دووری مەودای بـواری بینینـی وێـنەکە، لە چوارچێـوەی شاشـەی تەلەڤزیـۆنەکەدا بەتەواوەتی دەگۆڕێت[٤].

## ٢- جوڵەی کامێرا لەگەڵ هەڵگرەکەیدا (حركة الكاميرا مع حاملها):

لەم جوڵەیەدا کامێرا لەگەڵ هەڵگرەکەیدا پێکەوە دەجوڵێن، واتە بۆ بەدەستهێنانی دیمەنەکان سێ پای جوڵاو لە جۆری (ڕەوڕەوەدار یان گالیسکەیی) بەکاردەهێنرێت، کە زیاتر بۆ کاری هونەری و فیلمی سینەمایی و تەلەڤزیۆنی کاریان پێدەکرێت، کە دابەشدەبن بۆ چەند جۆرێکی جوڵەی کامێرا ئەوانیش[٥]:

### ا- جوڵەی دۆڵی (ڕەوڕەوەیی) (Dolly):

ئەم جوڵەیە: بریتییە لە گرتەیەکی گۆڕاوی گەورەکراو و جیاوازە لە جوڵەکانی دیکە، چونکە کـامێراکە بەتەواوی جێگیرکـراوە لەسـەر گالیسـکەیەک و لەسـەر ڕێڕەوێکـی ئاسـنی دەڕوات، دەکرێت بجوڵێنرێت بەرەوڕووی ئامـانجە وێـنە گیـراوەکە یـان دووربکەوێـتەوە لێـی[٦]، کاتێـک کـامێرا لە تەنە وێـنە گیـراوەکە نزیـک دەبێـتەوە، پێیـدەوترێت دۆڵـی بـۆ نـاوەوە (Dolly In)، کــاتێکیش دووردەکەوێــتەوە و بەرەو دواوە دەڕوات بە دۆڵــی بــۆ دەرەوە (Dolly Out) ناودەبرێت، کە جوڵەیەکی نەرم بەدەستدەهێنێت و هەمەجۆری و بەردەوامی بە وێنەکە دەدات،

---

(١) عبدالرحمن الزراعي، **المهارات التلفزيوني "جماليات السيناريو والمونتاج والإخراج"**، (الرياض: من إصدارات معهد زدني علما للتدريب والتأهيل والتنمية، ٢٠١٥)، ص٤٦.

(٢) محمد معوض إبراهيم، بركات عبدالعزيز، **إنتاج البرامج الإذاعية والتليفزيونية**، (القاهرة: دارالكتاب الحديث للطبع والنشر والتوزيع، ٢٠١٧)، ص١٣٨.

(٣) قاسمي أميرة، زغدودي صلحية، حزام شافية، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٢١٤.

(٤) الإدارة العامة لتصميم وتطوير المناهج، **البرامج: تصوير تلفزيوني، الحقيبة: أساسيات التصوير التلفزيوني**، (السعودية: المؤسسة العامة للتعليم الفني والتدريب المهني، ١٤٢٨ هـ)، ص٤٤.

(٥) هەردی ئەحمەد، **سەرچاوەی پێشوو**، لا٤٧.

(٦) ايمان عبد الرحمن حميد، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٨٧.

لەلایەکی دیکەشەوە کاریگەرییە دەروونییەکانی بینەر بەرجەستە دەکات[١]. هەروەها ئەم جوڵەیە بە (شاریۆ) ناسراوە و لە توانایدا هەیە قوڵایی هەستی کاراکتەرەکان دەربخات، کاتێک کامێرا لە ڕووخساری نزیک دەبێتەوە[٢].

لەو سۆنگەیەشەوە دەتوانین بڵێین؛ جوڵەی زووم و جوڵەی دۆڵی، هەردووکیان لە تەنە وێنەگیراوەکە نزیک دەبنەوە یان لێی دوور دەکەونەوە، تەنیا جیاوازی بنەڕەتییان ئەوەیە کە لە جوڵەی دۆڵیدا کامێرا لە جوڵەدایە بەرەوە تەنەکە، بەڵام لە جوڵەی زووومدا کامێرا جێگیر کراوە و وێنەگر لە ڕێگەی دووگمەی زوومەوە، کە هێماکراوە بە " پیتی T واتە Tite Angle، بۆ نزیکبوونەوە و بچوککردنەوەی گۆشەی لێنزەکە، هەروەها پیتی W واتە Wide Angle بۆ دوورکەوتنەوە یان گەورەکردنی گۆشەی لێنزەکە"[٣]، جوڵەکە ئەنجام دەدرێت.

**ب- جوڵەی بەدواداکەوتن (Tracking):**

ئەم جوڵەیە بە جولاندنی کامێراو هەڵگرەکەی پێکەوە، ڕاستەوخۆ بۆلای ڕاست Track Right یان بۆلای چەپ Track Left دەجوڵێنرێت، کە مەودای دووری نێوان کامێرا و بابەتە وێنەگیراوەکە دەپارێزێت و بەکاردەهێنرێت بۆ بەدواداکەوتنی جەستەیەکی جوڵاو، وەک شوێنکەوتنی کامێرا بەدوای پاڵەوانی فیلمەکەدا، لەم جوڵەیەدا گرنگ وێنەگر بە ورياييەوە مامەڵە بکات و پێشتر کاراکتەری فیلم مەشقی پێکرابێت[٤].

**پ- جوڵەی پێدستاڵ pedestal:**

جوڵەیەکی ستوونی کامێرایە و تیایدا کامێراکە بەرزدەبێتەوە بۆ سەرەوە یان نزم دەبێتەوە بۆ خوارەوە و پەیوەندی لەگەڵ جوڵەی بابەتەکەدا ڕێکدەخات، ئەم جوڵەیە بەتەواوی جیاوازە لەگەڵ جوڵەی **ستوونی** Tilt، چونکە هەموو کامێراکە لەگەڵ هەڵگرە جولاوەکەیدا دەجوڵێت و تەنیا لە خاڵێکی جێگیردا نامێنێتەوە[٥].

**ت- جوڵەی کرێن Crane:**

بە جێگیرکردنی کامێرا لەسەر ئامێری کرێن و ڕێڕەوێکی ڕاستەهێڵی ئاسنین کە بە (شاریۆ کرێن) ناودەبرێن ئەنجام دەدرێت، لە ڕێگەیەوە وێنەگر دەتوانێت هەموو ئەو جوڵە و ئاڕاستە جیاوازانە جێبەجێ بکات، کە لە لایەن دەرهێنەر یان بەڕێوەبەری وێنەگرەوە پەسەند دەکرێن،

---

(١) مصطفى حميد كاظم الطائي، **الفنون الإذاعية والتلفزيونية وفلسفة الإقناع**، (الإسكندرية: دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، ٢٠٠٦)، ص٦٥.

(٢) كرم شلبي، **الإنتاج التلفزيوني وفنون الإخراج**، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٨٦.

(٣) الإدارة العامة لتصميم وتطوير المناهج، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٤٤.

(٤) بڕوانە:

- كمال الحاج، **سەرچاوەی پێشوو**، ٢٠٢٠)، ص١٣٧.
- Jeremy Orlebar, **Digital television production**, (USA: Oxfor University Press, 2002), p.216.

(5) Masterclass staff, **Guide to Camera Moves: 13 Type of Camera Movement**, Nov, 8, 2020. https://www.masterclass.com/articles/guide-to-camera-moves#13-types-of-camera-movements (کاتی سەردانکردن: ٢٠٢١/١٢/٢٥، کاتژمێر (٣) پاشنیوەڕۆ).

واتە دەتوانرێت جوڵەی گۆڕاو و ئاڕاستەکراو بۆ ئاستی ئاسۆیی و ستوونی بەیەکەوە بەرهەمبهێنێت. کەواتە ئەم جوڵەیە بە مەبەستی کۆکردنەوەی نێوان دوو جوڵە یان زیاتر لە کاتی جێبەجێکردنی یەک گرتەدا بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە: جوڵەی Tracking لەگەڵ جوڵەی Pan لە یەک کاتدا ئەنجام دەدات و گۆشەی چاوی باڵندە دروستدەکات، بە مەبەستی ئاشنابوون و دەرخستنی زۆرترین زانیاری بۆ هەموو ئەو بابەت و بارو دۆخانەی لە دەووری ڕووداوەکەدان هەن، چونکە ئامێری کرێن دەتوانێت بەرزببێتەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر لەوەی کە ناتوانرێت هەڵگرێکی وەستاو ئەنجامی بدات، هەروەها دەتوانێت بۆ ٣٠ پێ دابەزێنرێت بۆ خوارەوە[١].

### ج- جوڵەی کەوانەیی Arc:

جوڵەیەکی زنجیرەییە و لەشێوەی کەوانەیی یان نیوەگۆی بازنەیدایە، بەکارهێنانی زۆر دەگمەنە، بۆ زانینی وردەکارییەکانی دەووری ڕووداوەکە یان بابەتە سەرەکییەکە بەکاردێت.

### چ- جوڵەی درۆن Drone:

جۆرێکی نوێی ئامێرە بۆ بەکارهێنانی جوڵەی کامێرا کە لە ڕێگەی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانەوە جێگیر دەکرێت، بە بێ ئەوەی دەستی وێنەگرەکەی پێوەبێت، لە ڕێگەی ئامێرێکەوە (ریموت) کە پەیوەستە بە فڕۆکەکەوە کاری پێدەکرێت و کۆی جوڵەکانی کامێرا کۆدەکاتەوە. ئەمجۆرە زیاتر لە بۆنە نیشتمانییەکان یان ناساندنی شارێک یاخود وڵاتێک بەکاردەهێنرێت[٢]، هەروەک لە ئێستادا جوڵەی درۆن یەکێکە لەو جوڵانەی لە زۆرێک لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکان و فیلمە سینەماییەکاندا، لە سەرەتای دەستپێکی فیلمەکاندا و بۆ ناساندنی شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکانی فیلمەکان بەکاردێت.

### ح- جوڵەی ستێدیکام steadicam:

هەڵگری ستێدیکام، بە جۆرێک ئەندازەکراوە کە بەسنگی وێنەگرەوە دەبەسترێت، چەند باسکێکی جوڵاوی پێوەیە بەهۆیەوە دەتوانرێت بە ئاسانترین شێوە کامێرا بجوڵێنرێت بەرەو ئەو بابەتەی وێنەی دەگیرێت، ئەم جوڵەیە وا لەبینەر دەکات کە هەست بکات بەشێکە لە دیمەنە وێنەگیراوەکە[٣].

---

(١) بڕوانە:
- عبدالرحمن الزراعي، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٤٠.
- کاظم مؤنس، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١٢١-١٢٢.

(٢) **هەمان سەرچاوە** ، ص١٢٤، ١٣٠.

(٣) برزۆ ئیسماعیل مەنسوور، **سەرچاوەی پێشوو**، لا٨٥.

### خ- جوڵەی تێکەڵاو لەنێوان گرتەکاندا Mixing or combining clips:

لەم جـوڵەیەدا وێنەگـر بە شـارەزایی و وریـاییەوە هەڵدەسـتێت بە پڕۆسـەی تێکەڵکردنـی گرتەکـان لەڕێـگەی جـوڵە جیاوازەکـانی کـامێراوە، کە باوترینیـان تێکەڵکردنـی گـرتەی گەورەیە لەگەڵ گرتەیەکی گشتیدا، وەک پیشاندانی پاڵەوانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە بە گرتەیەکی نزیک لە چوارچێـوەی کـامێرادا، لە هەمانکاتیشـدا تێکەڵکردنـی گـرتەی کـاراکتەرێکی دیـکە کە لەو دیـو پاڵەوانەکەوە وەستاوە، بە گرتەیەکی درێژ و لە ڕێگەی جوڵەی کامێراوە پێکەوە دەبەسترێن، جوڵەکانیش وا دەردەکەون کە هەمـان دیمەنن و لە یەک ساتدا وێنەگیراون، ئەم تێکەڵکردنەش دەبێتە بناغەیەکی گرنگ و تەکنیکی باش بۆ بەدەستهێنانی دیمەنێکی باش و گونجاو[١].

لێرەوە بەڕای توێژەر، جوڵەی کامێرا بەشێکی گرنگی پلانی وێنەگرتن و سیناریۆی فیلمی دۆکیومێنتـارییە، کە لەلایەن دەرهێـنەرەوە لە هەنگاوەکـانی پێشـوەخت و دەسـتپێکی قۆنـاغی بەرهەمهێناندا بەڕوونی دیاریدەکرێن. هەروەها کاتێک وێنەگر لە بارەی چۆنییەتی پلاندانان بۆ جوڵەکانی کامێرا و وەرگرتنی قەبارەی گرتەکان، فەرمان لە دەرهێنەر وەردەگرێت و پەیوەست دەبێت پێیانەوە، ئەرکی چۆنییەتی تێکەڵکردنیـان لە دیمەنێکدا لە ئەسـتۆدەگرێت، کە دەشـێت لە فیلمێکدا زیاتر لەجارێک جوڵەی کامێرا لە چوارچێوەی گرتەکاندا دووبارە و چەندبارە بکاتەوە، بە مەرجێک ڕۆڵی هەبێت لە بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراودا.

کەواتە بە مەبەسـتی پێکەوەبەسـتنی گرتەکـان و دروسـتکردنی دیمەنێـک لە فـیلمە دۆکیومێنتارییەکە و نمایشکردنی لە سەرشاشەی تەلەڤزیۆن بۆ پێکهێنانی گرتەی یەک لەدوای یەکی دیمەنی فیلمەکە و پەیوەندیدار بە پرۆسەی بینینسازی گرتەکان، لە پڕۆسەی مۆنتاژدا پەنا دەبرێتە بەر بەکارهێنـانی ژمـارەیەک کـارتێکەری بینـین (Visiual effect)، کە پەیوەندیـدارن بە ڕیکخستنی گرتەکان، هەروەهـا لایەنـی جوانکاری پڕۆسـەی بینینسـازی بۆ دیمەنەکـان باشـتر و کاریگەرتر دەکات، کە ئامانج لێی دەوڵەمەندکردنی پڕۆسەی بینینە لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا و ئەرک و مەبەسـتەکانی هەر یەکێکیـان جیـاوازە و وەک پردێکـی دروسـتکردنی پەیوەنـدی لە نێـوان گرتەکانـدا بەکـاردەهێنرێن، لێـرەدا تـوێژەر بە کـورتی ئامـاژە بە هەنـدێک لە کـارتێکەری وێنەی ڤیدیۆیی دەکات، ئەوانیش بریتین لە:

**١- کارتێکەری بڕین Cut:**

گواستنەوەیەکی ڕاستەوخۆ و خێرایە لە گرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی دیکە، کە بەشێوەیەکی فراوان لە مونتاژکردنی وێنەدا بۆ گۆڕینی دەستبەجێی وێنەیەک بۆ وێنەیەکی دیکە بەکاردێت[٢]،

---

(١) مصطفى حميد كاظم الطائي، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٦٥.

(٢) بارعة شقير، كمال بديع الحاج، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٣١٦.

لەهەمانکاتیشدا دەتوانێت وەک چاوی مرۆڤ بێت و لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە بجوڵێت و بە وردیی وچڕی بۆ شتەکانی دەورووبەری بڕوانێت[1].

پرۆســەی بــڕین کــرداری (روونکــردنەوە و ڕاڤەکــردن، جەختکــردنەوە و چڕکــردنەوە، پارێزگاریکردن لە جوڵانەوەی بەردەوام و گۆڕانکاری لە کات و شوێندا) جێبەجێدەکات[2].

**٢- کارتێکەری دەرکەوتن و دیارنەمانی گرتەکان Fade in & Fade out:**

بــریتییە لە ســەرەتای دەرکەوتنــی گــرتەی وێــنەیەک بەشــێوەیەکی پلەبەنــدیی و بە دەرکەوتنیشی وردە وردە گرتەی پێش خۆی لەسەر شاشەکە کاڵ دەکاتەوە و بە تەواوەتی تاریکی دەکات و دیار نامێنێت، ئەم شێوازە بەکاردێت بە مەبەستی گۆڕانکاری لە بوونی کات و شوێندا[3]، هەروەها ئەم کارتێکەرە بە گشتی لە دەستپێک و کۆتایی فیلمێک یان بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی دیاریکردنی کاتی سەرەتای فیلمەکە و کۆتاییهێنان پێی[4].

**٣- کارتێکەری سڕینەوە Wipe:**

بریتییە لە گواستنەوەی گرتەیەک بۆ گرتەیەکی دیکە، کە وەک شێوەی لادانی پەردەیەک لەسەر شاشە دەردەکەوێت و بە چەند ئاراستەیەکی جیاوازی وەک: (ئاسۆیی، ستوونی، بازنەیی و چوارگۆشــەیی) ئەنجــام دەدرێــت، کە هەر شــێوەیەکیان وەک ســڕینەوە بەکــاردەهێنرێن، بە مەبەستی لابردنی گرتەیەک و ناساندنی گرتەیەکی نوێ[5].

**٤- کارتێکەری تێکەڵکردن Dissolve:**

پێکدێت لە تێکەڵکردنــی دوو گــرتەی یەک لەدوای یەک، کە بەشــێوەیەکی نەرم دەرکەوتنــی گرتەیەکی نوێ شــوێنی گرتەی پێشــوو دەگرێتەوە، بەواتــای کۆتاییهــاتنی کــات یــان گواســتنەوە لەنێوان دوو دیمەندا کە مەودایەک لەنێوانیاندا هەبێت، بە مەبەستی دەرخستنی گواستنەوەیەکی نەرم لە جوڵە و بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان دوو وێنەی جیاوازدا[6].

---

([1]) میلاد ألفي جرجس، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٢٧٨.

([2]) عبدالخالق محمد علي، **سەرچاوەی پێشوو**، ص١٨٤-١٨٥.

([3]) بارعة شقير، كمال بديع الحاج، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٣١٧.

([4]) هاني إبراهيم البطل، **الإنتاج الإذاعي والتلفزيوني**، (القاهرة: عالم الكتب، ٢٠١١)، ص١٦٩. وەرگیراوە لە: (کاوە عزالدین عبدالرحمن، **سەرچاوەی پێشوو**، ص٧٤).

([5]) ستیڤن د. کاتز، **دەرهێنانی فیلم گرتە لەدوای گرتە**، و. کاسترۆ مەجید، (سلێمانی: بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٨)، ل٣٨٦-٣٨٧.

([6]) بوریتسكي، **الصحافة التلفزيونية**، ت: أديب خضور، ط٢، (دمشق: المكتبة الإعلامية، ٢٠٠٩)، ص٥٩. وەرگیراوە لە: (نەبەز ئەحمەد حەسەن، **سەرچاوەی پێشوو**، ل٤٣).

# بەشی سێیەم

## لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## بەکارهێنانی تەکنیکی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا

- خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکارکردنیان

# بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

لەم بەشـــەدا تـــوێژەر هەوڵـــدەدات ئەنجـــامی شـــیکارکردنی داتـــا و زانیارییەکـــان بـــۆ بە وەڵامدانەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە شرۆڤە بکات.

## - خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکاریکردنیان

### یەکەم: دەستەکانی تایبەت بە چی وتراوە (تایبەت بە ناوەڕۆک):

### ا- بەکارهێنانی جۆرەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری:

دوای هەڵاوێردکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە دەستەی (بەکارهێنانی جۆرەکانی فیلمـی دۆکیومێنتـاری) بەپێـی پـۆلێنی بیـڵ نیکـۆلس*، لە هەر چـوار کەنـاڵی ئاسـمانی (K24، Rudaw، NRT، Kurdat News) دەردەکەوێت: بەرزتـرین ڕێـژەی بەکارهێنـانی جۆرەکـانی فیلمی دۆکیومێنتـاری، بە پلەی یەکەم بەڕێژەی (٣٧,٠٤٪) و دووبـارەبوونەوەی (١٠) لە جۆری چـاودێرییکردنە. وەک لە زانیارییەکانـدا ڕوونکـراوەتەوە، لە فـیلمە دۆکیومێنتارییەکـانی کەنـاڵی ئاسمانی (K24)دا، نیوەی فیلمە بەرهەمهێنراوەکانی کە (٧) فیلمە لەکۆی (١٤) فیلمـدا، بەڕێژەی (٥٠٪) زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنـانی هەیە، لە دوای ئەو کەنـاڵی (NRT) لە (٢) فیلمـدا بەڕێـژەی (٤٠٪) پشـــتی پێبەســـتووە، هەروەهـــا لە کەنـــاڵی (Rudaw) لە (١) فیلمـــدا بەڕێـــژەی (٢٠٪) بەکـارهێنراوە، بەڵام لە کەنـاڵی (Krdsat News) پەراوێـز خـراوە. تـوێژەر پێـی وایە، زۆرتـرین بەکارهێنـــانی جـــۆر چـــاودێرییکردن دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ئەو هۆکـــارەی دەرهێـــنەری فـــیلمە دۆکیومێنتارییەکان لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا بێجگە لە کەناڵی (Kurdsat News)، لەڕێگەی تێبینی کردنیان بۆ بابەتی فیلمەکان، چاودێری ڕووداوەکانیـان کـردووە لەڕووی (دەق، واتـا، نـاوەڕۆکی فـیلمەکە و نوانـدنی کـاراکتەر)ەکـان، دەسـتیان وەرنەداوەتە نـاوەڕۆکی چیرۆکـی ڕوودانـی ڕووداوەکان و وەک خۆیان بێ دەستکاریکردن گێڕدراونەتەوە.

ســەبارەت بە جـۆری ڕاڤەکـردن، بە ڕێـژەی (٣٣,٣٣٪) و دووبـارەبوونەوەی (٩) بەپـلەی دووەم دێت، لەسەرجەم کەناڵەکاندا بەڕێژەی جیاجیا گرنگی بە بەکارهێنانی دراوە، بەرزتـرین ڕێژەی لە کەنـاڵی (Kurdsat News)ە بەڕێـژەی (٦٦,٦٧٪)، کە لە کـۆی (٣) فیلمیـدا، (٢) فیلمـی بەرهەمهێنـــراوی لەم جـــۆرەیە، پاشـــان کەنـــاڵی (K24) لە (٤) فیلمیـــدا بەڕێـــژەی (٢٨,٥٧٪) بەکاریهێنـــاوە. لەگەڵ ئەوەدا هەریەک لە کەنـــاڵی (Rudaw و NRT)، لە کـــۆی (٥) فیلمیانـــدا بایەخیان پێداوە، کەناڵی (Rudaw) لە (٢) فیلمدا بەڕێژەی (٤٠٪) و کەناڵی (NRT) لە (١) فیلمدا بەڕێژەی (٢٠٪) گرنگیان پێداوە.

---

* بڕوانە جۆر و شێوازەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری، لا (٣٦).

هەریەک لە جۆرەکـــــانی (ڕەنگـــــدانەوەیی و دۆکیودرامــــا)، بەڕێـــژەی (١١,١١٪) و دووبـارەبوونەوەی (٣)، بەپلەی سـێیەم دێن. سـەبارەت بەجـۆری ڕەنگدانەوەیی، تەنیا لە کەنـاڵی (Rudaw, NRT و K24) و بەڕێژەکـانی (٢٠٪، ٢٠٪، ٧،١٤٪) بـایەخی پێـدراوە، بەڵام جـۆری فیلمی (دۆکیودراما) تەنیا لە کەناڵی (NRT و K24)دا بەڕێژەی (٢٠٪ و ١٤,٢٩٪) بەکارهێنراون، لە کەناڵەکانی تردا فەرامۆش کراون.

کۆتا ڕێژەی بەکارهێنان بۆ جۆرەکانی (بەشدارییکردن و نواندن)ە، کە بەڕێژەی (٣,٧٠٪) و دووبـارەبوونەوەی (١) لە پـلەی چوارەمـدان. هەرچـی جۆرەکـانی (بەشـدارییکردن)ە، تەنیـا لە کەناڵی (Kurdsat News)، لە (١) فیلمدا بەڕێژەی (٣٣,٣٣٪) گرنگی پێدراوە و کەناڵەکانی دیکە هیچ بایەخێکیان بە بەکارهێنانی نەداوە. ئەمەش ئەوە دەردەخـات لەم جۆرەدا، دەرهێنەر خۆی وەک یەکێـک لە بەشـداربووەکانی فـیلمەکە و شـارەزا لەبـارەی بـابەتەکەوە، بە لێـدوان و چـاوپێکەوتنی دەربـارەی بـابەتی فـیلمەکە ڕۆڵـی هەبـووە لە گێڕانەوەیـدا، بە ئامـانجی سەرنجڕاکێشی و نمایشکردنی گفتوگۆکان، بەڵام لەبارەی جۆری (نواندن)ەوە، تەنیا لە کەنـاڵی (Rudaw) بەدی دەکرێت، کە لە (١) فیلمدا بەڕێژەی (٢٠٪) بایەخی پێداوە و لەلایەن کەناڵەکانی دیـکەوە فەرامـۆش کـراوە. بەڕای تـوێژەر کەنـاڵی (Rudaw)، بە بەراورد بە کەناڵەکـانی دیـکە توانیویەتی بایەخ بە جۆرێکی تایبەت و هەستیار بدات، لەبەرئەوەی لە جۆری نواندندا دەرهێنەر بە بەکارهێنـانی ئەزمـوونی کەسـی دەربـارەی چیـرۆکەکە و تێکەڵبـوونی لەگەڵ ژیـانی ڕۆژانەی کاراکتەرە ڕاستەقینەکاندا بەردەوام دەبێت لە کارکردنی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و تێکەڵبوونی لەگەڵ ئەو واقـیعەی ڕووداوەکەی دروسـتکردووە، ئەمەش مـاوەی کـارکردن و لێکـۆڵینەوە و وردبـوونەوەی زیـاتری پێویسـتە تـاوەکو بەشـێوەیەکی هونەرییـانەی هەسـت ئـامێز دووبـارە نواندنەوە بۆ چیرۆکی فیلمەکە ئەنجامبدرێت.

بەپێ ئەو ئەنجامەی سەرەوە توێژەر ئەوەی لە لا ڕووندەبێتەوە، کەناڵی (K24) بەراورد بە کەناڵەکـانی دیـکە، زۆرتـرین ڕادەی بەکارهێنـانی هەیە لە جۆرەکـانی فیلمـی دۆکیومێنتارییـدا، ئەوەش دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو هۆکـارەی لەمـاوەی سـنووری تـوێژینەوەکەدا زۆرتـرین فیلمـی بەرهەمهێناوە. هەروەها کەناڵەکانی نمونەی توێژینەوەکە بە ئاستێکی باش بایەخیان بە جۆری ڕاڤەکـردن داوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت کەناڵەکـان سـەرنجی زیاتریـان لە سـەر نیشـاندانی ڕاستـی ڕووداوەکانە، بە ئامـانجی ڕۆشـنبیرکردن و پەروەردەکردنـی بینەران جەخـت دەکەنەوە لەسەر زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتی فیلمەکە. لەهەمان کاتدا ئەم جۆرە زیاتر لەجۆرەکانی دیکە لەلایەن دەرهێنەری تەلەڤزیۆنییەوە پشتی پێدەبەسترێت. بڕوانە خشتەی (٣).

**خشتەی (٣)**

**جۆری فیلمی دۆکیومێنتاری بەکارهێنراو لە کەناڵە ئاسمانییەکانی** (K24، Rudaw، NRT، Kurdat News)

| جۆری فیلم / کەناڵ | K24 | | Rudaw | | NRT | | Kurdsat News | | کۆی گشتی یەکەکانی سەرجەم کەناڵەکان | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| چاودێرییکردن | ٧ | ٥٠ | ١ | ٢٠ | ٢ | ٤٠ | ٠ | ٠ | ١٠ | ٣٧,٠٤ | ١ |
| ڕاڤەکردن | ٤ | ٢٨,٥٧ | ٢ | ٤٠ | ١ | ٢٠ | ٢ | ٦٦,٦٧ | ٩ | ٣٣,٣٣ | ٢ |
| ڕەنگدانەوەیی | ١ | ٧,١٤ | ١ | ٢٠ | ١ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٣ | ١١,١١ | ٣ |
| دۆکیودراما | ٢ | ١٤,٢٩ | ٠ | ٠ | ١ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٣ | ١١,١١ | |
| بەشدارییکردن | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٣٣,٣٣ | ١ | ٣,٧٠ | ٤ |
| نواندن | ٠ | ٠ | ١ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٣,٧٠ | |
| کۆی گشتی | ١٤ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٢٧ | ١٠٠ | |

- سەبارەت بە جیاوازی لە ڕادەی بەکارهێنانی جۆرەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری، لە کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری تاقیکردنەوەی کۆڵمۆگۆرۆڤ- سمیرنۆڤ-ی یەک ئاڕاستە (One- Sample Kolmogorov- Smirnov Test)، دەردەکەوێت: جیاوازی ئامارییی هەیە لە نێوان کەناڵی (Kurdsat News) و کەناڵەکانی تردا، چونکە ئاستی (ئاماژە)ی دەکاتە (٠,٠٠٤)، بچوکترە لە ئاستی بەڵگەدارییی (٠,٠٥)، لە بەرامبەردا هەر سێ کەناڵەکەی دیکە ئاستی ئاماژەیان وەک یەکە بە بەهای (٠,٢٠٠) و گەورەترن لە ئاستی بەڵگەدارییی و ئەمەش بەواتای ئەوەی ئاماژەدار نین. هەروەها زۆرترین جیاوازی کۆتایی ئەرێنی لە کەناڵی (Kurdsat News) دەکاتە (٠,٣٩٢) و نمرەکەی گەورەترە لە نمرەی ئەرێنی کەناڵەکانی دیکە، بە ناوەندە ژمێری (٠,٥) و لادانی پێوەری (٠,٨٣) پاشان بەهای هەژمارکراو (١,٦٣٣) گەورەترە لە بەهای خشتەیی کۆڵمۆگرۆڤ- سمیرنۆڤ لەئاستی (٦) یەکەییدا کە دەکاتە (٠,٥٢١). هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەمترین جۆری فیلمی دۆکیومێنتاری بەرهەمهێناوە و تەنیا بایەخی بە جۆری (ڕاڤەکردن و بەشداریکردن) داوە. بڕوانە خشتەی (٤).

**خشتەی (٤)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە نێوان کەناڵەکاندا لە شێوازی بەکارهێنانی جۆرەکانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا**

| کەناڵەکان | ئاماری ناپارامێتری | | زۆرترین جیاوازی کۆتایی | | بەهای کۆڵمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ | | بەڵگەداری ئاماریی (الدلالة الإحصائية ) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژماکراو | بەهای خشتەیی لەسەر ئاستی (٦) یەکەیدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداریی |
| K24 | ٢,٣٣ | ٢,٧٣ | ٠,٢١٥ | - ٠,١٩٧ | ٠,٩٣٣ | ٠,٥٢١ | ٠,٢٠٠ | ٠,٠٥ |
| Rudaw | ٠,٨٣ | ٠,٧٥ | ٠,٢٤٦ | - ٠,٢٤٥ | ٠,٨١٦ | | ٠,٢٠٠ | |
| NRT | ٠,٨٣ | ٠,٧٥ | ٠,٢٤٦ | - ٠,٢٤٥ | ٠,٨١٦ | | ٠,٢٠٠ | |
| Kurdsat News | ٠,٥ | ٠,٨٣ | ٠,٣٩٢ | - ٠,٢٧٥ | ١,٦٣٣ | | ٠,٠٠٤ | |

**ب- دابەشکردنی جۆرەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری بەپێی ناوەڕۆکی بابەتەکان:**

دوای شیکارکردن و کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، سەبارەت بە دەستەی (فیلمە دۆکیومێنتارییە بەکارهێنراوەکان لەڕووی بابەتەوە)، دەردەکەوێت: هەریەک لە بابەتەکانی (ژیانی کەسایەتی، مێژوویی و شوێنەوار)، لە پلەی یەکەمدا دێن و زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە، بە دووبارەبوونەوەی (٥) بەڕێژەی (١٨,٥٢٪)، بەجۆرێک بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی بابەتی تایبەت بە ژیانی کەسی لە کەناڵی (K24)ە، کە لە (٤) فیلمدا لە کۆی گشتی (٢٧) فیلمی سامپڵی توێژینەوەکەدا، بە ڕێژەی (٢٨,٥٧٪) بەدەستهێناوە، پاشان کەناڵی (Rudaw) لە (١) فیلمدا بەڕێژەی (٢٠٪) بەکاریهێناوە، بەڵام کەناڵەکانی دیکە هیچ بایەخێکیان پێنەداوە. هەروەها بابەتە مێژوویی و شوێنەوارییەکان زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەناڵی (Kurdsat News) دایە، کە بەڕێژەی (١٠٠٪) ناوەڕۆکی سەرجەم فیلمەکانی تەرخان کردووە بەم بابەتە و ئەوانی دیکەی پەراوێز خستووە، چونکە کەناڵەکە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی تایبەتدا فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی تەرخان کردووە بۆ ئەو بابەتانەی تایبەتن بە شوێنەوارە دێرین و مێژووییەکانی ناوچە کورد نشینییەکان و بابەتەکانی دیکەی بەهەند وەرنەگرتووە. دواتر کەناڵی (NRT و K24) لە (١) فیلمیاندا، بەڕێژەکانی (٢٠٪ و ٧,١٤٪) بەکاریان هێناوە. هەروەک لە توێژینەوەی عبدالصمد قادر (٢٠١٠)، کە لە توێژینەوەی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە، کە لە خشتەی (٧)دا تایبەت بە بابەتە نمایشکراوەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری کەناڵی کوردسات، هاوشێوەی توێژینەوەی ئێستا بەپلەی یەکەم ژیانی کەسایەتییەکان دێت و بابەتە مێژووییەکان لە پلەی دووەمدان، بەڵام پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەی کاوە عزالدین و ئەوانی دیکەدا (٢٠١٥)، کە لە خشتەی (١)دا بابەتی سەربازی بە پلەی یەکەم دێت.

سەبارەت بە بابەتی کۆمەڵایەتی، لە کۆی گشتی فیلمەکاندا بە دووبارەبوونەوەی (٤)، بە ڕێژەی (١٤,٨١٪) لە پلەی دووەمدایە، زۆرترین بەکارهێنانی ئەو ڕێژەیە دەگەڕێتەوە بۆ کەناڵی (K24)، کە لە کۆی (١٤) فیلمدا (٢) فیلمیان بەڕێژەی (١٤,٢٩٪) تایبەتن بە بابەتی کۆمەڵایەتی، پاشان هەریەک لە کەناڵی (Rudaw و NRT)، لە کۆی (٥) فیلمیاندا، لە (١) فیلمدا بەڕێژەی (٢٠٪) بەرهەمیانهێناوە. هەرچی بابەتە ئابوریی و سیاسییەکانە، بە دووبارەبوونەوەی (٣)، بەڕێژەی (١١،١١٪) لە پەلەی سێیەمدا دێت، کە بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی بابەتە ئابوورییەکان لە (١) فیلمی کەناڵی (Rudaw) دایە بە ڕێژەی (٢٠٪)، دواتر کەناڵی (K24) لە (٢) فیلمدا بەڕێژەی (١٤.٢٩٪) بایەخیان هەبووە، بەڵام بابەتە سیاسییەکانە، بەرزترین ڕێژەی لە کەناڵەکانی (Rudaw و NRT) و لە (١) فیلمیاندا بەڕێژەی (٢٠٪)ە، هەروەها لە کەناڵی (K24) بەڕێژەی (٧,١٤٪) بەرهەمهێنراوە.

سەبارەت بە هەریەک لە بابەتەکانی (هۆشیارکردنەوە و ڕێنمایی کردن و هونەری)، بە دووبارەبوونەوەی (٢) بە ڕێژەی (٧,٤١٪) بە پلەی چوارەم دێن لە بەکارهێنانیاندا، کە بابەتی هۆشیارکردنەوە و ڕێنماییکردن، تەنیا کەناڵی (NRT) لە (٢) فیلمدا بە ڕێژەی (٤٠٪) بایەخی پێدراوە و کەناڵەکانی دیکە فەرامۆشیان کردووە، بەڵام بابەتە هونەرییەکان تەنیا کەناڵی (K24) لە (٢) فیلمدا بەڕێژەی (١٤,٢٩٪) بەدیدەکرێ، لە کەناڵەکانی دیکەدا گرنگی پێنەدراوە.

هەروەک بابەتە (وەرزشی، ژیانی دەریایی و وشکانی، ئایینی)یەکان، بەپلەی پێنجەم و کۆتایی دێن، بە دووبارەبوونەوەی (١) بە ڕێژەی (٣,٧٠٪)، کە بابەتە وەرزشی و ئاینییەکان تەنیا لە کەناڵی (K24) بەڕێژەی (٧,١٤٪) بەکارهێنراون، سەرەڕای ئەوەی کەمترین بەکارهێنانیان هەیە، بەڵام بە خاڵێکی بەهێز دادەنرێت بۆ کەناڵەکە، چونکە توانیویەتی بەڕێژەیەکی کەمیش بێت بایەخی بۆ بابەتێکی گرنگی نێو ژیانی کۆمەڵگەی کوردی هەبێت. هەروەها بابەتی ژیانی دەریایی و وشکانی تەنیا لە کەناڵی (Rudaw) بەڕێژەی (٢٠٪) بەکارهێنانیان هەیە، ئەمەش بە هەمان شێوە بۆ کەناڵی (Rudaw)، لایەنێکی ئەرێنییە، چونکە ئەم جۆرە بابەتانە پێویستی بە وێنەگر و دەرهێنەری زۆر بە توانا و پرۆفێشناڵ هەیە، بەو هۆیەی نزیکبوونەوە لە ژیانی تایبەتی ئاژەڵی کێویی و دەریاییەکان کارێکی ئەستەمە و مەترسی زیاتری لەسەر ژیانی دەستەی بەرهەمهێنانی کاری مەیدانی دەبێت.

بەپێی ئەو ئەنجامانەی سەرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کەناڵی (K24) بە بەراورد بە کەناڵەکانی تر، هەوڵیداوە بایەخ بدات بە زۆرترین بابەت لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت تاڕادەیەکی باش لە هەوڵی ئاشکرا کردن و دەرخستنی زۆرترین بابەتی تایبەت بە کێشەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بووە، کە یەکێکە لە سیفەتە باشەکانی کەناڵەکە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە دەرخستنی کێشەکانی تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام کەناڵەکانی دیکە

کەمترین بابەتیان بەهەند وەرگرتووە، ئەوەش بەلایەنێکی نەرێنی هەژماردەکرێت بۆ هەریەکەیان، چونکە گرنگیدان بە هەریەک لەو بابەتانە کارێکی گرنگ و پڕ بایەخە لە پێدانی زۆرترین زانیاری بە بینەران. بڕوانە خشتەی (٥).

**خشتەی (٥)**

**ڕادەی بەکارهێنانی بابەتەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا:**

| کەناڵ / ناوەڕۆکی فیلم | K24 | | Rudaw | | NRT | | Kurdsat News | | کۆی گشتی یەکەکانی سەرجەم کەناڵەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| ژیانی کەسایەتی | ٤ | ٢٨,٥٧ | ١ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٥ | ١٨,٥٢ | ١ |
| مێژوویی و شوێنەوار | ١ | ٧,١٤ | ٠ | ٠ | ١ | ٢٠ | ٣ | ١٠٠ | ٥ | ١٨,٥٢ | |
| کۆمەڵایەتی | ٢ | ١٤,٢٩ | ١ | ٢٠ | ١ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٤ | ١٤,٨١ | ٢ |
| ئابوری | ٢ | ١٤,٢٩ | ١ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣ | ١١,١١ | ٣ |
| سیاسی | ١ | ٧,١٤ | ١ | ٢٠ | ١ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٣ | ١١,١١ | |
| هۆشیارکردنەوە و ڕێنماییکردن | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ٤٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ٧,١٤ | ٤ |
| هونەری | ٢ | ١٤,٢٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ٧,١٤ | |
| وەرزشی | ١ | ٧,١٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٣,٧٠ | ٥ |
| ژیانی دەریایی و وشکانی | ٠ | ٠ | ١ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٣,٧٠ | |
| ئایینی | ١ | ٧,١٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٣,٧٠ | |
| کۆی گشتی | ١٤ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٢٧ | ١٠٠ | |

- دەربارەی خستنەڕووی جیاوازی لە ڕادەی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی بابەتەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری، لەنێوان کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا، ڕووندەبێتەوە کە: جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان هەریەک لە کەناڵەکانی (Rudaw, NRT و Kurdsat News)، بە بەراورد بە کەناڵی (K24). بەجۆرێک هەریەک لە کەناڵی (Rudaw و NRT) لەڕووی ئامازەوە نزیکن لە

یەکتـر و ئاسـتی ئاماژەیـان (٠,٠٠٣ و ٠,٠٠١)، هەروەهـا کەنـاڵی (Kurdsat News) ئاسـتی ئامـاژەی (٠.٠٠٠)، بچـوکترن لە ئاسـتی بەڵگەداریی ()، لەگەڵ ئەوەشـدا ناوەنـدە ژمێـری کەنـاڵی (Kurdsat News) (٠,٣) و لادانی پێوەری (٠,٩٤٨)، کە ئاستی ئاماژەداری بۆ بابەتە (مێژوویی و شـوێنەوار)ەکان دەگەڕێتەوە و لە بەرژەوەنـدی کەنـاڵی (Kurdsat News)، بەڵـگەی ئەوەش زۆرتـرین نمـرەی کۆتـایی ئەرێنـی هەیە کە دەکـاتە (٠,٥٢٤)، هەروەهـا بەهـای هەژمـارکراوی (٢,٨٤٦)ەو گەورەترە لە بەهای خشـتەیی (٠,٤١). دواتر هەریەک لە کەناڵی (Rudaw و NRT)، ناوەندە ژمێریان وەک یەکن کە دەکاتە (٠,٥)، بە لادانـی پێوەر (٠,٥٢٧) و بەهـای هەژمارکراوی (١,٥٨١)ی کەناڵی (Rudaw)، لەگەڵ لادانی پێوەری (٠,٧٠٧) و بەهـای هەژمارکراوی (١,٨٩٧)ی کەناڵی (NRT)، کە بەهاکانیان گەورەترە لە بەهای خشتەیی لە ئاستی (١٠) یەکەییدا کە دەکاتە (٠,٤١)، چـونکە هەردوو کەنـاڵەکە بایەخیـان بـۆ سـەرجەم بابەتەکـان نەبـووە و کەنـاڵی (NRT) جیاواز لە کەناڵی (K24) باخیداوە بە بابەتەکانی (کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژوویی و شـوێنەوار) جیـاوازییەکەش لە بەرژەوەنـدی کەنـاڵی (NRT) دایە. هەروەهـا جیـاوازی کەنـاڵی (Rudaw) بە بەراورد بە (K24) دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی گرنگیدانی بە بابەتی (کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسـی) لە بەرژەوەنــدی کەنــاڵی(Rudaw)ە، بەڵام جیاوازییــان لە بــابەتی (ژیــانی کەســایەتی)دا لە بەرژەوەندی کەناڵی (K24). بڕوانە خشتەی (٦).

**خشتەی (٦)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە نێوان کەناڵەکاندا لە شێوازی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی بابەتەکانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا**

| کەناڵەکان | ئاماری ناپارامێتری | | زۆرترین جیاوازی کۆتایی | | بەهای کۆلمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ Kolmogorov- Smirnov | | بەڵگەداری ئاماری (الدلالة الإحصائية) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژماکراو | بەهای خشتەیی لەئاستی (١٠) یەکەدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداریی |
| K24 | ١,٤ | ١,١٧٤ | ٠,٢٣٣ | - ٠,١٦٧ | ١,٢٦٥ | ٠,٤١ | ٠,١٣١ | ٠,٠٥ |
| Rudaw | ٠,٥ | ٠,٥٢٧ | ٠,٣٢٩ | - ٠,٣٢٩ | ١,٥٨١ | | ٠,٠٠٣ | |
| NRT | ٠,٥ | ٠,٧٠٧ | ٠,٣٦٠ | - ٠,٢٤٠ | ١,٨٩٧ | | ٠,٠٠١ | |
| Kurdsat News | ٠,٣ | ٠,٩٤٨ | ٠,٥٢٤ | - ٠,٣٧٦ | ٢,٨٤٦ | | ٠,٠٠٠ | |

**دووەم: دەستەکانی تایبەت بە چۆن وتراوە (لەڕووی شێوەوە):**

**ا- بەکارهێنانی کۆمێنت (تعليق) لە فیلمە دۆکیومێنتەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا:**

بەپێـی ئەو داتـا و زانیارییـانەی لە خشـتەی (٧)دا خـراونەتەڕوو، دەردەکەوێت: سـەرجەم کەناڵەکـان لە بەرهەمهێنـانی فیلمەکانیانـدا، بە پلەیەی یەکەم بایەخیـان بە بـوونی کۆمێنت داوە،

واتە بۆ ڕوونكردنەوەی بابەتی فیلمەكە و ناساندنی بە بینەران كۆمێنت بەكارهێنراوە، بە دووبارەبوونەوەی (١٥)، بەڕێژەی (٥٥,٥٦٪)، ئەم ڕێژەیە لە كەناڵی (Kurdsat News)، بەڕێژەی (١٠٠٪)، لەسەرجەم فیلمەكانیدا بایەخی پێدراوە، دواتر هەریەک لە كەناڵی (Rudaw و NRT)، وەک یەک لە (٣) فیلمیاندا بەڕێژەی (٦٠٪) كۆمێنت لە فیلمەكانیاندا بوونی هەیە. پاشان كەناڵی (K24) لە (٦) فیلمدا بەڕێژەی (٤٢,٨٦٪) گرنگی پێدراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەناڵەكە بەرهەمی فیلمەكانی زیاترە و لە كۆی (١٤) فیلمدا توانیویەتی ئەو ڕێژەیە بەرهەمبهێنێت، سەبارەت بە نەبوونی كۆمێنتتار لە پلەی دووەمدایە بە دووبارەبوونەوەی (١٢)، بە ڕێژەی (٤٤,٤٤٪)، زۆرترین ڕێژە بۆ كەناڵی (K24)ە، كە لە (٨) فیلمدا بەڕێژەی (٥٧,١٤٪) كۆمێنت لە فیلمەكانیاندا گرنگی پێنەدراوە، هەروەها هەریەک لە كەناڵی (Rudaw و NRT)، هاوشێوەی یەكتر لە (٢) فیلمیاندا بەڕێژەی (٤٠٪) كۆمێنت بوونی نییە و گرنگی پێنەدراوە.

لە ئەنجامدا ڕوون دەبێتەوە، كەناڵی (Kurdsat News) بە بەراورد بە كەناڵەكانی (K24 ,NRT ,Rudaw)، لەسەرجەم فیلمەكانیدا گرنگی بە بوونی كۆمێنت داوە، كە بە یەكێک لە هۆكارە گرنگەكانی ڕوونكردنەوەی ئەو وێنانەی لەسەر شاشە دەردەكەون هەژمار دەكرێت، لەبەرئەوەی گێڕانەوە لەگەڵ وێنەدا لەسەر یەک هێڵ هاوپێچە و ئامانج لێی بەهێزكردنی لایەنی بینینی وێنە و پێدانی زانیاری زیاترە لە بارەی ئەو بابەتەی لە چوارچێوەی فیلمەكەدا نمایشدەكرێت. بڕوانە خشتەی (٧).

ئەم ئەنجامە یەكدەگرێتەوە لەگەڵ تویژینەوەی احمد عبدالستار (٢٠٢٠) كە لە توێژینەوەكانی پێشوودا ئاماژەی پێكراوە، كە لە خشتەی (٩)دا، كە تایبەت بە بەكارهێنانی كۆمێنت لە فیلمی دۆكیومێنتارییدا بە پلەی یەكەم كۆمێنت بوونی هەبووە، هەروەها توێژینەوەی كاروان محمد (٢٠١٥)، بە هەمانشێوە لە خشتەی (٥)دا، كۆمێنت لە فیلمە دۆكیومێنتارییەكانی ڕووداودا بە پلەی یەكەم بەكارهێنراون.

**خشتەی (٧)**

**ڕادەی بەكارهێنانی كۆمێنت (تعلیق) لە فیلمە دۆكیومێنتارییەكانی سامپڵی توێژنەوەكەدا ڕوون دەكاتەوە:**

| كەناڵ / كۆمێنت | K24 | | Rudaw | | NRT | | Kurdat News | | كۆی گشتی یەكەكان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| بوونی كۆمێنت | ٦ | ٤٢,٨٦ | ٣ | ٦٠ | ٣ | ٦٠ | ٣ | ١٠٠ | ١٥ | ٥٥,٥٦ | ١ |
| نەبوونی كۆمێنت (گێڕانەوەی زارەكی) | ٨ | ٥٧,١٤ | ٢ | ٤٠ | ٢ | ٤٠ | ٠ | ٠ | ١٢ | ٤٤,٤٤ | ٢ |
| كۆی گشتی | ١٤ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٢٧ | ١٠٠ | |

- سەبارەت بە ڕادەی جیاوازی بوونی کۆمێنت لە کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا، دەردەکەوێت: هیچ جیاوازییەکی ئاماریی نییە لەنێوانیاندا، چونکە بەهای هەژمارکراوی کۆلمۆگرۆڤ، بۆ سەرجەم کەناڵەکان وەک یەکن و دەکاتە (٠,٧٠٧)، کە بچوکترن لە بەهای خشتەیی (٠,٨٤٢). لە هەمانکاتیشدا زۆرترین جیاوازی ئەرێنیان وەک یەکە، کە دەکاتە (٠,٢٦٠) و ئاماژەدار نیین. کەواتە سەرجەم کەناڵەکان بەبێ جیاوازی وەک یەک گرنگیان بەو لایەنەی فیلمی دۆکیومێنتاری داوە، کە پشتگیری ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕووداوەکان دەکات. بڕوانە خشتەی (٨).

**خشتەی (٨)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە ڕادەی بەکارهێنانی بوونی کۆمێنت لە نێوان کەناڵەکاندا لەبەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا**

| کەناڵەکان | ئاماری ناپارامیتری | | زۆرترین جیاوازی کۆتایی | | بەهای کۆلمۆگرۆڤ- سمیرنۆڤ | | بەڵگەداری ئاماریی (الدلالة الإحصائية) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژمارکراو | بەهای خشتەیی لە ئاستی (٢) یەکەدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداریی |
| K24 | ٧ | ١,٤١٤ | ٠,٢٦٠ | - ٠,٢٦٠ | ٠,٧٠٧ | ٠,٨٤٢ | ئاماژەدار نییە | ٠,٠٥ |
| Rudaw | ٢,٥ | ٠,٧٠٧ | ٠,٢٦٠ | - ٠,٢٦٠ | ٠,٧٠٧ | | ئاماژەدار نییە | |
| NRT | ٢,٥ | ٠,٧٠٧ | ٠,٢٦٠ | - ٠,٢٦٠ | ٠,٧٠٧ | | ئاماژەدار نییە | |
| Kurdat News | ١,٥ | ٢,١٢١ | ٠,٢٦٠ | - ٠,٢٦٠ | ٠,٧٠٧ | | ئاماژەدار نییە | |

**ب- ڕەگەزی کۆمێنتتار (چیرۆکخوان) لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

بەسەرنجدان لە خشتەی (٩)، دەردەکەوێت: دەنگی ڕەگەزی نێر لە خوێندنەوەی دەقی بابەتی فیلمەکاندا، بە دووبارەبوونەوەی (٧) بەڕێژەی (٤٦,٦٦٪) لە پلەی یەکەمدا دێت، بەجۆرێک هەردوو کەناڵی (Rudaw و NRT)، سەرجەم ئەو فیلمانەی کۆمێنتی تێدا بەکارهێنراوە، چیرۆکخوانەکانی لە ڕەگەزی نێرن و کە زۆرترین ڕێژەیان بەرهەمهێناوە لە (٣) فیلمیاندا بەڕێژەی (١٠٠٪). هەروەها لەبارەی بەکارهێنانی ڕەگەزی (مێ و هەردوو ڕەگەز پێکەوە)، بە پلەی دووەم دێن بە دووبارەبوونەوەی (٤) و ڕێژەی (٢٦,٦٧٪). کە دەنگی ڕەگەزی مێ تەنیا لە کەناڵی (K24)، لە (٤) فیلمدا بەڕێژەی (٦٦,٦٦٪) بەکارهێنراوە. هەروەها بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەردوو ڕەگەز لە کەناڵی (Kurdat News) بۆ سەرجەم فیلمەکان بەڕێژەی (١٠٠٪) بایەخی پێدراوە. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی عبدالصمد قادر (٢٠١٠)، لە خشتەی (١٩)دا کە تایبەتە بە بوونی ڕەگەزی کۆمێنتتار لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا، یەکدەگرێتەوە لەوەی دەنگی ڕەگەزی نێر لە پلەی یەکەمدا گرنگی پێدراوە، بەڵام پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەی احمد عبدالستار (٢٠٢٠)، کە لە خشتەی (١٠)دا ڕوونی کردووەتەوە ڕەگەزی مێ بە پلەی یەکەم

گرنگـــی پێـــدراوە، هەروەهـــا لە تـــوێژینەوەی کـــاروان محمـــد (٢٠١٥)، لە خشـــتەی (٦)دا ڕوونکراوەتەوە سەرجەم کۆمێنتەکان لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە بایەخیان پێدراوە.

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات، کەناڵی (Kurdat News) بایەخی بە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) داوە لە فیلمەکانیدا و جیاوازی ڕەگەزی نەکردووە، ئەمەش بە لایەنێکی ئەرێنی دادەنرێت لە گەیاندنی پەیامەکان و ڕوونکردنەوەی دیاردەکانی نێو چیرۆکی فیلمەکان، چونکە توانای دەنگی هەردوو ڕەگەز بـۆ خوێنـدنەوەی دەقەکـان، کـاریگەری هەیە لەسـەر زیـاتر سەرنجڕاکێشـان و گرنگیدانی بینەران بۆ وێنە نمایشکراوەکان و چوونە نێو بابەتی فیلمەکان، بەڵام کەناڵەکانی تر نەیـانتوانیوە هاوسـەنگی ڕابگـرن، لە نێـوان ڕەگەزی (نێـر و مـێ)دا و لایەنێکیـان بە هەنـد وەرگرتووە و ئەوی دیکەیان فەرامۆش کردووە. بڕوانە خشتی (٩).

**خشتەی (٩)**

**ڕەگەزی کۆمێنتتار لە فیلمە دۆکیومێنتەرییەکاندا**

| کەناڵ / ڕەگەز | K24 | | Rudaw | | NRT | | Kurdat News | | کۆی گشتی یەکەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| نێر | ١ | ١٦,٦٦ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٧ | ٤٦,٦٦ | ١ |
| مێ | ٤ | ٦٦,٦٦ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤ | ٢٦,٦٧ | ٢ |
| هەردوو ڕەگەز | ١ | ١٦,٦٦ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣ | ١٠٠ | ٤ | ٢٦,٦٧ | |
| کۆی گشتی | ٦ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١٥ | ١٠٠ | |

- سـەبارەت بە ڕادەی جیـاوازی لە بـووی ڕەگەزەکـانی کۆمێنتتـاردا، دەردەکەوێـت: هـیچ جیـاوازییەکی ئامـاری نیـیە لەنێوانیانـدا و ئامـاژەدار نـین، چـونکە زۆرتـرین ڕێـژەی جیـاوازی ئەرێنیـان وەک یەکە کە دەکـاتە (٠,٣٨٥)، بە بەهـای هەژمـارکراوی کۆڵمـۆگرۆڤ (١,١٥٥)، بە لادانی پێوەری (١,٧٣٢) هەرچوار کەناڵەکە. بڕوانە خشتەی (١٠).

**خشتەی (١٠)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە ڕادەی بوونی ڕەگەزی کۆمێنتتار لە نێوان کەناڵەکاندا**

| کەناڵەکان | ئاماری ناپارامێتری | | زۆرترین جیاوازی کۆتایی | | بەهای کۆڵمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ | | بەڵگەداری ئاماریی (الدلالة الإحصائية) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژماکراو | بەهای خشتەیی لە ئاستی (٣) یەکەدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداریی |
| K24 | ٢ | ١,٧٣٢ | ٠,٣٨٥ | - ٠,٢٨٢ | ١,١٥٥ | ٠,٧٠٨ | ئاماژەدار نییە | ٠,٠٥ |
| Rudaw | ١ | ١,٧٣٢ | ٠,٣٨٥ | - ٠,٢٨٢ | ١,١٥٥ | | ئاماژەدار نییە | |
| NRT | ١ | ١,٧٣٢ | ٠,٣٨٥ | - ٠,٢٨٢ | ١,١٥٥ | | ئاماژەدار نییە | |
| Kurdsat News | ١ | ١,٧٣٢ | ٠,٣٨٥ | - ٠,٢٨٢ | ١,١٥٥ | | ئاماژەدار نییە | |

**پ- شێوەزاری زمانی کوردی بەکارهاتوو لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (١١)، تایبەت بەو شێوەزارانەی لە گفتوگۆ و لێدوانەکانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا، بۆ ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان بەکاردەهێنرێن، دەردەکەوێت: لە سەرجەم کەناڵەکاندا، شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست لە پلەی یەکەمدا بە دووبارەبوونەوەی (٢٤)، بەڕێژەی (٧٥٪) زۆرترین بەکارهێنانی هەیە. بەجۆرێک زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی شێوەزاری سۆرانی لە هەردوو کەناڵی (Kurdsat News و NRT)دا، بەڕێژەی (١٠٠٪) لە سەرجەم فیلمەکانیاندا بەدیدەکرێت، دواتر کەناڵی (Rudaw)، (٤) فیلمی بەڕێژەی (٨٠٪)، هەروەها کەناڵی (K24)، (١٢) فیلمی بەڕێژەی (٦٣,١٦٪)، چیرۆکەکانیان لەلایەن پاڵەوانی فیلمەکانەوە بەم شێوەزارە دەگێڕدرێنەوە.

سەبارەت بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو لە پلەی دووەمدایە، بە دووبارەبوونەوەی (٥) و بەڕێژەی (١٥,٦٢٪)بەکارهێنراوە. زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەناڵی (K24)، لە (٤) فیلمدا بەڕێژەی (٢١,٠٥٪)ە، هەروەها لە کەناڵی (Rudaw)، لە (١) فیلمدا بەڕێژەی (٢٠٪)، گرنگی پێدراوە، هیچ کام لە کەناڵەکانی دیکە بایەخیان پێنەداوە. پاشان شێوەزاری هەورامی کەمترین بەکارهێنانی هەیە و لە پلەی سێیەمدا دێت، بە دووبارەبوونەوەی (٣) بەڕێژەی (٩,٣٧٪)، کە تەنیا لە کەناڵی (K24)دا بەدیدەکرێت و لە (٣) فیلمدا، بەڕێژەی (١٥,٧٩٪) لە بەرهەمهێنانی فیلمەکاندا گرنگی پێدراوە، کەناڵەکانی دیکە فەرامۆشیان کردووە.

وەک لە ئەنجامەکانەوە دەردەکەوێت، کەناڵی (K24)، بۆ دەربڕینی چیرۆکی فیلمەکان و گەیاندنی ڕاستی ڕووداوەکان، گرنگی بە سەرجەم شێوەزارەکان داوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە پێی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان، بایەخی بە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری داوە و توانیویەتی پەیامەکانی بگەیەنێتە زۆرترین ناوچەکانی هەرێم، بەڵام کەناڵەکانی دیکە ئەو هاوسەنگییەیان پەیڕەو نەکردووە و تەنیا بایەخیان بە شێوەزاری سۆرانی داوە، واتە پەیامەکانیان زۆرتر بۆ ناوچەیەکی دیاریکراوە لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. بڕوانە خشتەی (١١).

**خشتەی (١١)**

**شێوەزاری بەکارهێنراو لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا**

| شێوەزاری بەکارهێنراو / کەناڵ | K24 د | K24 ٪ | Rudaw د | Rudaw ٪ | NRT د | NRT ٪ | Kurdsat News د | Kurdsat News ٪ | کۆی گشتی یەکەکان د | کۆی گشتی یەکەکان ٪ | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی) | ١٢ | ٦٣,١٦ | ٤ | ٨٠ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٢٤ | ٧٥ | ١ |
| کرمانجی ژووروو (بادینی) | ٤ | ٢١,٠٥ | ١ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٥ | ١٥,٦٢ | ٢ |
| دیالێکتی گۆران (هەورامی) | ٣ | ١٥,٧٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣ | ٩,٣٧ | ٣ |
| کۆی گشتی | ١٩* | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣٢ | ١٠٠ | |

- لەبارەی ڕادەی بوونی جیاوازی لە بەکارهێنانی شێوەزارەکانی ئاخاوتندا، وەک لە خشتەی ژمارە (١٢) ڕوونکراوەتەوە، جیاوازیی ئاماریی هەیە لەنێوانیان هەر دوو کەناڵی (Kurdsat News و NRT)، بە بەراورد بە هەردوو کەناڵی (Rudaw و K24). کەناڵی (Kurdsat News) بە ناوەندە ژمێری (١) و لادانی پێوەری (١,٧٣٢)، کەناڵی (NRT) بە ناوەندە ژمێری (١,٧) و لادانی پێوەری (٢,٨٨٦)، بەڵگەی بوونی جیاوازییان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆرترین ئاستی جیاوازی کۆتایی ئەرێنییان تۆمارکردووە کە دەکاتە (٠,٣٨٥)، بە بەهای هەژمارکراوی (١,١٥٥) کە گەورەترین ژمارەیان بەدەستهێناوە بە بەراورد بە بەهای خشتەیی لە ئاستی (٣) یەکەدا کە دەکاتە (٠,٧٠٨). هۆکاری جیاوازییان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی تەنیا بایەخیان بە شێوەزاری سۆرانی داوە لە فیلمەکانیاندا و شێوەزارەکانی دیکەیان فەرامۆشکردووە. پاشان جیاوازی ئاماریی هەیە لە نێوان هەردوو کەناڵی (K24 و Rudaw) لە بەکارهێنانی کرمانجی ژووروودا. کەناڵی (K24) زۆرترین جیاوازی کۆتایی ئەرێنی تۆمارکردووە و دەکاتە (٠,٣٤٩)،

(*) لەخشتەی ژمارە (١١)دا، کۆی گشتی بەکارهێنانی شێوەزاری ئاخاوتن لە کەناڵی (K24)، زیاترە لە کۆی فیلمە بەرهەمهێنراوەکانی لەماوەی سنووری توێژینەوەکەدا، لەبەرئەوەی لە (١٢) فیلمدا کە بەشێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست بەرهەمهێنراون، هاوکات لە (٢) فیلمیاندا کرمانجی ژووروو، هەروەها لە (٣) فیلمیاندا دیالێکتی هەورامی بۆ گفتوگۆکردن لە لایەن کاراکتەری فیلمەکانەوە بەکارهێنراون.

به بەهای هەژمارکراوی (٠,٩٦٢)، ناوەندە ژمێری (٦,٣) و لادانی پێوەری (٤,٩٣٢)، دواتر کەناڵی (Rudaw) بە جیاوازی ئەرێنی (٠,٢٩٢) و ناوەندە ژمێری (١,٧)، لادانی پێوەری (٢,٠٨١) و بەهای هەژمارکراوی (٠,٧٢٢)، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی کەناڵی (K24) دایە. بڕوانە خشتەی (١٢).

**خشتەی (١٢)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە ڕادەی شێوەزاری بەکارهێنراو لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا**

| کەناڵەکان | ئاماری ناپارامێتری | | زۆرترین جیاوازی کۆتایی | | بەهای کۆڵمۆگۆرۆف-سمیرنۆف | | بەڵگەداری ئاماریی (الدلالة الإحصائية) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژماکراو | بەهای خشتەیی لە ئاستی (٣) بڕگەدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداریی |
| K24 | ٦,٣ | ٤,٩٣٢ | ٠,٣٤٩ | - ٠,٢٥٠ | ٠,٩٦٢ | ٠,٧٠٨ | ئاماژەدارە | ٠,٠٥ |
| Rudaw | ١,٧ | ٢,٠٨١ | ٠,٢٩٢ | - ٠,٢١٢ | ٠,٧٢٢ | | ئاماژەدارە | |
| NRT | ١,٧ | ٢,٨٨٦ | ٠,٣٨٥ | - ٠,٢٨٢ | ١,١٥٥ | | ئاماژەدارە | |
| Kurdsat News | ١ | ١,٧٣٢ | ٠,٣٨٥ | - ٠,٢٨٢ | ١,١٥٥ | | ئاماژەدارە | |

**ت- بەکارهێنانی دەنگ لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان سەبارەت بە دووبارەبوونەوەی دەستەی (بەکارهێنانی دەنگ لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا)، دەردەکەوێت: دەنگی موزیکی وێنەیی لە سەرجەم کەناڵەکاندا، نیوەی ڕێژەی بەکارهێنانی بە دووبارەبوونەوەی (٢٤)، بە ڕێژەی (٥٠٪)، بە پلەی یەکەم بەدەستهێناوە. کەناڵی (Kurdsat News) زۆرترین ڕێژەی لە سەرجەم فیلمەکانیدا، بەڕێژەی (٧٥٪) بەکارهێناوە، دواتر کەناڵی (Rudaw و K24)، بەڕێژەی (٥٠٪) بەکاریانهێناوە، بەجۆرێک کەناڵی (Rudaw) لە سەرجەم فیلمەکانیدا بایەخی پێداوە، بەڵام کەناڵی (K24) تەنیا لە (٢) فیلمیدا موزیک بەکار نەهاتووە، دواتر لە کەناڵی (NRT)، بەڕێژەی (٤٠٪)، لە (٤) فیلمدا گرنگی پێدراوە.

سەبارەت بە بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە سەرجەم کەناڵەکاندا لە پلەی دووەم دایە، بە دووبارەبوونەوەی (١٩) و ڕێژەی (٣٩,٥٨٪). زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی بە دووبارەبوونەوەی (٥)، بەڕێژەی (٥٠٪) لە کەناڵی (NRT) دایە، کە لە سەرجەم فیلمە بەرهەمهێنراوەکانیدا بایەخی پێدراوە، دواتر کەناڵی (K24) لە (١٠) فیلمدا بەڕێژەی (٤١,٦٧٪) گرنگی پێداوە، هەروەها کەناڵی (Rudaw) لە (٣) فیلمدا بەڕێژەی (٣٠٪) پشتی پێ بەستووە، بەڵام کەناڵی (Kurdsat News)، کەمترین بایەخی بە دەنگی سروشتی داوە و تەنیا لە (١)

فیلمدا، بەڕێژەی (٢٥٪) بەکاریهێناوە. جگەلەوە کارتێکەری دەنگی کەمترین بەکارهێنانی هەیە و لە پلەی سێیەم دایە، بە دووبارەبوونەوەی (٥)، بەڕێژەی (١٠,٤٢٪)، کە زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لەلایەن کەناڵی (Rudaw)ەوە بووە، بە دووبارەبوونەوەی (٢) بە ڕێژەی (٢٠٪)، دواتر کەناڵی (NRT)، بە دووبارەبوونەوەی (١) بە ڕێژەی (١٠٪)، هەروەها کەناڵی (K24)، لە (٢) فیلمدا بەڕێژەی (٨,٣٣٪) بایەخیان پێداوە، بەڵام ئەم جۆرەی دەنگ لە کەناڵی (Kurdsat News) گرنگی پێنەدراوە.

لە ئەنجامدا ڕوون دەبێتەوە، دەرهێنەرانی بەشی فیلمی دۆکیومێنتاری لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا، تاڕادەیەکی باش وەک ڕەگەزێکی کاریگەر بۆ بەستنەوەی بابەتی فیلمەکان بە ناوەڕۆکەکانیانەوە بایەخیان بە بەکارهێنانی موزیک داوە، چونکە بە پاڵپشتی کردنی موزیک بۆ وێنەکان، دەتوانرێت گوزارشت لە زۆر لایەنی نێو چیرۆکەکان بکرێت، تاوەکو بینەر لەڕێگەیانەوە وێنای تەواوی واقیعی ڕووداوەکان لەزیهنیدا دروست بکات. لەگەڵ ئەوەشدا وەک لە خشتەکەدا دیارە، دەنگی سروشتی بەڕێژەیەکی باش بایەخی پێدراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەناڵەکان هەوڵیانداوە ڕاستی ڕووداوەکان وەک خۆیان بەبێ دەستکاریکردن بگێڕنەوە، بەڵگەی ئەوەش کەمی بەکارهێنانی کارتێکەری دەنگییە لە فیلمەکاندا، کە زۆرجار وەک جێگرەوەی دەنگی سروشتی بەکاردەهێنرێن. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٣).

**خشتەی (١٣)**

**ڕادەی بەکارهێنانی دەنگ لە بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا:**

| کەناڵ / بەکارهێنانی دەنگ | K24 | | Rudaw | | NRT | | Kurdsat News | | کۆی گشتی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| موزیکی وێنەیی | ١٢ | ٥٠ | ٥ | ٥٠ | ٤ | ٤٠ | ٣ | ٧٥ | ٢٤ | ٥٠ | ١ |
| دەنگی سروشتی | ١٠ | ٤١,٦٧ | ٣ | ٣٠ | ٥ | ٥٠ | ١ | ٢٥ | ١٩ | ٣٩,٥٨ | ٢ |
| کارتێکەری دەنگی (دەنگی دەستکرد) | ٢ | ٨,٣٣ | ٢ | ٢٠ | ١ | ١٠ | ٠ | ٠ | ٥ | ١٠,٤٢ | ٣ |
| کۆی گشتی* | ٢٤ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤٨ | ١٠٠ | |

– سەبارەت بە بوونی ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی دەنگدا لە نێوان کەناڵە ئاسمانییەکانی نمونەی توێژینەوەکە، هەروەک لەخشتەی (١٤)دا دەردەکەوێت: هیچ جیاوازییەکی ئاماریی نییە لە نێوان هەردوو کەناڵی ئاسمانی (Kurdsat News و Rudaw)، بە پێی بەهای هەژمارکراوی کۆمۆڵمۆگرۆڤ- سمیرنۆڤ، کە بەهاکەیان وەکو یەکە و دەکاتە (٠,٥٧٧) و بچوکترە لە بەهای خشتەیی (٠,٧٠٨) لە ئاستی (٣) یەکەییدا، هەروەها بەرزترین جیاوازی کۆتایی ئەرێنیان وەک یەکە و بەڵگەیە بۆ نەبوونی جیاوازی، بە ناوەندە ژمێری (١,٣)ی کەناڵی

* لە خشتەی ژمارە (١٣)دا، بەکارهێنانی دەنگ لە سەرجەم کەناڵەکاندا ژمارەیان زیاترە لە ژمارەی فیلمە دۆکیومێنتارییە بەرهەمهێنراوەکانیان، چونکە لە هەندێک لە فیلمەکانیاندا لە جۆرێکی دەنگ زیاتر بەکارهێنراوە.

(Kurdsat News)، پاشان ناوەندە ژمێری (٣,٣) کەناڵی (Rudaw)، بە لادانی پێوەری (١,٥٢٨) هەردوو کەناڵ، ئاستی ئاماژەیان ئاماژەدار نییە لە بەکارهێنانی جۆرەکانی دەنگدا، بەڵام هەریەک لە کەناڵی (NRT و K24)، جیاوازی ئامارییان هەیە، بە بەهای هەژمارکراوی (٠,٨٠٨) کەناڵی (K24) و (٠,٧٢٢) کەناڵی (NRT)، بەهاکانیان گەورەترە لە بەهای خشتەی (٠,٧٠٨). بەجۆرێک کەناڵی (K24) بە زۆرترین جیاوازی ئەرێنی (٠,٢٢٥) و بە ناوەندە ژمێری (٨)، لادانی پێوەری (٥,٢٩١)، هەروەها کەناڵی (NRT)، زۆرترین جیاوازی کۆتایی ئەرێنی (٠,٢١٢)، ناوەندە ژمێری (٣,٣) بەلادانی پێوەری (٢,٠٨١) ئاماژەدارن، لەگەڵ ئەوەدا جیاوازییەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی دەنگی موزیکی وێنەیی کە لە بەرژەوەندی کەناڵی (K24) دایە، لەگەڵ دەنگی سروشتی کە لە بەرژەوەندی کەناڵی (NRT) دایە. بڕوانە خشتەی (١٤).

**خشتەی (١٤)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی ڕادەی دەنگی بەکارهێنراو، لە کەناڵە ئاسمانییەکانی نمونەی توێژینەوەکەدا**

| کەناڵەکان | ئاماری ناپارامیتری | | زۆرترین جیاوازی کۆتایی | | بەهای کۆڵمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ | | بەڵگەداری ئاماریی (الدلالة الإحصائية) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژماکراو | بەهای خشتەیی لە ئاستی (٣) یەکەدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداریی |
| K24 | ٨ | ٥,٢٩١ | ٠,٢٢٥ | - ٠,٣١٤ | ٠,٨٠٨ | ٠,٧٠٨ | ئاماژەدارە | ٠,٠٥ |
| Rudaw | ٣,٣ | ١,٥٢٨ | ٠,٢٥٣ | - ٠,١٩٦ | ٠,٥٧٧ | | ئاماژەدار نییە | |
| NRT | ٣,٣ | ٢,٠٨١ | ٠,٢١٢ | - ٠,٢٩٢ | ٠,٧٢٢ | | ئاماژەدارە | |
| Kurdsat News | ١,٣ | ١,٥٢٨ | ٠,٢٥٣ | - ٠,١٩٦ | ٠,٥٧٧ | | ئاماژەدار نییە | |

**ج- شوێنی وێنەگرتن لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

وەک لە داتاو زانیارییەکانی خشتەی (١٥) دەردەکەوێت: کەناڵە ئاسمانییەکانی نمونەی توێژینەوەکە سەرجەمیان بە پلەی یەکەم، لەدەرەوەی ستۆدیۆکانیان وێنەی ڕووداوەکانی ناو فیلمەکانییان تۆمارکردووە، بە دووبارەبوونەوەی (٢٧)، ڕێژەی (٧٧,١٤٪)، زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەناڵی (NRT)یە بەڕێژەی (١٠٠٪)، پاشان کەناڵی (Kurdat News)، لە هەر (٣) فیلمەکەیدا بەڕێژەی (٧٥٪)، دواتر کەناڵی (K24) لە سەرجەم فیلمە بەرهەمهێنراوەکانیدا بەڕێژەی (٧٣,٦٨٪)، بەهەمان شێوە سەرجەم فیلمەکانی کەناڵی (Rudaw) بەڕێژەی (٧١,٤٣٪) لە دەرەوەی ستۆدیۆدا وێنە گیراون.

سەبارەت بە وێنەگرتنی ڕووداوەکان لە ناو ستۆدیۆدا، کەمترین ڕێژەی بەدەستهێناوە، بە دووبارەبوونەوەی (٨) بەڕێژەی (٢٢٫٨٦٪) لە پلەی دووەمدایە، زۆرترین ڕێژەی لە کەناڵی (Rudaw) دایە، کە لە (٢) فیلمدا بەڕێژەی (٢٨,٥٧٪) چاوپێکەوتنی لەنێو ستۆدیۆدا تۆمارکردووە. دواتر کەناڵی (K24) لە (٥) فیلمدا بەڕێژەی (٢٦,٣٢٪)، پاشان کەناڵی ( Kurdsat News) لە (١) فیلمدا بەڕێژەی (٢٥٪) چاوپێکەوتنی هەیە لە نێو ستۆدیۆدا، بەڵام کەناڵی (NRT)، هیچ چاوپێکەوتنێکی لە ناو ستۆدیۆدا ئەنجام نەداوە .زیاتر پشتی بە وێنەگرتن لە دەرەوەی ستۆدیۆ بەستووە.

بەپێی ئەو ئەنجامەی سەرەوە توێژە ئەوەی بۆ ڕووندەبێتەوە، سەرجەم کەناڵە ئاسمانییەکان بە ڕادەیەکی بەرز، لە بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانیاندا بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی ڕووداوەکان، پەنایان بردووەتە بەر وێنەگرتنی بابەتی فیلمەکانیان لە دەرەوەی ستۆدیۆ و شوێنی پەیوەندیدار بە بابەتی فیلمەکان، کە لە نێو سروشتدا وێنەگیراون. بەوەش هەوڵیانداوە ڕاستی بوونی ڕووداوەکان لە شوێنی خۆیاندا و تایبەت بەو سروشتەی تیایدا ڕوویانداوە بگێڕنەوە، هەروەها بۆ بەرجەستەکردنی واقیعەکان کەمتر پەنایان بردووەتە بەر ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لە نێو ستۆدیۆکانیاندا، بە تایبەت لەگەڵ ئەو کەسایەتیيانەی وەک بەشداربووی ڕووداوە ڕاستەقینەکە، یان شایەتحاڵ ڕۆڵ دەگێڕن. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٥).

**خشتەی (١٥)**

**شوێنی وێنەگرتنی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە:**

| کەناڵ / شوێنی وێنەگرتن | K24 | | Rudaw | | NRT | | Kurdsat News | | کۆی گشتی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| دەرەوەی ستۆدیۆ | ١٤ | ٧٣,٦٨ | ٥ | ٧١,٤٣ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | ٧٥ | ٢٧ | ٧٧,١٤ | ١ |
| ناو ستۆدیۆ | ٥ | ٢٦,٣٢ | ٢ | ٢٨,٥٧ | ٠ | ٠ | ١ | ٢٥ | ٨ | ٢٢,٨٦ | ٢ |
| کۆی گشتی* | ١٩ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٣٥ | ١٠٠ | |

- بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (١٦)، دوای بەراوردکردنی بەهای هەژمارکراوی کۆڵمۆگرۆڤ- سمیرنۆڤ، لە نێوان دووبارەبووەکانی هەرچوار کەناڵی ئاسمانی (K24، Rudaw، NRT، Kurdsat News)، سەبارەت بە ڕادەی جیاوازی شوێنی وێنەگرتنی ڕووداوەکانی نێو فیلمە دۆکیومێنتارییەکان لە دەرەوەی ستۆدیۆ و ناوەوەی ستۆدیۆدا، دەردەکەوێت: هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە نێوان کەناڵەکاندا، بەو پێیەی بەهای

(*) دووبارەبوونەوەی کۆی گشتی خشتەی (١٥)، لە هەریەک لە کەناڵەکانی (Kurdsat News, NRT, K24) زیاترە لە ژمارەی فیلمە بەرهەمهێنراوەکانیان، چونکە لە هەندێک لە فیلمەکاندا جگەلە ئەنجامدانی کاری وێنەگرتن لە دەرەوەی ستۆدیۆ و تایبەت بە سروشت و شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان، چاوپێکەوتنی نێو ستۆدیۆیان تێدا ئەنجامدراوە.

هەژمارکراوی سەرجەم کەناڵەکان (٠,٧٠٧) بچوکترە لە بەهای خشتەیی (٠,٨٤٢) لە ئاستی (٢) یەکەییدا، بەبێ بوونی زۆرترین جیاوازی کۆتایی لەنێوانیاندا، کە بۆ سەرجەمیان جیاوازی ئەرێنی دەکاتە (٠,٢٦٠) و ئاستی ئاماژەیان ئاماژەدارنییە. بڕوانە خشتەی (١٦).

**خشتەی (١٦)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی شوێنی وێنەگرتنی فیلمی دۆکیومێنتاری، لە دەرەوەی ستۆدیۆ و ناوەوەی ستۆدیۆی کەناڵەکاندا**

| کەناڵەکان | ئاماری ناپارامێتری | | زۆرترین جیاوازی کۆتایی | | بەهای کۆڵمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ | | بەڵگەداری ئاماری (الدلالة الإحصائية) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژماکراو | بەهای خشتەیی لە ئاستی (٢) یەکەدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداریی |
| K24 | ٩,٥ | ٦,٣٦٤ | ٠,٢٦٠ | - ٠,٢٦٠ | ٠,٧٠٧ | ٠,٨٤٢ | ئاماژەدار نییە | ٠,٠٥ |
| Rudaw | ٣,٥ | ٢,١٢١ | ٠,٢٦٠ | - ٠,٢٦٠ | ٠,٧٠٧ | | ئاماژەدار نییە | |
| NRT | ٢,٥ | ٣,٥٣٦ | ٠,٢٦٠ | - ٠,٢٦٠ | ٠,٧٠٧ | | ئاماژەدار نییە | |
| Kurdsat News | ٢ | ١,٤١٤ | ٠,٢٦٠ | - ٠,٢٦٠ | ٠,٧٠٧ | | ئاماژەدار نییە | |

**چ- جۆری وێنەی بەکارهێنراو لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

لەپاش کۆکردنەوە و هەڵاوێردکردنی داتا و زانیارییەکانی خشتەی (١٧)، دەربارەی (جۆری ئەو وێنانەی لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا بەرهەمدەهێنرێن)، دەردەکەوێت: لە سەرجەم کەناڵە ئاسمانییەکاندا بەڕادەیەکی نزیک لە یەکتر، زۆرترین وێنە لە فیلمەکانییاندا، لە کۆی گشتی (٤٤٧٠) وێنەی بەکارهاتوودا، بە پلەی یەکەم لە جۆری وێنەی جوڵاون، بە دووبارەبوونەوەی (٣٩٠٩) بە ڕێژەی (٨٧,٤٥٪)، بەجۆرێک لە کەناڵی (NRT)، بە بەراورد بە کەناڵەکانی تر زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە و لە کۆی گشتی (٩٦٧) وێنەدا، بە دووبارەبوونەوەی (٩٤٤) و بەرێژەی (٩٧,٦٢٪) بەکارهێنراوە، دواتر کەناڵی (K24)، لە کۆی (٢١٦٤) وێنەدا، بە دووبارەبووەوەی (١٨٤٣)، بەرێژەی (٨٥,١٦٪)، پاشان کەناڵی (Rudaw) بەڕێژەیەکی نزیک لە کەناڵی (K24)، لە کۆی گشتی (١١٠٣) وێنە، بە دووبارەبووەوەی (٩٣٢) بەرێژەی (٨٤,٤٩٪)، پاشان کەناڵی (Kurdsat News)، لە کۆی گشتی (٢٣٦) وێنە، بە دووبارەبووەوەی (١٩٠) و ڕێژەی (٨٠,٥١٪)، وێنەی جوڵاویان بەکارهێناوە.

سەبارەت بە وێنەی وەستاو سەرجەم کەناڵەکان، بە دووبارەبوونەوەی (٤٤٩) بە ڕێژەی (١٠,٠٤٪) لە پلەی دووەمدا بەکارهێنراوە، زۆرترین ڕێژەی لە کەناڵی (K24)، بە

دووبـــارەبوونەوەی (٣٠٧) بەڕێـــژەی (١٤,١٨٪)، پاشـــان کەنـــاڵی (Kurdsat News)، بە دووبارەبوونەوەی (٣٠) بەڕێژەی (١٢,٧١٪)، بەڵام لە هەریەک لە کەناڵەکانی (Rudaw و NRT) بەڕێژەکانی (٨,٩٧٪ و ١,٣٤٪) کەمترین بەکارهێنانی هەیە.

لەبـارەی وێـنەی گرافیـک-ەوە، لە هەریەک لە کەناڵەکانـدا پـلەی سـێیەمی بەدەسـتهێناوە و کەمترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە، بە جۆرێک کەناڵی (Kurdsat News)، بە دووبارەبوونەوەی (١٦) بەڕێــژەی (٦,٧٨٪)، هەروەهــا کەنــاڵی (Rudaw) بە دووبــارەبوونەوەی (٧٢) بەڕێــژەی (٦,٥٢٪) زیــاتر بایەخیــان بە بەکارهێنــانی داوە، بە بەراورد بە هەردوو کەنــاڵی (NRT) کە بە دووبـارەی (١٠) و بەڕێـژەی (١,٠٣٪)، هەروەهـا کەنـاڵی (K24) بە دووبـارەی (١٤) و بەڕێـژەی (٠,٦٤٪)، کەمترین بایەخیان پێداوە.

بەپێی ئەنجامەکانی سـەرەوە تـوێژەر بـۆی ڕوونـدەبێتەوە، کەنـاڵە ئاسـمانییەکانی نمـونەی تــوێژینەوەکە، بــۆ دەرخســتنی ڕاســتی و زینــدوێتی بــابەتی فــیلمە دۆکیومێنتارییەکانیــان، سەرجەمیان بە پلەی یەکەم بایەخیان بۆ وێنەی جوڵاو هەبووە، چونکە بنەمـای سـەرەکی هەر کارێکی تەلەڤزیۆنی بەکارهێنانی وێنەیە، بەتایبەت وێنەی ڤیدیۆیی پاڵپشتکراو بە دەنگ و ڕەنگ، ئەمەش بەڵـگەیە بـۆ ئەوەی کەناڵەکـان هەوڵیـان داوە ئەو واقـیعەی ڕووداوەکەی خوڵقانـدووە نمایشــی بــکەن. لەگەڵ ئەوەی زۆرجــار وەک لایەنێکــی هــونەری بــۆ زیــاتر دەرخســتن و ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکـان لە بەرهەمهێنـانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانیانـدا، پەنایـان بـردووەتە بەر بەکارهێنانی وێنەی (وەستاو)، بەڵام لەکاتی مۆنتـاژکردنی بەرهەمـی فیلمەکانیانـدا، لەڕێـگەی جـوڵەی تـایبەت بە پرۆسـەی مۆنتـاژ کە بە (Motion) ناودەبرێـت، جـوڵەیەکی پـێ دەبەخشـن تـاوەکو لە چوارچێوەی وێنەیەکی جـوڵاودا خـۆی نمـایش بکـات. لەگەڵ ئەو جـۆرانەدا، جـۆری وێنەی گرافیـک زیـاتر لەو فیلمـانەدا بەکارهێنـانی هەیە کە بە نەخشـەیەک شـوێنێکی مێژوویی و شــوێنەوارێکی دێــرین پیشــاندەدرێت، هەروەهــا لەهەنــدێک فیلمــدا نــاوی ئەو کەســایەتییانەی چاوپێکەوتنیـان لەگەڵدا ئەنجامـدەدرێت بە تەکنیکی گرافیـک دەنوسـرێن. بـڕوانە خشـتەی ژمـارە (١٧).

**خشتەی (١٧)**

**ڕادەی بەکارهێنانی جۆرەکانی وێنە لە فیلمە دۆکیومێنتارییە بەرهەمهێنراوەکاندا:**

| کەناڵ / جۆری وێنە | K24 | | Rudaw | | NRT | | Kurdsat News | | کۆی گشتی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| جوڵاو (وێنەی ڤیدیۆیی) | ١٨٤٣ | ٨٥,١٦ | ٩٣٢ | ٨٤,٤٩ | ٩٤٤ | ٩٧,٦٢ | ١٩٠ | ٨٠,٥١ | ٣٩٠٩ | ٨٧,٤٥ | ١ |
| وەستاو (فۆتۆگرافی) | ٣٠٧ | ١٤,١٨ | ٩٩ | ٨,٩٧ | ١٣ | ١,٣٤ | ٣٠ | ١٢,٧١ | ٤٤٩ | ١٠,٠٤ | ٢ |
| گرافیک | ١٤ | ٠,٦٤ | ٧٢ | ٦,٥٢ | ١٠ | ١,٠٣ | ١٦ | ٦,٧٨ | ١١٢ | ٢,٥١ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢١٦٤ | ١٠٠ | ١١٠٣ | ١٠٠ | ٩٦٧ | ١٠٠ | ٢٣٦ | ١٠٠ | ٤٤٧٠ | ١٠٠ | |

- وەک لە زانیارییەکانی خشتەی (١٨) خراوەتەڕوو، سەبارەت بەڕادەی بوونی جیاوازی نێوانیان هەرچوار کەناڵی نمونەی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی جۆرەکانی وێنەدا، بە بەهای هەژمارکراوی کۆڵمۆگرۆڤ- سمیرنۆڤ، بەرامبەر بەهای خشتەیی لەئاستی (٣) یەکەدا کە دەکاتە (٠,٧٠٨)، دەردەکەوێت: جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوانیان هەرچوار کەناڵەکەدا بۆ هەرسێ جۆری وێنەی بەکارهێنراو، چونکە بەهای هەژمار کراویان گەورەترە کە بەهای خشتەیی و ئاماژەدارن. هەروەک لە زانیارییەکاندا دەردەکەوێت، جیاوازی وێنەی جوڵاو لە بەرژەوەندی کەناڵی (NRT) دایە، بە بەرزترین بەهای هەژمارکراوی کۆڵمۆگرۆڤ، کە دەکاتە (١,١٤٩) و ناوەندە ژمێری (٣٢٢,٣) و لادانی پێوەری (٥٣٨,٣٨١)، هەروەها جیاوازی لە بەکارهێنانی وێنەی وەستاودا لە بەرژەوەنی کەناڵی (K24) دایە، بە بەهای هەژمارکراوی (٠,٨٧٧) و ناوەندە ژمێری (٧٢١,٣) و لادانی پێوەری (٩٨٢,٣٧٦)، پاشان جیاوازی لە بەکارهێنانی گرافیکدا لە بەرژەوەندی کەناڵی (Kurdsat News و Rudaw) دایە، بەهای هەژمارکراوی (١,٠١٥)، بە ناوەندە ژمێری (٧٨,٧) و لادانی پێوەری (٩٦,٦٧١) کەناڵی (Kurdsat News). بەهای هەژمارکراوی (١,١٠٠) و ناوەندە ژمێری (٣٦٧,٧) و لادانی پێوەری (٤٨٨,٩١٣) کەناڵی (Rudaw). بڕوانە خشتەی (١٨).

**خشتەی (١٨)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی جۆرەکانی وێنەی بەکارهێنراو لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا**

| کەناڵەکان | ئاماری ناپارامێتری | | زۆرترین جیاوازی کۆتایی | | بەهای کۆڵمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ | | بەڵگەداری ئاماریی (الدلالة الإحصائية) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژماکراو | بەهای خشتەیی لە ئاستی (٣) یەکەدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداریی |
| K24 | ٧٢١,٣ | ٩٨٢,٣٧٦ | ٠,٣٣٠ | -٠,٢٣٦ | ٠,٨٧٧ | ٠,٧٠٨ | ئاماژەدارە | ٠,٠٥ |
| Rudaw | ٣٦٧,٧ | ٤٨٨,٩١٣ | ٠,٣٧٥ | -٠,٢٣٧ | ١,١٠٠ | | ئاماژەدارە | |
| NRT | ٣٢٢,٣ | ٥٣٨,٣٨١ | ٠,٣٨٤ | -٠,٢٨١ | ١,١٤٩ | | ئاماژەدارە | |
| Kurdsat News | ٧٨,٧ | ٩٦,٦٧١ | ٠,٣٥٩ | -٠,٢٥٨ | ١,٠١٥ | | ئاماژەدارە | |

**ح- سەرچاوەکانی وێنەی بەکارهاتوو:**

سەرچاوەی وێنەی بەکارهاتوو لە سەرجەم کەناڵە ئاسمانییەکانی (K24، Rudaw، NRT، Kurdsat News)، لە کۆی گشتی (٤٤٧٠) وێنەدا، ئەو وێنانەی لە چارەسەرکردنی گێڕانەوەی چیرۆکی فیلمەکانیاندا بەرجەستەیان کردووە، بە پلەی یەکەم و دووبارەبوونەوەی (٣٨٢٨) بەڕێژەی (٨٥,٦٤٪) لەلایەن وێنەگرانی تایبەت بە خودی کەناڵەکان خۆیان بەرهەمهێنراوە و کەمتر وێنەکانیان لە ئەرشیفەوە وەرگرتووە. هەروەک کەناڵی ئاسمانی (NRT) زۆرترین ڕێژەی تۆمارکردووە کە لەکۆی (٩٦٧) وێنەی بەکارهێنراودا، (٩٥٤) وێنەیان بەڕێژەی (٩٨,٦٦٪) لەڕێگەی وێنەگرەکانییەوە بەدەستهێنراوە، پاشان کەناڵی (Kurdsat News)، لە کۆی (٢٣٦) وێنەدا (٢٠٦) وێنەی بەڕێژەی (٨٧,٢٩٪) بەرهەمی کەناڵەکەیەتی، هەروەها کەناڵی (Rudaw)، لە بەرهەمهێنانی وێنە گیراوەکانیدا لەلایەن خودی کەناڵەکەیەوە، لەکۆی (١١٠٣) وێنەدا، (٩٤٩) وێنەی بەڕێژەی (٨٦,٠٤٪) بەرهەمهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کەناڵی (K24)دا، لە کۆی (٢١٦٤) وێنەی بەکارهێنراو، (١٧١٩) وێنەی بەڕێژەی (٧٩,٤٤٪) وێنەکانی لەلایەن وێنەگرانی کەناڵەکەوە تۆمارکردووە.

لەبارەی وێنەی ئەرشیفییەوە، بە بەراورد بەو وێنانەی کەناڵەکان خۆیان بەرهەمیان هێناوە، کەمترین بەکارهێنانی هەبووە، بە دووبارەبوونەوەی (٦٤٢)، بەڕێژەی (١٤,٣٦٪) لە پلەی دووەمدا دێت، زۆرترین ڕێژەی لە کەناڵی (K24) دایە، کە (٤٤٥) وێنەی بەڕێژەی (٢٠,٥٦٪) لە ئەرشیفەوە وەرگرتووە، بەڵام هەریەک لە کەناڵی (Rudaw و Kurdsat News)، بەڕێژەیەکی نزیک لە یەکتر گرنگیان بە وێنەی ئەرشیفی داوە، کەناڵی (Rudaw)، (١٥٤) وێنەی بەڕێژەی (١٣,٩٦٪) و کەناڵی (Kurdsat News)، (٣٠) وێنەی بەڕێژەی (١٢,٧١٪). هەروەها کەناڵی (NRT)، بە دووبارەبوونەوەی (١٣) وێنەی بەڕێژەی (١,٣٤٪) ئەرشیفین.

لەم ئەنجامەوە دەردەکەوێت، بەو پێیەی گێڕانەوەی فیلمی دۆکیومێنتاری لە گەیاندنی پەیامی چیرۆکەکاندا، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە وێنە دەبەستێت و زۆرترین وێنەی تێدا بەکاردەهێنرێت. کەواتە کەناڵە ئاسمانییەکانی (K24، Rudaw، NRT، Kurdsat News)، توانیویانە بۆ چارەسەرکردنی ڕووداوەکانی فیلمەکان، بایەخێکی باش بە وێنەگرتن بدەن لەڕێگەی کەناڵەکانیانەوە، تاوەکو ئەوەی لە واقیعدا بوونی هەیە بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و بە بەڵگەوە بیخەنە بەر دیدەی بینەران. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٩).

**خشتەی (١٩)**

**سەچاوەکانی بەرهەمهێنانی وێنە لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

| کەناڵ / سەرچاوەی وێنە | K24 | | Rudaw | | NRT | | Kurdsat News | | کۆی گشتی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| خودی کەناڵ | ١٧١٩ | ٧٩,٤٤ | ٩٤٩ | ٨٦,٠٤ | ٩٥٤ | ٩٨,٦٦ | ٢٠٦ | ٨٧,٢٩ | ٣٨٢٨ | ٨٥,٦٤ | ١ |
| ئەرشیف | ٤٤٥ | ٢٠,٥٦ | ١٥٤ | ١٣,٩٦ | ١٣ | ١,٣٤ | ٣٠ | ١٢,٧١ | ٦٤٢ | ١٤,٣٦ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٢١٦٤ | ١٠٠ | ١١٠٣ | ١٠٠ | ٩٦٧ | ١٠٠ | ٢٣٦ | ١٠٠ | ٤٤٧٠ | ١٠٠ | |

- بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (٢٠) لە بارەی ڕادەی بوونی جیاوازی لە نێوان کەناڵەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا لە سەرچاوەی بەرهەمهێنای وێنەی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا، ڕووندەبێتەوە: هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە نێوان کەناڵە ئاسمانییەکاندا، لە سەرچاوەی وێنە بەدەستهاتووەکاندا، چونکە بەهای هەژمارکراوی کۆڵمۆگرۆڤ لە سەرجەم کەناڵەکاندا دەکاتە (٠,٧٠٧) بچوکترە لە بەهای خشتەیی (٠,٨٤٢)ی لە ئاستی (٢) یەکەییدا، لە هەمان کاتیشدا زۆرترین ئاستی جیاوازی ئەرێنی کەناڵەکان وەک یەکە بە بەهای (٠,٢٦٠)، هەروەها ئاستی ئاماژەیان ئاماژەدار نییە، ئەمەش بەپێی تاقیکردنەوەی یەک ئاراستەی کۆڵمۆگرۆڤ-سمیرنۆڤ، بەڵگەیە بۆ نەبوونی جیاوازی لە نێوانیاندا. بڕوانە خشتەی (٢٠).

**خشتەی (٢٠)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی سەرچاوەکانی وێنەی بەدەستهاتوو لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا**

| کەناڵەکان | ئاماری ناپارامێتری | | زۆرترین جیاوازی کۆتایی | | بەهای کۆڵمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ | | بەڵگەداری ئاماریی (الدلالة الإحصائية) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژمارکراو | بەهای خشتەیی لە ئاستی (٢) یەکەدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداریی |
| K24 | ١٠٨٢ | ٩٠٠,٨٥٤ | ٠,٢٦٠ | - ٠,٢٦٠ | ٠,٧٠٧ | ٠,٨٤٢ | ئاماژەدار نییە | ٠,٠٥ |
| Rudaw | ٥٥١,٥ | ٥٦٢,١٥٠ | ٠,٢٦٠ | - ٠,٢٦٠ | ٠,٧٠٧ | | ئاماژەدار نییە | |
| NRT | ٤٨٣,٥ | ٦٦٥,٣٨٧ | ٠,٢٦٠ | - ٠,٢٦٠ | ٠,٧٠٧ | | ئاماژەدار نییە | |
| Kurdsat News | ١١٨ | ١٢٤,٤٥٠ | ٠,٢٦٠ | - ٠,٢٦٠ | ٠,٧٠٧ | | ئاماژەدار نییە | |

**خ- قەبارەی گرتەی بەکارهێنراو لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

بەپێی داتا و زانیارییەکانی خشتەی (٢١) دەردەکەوێت: گرتەی گشتی (LS)، لە کۆی گشتی گرتەی وێنە بەکارهێنراوەکانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا، لە پلەی یەکەم دایە، کە لە (٤٤٧٠) گرتەدا، بە دووبارەبوونەوەی (١١٨٠) و ڕێژەی (٢٦,٣٩٪) بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە. ئەم گرتەیە لە سەرجەم کەناڵەکاندا بێجگە لە کەناڵی (Kurdsat News)، زۆرترین ڕادەی بەکارهێنانی هەیە، کە بەرزترین ڕێژە تارادەیەکی نزیک لە هەردوو (NRT وK24) دایە، کەناڵی (NRT) بە دووبارەبوونەوەی (٢٨٠)، ڕێژەی (٢٨,٩٥٪)، هەروەها لە کەناڵی (K24) بە دووبارەبوونەوەی (٦٠٩) و ڕێژەی (٢٨,١٤٪) بایەخی پێدراوە، دواتر کەناڵی (Rudaw)، بە دووبارەبوونەوەی (٢٥٢) ڕێژەی (٢٢,٨٥٪)، پاشان کەناڵی (Kurdsat News)، بە دووبارەبوونەوەی (٣٩)، بەڕێژەی (١٦,٥٣٪) گرنگیان پێداوە. ئەمەش بەلایەنێکی ئەرێنی کەناڵەکان هەژماردەکرێت، چونکە هەوڵیانداوە لەسەرەتای دەستپێکردنی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانیاندا بەشیوەیەکی گشتی شوێنی ڕووداوەکان بە بینەران بناسێنن، بە ئامانجی بەخشینی زۆرترین زانیاری لە بارەیانەوە.

سەبارەت بە گرتەی نزیک (CU)، لە پلەی دووەمدایە، بە دووبارەبوونەوەی (٩٨٤) و بەڕێژەی (٢٢,٠١٪)، جگە لە کەناڵی (Kurdsat News) کە لە پلەی یەکەمدا بە بەراورد بە گرتەکانی دیکە زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە، بە دووبارەبوونەوەی (٦٤) کە ڕێژەکەی دەکاتە (٢٧,١٢٪)، لەسەرجەم کەناڵەکانی تردا لە پلەی دووەمدایە، لە کەناڵی (NRT) بە

دووبارەبوونەوەی (٢٢٥) بە ڕێژەی (٢٣,٢٦٪)، پاشان لە کەناڵی (Rudaw) بە دووبارەی (٢٤٧) بە ڕێژەی (٢٢,٣٩٪)، دواتر لە کەناڵی (K24) بە دووبارەی (٤٤٨)، بەڕێژەی (٢٠,٧٠٪) لە فیلمە بەرهەمهێنراوەکاندا پەیڕەوکراوە. هۆکاری ڕێژەی بەرزی بەکارهێنانی ئەم گرتەیە لە سەرجەم کەناڵەکاندا وەک لایەنێکی گرنگی فیلمی دۆکیومێنتەری لێی دەڕوانرێت. کە هەوڵیانداوە بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە چیرۆکی ڕووداوەکان بە قەبارەیەکی نزیکتر وێنەی بابەتەکە وەربگرن، تاوەکو هەندێک لە وردەکارییەکانی ناو ڕووداوەکان باشتر ڕوون بکاتەوە و ڕاستییەکانیان ئاشکرا بکات. بە هەمان شێوە ئەم گرتەیە لە چاوپێکەوتنی پاڵەوانی ڕووداوەکان و گفتوگۆی کارەکتەرەکاندا زۆرتر بەکارهێنانی هەیە، بەو هۆکارەی ڕووخساری بە باشترین شێوە لەسەر شاشە دەربکەوێت، بە مەبەستی تێگەیشتنی بینەر لەڕووداوەکان و هۆکارەکانی پشتی ڕوودانیان، چونکە شێوە و ڕەنگی ڕووخسارەکان ئاماژەن بۆ گەیاندنی ڕاستییەکان.

پاشان گرتەی مامناوەند (MS)، لە پلەی سێیەمدا بەکارهێنراوە، بە دووبارەی (٥٩٧) و بەڕێژەی (١٣,٣٥٪)، زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەناڵی (Rudaw) بە دووبارەی (١٧٣) و ڕێژەی (١٥,٦٨٪)ە، دواتر کەناڵی (NRT) بە دووبارەی (١٤٠) و ڕێژەی (١٤,٤٧٪)، پاشان کەناڵی (K24) بە دووبارەی (٢٧١) و ڕێژەی (١٢,٥٢٪) بەکاریان هێناوە، هەروەها کەمترین بەکارهێنانی لە کەناڵی (Kurdsat News)، بە دووبارەی (١٣)، کە دەکاتە ڕێژەی (٥,٥١٪). ئەم گرتەیە زیاتر لە پیشاندانی کاراکتەر و پاڵەوانی چیرۆکەکانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا بەکارهێنراوە، بۆ جەختکردنەوە لەسەر کەسایەتییەکان و ئەو ژینگەیەی لە دەوورووپشتی ڕووداوەکاندا دەسوڕێنەوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ دەرخستنی ڕاستی و وردی ڕووداوەکان. هەروەک گرتەی گشتی دوور (VLS)، بە پلەی چوارەم دێت، بە دووبارەبوونەوەی (٤٥١) گرتە، بەڕێژەی (١٠,٠٨٪)، زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەناڵی (Kurdsat News)، بە دووبارەبوونەوەی (٤٩) بەڕێژەی (٢٠,٧٦٪)، پاشان هەریەک لە کەناڵی (NRT و Rudaw)، بەڕێژەیەکی نزیک لەیەکتر گرنگیان پێداوە، لە کەناڵی (NRT) بە دووبارەبوونەوەی (١٠٥) و ڕێژەی (١٠,٥٨٪)، هەروەها لە کەناڵی (Rudaw)، بە دووبارەبوونەوەی (١١٩) کە دەکاتە ڕێژەی (١٠,٧٩٪) گرنگیان پێداوە، بەڵام کەناڵی (K24) بە بەراورد بە کەناڵەکانی دیکە کەمترین بایەخی پێداوە بە دووبارەبوونەوەی (١٧٨)، بەڕێژەی (٨,٢٣٪). هەروەک ئەم گرتەیە لەسەرەتای دەستپێکردن و لە ناوەندی فیلمەکاندا زۆرتر بەکارهێنراوە، بە مەبەستی دەرخستن و ناساندنی مەودایەکی دوور لە شوێنی ڕوودانی چیرۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان، ئەمەش بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت و مەرجە لە فیلمە دۆکیومێنتارییە تەلەڤزیۆنی و سینەماییەکاندا بوونی هەبێت، لە هەمان کاتیشدا یارمەتیدەرێکی باشی مۆنتێرە بۆ بەستنەوەی گرتەکان بەیەکترییەوە، بەپێی ئەو ئامانجەی دەرهێنەر مەبەستێتی کات و شوێنی ڕووداوەکان نمایش بکات.

وەک لە خشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە، گرتەی مامناوەندی نزیک کە بە (MCU) ناودەبرێت، لە پلەی پێنجەمدا بەرێژەی جیاواز لە کەناڵەکاندا بایەخی پێدراوە، ئەم گرتەیەش زیاتر لە کاتی چاوپێکەوتنی کەسایەتییە ناسراو و شارەزاکان یان شایەتحاڵی ڕووداوەکاندا بەکارهێنراوە و گونجاوترین گرتەیە بۆ چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی بەتایبەت فیلمی دۆکیومێنتاری، بەهۆی ئەوەی بەشێک لە جەستەی پاڵەوانەکان دەردەکەوێت و لەڕێگەیانەوە بینەر دەتوانێت لە ئاماژە و واتاکانی ڕوودانی چیرۆکەکان تێبگات. پاشان گرتەی لەڕادەبەدەر نزیک (ECU) لە پلەی شەشەمدایە، ئەم گرتەیە لەو فیلمانەدا کە باس لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، شوێنەوارە دێرینەکان، ئەو فیلمانەی تایبەت بوون بە پیشەیەکی تایبەتی هونەری یان بەرهەمێکی ئابوورییەوە زیاتر بەکارهێنانی هەبووە، ئەویش بە ئامانجی دەرخستنی ئەو وردەکارییانەی مەبەستە لە بابەتی فیلمەکەدا باسیان لێوە بکرێت، بەڵام هەریەک لە گرتەکانی (ئەمریکی USA، گشتی زۆر دوور ELS و گرتەی لەسەرووی شان OTS)ەوە، کەمترین بەکارهێنانیان هەیە و لە پلەکانی (حەوتەم، هەشتەم و نۆیەم) دان، هەریەکەیان بۆ ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو بەکارهێنراون. بڕوانەی خشتەی (٢١).

### خشتەی (٢١)

### قەبارەکانی گرتەی بەکارهێنراو لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا:

| کەناڵ / قەبارەی گرتە | K24 | | Rudaw | | NRT | | Kurdsat News | | کۆی گشتی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| گرتەی گشتی LS | ٦٠٩ | ٢٨,١٤ | ٢٥٢ | ٢٢,٨٥ | ٢٨٠ | ٢٨,٩٥ | ٣٩ | ١٦,٥٣ | ١١٨٠ | ٢٦,٣٩ | ١ |
| گرتەی نزیک CU | ٤٤٨ | ٢٠,٧٠ | ٢٤٧ | ٢٢,٣٩ | ٢٢٥ | ٢٣,٢٦ | ٦٤ | ٢٧,١٢ | ٩٨٤ | ٢٢,٠١ | ٢ |
| گرتەی مامناوەند MS | ٢٧١ | ١٢,٥٢ | ١٧٣ | ١٥,٦٨ | ١٤٠ | ١٤,٤٧ | ١٣ | ٥,٥١ | ٥٩٧ | ١٣,٣٥ | ٣ |
| گرتەی گشتی دوور VLS | ١٧٨ | ٨,٢٣ | ١١٩ | ١٠,٧٩ | ١٠٥ | ١٠,٥٨ | ٤٩ | ٢٠,٧٦ | ٤٥١ | ١٠,٠٨ | ٤ |
| گرتەی ماناوەندی نزیک MCU | ٢٠٩ | ٩,٦٦ | ١٠٥ | ٩,٥٢ | ٥٢ | ٥,٣٧ | ٢٨ | ١١,٨٦ | ٣٩٤ | ٨,٨١ | ٥ |
| گرتەی لەڕادەبەدەر نزیک ECU | ١٧٣ | ٧,٩٩ | ٧٧ | ٦,٩٨ | ٦٨ | ٧,٠٣ | ١٧ | ٧,٢٠ | ٣٣٥ | ٧,٤٩ | ٦ |
| گرتەی ئەمریکی USA | ١٤٥ | ٦,٧٠ | ٨٢ | ٧,٤٣ | ٦٢ | ٦,٤١ | ٠ | ٠ | ٢٨٩ | ٦,٤٦ | ٧ |
| گرتەی گشتی زۆر دوور ELS | ٩٨ | ٤,٥٣ | ٣٥ | ٣,١٧ | ١٢ | ١,٢٤ | ٢٦ | ١١,٠٢ | ١٧١ | ٣,٨٢ | ٨ |
| گرتەی لەسەرووی شانەوە OTS | ٣٣ | ١,٥٢ | ١٣ | ١,١٨ | ٢٣ | ٢,٣٧ | ٠ | ٠ | ٦٩ | ١,٥٤ | ٩ |
| کۆی گشتی | ٢١٦٤ | ١٠٠ | ١١٠٣ | ١٠٠ | ٩٦٧ | ١٠٠ | ٢٣٦ | ١٠٠ | ٤٤٧٠ | ١٠٠ | |

- بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (٢٢)، دەردەکەوێت: جیاوازی ئاماری نییە لەنێوان کەناڵە ئاسمانییەکاندا، لە شێوازی بەکارهێنانی گرتەکانی وێنەدا بۆ بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان، چونکە ئاستی ئاماژەی سەرجەم کەناڵەکان گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥)، هەرچەندە بەهای هەژمارکراوی کۆلمۆگرۆڤ-ی سەرجەمیان گەورەترە لە بەهای خشتەیی (٠,٤٣٢) لە ئاستی (٩) یەکەدا، بەجۆرێک بەهای هەژمارکراوی کەناڵی (K24) دەکاتە (١,٠٩٤)، پاشان کەناڵی (Rudaw) دەکاتە (٠,٦٦٩)، هەروەها کەناڵی (NRT و Kurdat News) بەهاکانیان دەکاتە (١,٠٤٠) و (٠,٦٨٨)، بەڵام بە پێی یاسای ئاماریی کۆلمۆگرۆڤ- سمیرنۆڤ-ی یەک ئاراستە، هەرچەندە بەهای هەژمارکراو لە بەهای خشتەیی کۆلمۆگرۆڤ گەورەتربێت، لە کاتێکدا ئاستی ئاماژە گەورەتربێت لە ئاستی بەڵگەداریی، جیاوازی ئاماری نابێت لەنێوان دەستەکانی تاقیکردنەوەکەدا و بە ئاماژەدار نییە هەژمار دەکرێت، بەڵگەی ئەوەش زۆرترین

جیاوازی کۆتایی ئەرێنی سەرجەم کەناڵەکان نزیکن لە یەکتر و ڕێژەیەکی زۆر بەرز و جیاواز لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت. بڕوانە خشتەی (٢٢).

**خشتەی (٢٢)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە بەکارهێنانی قەبارەی گرتەکانی کامێرا لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا**

| کەناڵەکان | ئاماری ناپارامێتری | | زۆرترین جیاوازی کۆتایی | | بەهای کۆڵمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ | | بەڵگەداری ئاماریی (الدلالة الإحصائية) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژماکراو | بەهای خشتەیی لە ئاستی (٩) یەکەدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداریی |
| K24 | ٢٤١,٤ | ١٨٠,٣٠٢ | ٠,٢٣٨ | - ٠,١٢٤ | ١,٠٩٤ | ٠,٤٣٢ | ٠,١٥٠ | ٠,٠٥ |
| Rudaw | ١٢١,٤ | ٨٦,٨٤٥ | ٠,١٧٨ | - ٠,١٤٨ | ٠,٦٦٩ | | ٠,٢٠٠ | |
| NRT | ١٠٧,٤ | ٩١,٩٢١ | ٠,٢٢٢ | - ٠,١٥٠ | ١,٠٤٠ | | ٠,٢٠٠ | |
| Kurdsat News | ٢٦,٢ | ٢١,٦٤٤ | ٠,١٣٤ | - ٠,١١٣ | ٠,٦٨٨ | | ٠,٢٠٠ | |

**د- گۆشەی بەکارهێنراوی کامێرا لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

لە دەستەی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرادا، سەرجەم کەناڵەکان لە فیلمە بەرهەمهێنراوەکانیاندا، بە پلەی یەکەم (گۆشەی ئاستی بینین)یان بە بەراورد بە گۆشە جیاوازەکانی دیکە بەکارهێناوە، بە دووبارەبوونەوەی (٢٩٨٩) کە ڕێژەکەی دەکاتە (٦٦,٨٧٪). لەسەرووی هەموو کەناڵەکاندا، کەناڵی (Rudaw) بەرزترین ڕێژەی بەکارهێناوە، کە لە کۆی (١١٠٣) گۆشەدا، (٧٨٧) گۆشەی بەڕێژەی (٧١,٣٥٪) لە فیلمەکاندا وەرگرتووە. دواتر کەناڵی (NRT)، (٦٥٣) گۆشەی، لە کۆی گشتی (٩٦٧) گۆشەدا بە ڕێژەی (٦٧,٥٣٪) گرنگی پێداوە. پاشان کەناڵی (K24)، لە کۆی (٢١٦٤) گۆشەدا، (١٤١٦) گۆشەی بەڕێژەی (٦٥,٤٣٪) بەکارهێناوە، هەروەها کەناڵی (Kurdsat News)، لە کۆی (٢٣٦) گۆشەی جیاواز، (١٣٣) گۆشەی بە ڕێژەی (٥٦,٣٦٪) لەم جۆرەی گۆشەی کامێرایە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەنجامدانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا، دەرهێنەران ئامانجیان ئەوە بووە لە ئاراستەی واقیعی بینینی ڕووداوەکان لانەدەن و وەک خۆیان لە سەر زاری پاڵەوانەکانیانەوە بگێڕدرێنەوە.

سەبارەت بە گۆشەی خوارووی ئاستی بینین (نزم)، لەسەرجەم کەناڵەکاندا بە پلەی دووەم دێت، بە دووبارەبوونەوەی (٥٠٥) و ڕێژەی (١١,٣٠٪)، کە لە کەناڵی (Kurdsat News) زۆرترین بەکارهێنانی هەیە و (٤٤) گۆشەی بەڕێژەی (١٨,٦٤٪) بەکارهێناوە، دواتر کەناڵی (NRT) بە دووبارەبوونەوەی (١٣٠) کە ڕێژەکەی دەکاتە (١٣,٤٤٪)، پاشان کەناڵی (Rudaw)، بە دووبارەبوونەوەی (١٢٥) بەڕێژەی (١١,٣٣٪) بەکارهێنراوە، بەڵام لە کەناڵی (K24) بە

بەراورد بە کەناڵەکانی تر کەمترین بەکارهێنانی هەیە بە دووبارەی (٢٠٦) بە ڕێژەی (٩,٥٢٪). ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کەناڵەکان لە بەرهەمهێنانی فیلمەکانیاندا پاڵەوانی چیرۆکەکانیان وەک خاوەن هێز و دەسەڵات پیشانداوە، لەگەڵ ئەوەدا ڕۆڵ گێڕانیان وەک ئاماژەیەک بۆ دەرخستنی توانا و کارامەییان دەنرخێنێت.

هەروەک گۆشەی چاوی باڵندە (زۆر بەرز)، بە دووبارەی (٣١٥) و بە ڕێژەی (٧,٠٥) بە پلەی سێیەم دێت، بەجۆرێک لە کەناڵی (Kurdsat News) زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە بەراورد بە کەناڵەکانی دیکە، بە دووبارەبوونەوەی (٤٣)، بەڕێژەی (١٨,٢٢٪)، هۆکاری زۆرترین ڕێژەی ئەم گۆشەیە لە کەناڵەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە دەستپێک و ناوەند و کۆتایی سەرجەم فیلمەکانیدا بەکاریهێناوە بۆ جەختکردنەوە لە ناساندنی شوێنەراوە دێرینەکان بە بینەران، بەڵام کەناڵەکانی دیکە بەڕێژەیەکی کەمتر بەکاریان هێناوە، کەناڵی (K24) بە دووبارەبوونەوەی (١٧٨) گۆشە، بەڕێژەی (٨,٢٣٪) بایەخی پێداوە، هەروەها هەردوو کەناڵی (Rudaw و NRT)، بەڕێژەیەکی نزیک لەیەکتر بە دووبارەبوونەوەی (٥٢ و ٤٢)، بەڕێژەکانی (٤,٧١٪ و ٤,٣٤٪)، گرنگیان بە گۆشەی زۆر بەرزداوە. ئەم گۆشەیە لە فیلمەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا بۆ زیاتر جەختکردنە سەر زۆرترین زانیاری و نمایشکردنی فراوانترین مەودای شوێنی ڕووداوکان بەکارهێنراوە و زیاتر بە تەکنیکی کامێرای درۆن ئەنجام دراون.

لەبارەی گۆشەی تەنیشت-ەوە، کە لە پلەی چوارەمدایە، بە دووبارەبوونەوەی (٢٧٦) و بە ڕێژەی (٦,١٧٪)، زۆرترین ڕێژەی لە کەناڵی (NRT)، بە دووبارەبوونەوەی (٧٧) و بەڕێژەی (٧,٩٦٪)، دواتر کەناڵی (K24)، بە دووبارەی (١٣٢) و ڕێژەی (٦,١٠٪)، پاشان کەناڵی (Rudaw) بە دووبارەی (٦١) و بەڕێژەی (٥,٥٣٪) بەکاریهێناوە، بەڵام لە کەناڵی (Kurdsat News)، کەمترین بەکارهێنانی هەیە بە دووبارەی (٦) و ڕێژەی (٢,٥٤٪). بەو پێیەی ئەم گۆشەیە لە کەناڵەکاندا لەکاتی چاوپێکەوتن و لێدوانی گێڕەرەوەی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا بەکارهێنراوە و تەنیا لایەکی ڕووخساری پاڵەوانەکان دەرکەوتووە، ئاماژەیە بۆ شێواوی و پیشاندانی ڕاڕای و گومان، کە دەشێت ڕاستی ڕووداوەکان بشێوێنرێت.

وەک لە خشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە، گۆشەی سەرووی ئاستی بینین لە پلەی پێنجەمدایە، لەڕووی بەکارهێنانی لە کەناڵەکاندا تاڕادەیەکی نزیک لەیەکتر بە ڕێژەیەکی کەم بایەخیان پێدراوە، ئەمەش بە لایەنێکی ئەرێنی کەناڵەکان هەژماردەکرێت، چونکە ئەم جۆرە گۆشەیە ئاماژەیە بۆ کەم کردنەوەی بایەخ و بچوک کردنەوەی کەسایەتی کاراکتەرەکان. هەروەها هەریەک لە گۆشەکانی (زۆر نزم و لار)، بە کەمترین ڕێژە و لە پلەی (شەشەم و حەوتەمدا) بەکارهێنراون، بە جۆرێک کەناڵی (Kurdsat News) هیچ بایەخێکی بە گۆشەکانی (زۆر نزم و لار) نە داوە و فەرامۆشی کردوون، بەڵام کەناڵی (NRT)، تەنیا گۆشەی (لار)ی بەکارنەهێناوە.

بەپێی ئەو ئەنجامەی سەرەوە و شیکردنەوەی داتاکان، توێژەر بۆی ڕووندەبێتەوە، کە سەرجەم کەناڵەکان بەرێژەی جیاواز بایەخیان بە گۆشەکانی کامێرا داوە، بەتایبەتی هەردوو کەناڵی (Rudaw و K24)، سەرجەم گۆشەکان لە فیلمە بەرهەمهێنراوەکانیاندا بەدی دەکرێت و هیچ گۆشەیەکیان فەرامۆش نەکردووە. بڕوانە خشتەی (٢٣).

**خشتەی (٢٣)**

**ڕادەی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

| کەناڵ / گۆشەی کامێرا | K24 | | Rudaw | | NRT | | Kurdsat News | | کۆی گشتی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| ئاستی بینین | ١٤١٦ | ٦٥,٤٣ | ٧٨٧ | ٧١,٣٥ | ٦٥٣ | ٦٧,٥٣ | ١٣٣ | ٥٦,٣٦ | ٢٩٨٩ | ٦٦,٨٧ | ١ |
| خوارووی ئاستی بینین (نزم) | ٢٠٦ | ٩,٥٢ | ١٢٥ | ١١,٣٣ | ١٣٠ | ١٣,٤٤ | ٤٤ | ١٨,٦٤ | ٥٠٥ | ١١,٣٠ | ٢ |
| چاوی باڵندە (زۆر بەرز) | ١٧٨ | ٨,٢٣ | ٥٢ | ٧١،٤ | ٤٢ | ٤,٣٤ | ٤٣ | ١٨,٢٢ | ٣١٥ | ٧,٠٥ | ٣ |
| تەنیشت | ١٣٢ | ٦,١٠ | ٦١ | ٥,٥٣ | ٧٧ | ٧,٩٦ | ٦ | ٢,٥٤ | ٢٧٦ | ٦,١٧ | ٤ |
| سەرووی ئاستی بینین (بەرز) | ١٥١ | ٦,٩٨ | ٤٥ | ٤,٠٨ | ٤٩ | ٥,٠٧ | ١٠ | ٤,٢٤ | ٢٥٥ | ٥,٧٠ | ٥ |
| چاوی بۆق (زۆر نزم) | ٧٠ | ٣,٢٣ | ١٩ | ١,٧٢ | ١٦ | ١,٦٥ | ٠ | ٠ | ١٠٥ | ٢,٣٥ | ٦ |
| لار Slander | ١١ | ٠,٥١ | ١٤ | ١,٢٧ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٥ | ٠,٥٦ | ٧ |
| کۆی گشتی | ٢١٦٤ | ١٠٠ | ١١٠٣ | ١٠٠ | ٩٦٧ | ١٠٠ | ٢٣٦ | ١٠٠ | ٤٤٧٠ | ١٠٠ | |

- وەک لە زانیارییەکانی خشتەی (٢٤)، تایبەت بە ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرادا، لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری کەناڵەکانی نمونەی توێژینەوەکەدا، دەردەکەوێت: جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان کەناڵە ئاسمانییەکانی (K24، Rudaw، NRT)، چونکە ئاستی ئاماژەی هەریەک لە کەناڵەکان بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥)، کە ئاستی ئاماژە لە کەناڵی (K24) دەکاتە (٠,٠٠٠)، کەناڵی (Rudaw) دەکاتە (٠,٠٠١)، هەروەها کەناڵی (NRT) دەکاتە (٠,٠٠٤). بە بەهای هەژمارکراوی کۆلمۆگرۆڤ- سمیرنۆڤ (١,٩٠١) کەناڵی (K24)، (١,٨٨٨) کەناڵی (Rudaw)، (١,٧٤١) کەناڵی (NRT)، بەرامبەر بە بەهای خشتەیی (٠,٤٨٦) لە ئاستی (٧) یەکەییدا. کەواتە هەرسێ کەناڵی (K24، Rudaw، NRT) جیاوازن بە بەراورد بە کەناڵی (Kurdsat News)، جیاوازییەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی (گۆشەی زۆر نزم، گۆشەی تەنیشت و گۆشەی لار)، هەروەک بەپێی داتاو زانیارییەکان ئاشکرایە کە جیاوازی لە بەکارهێنانی گۆشەی (زۆر نزم) لە بەرژەوەندی کەناڵی (K24)، هەروەها جیاوازی

لە بەكارهێنانی گۆشەی (تەنیشت) لە بەرژەوەندی كەناڵی (NRT) و گۆشەی (لار) لە بەرژەوەندی كەناڵی (Rudaw) دایە. بڕوانە خشتەی (٢٤)

**خشتەی (٢٤)**

**ئەنجامی تاقیكردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە بەكارهێنانی گۆشەكانی كامێرادا**

| كەناڵەكان | ئاماری ناپارامێتری | | زۆرترین جیاوازی كۆتایی | | بەهای كۆڵمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ | | بەڵگەداری ئاماری (الدلالة الإحصائية) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژماكراو | بەهای خشتەیی لە ئاستی (٧) یەكەدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداری |
| K24 | ٣٠٩,١٤٢ | ٤٩٢,٥١٦ | ٠,٤٤٠ | - ٠,٢٧٢ | ١,٩٠١ | ٠,٤٨٦ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٥ |
| Rudaw | ١٥٧,٥٧١ | ٢٧٩,٩٤٠ | ٠,٤٠٣ | - ٠,٣٠٤ | ١,٨٨٨ | | ٠,٠٠١ | |
| NRT | ١٣٨,١٤٢ | ٢٣٠,٩٦٧ | ٠,٣٧١ | - ٠,٢٧٥ | ١,٧٤١ | | ٠,٠٠٤ | |
| Kurdsat News | ٣٣,٧١٤ | ٤٧,٧٠٢ | ٠,٢٧٢ | - ٠,٢٤٠ | ١,٣٩٣ | | ٠,١٢٧ | |

**ر- بەكارهێنانی جوڵەی كامێرا لە فیلمە دۆكیۆمێنتارییەكاندا:**

بەپێی دووبارەبوونەوەكان جوڵەكانی كامێرا لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمە دۆكیومێنتارییەكانی كەناڵە ئاسمانییەكانی (K24، Rudaw، NRT، Kurdsat News)، وەک لە خشتەی (٢٥) خراوەتەڕوو، دەردەكەوێت: جوڵەی (Zoom) بە دووبارەبوونەوەی (٥٩٢)، لە كۆی گشتی (١٧٥٤) جوڵەدا، بەرێژەی (٣٣,٧٥٪)، لە پلەی یەكەمدایە، بەجۆرێک لەسەرجەم كەناڵەكاندا بەڕێژەی جیاواز و پلەی جیاواز بەكارهێنراوە، لە هەردوو كەناڵی (K24 و Kurdsat News) بەڕێژەیەكی نزیک لە یەكتر بەكارهێنراوە، كە لە كەناڵی (K24)، بە دووبارەبووەوەی (٤٠٣) لە كۆی (٩٧٤) جوڵەدا بەرێژەی (٤١,٣٨٪)، هەروەها لە كەناڵی (Kurdsat News)، بە دووبارەبووەوەی (٥٠) لە كۆی (١٢٥) جوڵە بە رێژەی (٤٠٪) بایەخ بە بەكارهێنانی دراوە. پاشان هەردوو كەناڵی (Rudaw و NRT)، بەڕێژەیەكی تاڕادەیەک نزیک لەیەكتر گرنگیان پێداوە، لە كەناڵی (Rudaw) بە دووبارەبووەوەی (٦٧) لە كۆی (٣٠٢) جوڵە بە رێژەی (٢٢,١٩٪)، بەڵام لە كەناڵی (NRT) بە دووبارەی (٧٢) لە كۆی (٣٥٣) جوڵەی بەكارهێنراودا بەڕێژەی (٢٠,٤٠٪) گرنگی پێدراوە.

سەبارەت بە جوڵەی (Pan) بە دووبارەبووەوەی (٣٣٢) و رێژەی (١٨,٩٣٪) لە پلەی دووەمدایە، كە زۆرترین رێژەی بەكارهێنانی لە هەردوو كەناڵی (Rudaw و NRT)، بە دووبارەبووەی (٧٩) بەڕێژەی (٢٦,١٦٪) لە كەناڵی (Rudaw)، هەروەها بە دووبارەی (٩١) و رێژەی (٢٥,٧٨٪) لە كەناڵی (NRT) بەكارهێنراوە. پاشان هەردوو كەناڵی (Kurdsat News و K24)، بەڕێژەیەكی نزیک لە یەكتر بایەخیان پێداوە، كە لە كەناڵی (Kurdsat News)، بە

دووبـارەی (١٩) کە دەکـاتە ڕێـژەی (١٥,٢٪)، هەروەهـا کەنـاڵی (K24) بە دووبـارەی (١٤٣) و بەڕێـژەی (١٤,٦٨٪)، بـایەخ بە بەکارهێنـانی دراوە، بەڵام جـوڵەی (**Tilt**) لە کەناڵەکـانی سـامپڵی تـوێژینەوەکەدا بە دووبـارەی (٢٩٤) بە ڕێـژەی (١٦,٧٦٪) لە پـلەی سـێیەمدا گرنگـی پێـدراوە، زۆرتـرین گرنگی پێدانی ئەم جوڵەیە لە لایەن کەنـاڵی (Kurdsat News)ەوەیە، بە دووبـارەی (٢٧) و ڕێژەی (٢١,٦٪)، دواتر کەنـاڵی (NRT) بە دووبارەبوونەوەی (٦٣) و ڕێژەی (١٧,٨٥٪) بـایەخی پێـداوە. پاشـان بەڕێژەیەکـی زۆر نزیـک لە یەکەوە لە کەنـاڵی (K24 و Rudaw) بەکـارهێنراوە، کە کەنـاڵی (K24) بە دووبـارەی (١٥٨) و ڕێـژەی (١٦,٢٢٪)، هەروەهـا کەنـاڵی (Rudaw) بە دووبارەی (٤٦) و ڕێژەی (١٥,٢٣٪) گرنگی پێدراوە.

وەک لە خشتەکەدا ڕوون کراوەتەوە، سەرجەم جوڵەکانی دیکەی کامێرا بەڕێژەیەکی کەمتر و جیاواز لەیەکتر لە کەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی دیکە بایەخیان پێدراوە، کە جوڵەی (Dolly)، بە پلەی چوارەم دێت، بە دووبارەی (١٦٤) و بەڕێژەی (٩,٣٥٪)، کە زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەناڵی (NRT) بە دووبـارەی (٦٠) بەڕێژەی (١٧٪)، کەمترین ڕێژەش لە کەناڵی ( Kurdsat News) بە دووبارەی (٧) و بەڕێژەی (٥,٦٪) بووە. پاشان جوڵەی (Tracking) بە پلەی پێنجەم بەکارهێنراوە، کە بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەنـاڵی (K24) بە دووبـارەی (٦٢) و ڕێـژەی (٦,٣٧٪)، بەڵام کەمترین ڕێژەی گرنگی پێدانی لە کەناڵی (Kurdsat News)، بە دووبارەی (٢) و ڕێژەی (١,٦٪)، کە ئەم جوڵەیە بۆ بە دواداکەوتنی ڕووداوەکان یان کاراکتەرەکانی نێو فیلمە دۆکیومێنتارییەکـان بەکاردەهێنرێـت. دواتـر هەریەک لە جوڵەکـانی (Crane، Drone، Arc) لە پـلەی (شەشـەم، حەوتەم، هەشـتەم) دان و بەڕێـژەی جیـاواز و نزیـک لە یەکتـر لەلایەن کەناڵەکـانەوە بـایەخی پێـدراوە کە ڕێژەکانیـان دەکـاتە (٥,٣٠٪، ٤,١٦٪، ٣,٧٦٪)، بەڵام جـوڵەی (Steadicam) کە یەکێکە لە جوڵە باوەکانی لە ئێستادا کەنـاڵە جیهانییەکـان پشـتی پێدەبەسـت تاوەکو کەمترین لەرەی کامێرا لەکاتی وێنەگرتندا ڕوودەدات، لە فیلمە دۆکیەمێنتارییەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا کەمترین بایەخی پێدراوە و لە پلەی نۆیەم دایە، بەجۆرێک لە کەناڵی (Rudaw)دا زۆرتـرین بەکارهێنـانی هەیە بە دووبـارەی (١٤) و ڕێـژەی (٤,٦٣٪)، بەڵام کەنـاڵی ( Kurdsat News) فەرامۆشـی کـردووە و هـیچ ڕێژەیەکـی تۆمـار نەکـردووە. بە هەمـان شـێوە جـوڵەی (**Pedestal**) کە بە پلەی دەیەم دێت، تەنیـا لە کەنـاڵی (Rudaw)دا بەکـارهێنراوە بە دووبـارەی (١١) و ڕێژەی (٣,٦٤٪)، کەناڵەکـانی دیکە هـیچ گرنگیـان بە بەکارهێنـانی نەداوە و فەرامۆشـیان کردووە.

بەپێی ئەو ئەنجامانەی سـەرەوە، ڕوون دەبێتەوە: سـەرجەم کەنـاڵە ئاسـمانییەکانی نمونەی توێژینەوەکە هەوڵیانداوە جوڵە جیاوازەکانی کـامێرا لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکانیاندا بەکـاربهێنن، بەڵام زۆرتـرین بایەخیـان بـۆ جـوڵەی (Zoom)ە، کە بە یەکێـک لە جـوڵە باوەکـانی کـاری

تەلەڤزیۆنی هەژماردەکرێت. بەو مەبەستە لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا بەکارهێنراوە، تاوەکو لە ڕووداوەکان نزیک ببێتەوە یاخود دوور بکەوێتەوە بۆ پیشاندانی زۆرترین زانیاری لە وێنە بەدەستهاتووەکاندا. لە هەمانکاتیشدا، وێنەگر هەوڵدەدات بەیەک جولەی کامێرا لەڕێگەی لێنزەکەیەوە چەند قەبارەیەکی گرتە بەیەکەوە گرێ بدات. دواتر جولەی (Pan) کە بەیەکێک لە بەهێزترین ئامرازەکانی گێرانەوە لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی پێکەوە بەستنەوەی دوو بابەتی جیاواز لە یەک گرتەدا، ئەمەش بەلایەنێکی ئەرێنی کەناڵەکان دادەنرێت. بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٥).

**خشتەی (٢٥)**

**ڕادەی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا ڕووندەکاتەوە:**

| کەناڵ / جوڵەی کامێرا | K24 | | Rudaw | | NRT | | Kurdsat News | | کۆی گشتی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| Zoom | ٤٠٣ | ٤١,٣٨ | ٦٧ | ٢٢,١٩ | ٧٢ | ٢٠,٤٠ | ٥٠ | ٤٠ | ٥٩٢ | ٣٣,٧٥ | ١ |
| Pan | ١٤٣ | ١٤,٦٨ | ٧٩ | ٢٦,١٦ | ٩١ | ٢٥,٧٨ | ١٩ | ١٥,٢ | ٣٣٢ | ١٨,٩٣ | ٢ |
| Tilt | ١٥٨ | ١٦,٢٢ | ٤٦ | ١٥,٢٣ | ٦٣ | ١٧,٨٥ | ٢٧ | ٢١,٦ | ٢٩٤ | ١٦,٧٦ | ٣ |
| Dolly | ٧١ | ٧,٢٩ | ٢٦ | ٨,٦١ | ٦٠ | ١٧ | ٧ | ٥,٦ | ١٦٤ | ٩,٣٥ | ٤ |
| Tracking | ٦٢ | ٦,٣٧ | ١٧ | ٥,٦٣ | ١٦ | ٤,٥٣ | ٢ | ١,٦ | ٩٧ | ٥,٥٣ | ٥ |
| Crane | ٥١ | ٥,٢٤ | ١٧ | ٥,٦٣ | ١٨ | ٥,١٠ | ٧ | ٥,٦ | ٩٣ | ٥,٣٠ | ٦ |
| Drone | ٣٨ | ٣,٩٠ | ٢٠ | ٦,٦٢ | ٨ | ٢,٢٦ | ٧ | ٥,٦ | ٧٣ | ٤,١٦ | ٧ |
| Arc | ٣٥ | ٣,٥٩ | ٥ | ١,٦٦ | ٢٠ | ٥,٦٧ | ٦ | ٤,٨ | ٦٦ | ٣,٧٦ | ٨ |
| Steadicam | ١٣ | ١,٣٣ | ١٤ | ٤,٦٣ | ٥ | ١,٤١ | ٠ | ٠ | ٣٢ | ١,٨٢ | ٩ |
| Pedestal | ٠ | ٠ | ١١ | ٣,٦٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١١ | ٠,٦٣ | ١٠ |
| کۆی گشتی | ٩٧٤ | ١٠٠ | ٣٠٢ | ١٠٠ | ٣٥٣ | ١٠٠ | ١٢٥ | ١٠٠ | ١٧٥٤ | ١٠٠ | |

- بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (٢٦)، سەبارەت بە ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرادا لە نێوان کەناڵە ئاسمانییەکاندا دەردەکەوێت: جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان کەناڵەکاندا، بەو پێیەی ئاستی ئاماژەی هەرچوار کەناڵەکە لەنێوان دووبارەبووەکانی دەستەی جوڵەکانی کامێرادا، بچوکترن لە ئاستی بەڵگەدارییی (٠,٠٥)، بە بەهای هەژمارکراوی (١,٦٥٦) کەناڵی (K24) ، (١,٣١٦) کەناڵی (Rudaw)، (١,٢٠٢) کەناڵی (NRT) و (١,٧٧١)ی کەناڵی (Kurdsat News)، بەرامبەر بەهای خشتەیی (٠,٤١) لە ئاستی (١٠) یەکەدا. بەجۆرێک جیاوازن لە جوڵەی (Tilt)دا کە لە بەرژەوەندی(Kurdsat News) دایە، کە بە پێی تاقیکردنەوەی کۆڵمۆگرۆڤ زۆرترین ڕێژەی جیاوازیی ئەرێنی دەکاتە (٠,٣٣٧) بە ناوەندە ژمێری (١٢,٥) و لادانی پێوەری (١٥,٦٨٦). دواتر لە جوڵەی (Zoom)دا، لەبەرژەوەندی کەناڵی (K24) دایە، بە زۆرترین ڕێژەی جیاوازی کۆتایی ئەرێنی (٠,٢٨٨) و ناوەندە ژمێری (٩٧,٤) و لادانی پێوەری

(١١٨,٩٢٠). جگەلەوە زۆرترین ڕێژەی جیاوازی کۆتایی ئەرێنی کەناڵەکانی (NRT) کە دەکاتە (٠,٢٨٠) بە ناوەندژمێری (٣٥,٣) و لادانی پێوەری (٣٢,٧٣١)، بۆ جوڵەی (Pan و Dolly) یە، پاشان زۆرترین ڕێژەی جیاوازی کۆتایی ئەرێنی کەناڵی (Rudaw) کە دەکاتە (٠,٢٦٦) بە ناوەندە ژمێری (٣٠,٢) و لادانی پێوەری (٢٥,٢١٣) بۆ جوڵەکانی (Drone، Steadicam و Pedestal)ە. بڕوانە خشتەی (٢٦).

**خشتەی (٢٦)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرادا**

| کەناڵەکان | ئاماری ناپارامێتری | | زۆرترین جیاوازی کۆتایی | | بەهای کۆڵمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ | | بەڵگەداری ئاماریی (الدلالة الإحصائية) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژمارکراو | بەهای خشتەیی لە ئاستی (١٠) یەکەدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداریی |
| K24 | ٩٧,٤ | ١١٨,٩٢٠ | ٠,٢٨٨ | - ٠,٢٠٦ | ١,٦٥٦ | ٠,٤١ | ٠,٠١٩ | ٠,٠٥ |
| Rudaw | ٣٠,٢ | ٢٥,٢١٣ | ٠,٢٦٦ | - ٠,١٥٩ | ١,٣١٦ | | ٠,٠٤٣ | |
| NRT | ٣٥,٣ | ٣٢,٧٣١ | ٠,٢٨٠ | - ٠,١٧٥ | ١,٢٠٢ | | ٠,٠٢٥ | |
| Kurdsat News | ١٢,٥ | ١٥,٦٨٦ | ٠,٣٣٧ | - ٠,٢١٣ | ١,٧٧١ | | ٠,٠٠٢ | |

**ز- ڕادەی بەکارهێنانی جوڵەی تێکەڵاو (Mix)ی کامێرای بەکارهێنراو:**

لە دوای هەڵاوێردکردنی زانیارییەکانی خشتەی (٢٧)، لەبارەی چۆنییەتی بەکارهێنانی پرۆسەی تێکەڵکردنی گرتەکان لەڕێگەی جوڵە جیاوازەکانی کامێراوە، کە یەکێکە لەو شێوازانەی لە زۆرێک لە فیلمە دۆکیومێنتاریی و سینەماییەکاندا بەکاردەهێنرێت، دەردەکەوێت: تێکەڵکردنی گرتەی گشتی زۆر دوور ELS، لەگەڵ گرتەی گشتی دوور VLSدا بە ئەنجامدانی هەردوو جوڵەی کامێرا بە (Drone و Zoom) پێکەوە، بە دووبارەبوونەوەی (١٠٣) جار، لە کۆی گشتی (٣٩٧) جوڵەی میکسدا، بەڕێژەی (٢٥,٩٤٪) لە پلەی یەکەمدایە. زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەناڵی (Kurdsat News) بە دووبارەی (٢٣) و ڕێژەی (٤١,٠٧٪)، دواتر کەناڵی (Rudaw) بە دووبارەی (٢٢) و ڕێژەی (٢٩,٣٣٪)، هەروەها کەناڵی (NRT) بە دووبارەی (١٨) و ڕێژەی (٢٥,٧١٪)، پاشان کەناڵی (K24) بە دووبارەی (٤٠) بەڕێژەی (٢٠,٤٠٪)، بایەخیان بە بەکارهێنانی داوە. هۆکاری زۆری بەکارهێنانی ئەم جۆرە جوڵە تێکەڵە بە هەند وەردەگیرێت، چونکە لەسەرەتای فیلمەکاندا بۆ ناساندنی گشتی شوێنی ڕووداوی ڕووداوەکە بەکارهێنراون، کە باشترین چارەسەرە بۆ خستنەڕووی بەڵگەی ڕاستی بوونی ڕووداوەکان.

سەبارەت بە بەکارهێنانی تێکەڵکردنی گرتەکانی (گشتی LS و مامناوەند MS) لەڕێگەی جوڵەکانی (Pan وZoom) لە پلەی دووەمدا دێت، بە دووبارەی (٥٧) بەڕێژەی (١٤,٣٦٪)، کە کەناڵی (K24) زۆرترین ڕێژەی بە دووبارەبوونەوەی (٤٢) و بەڕێژەی (٢١,٤٢٪) تۆمارکردووە، دواتر کەناڵی (NRT) بەدووبارەی (١١) بەڕێژەی (١٥,٧١٪)، هەروەها کەناڵی (Rudaw) بە دووبارەی (٤) و بەڕێژەی (٥,٣٣٪)، بایەخیان پێداوە، بەڵام لە کەناڵی (Kurdsat News)دا گرنگی پێنەدراوە.

هەروەک جوڵەی تێکەڵکردنی هەردوو گرتەی (گشتی زۆر دوور ELS بۆ گشتی دوو VLS)، بە بەکارهێنانی جوڵەی (Drone و Tilt)، لە پلەی سێیەمدایە بە دووبارەی (٤٦) کە ڕێژەکەی دەکاتە (١١,٥٦٪)، بایەخی پێدراوە، بە جۆرێک لە کەناڵی (Rudaw) زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە بە دووبارەی (١٣)، ڕێژەی (١٧,٣٣٪)، هەروەها هەردوو کەناڵی (K24 و Kurdsat News)، بەڕێژەیەکی لەیەکتر نزیک بایەخیان پێداوە، کەناڵی (K24) بە دووبارەی (٢٢) و ڕێژەی (١١,٢٢٪)، دواتر کەناڵی (Kurdsat News) بەدووبارەی (٦) و ڕێژەی (١٠,٧١٪) بایەخی پێداوە، بەڵام کەمترین بەکارهێنانی لە کەناڵی (NRT)دا بووە بەدووبارەی (٥) و ڕێژەی (٧,١٤٪). ئەم تەکنیکە زیاتر لەڕێگەی کامێرای درۆن بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی ئاشناکردنی بینەر بە شوێن و ناوچەی جوگرافی ڕووداوەکانی چیرۆکی فیلمەکە و پیشاندانی دوورترین مەودای ناوچەکە.

هەروەک لە خشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە، پیشاندانی دیمەنێک لە گرتەیەکی (گشتی دوور VLS)ەوە بۆ گرتەیەکی (گشتی زۆر دوو ELS)، لەیەک کاتدا لە ڕێگەی جوڵەی (Drone و Pan)، بە پلەی چوارەم بە ڕێژەی (٩,٥٧٪) بەکارهێنراوە. زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی بە دووبارەبوونەوەی (١٠) و بەڕێژەی (١٣,٣٣٪) لە کەناڵی (Rudaw)دا بووە، بەڵام تەنیا کەناڵی (NRT) هیچ بایەخێکی بە بەکارهێنانی نەداوە. پاشان جوڵەی میکسی (Drone و Arc)، بۆ گرێدانی هەردوو گرتەی (گشتی دوور VLS و گرتەی گشتی LS)، بە پلەی پێنجەم بەڕێژەی (٩,٠٧٪) بەکارهێنراوە، زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لای کەناڵی (Kurdsat News)ە بە دووبارەی (١٤) و ڕێژەی (٢٥٪)، بەڵام کەمترین بەکارهێنانی لە کەناڵی (Rudaw) بەڕێژەی (٥,٣٣) بووە. هەرچەندە کەناڵی (Rudaw) زۆرترین بایەخی بە تەکنیکی بەستنەوەی گرتەی (گشتی دوور VLS و گشتی LS) داوە لە یەک کاتدا لە ڕیگەی بەکارهێنانی هەردوو جوڵەی (Drone و Tracking)، بە دووبارەی (١٢) و ڕێژەی (١٦٪) کە لە پلەی شەشەم دایە، بەڵام کەناڵی (NRT) زۆرترین بایەخی بە جوڵەی میکسی (Pan و Tilt) داوە بۆ پێکەوە بەستنەوەی گرتەی (مامناوەند MS و نزیک CU)، بە دووبارەی (١٠) و ڕێژەی (١٤,٢٨٪) بە بەراورد بە کەناڵەکانی تر کە لە پلەی حەوتەمدا دێن. دواتر جوڵەی تێکەڵاوی (Pan و Tilt) بۆبەستنەوەی

گرتەکانی (گشتی LS و نزیک CU)، لەگەڵ جوڵەکانی (Tilt و Zoom) لە پلەی هەشتەمدان، بە دووبارەی (٢٣) و ڕێژەی (٥,٧٩٪)، بەجۆرێک تەکنیکی بەکارهێنانی هەردوو جوڵەی (Pan و Tilt) بۆ پێکەوە گرێدانی ئەو دوو گرتەیە لەیەک کاتدا لە کەناڵی (K24) بەڕێژەی (٧,١٤٪) زۆرترین بەکارهێنانی هەیە و لە کەناڵی (Kurdsat News) کەمترین بەکارهێنانی هەیە بەڕێژەی (٣,٥٧)، هەروەها هەریەک لە کەناڵەکانی (Kurdsat News و Rudaw)، تێکەڵکردنی گرتەکانی (گشتی LS و نزیک CU) لە ڕێگەی بەکارهێنانی جوڵەکانی (Tilt و Zoom)، هیچ بایەخێکیان پێنەدراوە و فەرامۆش کراون. پاشان تێکەڵکردنی گرتەکانی (مامناوەند MS و زۆر نزیک ECU) لەڕێگەی جوڵەی (Pan و Zoom)ەوە، بە دووبارەی (٩) و ڕێژەی (٢,٢٧٪) بە پلەی نۆیەم و کۆتایی دێت، کە تەنیا لە کەناڵەکانی (Rudaw و K24) بەڕێژەیەکی زۆر کەم بەکارهێنراون، بەڕێژەکانی (٤٪ و ٣,٠٦٪).

بەپێی ئەو ئەنجامانەی لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە بۆمان دەردەکەوێت، کەناڵە ئاسمانییەکانی نمونەی توێژینەوەکە، هەوڵیانداوە تەکنیکی تێکەڵکردنی دوو گرتە لە ڕێگەی زیاتر لە جوڵەیەکی کامێراوە، لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکانیاندا بەگەڕبخەن، ئەمەش بە هۆکارێکی گرنگ و بەهێزی فیلمی دۆکیومێنتاری دادەنرێت، چونکە پرۆسەی وێنەگرتنی فیلمی دۆکیومێنتاری بە بەراورد بەژانرێکی دیکەی تەلەڤزیۆنی بە نمونە ژانری هەواڵ و ڕاپۆرت، پێویستی بە کات و ساتێکی زیاتر و دیاریکراو هەیە. بۆ ئەو مەبەستە دەرهێنەری فیلمەکە هەوڵدەدات ئەم جۆرە تەکنیکەی تێکەڵکردن پەیڕەو بکات، تاوەکو دیمەنەکان وەک یەک دیمەن نمایشبکرێن، بەبێ بەکارهێنانی کارتێکەرەکانی وێنە لە لایەن مۆنتێرەوە بۆ بەستنەوەی گرتەکان پێکەوە، ئەمەش بە بناغەیەکی گرنگ و شێوازێکی گونجاو لە تەکنیکی وێنەگرتنی فیلمی دۆکیومێنتاری دادەنرێت. بڕوانە خشتەی (٢٧).

**خشتەی (٢٧)**

**چۆنییەتی بەکارهێنانی شێوازی جوڵەی کامێرای تێکەڵ بۆ گرێدانی گرتەکانی وێنە نمایشکراوەکان**

| کەناڵ / جوڵەی تێکەڵ | K24 | | Rudaw | | NRT | | Kurdsat News | | کۆی گشتی برگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| ELS+ Drone+ Zoom+ VLS | ٤٠ | ٢٠,٤٠ | ٢٢ | ٢٩,٣٣ | ١٨ | ٢٥,٧١ | ٢٣ | ٤١,٠٧ | ١٠٣ | ٢٥,٩٤ | ١ |
| LS+ Pan+ Zoom+ MS | ٤٢ | ٢١,٤٢ | ٤ | ٥,٣٣ | ١١ | ١٥,٧١ | ٠ | ٠ | ٥٧ | ١٤,٣٦ | ٢ |
| ELS+ Drone+ Tilt+ VLS | ٢٢ | ١١,٢٢ | ١٣ | ١٧,٣٣ | ٥ | ٧,١٤ | ٦ | ١٠,٧١ | ٤٦ | ١١,٥٦ | ٣ |
| VLS+ Drone+ Pan+ ELS | ٢١ | ١٠,٧١ | ١٠ | ١٣,٣٣ | ٠ | ٠ | ٧ | ١٢,٥ | ٣٨ | ٩,٥٧ | ٤ |
| VLS+ Drone+ Arc+ LS | ١٣ | ٦,٦٣ | ٤ | ٥,٣٣ | ٥ | ٧,١٤ | ١٤ | ٢٥ | ٣٦ | ٩,٠٧ | ٥ |
| VLS+ Drone+ Tracking+ LS | ١٣ | ٦,٦٣ | ١٢ | ١٦ | ٦ | ٨,٥٧ | ٤ | ٧,١٤ | ٣٥ | ٨,٨٢ | ٦ |
| MS+ Pan+ Tilt+ CU | ١٣ | ٦,٦٣ | ٤ | ٥,٣٣ | ١٠ | ١٤,٢٨ | ٠ | ٠ | ٢٧ | ٦,٨٠ | ٧ |
| LS+ Pan+ Tilt+ CU | ١٤ | ٧,١٤ | ٣ | ٤ | ٤ | ٥,٧١ | ٢ | ٣,٥٧ | ٢٣ | ٥,٧٩ | ٨ |
| LS+ Tilt+ Zoom+ CU | ١٢ | ٦,١٢ | ٠ | ٠ | ١١ | ١٥,٧١ | ٠ | ٠ | ٢٣ | ٥,٧٩ | |
| MS+ Pan+ Zoom+ ECU | ٦ | ٣,٠٦ | ٣ | ٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٩ | ٢,٢٧ | ٩ |
| **کۆی گشتی** | ١٩٦ | ١٠٠ | ٧٥ | ١٠٠ | ٧٠ | ١٠٠ | ٥٦ | ١٠٠ | ٣٩٧ | ١٠٠ | |

- بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (٢٨)، سەبارەت بە ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی جوڵە تێکەڵاوەکانی کامێرادا، بۆ فیلمە دۆکیومێنتارییە بەرهەمهێنراوەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی نمونەی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت: جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان کەناڵەکانی (K24 و Rudaw) بە بەراورد بە هەر دوو کەناڵی (NRT و Kurdsat News)، چونکە ئاستی ئاماژەی کەناڵی (Rudaw) دەکاتە (٠,٠١١)، هەروەها لە کەناڵی (K24) دەکاتە (٠,٠٢٨)، بچوکترن لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥)، بە بەهای هەژمارکراوی (١,٣٢٢) کەناڵی (Rudaw)، لەگەڵ (١,١٩٥) کەناڵی (K24)، بەرامبەر بە بەهای خشتەیی (٠,٤١) لە ئاستی (١٠) یەکەدا. هەروەها زۆرترین

جیاوازی کۆتایی ئەرێنی لە کەناڵی (Rudaw)وە کە دەکاتە (٠,٣٠٠)، لەگەڵ (٠,٢٧٧) لە کەناڵی (K24). کە زۆرترین جیاوازی لە بەرژەوەندی کەناڵی (Rudaw)ە، بۆ هەریەک لە جوڵەی تێکەڵی (VLS+ Drone+ Tilt+ ELS، ELS+ Pan+ Drone+ VLS، VLS+ Drone+ LS+ Tracking، ECU+ Zoom+ Pan+ MS)، بە ناوەندە ژمێری (٧,٥) و لادانی پێوەری (٦,٦٧٠)، بەڵام جیاوازی لە بەکارهێنانی هەریەک لە جوڵەی میکسی (LS+ Pan+ Tilt+ CU، LS+ Pan+ Zoom+ MS)، لە بەرژەوەندی کەناڵی (K24) دایە، بە ناوەندە ژمێری (١٩,٦) و لادانی پێوەری (١٢,١٥٨). بڕوانە خشتەی (٢٨).

**خشتەی (٢٨)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە بەکارهێنانی جوڵە تێکەڵاوەکانی کامێرادا**

| کەناڵەکان | ئاماری ناپارامێتری | | زۆرترین جیاوازی کۆتایی | | بەهای کۆلمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ | | بەڵگەداری ئاماریی (الدلالة الإحصائية) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژماکراو | بەهای خشتەیی لەئاستی (١٠) پەکەدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداریی |
| K24 | ١٩,٦ | ١٢,١٥٨ | ٠,٢٧٧ | - ٠,١٦٦ | ١,١٩٥ | ٠,٤١ | ٠,٠٢٨ | ٠,٠٥ |
| Rudaw | ٧,٥ | ٦,٦٧٠ | ٠,٣٠٠ | - ٠,١٥٠ | ١,٣٢٢ | | ٠,٠١١ | |
| NRT | ٧ | ٥,٥٥٨ | ٠,١٧١ | - ٠,١٠٥ | ٠,٩١٤ | | ٠,٢٠٠ | |
| Kurdsat News | ٥,٦ | ٧,٥٧٥ | ٠,٢٢٧ | - ٠,٢٣٠ | ١,٥٦٧ | | ٠,١٤٣ | |

**ژ- بەکارهێنانی کارتێکەری وێنەیی لە پرۆسەی مۆنتاژی فیلمەکانی نمونەی توێژینەوەکەدا:**

لە پاش هەڵاوێردکردنی داتا و زانیارییەکانی خشتەی (٢٩)، لە بارەی چۆنییەتی بەکارهێنانی کارتێکەریی وێنەیی بۆ گواستنەوەی وێنە بەکارهێنراوەکان لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی (K24، Rudaw، NRT، Kurdsat News)، دەردەکەوێت: لە سەرجەم کەناڵەکاندا بە پلەی یەکەم، بە دووبارەبوونەوەی (٣٩٩٠) بەڕێژەی (٨٩,٢٦٪)، کارتێکەری (بڕین- Cut) بایەخی پێدراوە، زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەناڵی (Rudaw) بە دووبارەبوونەوەی (١٠٣٤) لە کۆی گشتی (١١٠٣) بەڕێژەی (٩٣,٧٤٪)، دواتر کەناڵی (K24) بە دووبارەی (١٩٥٩) بەڕێژەی (٩٠,٥٢٪)، هەروەها لە هەردوو کەناڵی (NRT و Kurdsat News) بەڕێژەیەکی زۆر نزیک لەیەکتر بەکارهێنراوە، لە کەناڵی (NRT) بە دووبارەی (٨٠٢) و بە ڕێژەی (٨٢,٩٣٪)، دواتر کەناڵی (Kurdsat News) بە دووبارەی (١٩٥) و ڕێژەی (٨٢,٦٢٪) بایەخی پێدراوە. هۆکاری زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەک یەکێک لە کارتێکەرە وێنەییە پڕ بایەخەکانی کاری تەلەڤزیۆنی، بۆ ڕوونکردنەوە و

ڕاڤەکردنــی چیرۆکــی فیلمەکــان، هەروەهــا جەختکــردنەوە لە ڕاســتییەکان و چــاودێریکردنی گۆڕانکارییەکان کاری پێدەکرێت.

سەبارەت بە کارتێکەری (تێکەڵکردن- Dissolve) بە دووبارەی (٢٩٩) ڕێژەی (٦,٦٩٪) لە پـلەی دووەمـدایە، بەجۆرێـک کەنـاڵی (NRT) بە بەراورد بە کەناڵەکـانی تـر زۆرتـرین ڕێـژەی بەکارهێنــاوە، بە دووبــارەی (٩٥) کە ڕێــژەکەی دەکــاتە (٩,٨٢٪)، پاشــان کەنــاڵی (K24) بە دووبـارەی (١٤٥) و بەڕێـژەی (٦,٧٠٪) بـایەخی پێداوە، دواتـر کەنـاڵی (Rudaw) بە دووبـارەی (٤٩) بەڕێــژەی (٤,٤٤٪) گرنگــی پێــداوە، بەڵام کەنـاڵی (Kurdsat News) کەمتــرین ڕێــژەی بەکارهێنـاوە بە دووبـارەی (١٠) کە ڕێژەکەی دەکـاتە (٤,٢٣٪). ئەمەش دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوەی دەرهێنەرانـی فیلمەکـان مەبەسـتیان بـووە دیمەنێـک کە لەزەمەنێکـی دیـاریکراودا ڕوویـداوە بـۆ دیمەنێکی دیکە بگوازنەوە کە پەیوەندییەکی بەهێز و دوورییەکی دیـاریکراو لە نێوانیانـدا هەیە. ئەم کارتێکەرە زۆرتر لە نێوەندی ماوەی فیلمە دۆکیومێنتارییە بەرهەمهێنراوەکاندا بەکارهاتووە، تاوەکو ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکان یەکتر تەواو بکەن.

هەروەک کــارتێکەری (دەرکەوتــن و دیــار نەمــان- Fade in- Fade out) لە فــیلمە دۆکیومێنتارییەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا، بە پلەی سـێیەم بەکـارهێنراون، بە دووبـارەی (١٣٥) و ڕێژەی (٣,٠٢٪)، زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەناڵی (NRT) بە دووبارەی (٧٠) و ڕێژەی (٧,٢٣٪)، پاشـان (K24) بە دووبـارەی (٥٠) و ڕێـژەی (٢,٣١٪)، هەروەهـا کەنـاڵی ( Kurdast News) بە دووبـارەی (٤) و ڕێـژەی (١,٦٩٪) بەکاریانهێنـاوە، بەڵام کەنـاڵی (Rudaw) کەمتـرین ڕێـژەی بەکارهێنـاوە بە دووبـارەی (١١) بەڕێـژەی (٠,٩٩٪). ئەم کـارتێکەرە وەک ئامـاژەیەک لە گۆڕانکاری کردنی کات و شـوێنی ڕوودانـی ڕووداوەکـان، لە سـەرەتای دەسـتپێکردن و کۆتـایی هــاتنی فـیلمە دۆکیومێنتارییەکانـدا بەکـارهێنراوە، بەڵام لە هەنـدێک فیلمـدا لە ناوەندیـدا کـاری پێدەکرێت، ئەمەش لە فیلمە دۆکیومێنتارییە تەلەڤزیۆنی و سینەماییەکاندا پەیڕەو دەکرێت.

سەبارەت بە کارتێکەری (سڕینەوە- Wipe)، بە دووبارەی (٤٦) و ڕێژەی (١,٠٣٪) لە پلەی چوارەمـدا بەکـارهێنراوە و زۆرتـرین ڕێـژەی کەنـاڵی (Kurdsat News) بە ڕیـژەی (١١,٤٤) بەدەستیهێناوە، کەمتر لە کەناڵەکانی (Rudaw و K24) بەڕێژەکانی (٠,٨١٪ و ٠,٤٦٪) بـایەخی پێدراوە، بەڵام کەنـاڵی (NRT) هیـچ بـایەخی پێنەداوە. ئەمەش وەک تەکنیکێـک بـۆ جوانکـاری لە فیلمەکاندا بەکارهاتووە و بە لایەنێکی لاواز بۆ کەناڵەکـان هەژماردەکرێت، چـونکە بەکارهێنـانی ئەم جۆرە کارتێکەرە دەبێت بەشێوەیەکی زانستیانە بەکاربهێنرێت نەک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.

بەپێـی ئەنجامەکـانی سـەرەوە بۆمـان ڕوونـدەبێتەوە، کەنـاڵە ئاسـمانییەکان لە گواسـتنەوەی وێنەکان و دیمەنەکان لە گرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی دیکە، بەڕێژەیەکی زۆرتـر کـارتێکەری (بـڕین Cut)یــان بەکارهێنــاوە، ئەمەش ئەنجــامێکی سروشــتییە، چــونکە وەک یەکێــک لە باشــترین و

گونجاوترین کارتێکەرەکانی وێنە لە پێکەوە بەستنی گرتەی یەک لەدوای یەک لە فیلمە دۆکیومێنتارییە تەلەڤزیۆنی و سینەماییەکاندا پەیڕەو دەکرێت. هەروەها کارتێکەری (سڕینەوە- Wipe) کەمترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە، کە لەڕووی زانستییەوە لە کاری ڕیکلامکردندا زیاتر بەکاردەهێنرێت و گونجاو نییە لە ژانرێکی وەک فیلمی دۆکیومێنتارییدا بە بەراورد بە کارتێکەری بڕین بەکاربهێنرێت. بڕوانە خشتەی (٢٩).

**خشتەی (٢٩)**

**شێوازەکانی پەیڕەوکردنی کارتێکەری وێنەیی لە پرۆسەی مۆنتاژدا**

| کەناڵ / کارتێکەری وێنەیی | K24 | | Rudaw | | NRT | | Kurdsat News | | کۆی گشتی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| Cut | ١٩٥٩ | ٩٠,٥٢ | ١٠٣٤ | ٩٣,٧٤ | ٨٠٢ | ٨٢,٩٣ | ١٩٥ | ٨٢,٦٢ | ٣٩٩٠ | ٨٩,٢٦ | ١ |
| Dissolve | ١٤٥ | ٦,٧٠ | ٤٩ | ٤,٤٤ | ٩٥ | ٩,٨٢ | ١٠ | ٤,٢٣ | ٢٩٩ | ٦,٦٩ | ٢ |
| Fade in-Fade out | ٥٠ | ٢,٣١ | ١١ | ٠,٩٩ | ٧٠ | ٧,٢٣ | ٤ | ١,٦٩ | ١٣٥ | ٣,٠٢ | ٣ |
| Wipe | ١٠ | ٠,٤٦ | ٩ | ٠,٨١ | ٠ | ٠ | ٢٧ | ١١,٤٤ | ٤٦ | ١,٠٣ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٢١٦٤ | ١٠٠ | ١١٠٣ | ١٠٠ | ٩٦٧ | ١٠٠ | ٢٣٦ | ١٠٠ | ٤٤٧٠ | ١٠٠ | |

-بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (٣٠)، سەبارەت بە ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی کارتێکەریی وێنەیی لە گواستنەوەی گرتەکانی وێنەی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا، دەردەکەوێت: جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان سەرجەم کەناڵەکانی نمونەی توێژینەوەکەدا، چونکە بەهای هەژمارکراوی (کۆلمۆگرۆڤ- سمیرنۆڤ) کەناڵی (K24) دەکاتە (١,٣٦١)، هەروەها کەناڵی (Rudaw) دەکاتە (١,٤٢٢)، دواتر هەریەک لە کەناڵی (NRT و Kurdsat News) بە بەهای (١,٢٦٣ و ١,٢٥٩)، گەورەترن لە بەهای خشتەیی (٠,٦٤٢) لەئاستی (٤) یەکەدا و ئاماژەدارن. کە زۆرترین جیاوازی بۆ کارتێکەری (بڕین- Cut، تێکەڵکردن Dissolve و دەرکەوتن و دیارنەمان Fade in- Fade out)ەو لە بەرژەوەندی کەناڵی (NRT) دایە، بە ناوەندە ژمێری (٢٤١,٧٥) و لادانی پێوەری (٣٧٥,٦٥٧)، هەروەها جیاوازن لە بەکارهێنانی کارتێکەری (Wipe)دا کە لە بەرژەوەندی (Kurdsat News) بە ناوەندە ژمێری (٥٩) و لادانی پێوەری (٩١,١٨٨). بڕوانە خشتەی (٣٠).

### خشتەی (٣٠)

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Kolmogorov- Smirnov)، بۆ دەرخستنی جیاوازی لە بەکارهێنانی چۆنییەتی پێکەوە بەستی وێنەکان لەڕێگەی کارتێکەری وێنەییەوە:**

| کەناڵەکان | ئاماری ناپارامیتری | | زۆرترین جیاوازی کۆتایی | | بەهای کۆلمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ | | بەڵگەداری ئاماریی (الدلالة الإحصائية) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئەرێنی | نەرێنی | بەهای هەژمارکراو | بەهای خشتەیی لە ئاستی (٤) یەکەدا | ئاستی ئاماژە Sig | ئاستی بەڵگەداریی |
| K24 | ٥٤١ | ٩٤٧,٠٢٧ | ٠,٤١٢ | ٠,٢٨٨ - | ١,٣٦١ | ٠,٦٤٢ | ئاماژەدارە | ٠.٠٥ |
| Rudaw | ٢٧٥,٧٥ | ٥٠٥,٨٣٥ | ٠,٤٢٣ | ٠,٢٩٩ - | ١,٤٢٢ | | ئاماژەدارە | |
| NRT | ٢٤١,٧٥ | ٣٧٥,٦٥٧ | ٠,٤٠٢ | ٠,٢٦٠ - | ١,٢٦٣ | | ئاماژەدارە | |
| Kurdsat News | ٥٩ | ٩١,١٨٨ | ٠,٣٨٧ | ٠,٢٧٣ - | ١,٢٥٩ | | ئاماژەدارە | |

## دەرئەنجام:

لەپاش شیکارکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە دەستە و یەکەکانی شیکارکردن، لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکان، توێژینەوەکە بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە:

١- لە کەناڵە ئاسمانییەکانی (K24، Rudaw، NRT، Kurdsat News)دا، بەشێوەیەکی هەمەجۆر کار لەسەر بەرهەمهێنانی جۆر و ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان نەکراوە. مامەڵەکردن لەگەڵ جۆری چاودێرییکردن و ڕاڤەکردن لە پێشەنگی جۆرەکانی فیلمی دۆکیومێنتارییدان و زیاتر پشت بە بابەتەکانی (ژیانی کەسایەتی، مێژوویی و شوێنەوار) بەستراوە، لە ناوەڕۆکی فیلمەکانیاندا جیاواز لەیەکتر گرنگیان بۆ بابەتەکانی دیکەی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤایەتی و سروشتی کوردستان هەبوو، ئەمەش بە کەلێنێک دادەنرێت لە بەرهەمهێنانی فیلمە دۆکیومێنتەرییە کوردییەکاندا، بەو پێیەی زۆر بواری گرنگی دیکەی وەک بابەتە کۆمەڵایەتییەکان فەرامۆشکراون.

٢- دەرهێنەران لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکاندا، بەشێوەیەکی گونجاو وەک ڕەگەزێکی گرنگ و هۆکارێکی کاریگەر بۆ ڕوونکردنەوەی وێنە بەکارهێنراوەکان و گواستنەوەی زانیارییەکان بایەخیان بە بوونی کۆمێنت (تعلیق) داوە. لە کاتێکدا ڕادەی بوونی دەنگی کۆمێنتتار (چیرۆکخوان) لە کۆمێنتەکاندا زیاتر لە ڕەگەزی (نێر)ن و ڕەگەزی (مێ) کەمتر گرنگی پێدراوە.

٣- سەرجەم کەناڵەکان لە گێڕانەوەی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا، بایەخیان بە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست داوە، جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە لە بایەخدان بە بابەتەکانی پەیوەست بە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بەڵام هەردوو کەناڵی (K24 و Rudaw) لەڕیگەی پاڵەوانی فیلمەکانەوە شێوەزاری کرمانجی ژووروویان بەکارهێناوە. هەروەها تەنیا کەناڵی (K24) گرنگی بە دیالێکتی هەورامی داوە. ئەمەش بەلایەنێکی ئەرێنی بۆ کەناڵەکە دادەنرێت، کە بەبێ جیاوازی شێوەزاری ئاخاوتن توانیویەتی ئەو ڕووداو و بابەتانەی پەیوەندیان بە کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە بگەیەنێتە بینەران.

٤- دەرهێنەرانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان لە کەناڵەکە ئاسمانییەکاندا هەوڵێکی باشیان بەگەڕخستووە لە چارەسەرکردنی فیلمەکاندا، توانراوە دەنگی موزیکی وێنەیی و سروشتی ڕووداوەکان بۆ پاڵپشتی کردنی وێنەکان بە ئاستێکی گونجاو پەیرەو بکرێت، ئەمەش وەک لایەنێکی ئەرێنی سەرجەم کەناڵەکان لێی دەڕوانرێت، لەبەرئەوەی کەمتر گرنگییان بە کارتێکەری دەنگی داوە.

٥- لەگێڕانەوەی چیرۆکی بابەتی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا، کەناڵەکان کەمتر پەنایان بردووەتە بەر چاوپێکەوتن و لێدوانی پاڵەوانی فیلمەکان لە ناو ستۆدیۆدا، بەڵکو وێنە بەکارهێنراوەکان بەئاستێکی گونجاو لە دەرەوەی ستۆدیۆ و شوێنی پەیوەندیدار بە سروشت و بابەتی ڕووداوەکانی فیلمەکان، وەک بەڵگەیەک بۆ ڕۆشنکردنەوەی واقیعی چیرۆکی فیلمەکان لەشوێنی ڕاستەقینەی ڕووداوەکاندا وێنە گیراون. ئەم دەرئەنجامەش یەک دەگرێتەوە لەگەڵ دەرئەنجامی چوارەمدا.

٦- کەناڵە ئاسمانییەکان، هەمەچەشنیان لە بەکارهێنانی جۆرەکانی وێنەدا کردووە. زۆرترین گرنگییان بە بەکارهێنانی وێنەی ڤیدیۆیی داوە، ئەمەش دەرئەنجامێکی ئەرێنییە، لەبەرئەوەی فیلمی دۆکیومێنتاری وادەخوازێت وێنەی زیندووی ڕووداوەکان بۆ بەرجەستەکردنی ڕاستییەکان وەک خۆیان بەرهەمبهێنرێت، هەروەها سەرچاوەی بەدەستهێنانی وێنەکان لەلایەن وێنەگرانی خودی کەناڵەکانەوە بوون، بەپێی پێویستی بابەت و ناوەڕۆکی فیلمەکان پەنا براوەتە بەر بەکارهێنانی وێنەی ئەرشیفی.

٧- لە تەکنیکی بەکارهێنانی وێنەی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا، کەناڵەکان بەپێی جۆر و ناوەڕۆکی فیلمەکان توانیویانە هەمەجۆری لە وەرگرتنی گرتە جیاوازەکانی کامێرادا بکەن، بۆ ئاشکراکردنی چۆنییەتی ڕوودانی ڕووداوەکان. هەروەها گۆشەی ئاستی بینین لەسەرجەم کەناڵەکاندا بە ڕێژەیەکی بەرز زۆرترین گرنگی پێدراوە، کە لایەنێکی بەهێزە لە بایەخدان بە تەکنیکی وێنەگرتنی فیلمی دۆکیومێنتاری، بەهۆی ئەو ئاراستە واقیع بینینیەی هەیەتی بە گۆشەیەکی بێلایەن دادەنرێت لە توانای بەخشینی ڕاستی ڕووداوەکاندا. ئەمەش بە شێوەیەکی زانستی توانای بەکارهێنانی وێنە لەلایەن وێنەگرانی سەرجەم کەناڵەکانەوە دەردەخات.

دیمەنەکانی فیلمەکە لە شوێنەواری دێرینی قەڵای خورماڵ دەگێڕدرێتەوە، بەڵام لەکاتی چاوپێکەوتنی شوێنەوارناسان و مێژوونووساندا، وێنەگر زۆرترین گۆشەی تەنیشتی بەکارهێناوە و نەیتوانیوە بە ڕوونی ڕووخساری گێڕەرەوەکانی فیلمەکە وەربگرێت. بەهەمان شێوە لەسەر شان وێنەی دیمەنەکانی وەرگرتووە و لەرەی نەگونجاوی کامێرا بەدیدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت وێنەگرەکە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی زانستییانە و باش دەست بەسەر جوڵە و دیاریکردنی گۆشەکانی کامێرادا بگرێت. لەبەشێکی دیکەی فیلمەکەدا باس لە گەڕاوی خورماڵ دەکرێت، کە ڕۆژانە خەڵک لە چەند شوێنێکی جیا جیاوە سەردانی دەکەن بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێست. کە بە بەکارهێنانی زۆرترین وێنەی ڤیدیۆیی و دەنگی سروشتی شوێنی وێنەگرتنی دیمەنەکان چیرۆکی فیلمەکە نمایشدەکرێت.

**١١- فیلمی بیری دەستی:**

ماوەی ئەم فیلمە ٢٤ خولەک و ٥٠ چرکەیە، لە ٢٠٢١/٥/٢٩ پەخشکراوە، ئەم فیلمە لە جۆری چاودێرییکردنە و ناوەڕۆکەکەی باس لە چۆنییەتی هەڵکەندنی بیری ئاو دەکات بە شێوازی دەستی و دوور لە ئامێری بیر هەڵکەندن. چیرۆکی فیلمەکە چۆنییەتی گوزەرانی ئەو پیشەوەرانە دەگێڕێتەوە، کە لەسەر پیشەی بیر هەڵکەندن بژێوی ژیانیان دابین دەکەن. ئەوەش لە ڕێگای چاودێریکردنی چۆنییەتی کارکردنیان لەلان دەرهێنەری فیلمەکە و وێنەگرتنی دیمەنەکانی لەلایەن وێنەگرەوە، بە زۆرترین (گرتەی گشتی LS، گرتەی نزیک CU و لەڕادەبەدەر نزیک ECU)، بە وەرگرتنی زۆرترین گۆشەی چاوی باڵندە و بەرجەستەکردنی دەنگی سروشتی شوێنی پیشەکە بەبێ بەکارهێنانی موزیک بیرۆکەی فیلمەکە دەگێڕدرێتەوە، بەجۆرێک گرتە وێنەگیراوەکان ڕۆڵێکی باش دەگێڕن لە ڕاستی ئەنجامدانی پیشەکە وەک خۆی، تاوەکو بتوانرێت هەوڵ و ماندووبوون و ئەو مەترسییانەی لەسەر ژیانی پیشەوەران هەیە بخرێتە بەر دیدەی بنەران.

**١٢- فیلمی حەسەن گەرمیانی:**

ماوەی فیلمەکە ٢٤ خولەک و ٥٦ چرکەیە، لە ٢٠٢١/٦/٥ پەخشکراوە. ناوەڕۆکی ئەم فیلمە باس لەژیانی هونەری هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد (حەسەن گەرمیانی) دەکات، کە دەرهێنەر بەشێوازی چاودێرییکردن کاری لە بەرهەمهێنانیدا کردووە. لەم فیلمەدا پاڵەوانی چیرۆکەکە لە سەرزاری خۆیەوە و بە چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکە، بە وەرگرتنی چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیی و فۆتۆی ئەرشیفی هونەرمەند، چیرۆکی سەرەتای چوونە نێو کاری هونەری و بەردەوامبوونی دەگێڕدرێتەوە. ئەوەش بە ئەنجامدانی کاری وێنەگرتن لە شوێنی تایبەتی هونەرمەند و چاوپێکەوتنی ناو ستۆدیۆ، بە وەرگرتنی چەند گرتەیەکی جیاواز و زۆرترین جوڵەی Zoom، مێژووی کارکردنی پاڵەوانی فیلمەکە بەرجەستە کراوە.

J

**١٣- فیلمی کامیل ژێر:**

ئەم فیلمە لەجۆری چاودێرییکردنە، ماوەکەی ٢١ خولەک و ٧ چرکەیە و لە ٢٠٢١/٦/١٢ پەخشکراوە. چیرۆکی ئەم فیلمە لەدەووری ژیانی کەسایەتی ڕۆشنبیر و نوسەری ناسراوی کورد کامیل ژێر دەسوڕێتەوە. کە لە بەشێکی فلمەکەدا تیشک خراوەتە سەر چالاکییە شانۆییەکانی نووسەر و بەشدارییکردنی لە چەند چالاکییەکی سیاسییدا. دەرهێنەری فیلمەکە زیاتر جەختی کردووەتەوە لەسەر ژیان و مێژووی نوسینی پاڵەوانی فیلمەکە و ئەو چالاکی و ڕێزلێنانەی پێی بەخشراوە. بە گێڕانەوەی لەسەر زاری نووسەر خۆی و بە چەند گرتەیەکی جیاواز و وێنەی وەستاوی ئەرشیفی و ڤیدیۆیی بەرهەمهێنراوی کەناڵەکە بیرۆکەی فیلمەکە بەرجەستە دەکرێت.

**١٤- فیلمی سواربێڵەیی:**

یەکێکە لەو فیلمانەی دەچێتە چوارچێوەی فیلمی دۆکیودراماوە، ماوەی فیلمەکە ٢٣ خولەک و ٧ چرکەیە، لە ٢٠٢١/٦/١٣ پەخشکراوە. بیرۆکەی ئەم فیلمە باس لە چەند بابەتێکی تایبەت بە ناوچەیەکی کوردستان دەکات، لەبەشێکی فیلمەکەدا لەلایەن کۆمێنتتاری فیلمەکەوە باس لە گوندی (سەلاسی باباجانی) ناو قەزایەکی سەر بە پارێزگای کرماشان دەکرێت، کە هاوسنورە لەگەڵ شاری سەرپێڵی زەهاوی، دالاهۆ و جوانڕۆ. لەم بەشەدا دەرهێنەر زیاتر مێژووی سیاسی و ئەدەبی ناوچەکەی بەهەند وەرگرتووە، بەڵام لە بەشێکی دیکەدا ئاماژە بە ناوچەیەکی سەخت و شاخاوی دەکات کە ناسراوە بە دۆڵی (دەرە)، کە بە کامێرای درۆن نمایش دەکرێت. هەر لە چوارچێوەی کۆمێنتی فیلمەکەدا باس لەوە دەکرێت، ئەو ناوچەیە بۆ یەکەمینجارە لە مێژووی دروستبوونیدا کامێرایەکی تەلەڤزیۆنی وێنەی تۆمار بکات، چونکە بەهۆی سەختی شوێنەکەوە هیچ کەسێک نەیتوانیوە پێی بگات. لێرەوە دەرهێنەر دێتە ناو چیرۆکی سەرەکی فیلمەکە و باس لە ژیانی خێزانێکی ئەو گوندە دەکات کە چەندین ساڵە نەبوونەتە خاوەنی منداڵ، ناچار بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک بەڕێدەکەون بۆ شوێنێک بەناوی سواربێڵەیی، بە مەبەستی سەردان کردنی مەزارگەیەکی پیرۆز کە دار قەزوانێکە و ئەفسانەیەکی کۆنی هەزاران ساڵەی هەیە. لەم فیلمەدا لەسەر زاری ئەو خێزانەوە باس لە چۆنییەتی ئەنجامدانی داب و نەریتە کۆنەکان دەکرێت، کە پێویستە ئەنجام بدرێن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان. بۆ ئەوەش دەرهێنەر دووبارە نوواندنەوە بە کەسایەتییە ڕاستەقینەکانی چیرۆکی فیلمەکە دەکات و بە کامێرای درۆن زۆرترین گرتەی (گشتی زۆر دوورELS و گشتیLS وەردەگیرێت و زۆرترین جوڵەی Pan و Tilt بەکاردەهێنرێت.

**دووەم: فیلمە بەرهەمهێنراوەکانی کەناڵی ئاسمانی Rudaw:**

**١- فیلمی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم:**

ئەم فیلمە لە جۆری فیلمی ڕەنگدانەوەییە و ماوەکەی ١٢ خولەک و ١٨ چرکەیە و لە ٢٠٢١/١/٥ پەخشکراوە. ناوەڕۆکی ئەم فیلمە باس لە هەوڵدان و خزمەتکردنی دەزگایەکی کوردی دەکات، کە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید کتێبخانەیەکی کوردی دادەمەزرێنن. کە چەندین کتێبی تایبەت بە (مێژوو، ئەدەب، هونەر، کەلتوور، داب و نەریتی کوردەواری و هەموو ئەو بابەتانەی باس لە ژیانی کورد و کوردایەتی دەکات) کۆدەکاتەوە، بە مەبەستی پاراستنی داب و نەریت و کەلتووری کوردەواری و ناساندنی بە وڵاتانی ئەوروپا. چیرۆکی فیلمەکە لەسەر زاری بەڕێوەبەری کتێبخانەکە دەگێڕدرێتەوە و دەرهێنەری فیلمەکەش لەڕێگەی بەکارهێنانی چەندین گرتە و گۆشەی جیاوازەوە، بەهاوکاری وێنەگر، هەنگاو بە هەنگاو هەموو شوێن و بابەتەکانی کتێبخانەکە بە بینەران دەناسێنن، بابەتی فیلمەکەش بە پاڵپشتی موزیک و چەند کارتێکەرێکی وێنەیی نمایشدەکرێت.

**٢- فیلمی چاوەکانمان:**

ئەم فیلمە ماوەکەی ٢٣ خولەک و ١٠ چرکەیە و لە ٢٠٢١/١/٢٦ پەخشکراوە، کە بەشێوازی فیلمی دۆکیومێنتاری جۆری نواندن بەرهەمهێنراوە. ناوەڕۆکی فیلمی (چاوەکانمان)، تیشک خستنە سەر چیرۆکی ئەڤینداری کوڕ و کچێکی کوردە بەناوی (سەلاح سەعید پوور و سروە ئەمینی). چیرۆکی فیلمەکە لەڕێگەی ئەزموون و کاری وێنەگرتنی فۆتۆگرافەرێکی بە ناوبانگی ئێرانی بە ناوی (ساسان موئەییەدی) دەگێڕردێتەوە، کە وەک گێڕەرەوە و دەرهێنەری فیلمەکە ڕۆڵ دەگێڕێت و گوزارشت لەوە دەکات سەلاح لە تەمەنێکی منداڵییەوە لە نزیک سنووری باشماخ، مینی پێدا دەتەقێتەوە و هەردوو دەستی لە مەچەکەوە و هەردوو چاوی بەتەواوەتی لەدەستدەدات. پاشان دەرهێنەر جەخت دەکاتە سەر، چیرۆکی ئەڤینداری لەگەڵ سروەدا. لەبەشێکی دیکەدا ئاماژە بە توانا و لێهاتووی پاڵەوانی فیلمەکە دەکات، بە وەرزشەوانێکی باش و بەناوبانگی ڕاکردن ناوی دەبات، بە ئاستێک کە هیچ چاوساخێک نەیتوانیوە بە تواناکانی بگاتەوە. لەم فیلمەدا دەرهێنەر گفتوگۆ دەربارەی چۆنییەتی کارکردنی لە چیرۆکەکەدا دەکات، بە بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی و کاری گرافیک بە جوڵەی تایبەت و جیاواز بەمەبەستی بەخشینی زیندوویەتی بە وێنەکان، هەروەها بە هەماهەنگی کردنی دەنگی موزیک و کاریگەرییە دەنگییەکان، چیرۆکی فیلمەکە بەرجەستە دەکرێت.

**٣- فیلمی سێدارەی یەکەم:**

ئەم فیلمە لە چوارچێوەی جۆری ڕاڤەکردندایە و ماوەکەی ٥٣ خولەک و ٣٤ چرکەیە، لە ٢٠٢١/٢/١٠ پەخشکراوە. ناوەڕۆکەکەی باس لە چیرۆکی شەهیدبوونی شەهیدان (لەیلا قاسم،

ئـازاد سـلێمان میـران، جەواد هەمەوەنـدی، نەریمـان فوئـاد مەسـتی و حەسـەن حەمە ڕەشـید) دەکـات. چیرۆکـی ئەو گەنـجە کـوردانە دەگێـڕێتەوە کە لە سـەردەمی ڕژێمـی بەعسـدا و لە ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠، ئازایـانە و بەبێ تـرس بڕیـاردەدەن ڕووبەڕووی پیاوەکـانی ڕژێم بوەستنەوە و شێوازی خەباتکردنیان لە چالاکی نهێنییەوە بگۆڕن بۆ چالاکی سەربازی، لە دوای ئەنجامدانی چالاکییەکانیان لەلایەن چەند کەسێکەوە هەواڵیان لەسـەر دەدرێت و بڕیـاری دەستگیرکردنیان بۆ دەردەکرێت، پاش ١٥ ڕۆژ مانەوەیـان لە زیندانەکانی ئەبوغرێب لەسێدارە دەدرێن. ئەم فیلمە لەڕێگەی دووبارە نواندنەوەی واقیعی ڕووداوەکە، لەلایەن چەند کاراکتەرێکی نەناسـراوەوە دەگێـڕدرێتەوە، کە ڕۆڵـی کەسـایەتییە ڕاسـتەقینەکانی نـاو چیـرۆکەکە بەرجەسـتە دەکەن. هەروەهـا لەڕێـگەی چـاوپێکەوتن لەگەڵ کەسـانی ڕزگـاربووی نێـو ڕووداوەکە وەک شـایەتحاڵ و کەسـوکاری نزیکـی شـەهیدان، بە پاڵپشـتی کردنـی بەکارهێنـانی (گـرتە، گۆشـەی جـۆراو جـۆر، دەنگـی سروشـتی، مـوزیکی وێنەیـی و وێـنەی ئەرشـیفی)، بیـرۆکەی فـیلمەکە و چیرۆکی ڕووداوەکە بەرجەستە دەکرێت.

**٤- فیلمی بەرەو وشکبوونی ڕووبارەکان:**

ئەم فـیلمە لە جـۆری ڕاڤەکـردنە و مـاوەکەی ٢٣ خـولەک و ٥٦ چـرکەیە، لە ٢٠٢١/٣/١٣ پەخشکراوە. چیرۆکی ئەم فیلمە بـاس کردنە لە گۆڕانی کەش و هەوا و دانـانی کاریگەرییەکـانی لەسەر هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەری. لەسـە زاری شـارەزایان و پسـپۆڕانی بـواری (سەرچاوە ئاوییەکان، جیۆلۆجی و کەشناسی) باس لە پێشهاتی بەرەو وشکبوونی ڕووبارەکانی کوردسـتان دەکرێـت، هۆکـاری ئەوەش دەگەڕێنـرێتەوە بـۆ دروسـتبوونی ململانـێ لەسـەر سەرچاوەکانی ئاو لە نێوان وڵاتانی دراوسێدا، هەروەها ئامـاژە بەوە دەکرێت بەنـداوی دووکـان وەک گەورەترین بەنداو لەهەرێمی کوردستاندا، ماوەی چەند ساڵێکە چەندین پـڕۆژەی گەورەی وەک دروستکردنی بەنداو و تونێلی گواستنەوەی ئاوی لەسەر دروستدەکرێت کە بە گەورەترین هۆکار و مەترسی لەسەر بەنداوەکانی کوردستان و عیراق دادەنرێت. چیرۆکی فیلمەکە لەڕێگەی نمایشـکردنی نـاوچە و بەنـداوەکانی هەرێمـی کوردسـتان، بە ئەنـدازەیەکی هونەریـانەی بـاش و کـوالیتی بەرز، بە بەکارهێنـانی کـامێرای درۆن و جـوڵەی جیـاواز و گـرتەی سـەرنجڕاکێش، هەروەها وێنەی ڤیدیۆیی و فۆتۆی ئەرشـیفکرا و بە بەکارهێنـانی دەنگـی سروشـتی و موزیـک و کـارتێکەری وێنەیـی، دیمەنـی وشـکبوونی ڕووبارەکـان و کەمبـوونەوەی سـەرچاوەکانی ئـاو لە فیلمەکەدا بەرجەستە دەکرێت.

**٥- فیلمی سروشتی نەبینراو:**

ئەم فیلمە لە جۆری چاودێرییکردنە و مـاوەکەی ٢٣ خـولەک و ١٧ چرکەیە، لە ٢٠٢١/٦/١١ پەخشکراوە. بیرۆکەی ناوەڕۆکی فیلمەکە باس لە بوونی چەندین ناوچەی شـاخاوی و بەردەڵان

M

و چەم و ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، ئاماژە بەوە دەکرێت کە سروشتێکی گونجاو و لەبارە بۆ ژیانی چەندین جۆری باڵندە و خشۆکەکان و گیانداری کێویی و وشکاوەکییەکان. چیرۆکی ئەم فیلمە شێوازی ژیانی ئەو گیاندارەنە دەگێڕێتەوە کە دوور لە چاوی مرۆڤەکان ژیان دەکەن، بە جۆرێک دیمەنەکانی فیلمەکە لە شوێنی جیاواز و ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا گیراون و لە وەرزی جیاوازدا تۆمارکراون، بۆ تیشک خستنە سەر شێوازی ژیانی ئەو گیاندارانەی هەندێکیان لە ناوچەکانی گەرمیان و هەندێکی دیکەیان لە ناوچە کوێستانەکاندا ژیانیان بەسەردەبەن. لەم فیلمەدا دەرهێنەر سیناریۆی کاری وێنەگرتن و بەرهەمهێنانی فیلمەکەی بەجۆرێک دارشتووە، بە چەندین جۆر و شێوازی جیاجیا و بە بەکارهێنانی تەکنیکی کامێرا و ستێدی کام و درۆن، لە هەمانکاتیشدا لەبەرکردنی جل و بەرگی تایبەت بەو کارە، لەلایەن دەرهێنەر و وێنەگرەوە بۆ نزیکبوونەوە لە بابەتی فیلمەکە و تۆمارکردنی گرتە و گۆشەی جۆراوجۆر، لەڕێگەی بوونی کۆمێنتەوە و بە چاودێرییکردنی ژیانی ئەو گیاندارانەی بابەتی فیلمەکەن، بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش و پێشکەوتوانە کاری بەرهەمهێنانی فیلمەکە ئەنجامدراوە.

**سێیەم: فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی NRT:**

**١- فیلمی نانی بەرد:**

ئەم فیلمە ماوەکەی ٢٢ خولەک و ٩ چرکەیە، لە جۆری چاودێرییکردنە و لە ٢٠٢١/٢/٢٠ پەخشکراوە. بیرۆکەی ئەم فیلمە تیشک خستنەسەر پیشەگەریی بەرد هەڵکەندنە لە کانە بەردەکانی سنووری شاری سلێمانی-دا. چیرۆکی فیلمەکە لە چوارچێوەی گوزارشتکردن لە تۆماری ڕاستەقینەی ژیانی ڕۆژانەی چەند خێزانێکی کورددا دەسوڕێتەوە. بەشێوەیەک دەرهێنەر لە سەرەتای چوونە سەر کاری پیشەوەرەکانەوە چاودێری چۆنییەتی کارەکانیان دەکات، کە چۆن لە بەرەبەیانێکی زوودا دەچنە شوێنی پیشەکەیان و ماوەی چەند کاتژمێرێک کار لەسەر شکاندن و هەڵکەندنی بەردی کانە بەردینەکان دەکەن. پاش پشوودان و ژەمەخۆراکێکی ئامادەکراو، لە چاوەڕوانی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگردان کە بێتە کڕیاریان بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانیانی ڕۆژانەیان. هەروەک چیرۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە لەسەر زاری سێ پاڵەوانەوە گفتوگۆ لەبارەی گرانی و ئەستەمی و ئاستەنگەکانی بەردەم پیشەکەیان دەکرێت. ئەمەش لەڕێگەی بوونی دەنگی سروشتی شوێنەکە و بە بەکارهێنانی زۆرترین جوڵەی کەوانەیی Arc و Zoom، گۆشەی زۆر نزم بەکارهێنانی کارتێکەریی بڕین Cut گرتە یەک لەدوای یەکەکانی بەرهەمەکە وێنە دەگیرێت و چێژێکی تایبەت بە بینەر دەبەخشێت.

N

**٢- چێژی لادێ:**

ئەم فیلمە لە جۆری چاودێرییکردنە و ماوەکەی ٣٠ خولەک و ٣٣ چرکەیە، لە ٢٠٢١/٤/٢٤ پەخشکراوە. چیرۆکی فیلمی چێژی لادێ، گوزارشت لە ژیانی گوندنشینان دەکات، کە جیاواز لە ژیانی شارنیشین، ڕۆژانە پیاوان و لاوەکان سەرقاڵی ئاژەڵداری و جوتیارین، بەڵام ژنان و کچانی گوندەکان بە دۆشینی مەڕ و ماڵات و بەخێوکردنی پەلەوەر و دروستکردنی بەرهەمە شیرەمەنییەکانەوە ژیان دەکەن. لەم فیلمەدا دەرهێنەر بەشێوەیەک پڕۆپۆزەڵی فیلمەکەی داڕشتووە، کە بە بەشداریکردنی چەند کاراکتەرێکی خەڵکی ئاسایی گوندێک لە گوندەکانی کوردستان، چیرۆکی فیلمەکە لە ڕێگەی دووبارە نواندنەوە لە چوارچێوەی فیلمێکی دۆکیورامادا بە بینەر ئاشکرا دەکات. لەم فیلمەدا زیاتر جەتدەکرێتە سەر گرنگیدان بە چۆنییەتی ئەنجامدانی وێنەگرتنی گرتەکانی ڕووداوەکە، لەڕێگەی بەکارهێنانی گرتە و گۆشەی جیاوازەوە کاروباری گوندنشینان، بەهێزبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەسەربردنی شەوچەرە و یارییە کوردەوارییە دێرینەکان، بە بەکارهێنانی موزیکی وێنەیی تایبەت بە گرتە ڤیدیۆییەکان و دەنگی سروشتی و گورانی فۆلکلۆری کوردی، سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت بۆ چێژبەخشین و تێگەیشتن لە چیرۆکی فیلمەکە.

**٣- فیلمی ئەنفال:**

ئەم فیلمە لە جۆری ڕەنگدانەوەییە و ماوەی ئەم فیلمە ٣٣ خولەک و ٢٤ چرکەیە، لە ٢٠٢١/٣/١٦ پەخشکراوە. گێڕانەوەی چیرۆکی ئەنفال کردنی گوندی هەزارکانی لە شارەزووری سەر بە پارێزگای هەڵەبجە بیرۆکەی فیلمەکەیە. باس لە تەکیەی شێخ حسێنی هەزارکانی دەکات، کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا بەبێ گوێدانە بەها ئاینیی و مرۆییەکان، هەموو ئەوانەی لە هەوارگەی شێخدا سەرقاڵی زیکری دەروێشان بوون، لەگەڵ شێخ حسێن-دا ڕاپێچی زیندانەکانی ڕژێم دەکرێن. بیرۆکەی فیلمەکە لەڕێگەی دوو پاڵەوانەوە وەک گێڕەرەوە بەرجەستە دەکرێت، کە یەکێکیان خوشکی شێخە و باس لە ژیان و چالاکییە ئاینییەکانی ئەو کاتەی شێخ دەکات، ئەوی دیکەشیان دانیشتوییەکی گوندەکەیە کە ماوەی چەند ساڵێکە کار دەکات لەسەر کۆکردنەوە و بە بەڵگەکردنی چیرۆکی ئەنفال بوونی گوندەکە. لەم فیلمەدا وێنەگر سەرجەم گرتە وێنەییەکانی لەسەر شان وێنەگرتووە و هەوڵێداوە زۆرترین گرتەکانی کامێرا وەربگرێت، بەڵام لە هونەری وێنەگرتندا جۆرێک لە شێواوی بەدی دەکرێت، بەهۆی ئەوەی وێنەگر لە یەک کاتدا یەک جۆر جوڵەی بە ئاراستەی ڕاست و چەپ لە یەک گرتەدا بەکارهێناوە، ئەمەش کار لە مانا و مەبەستی سەرەکی چیرۆکی بابەتەکە دەکات، چونکە لە زۆرێک لە گرتەکانیدا جوڵەی (Pan right و Pan left)ی لە دیمەنێکدا ئەنجامداوە و لەدیمەنی دواتردا بەهەمان شێوە جوڵەی (Tilt up و Tilt down) بەکارهێنراوە، ئەمەش لەڕووی زانستییەوە گونجاو نییە.

**٤- فیلمی قەیسەری کفری:**

فیلمێکە لە جۆری ڕاڤەکردندا بەرهەمهێنراوە، ماوەکەی ٢٨ خولەک و ٥٩ چرکەیە و لە ٢٠٢١/٥/٢٩ پەخشکراوە. ناوەڕۆکەکەی باس لە شوێنەوارێکی دێرینی شاری کفری دەکات، کە لەلایەن چەند شوێنەوار ناسێکەوە، گوزارشت لە مێژووی دروستبوونی شاری کفری دەکرێت و زیاتر جەخت لە بازاڕێکی دێرینی شارەکە دەکەنە بەناوی قەیسەری کفری. کە یەکێک بووە لەو شوێنانەی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بازرگانی کردنی نێوان بابانییەکان و دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان. لەم فیلمەدا دەرهێنەر لەشێوەی ڕێپۆرتاژی بەدواداچوونی دۆکیومێنتارییدا مامەڵە لەگەڵ گرتە و گۆشە و جوڵە بەکارهێنراوەکانی کامێرادا دەکات، بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە شوێنەوارە دێرینەکان و پاراستنیان بۆ بوونیان بەشوێنێکی گەشتیار لە هەرێمی کوردستاندا.

**٥- فیلمی دڵی کراوە:**

ئەم فیلمە لە جۆری ڕەنگدانەوەییە و ماوەکەی ٣٩ خولەک و ١٣ چرکەیە، لە ٢٠٢١/٦/١٢ پەخشکراوە. بیرۆکەی ئەم فیلمە باسکردنە لە نەخۆشخانەیەکی شاری سلێمانی بەناوی (نەخۆشخانەی بوژاندنەوەی دڵ). چیرۆکی فیلمەکە لە نێو هۆڵی نەخۆشخانەکە تایبەت بە نەشتەرگەری دڵ لەسەر زاری پزیشکانی پسپۆڕی بوارەکە و ئەو نەخۆشانەی نەشتەرگەرییان بۆ کراوە دەگێڕدرێتەوە. لەم فیلمەدا دەرهێنەر بە هاوکاری وێنەگر زۆر بەوردی و بە شێوازێکی بەردەوام بە دوای ڕووداوەکاندا دەچێت و چاودێری سات بە ساتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی دڵێکی کراوە دەکات. ئەویش بە بەکارهێنانی زۆرترین گرتەی (مامناوەند MS، نزیک CU و لەڕادەبەدەر نزیک ECU)، هەروەها بە کارهێنانی گرافیک و پاڵپشتی کردنی گرتەکان بە موزیکی تایبەت و تەکنیکی مۆنتاژ دەچێتە نێو ڕۆخی بابەتی فیلمەکەوە، بۆ نمایشکردنی چارەسەرێکی گرنگ و هەستیار لە ژیانی مرۆڤایەتیدا.

**چوارەم: فیلمە بەرهەمهێنراوەکانی کەناڵی ئاسمانی Kurdsat News:**

**١- فیلمی ساتوقەڵا:**

ئەم فیلمە لەجۆری بەشدارییکردنە و ماوەکەی ١٤ خولەک و ٥٦ چرکەیە، لە ٢٠٢١/٦/٢ پەخشکراوە. چیرۆکی فیلمەکە تیشک دەخاتە سەر چیاکانی زاگرۆس و پێدەشتەکانی میزۆپۆتامیا کە لانکەی شارستانێتە کۆنەکانن و بەسەدان هەزار ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ ژیانی لە ئەشکەوتەکانیدا بەسەر بردووە. بیرۆکەی ئەم فیلمە ئاماژەدانە بە شوێنەواری ساتوقەڵا وەک یەکێک لە نمونەی شوێنەوارە دێرینەکانی دەشتی کۆیە، کە لەسەر زاری مامۆستایانی زانکۆ و پسپۆڕ لە بواری شوێنەواردا، بە چاوپێکەوتنیان لە ناو ستۆدیۆی کەناڵەکەدا. گوزارشت لە ژیانی ٩ هەزار ساڵ لەمەوپێشی مرۆڤەکان لەو ناوچەیەدا دەکات. هەروەها باس لە کۆنترین

گڵێنەکانی نەخشێنراو لە شێوەی ئاژەڵی بزنە کێوی و ئاسک دەکات، کە تەمەنیان بۆ ٣ هەزار ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە. چیرۆکی فیلمەکە لەڕێگەی بەکارهێنانی گرافیکەوە دەگێڕدرێتەوە بە پاڵپشتی کردنی کۆمێنت و بەکارهێنانی موزیک ڕوونکردنەوە لە بارەی نوسینە مێخییەکانی ئەو سەردەمە دەکرێت، کە توانراوە لەڕیگەی کامێرای درۆن و چەند جولەیەکی جیاواز بە وەرگرتنی گرتەی گشتی زۆر دوور ELS و چەندین گرتەی دیکەی سەرنجڕاکێش، شوێنەواری ساتوقەڵا بە بینەر ئاشنا بکات.

**٢- فیلمی یاسین تەپە:**

ئەم فیلمە لە جۆری ڕاڤەکردنە و ماوەکەی ١٥ خولەک و ٣٢ چرکەیە، لە ٢٠٢١/٦/١٦ پەخشکراوە. بیرۆکەی ئەم فیلمە باس لەشوێنەوارێکی دێرینی دەشتی شارەزووری سنوری گوندی بێستان سوور دەکات بە ناوی (یاسین تەپە). چیرۆکی دروستبوونی ئەم شوێنەوارە لەسەر زاری چەند پسپۆڕێکی بواری شوێنەوار وەک بەڕێوەبەری کنە و پشکنین لە یاسین تەپە، هەروەها بەڕێوەبەری مۆزەخانەی سلێمانی دەگێڕدرێتەوە و باس لە دروست بوونی ژیانی مرۆڤایەتی لە ناوچەکەدا دەکات، کە نزیکەی ١١ هەزار ساڵ لەمەوبەر یەکەم گەلی دێرین پەیدا دەبن و پێیان دەوترا (لولوبییەکان). تیایدا بە بەکارهێنانی گرافیک بۆ کەرەستە شوێنەوارییەکانی ناوچەکە و چەند گرتەیەکی گشتی زۆر دوور ELS و جولەی (کەوانەی Arc، Zoom و Pan) چیرۆکی فیلمەکە نمایشدەکرێت. هەروەها بە بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی و وەرگێڕانی نوسینە مێخییەکان بۆ سەر زمانی کوردی کە لەسەر وێنەکان نوسراون، بە بەکارهێنانی جولەی Motion لە کاتی مۆنتاژدا زیندوێتی و تازەیی بە چیرۆکی فیلمەکە دەبەخشرێت.

**٣- فیلمی شمشارە:**

ماوەی ئەم فیلمە ١٦ خولەک و ٤٦ چرکەیە و لە جۆری ڕاڤەکردنە، لە ٢٠٢١/٦/٣٠ پەخشکراوە. چیرۆکی فیلمی شمشارە گوزارشتکردنە لە ناوچەیەکی دێرینی کوردستان، کە شوێنەواری کۆنترین گوند و شاری پێدەشتی بتوێن بووە. لەم فیلمەدا شوێنەوار ناسان و شارەزایان دەگێڕنەوە لە هەزارەی هەشتەمی پێش زانیندا بۆ یەکەمجار مرۆڤ لە شمشارە نیشتەجێ بووە و یەکەم گوندی تێدا دروستکردووە. بیرۆکەی گێڕانەوەی چۆنییەتی دروستبوونی شمشارە، لەڕێگەی بەکارهێنانی گرافیک و وێنەی ئەرشیفی و ڤیدیۆییەوە بەوردی دەخرێتەڕوو. بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی تەکنیکی کامێرای درۆن، هەروەها تێکەڵکردنی چەند گرتەیەکی جیاواز بە جولەی جۆراو جۆری پەیوەست بە بابەتەکەوە، تەواوی ناوچە شوێنەوارییەکە و پاشماوەکانی نمایشدەکرێن.

Q

## پاشکۆی -٣-

## پێناسە کردەنییەکانی دەستەکانی شیکاری ناوەڕۆک

**یەکەم: دەستەکانی چی وتراوە (گرووپی ناوەڕۆک)**

ئەم دەستەیە دوو جۆر لەخۆدەگرێت:

١- **دەستەی جۆری فیلمی دۆکیومێنتاری:** مەبەست لەو جۆرانەی فیلمی دۆکیومێنتارییە کە بە پێی دابەشکردنی بیڵ نیکۆڵس دیاریکراون و لەسەرجەم فیلمە دۆکیومێنتارییە جیهانییەکان و نمونەی توێژینەوەکەدا پەیڕەو دەکرێت. کە پۆلێنکراوە بۆ:

ا- **جۆری چاودێریکردن:** مەبەست لەو جۆرەیە کە ئامادەکاری پێشووتری بۆ ناکرێت ڕووداوەکان وەک ئەوەی هەن دەگێردرێنەوە، هەموو بینراوەکان (خەڵک یان هەرشتێک) بەشێوەی سروشتی لەبەردەم کامێرادا دەجولێن.

ب- **ڕاڤەکردن:** لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی پاڵەوانی چیرۆک یان شایەتحاڵێکەوە چیرۆکەکانی دەگێڕدرێتەوە، لەلایەن چەند کارەکتەرێکەوە بەشێک لە دووبارە نواندنەوە لەخۆی دەگرێت.

پ- **بەشداریکردن:** بەرکەوتنی کەسی دەرهێنەری فیلمەکە، بەتەواوەتی لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکەدا دەبێت، بەشێوەیەکی چالاکانە سەرقاڵی ئەو بارودۆخە دەبێت کە ڕووداوەکەی تێدا دەخرێتەڕوو.

ت- **ڕەنگدانەوەیی:** لێرەدا مەبەست لەو جۆرەیە کە لەلایەن دەرهێنەرەوە لەڕووی جۆر و کوالیتییەوە جەخت لەسەر چۆنییەتی پرۆسەی وێنەگرتن دەکرێتەوە.

ج- **نواندن:** مەبەست لەو جۆرەیە کە دەرهێنەری فیلمەکە چیرۆکی فیلمەکە دەگێڕێتەوە و بەتەواوی لەسەر شاشە دەردەکەێت.

چ- **دۆکیودراما:** بە ئاوێتەکردنی خەیاڵی دەرهێنەر، چیرۆکی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان دەگێڕدرێتەوە، کە تەواو جیاوازە لە جۆرەکانی دیکە.

٢- **دەستەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری:** مەبەست لەوەیە کە فیلمەکان بەپێی ناوەڕۆک و ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ژیانی مرۆڤایەتییەوە پۆلێن دەکرێت، کە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە:

ا- **ژیانی کەسایەتی:** گێڕانەوەی ژیاننامەی کەسایەتییەکی گرنگی مێژوویی یان سیاسی یان هونەری کۆمەڵگە دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی گەلەکەیان هەیە.

ب- **مێژوویی و شوێنەوار:** مەبەست لەو بابەتانەیە کە تایبەتن بە مێژوویی شوێنێکی دیاریکراو، کە بەچەندین قۆناغی مێژووییدا تێپەڕبووە و وەک شوێنەوارێکی دێرین ماونەتەوە.

پ- **کۆمەڵایەتی:** ئەو بابەتانەن کە پەیوەستن بە گوزەرانی ژیانی خەڵکی شارنشین و گوند نشینەکانەوە، یان کێشەیەکی پەیوەست بە ژیانی خەڵکەوە.

R

**ت- ئـــابووری:** مەبەســـت لەو بابەتـــانەیە کە تـــایبەتن بە پرۆژەیەکـــی ئـــابوورییەوە، وەک بەرهەمهێنانی بەروبوومێکی کشتوکاڵی یان هەر هۆکارێک کە ببێتە هۆی بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی ژێرخانی ئابووری وڵات.

**ج- سیاسـی:** مەبەسـت لە هەر ڕووداوێکە کە پەیوەسـتبێت بە سیاسـەتی نـاو خـۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن چەند پارتێکی سیاسییەوە دەخوڵقێنرێن یان چارەسەر دەکرێت.

**چ- هۆشـــیارکردنەوە و ڕێنمـــاییکردن:** لێـرەدا مەبەســـت لەو بابەتـــانەیە کە هەر ڕێنمـــاییەکی پەروەردە و فێرکردن یان هۆشیاری تەندروستی لەخۆدەگرن.

**ح- هـونەریی:** بابەتەکـانی تـایبەت بە هونەرەکـانی (وێنەکێشـان، نوانـدن، موزیـک و سـتران) دەگرێتەوە.

**خ- وەرزشیی:** مەبەست لە بابەتە وەرزشییەکان.

**د- ژیانی دەریایی و وشکانی:** مەبەست لەو بابەتانەیە کە مامەڵە لەگەڵ بوونەوەرە دەریـایی و وشکاوەکییەکان دەکات و دەیانخاتە ژێر چاودێری و لێکۆڵینەوەوە.

**ر- ئـــایینی:** مەبەســـت لە ســـەرجەم ئەو بابەتـــانەیە کە پەیوەســـتە بە ئـــایین و داب و نەریـــتە جیاوازەکانەوە.

**دووەم: دەستەکانی تایبەت بە چۆن وتراوە (گرووپی ڕواڵەتی)**

ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

**١- دەستەی بوونی کۆمێنت:** مەبەست لە گێڕانەوەی فیلمە لەڕێگەی دەقێکی نووسراوەوە کە لەڕێـگەی دەنگـی بێژەرێـک (قسـەکەرێک)ی دیـاریکراوەوە دەخـوێنرێتەوە، بـۆ ڕوونکـردنەوە و پاڵپشتی کردنی گرتە نمایشکراوەکان و سەرنجڕاکێشانی بینەر بۆ بـابەتەکە. ئەمەش پۆلێنکراوە بۆ:

**ا- بـــوونی کۆمێنـــت:** واتە بـــوونی دەنگـــی بێژەرێـــک، بـــۆ خوێنـــدنەوەی بەشـــێک لە زانیـــارییە سەرنجڕاکێشەکانی تایبەت بە چیرۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکان.

**ب- نەبـــوونی کۆمێنـــت:** واتە لە فـیلمەکەدا چیـــرۆکەکە ڕاســـتەوخۆ لەســـەر زاری پـــاڵەوان و کارەکتەرەکانییەوە دەگێڕدرێتەوە، بەبێ بەشدارییکردنی دەنگی بێژەرێک.

**٢- دەســـتەی ڕەگەزی کۆمێنتـــار:** لێـرەدا مەبەســت لە ڕەگەزی ئەو بێــژەرە تایبەتمەنـدەیە کە دەقێکی نووسراوی تایبەت بە چیرۆکی فیلمەکە دەخوێنێتەوە، کە پۆلێن دەکرێت بۆ:

**ا- نێـــر:** واتە دەقە نووســـراوەکە لەلایەن ڕەگەزی نێـــرەوە دەخـــوێنرێتەوە و ڕوونکـــردنەوەی لەبارەوە دەدات.

**ب- مێ:** مەبەست لە خوێندنەوەی دەقێکی نووسراوە لەڕێگەی دەنگی ڕەگەزی مێ-وە.

**پ- هەردوو ڕەگەز:** لە خوێنـدنەوەی دەقەکانـدا بە هاوبەشـی لەلایەن هەردوو ڕەگەزی (نێـر و مێ)وە باس لە بابەتی فیلەکان دەکرێت.

S

**٣- دەستەی شێوەزاری زمانی بەکارهاتوو:** مەبەست لە شێوەزارەکانی زمانی کوردییە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی فیلمەکان لە سەرزاری پاڵەوان و کاراکتەری فیلمەکان، کە پۆلێنکراوە بۆ:

**ا- شێوەزاری کرمانجی سەروو:** مەبەست لە پشت بەستنە بە شێوەزاری سۆرانی بەشێوەیەکی سەرەکی لە دەربڕینی چیرۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا، بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.

**ب- شێوەزاری کرمانجی ژووروو:** مەبەست لە بوونی شێوەزاری بادینییە کە لەلایەن کەسێک یان پاڵەوانێکەوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی فیلمەکە لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا گفتوگۆی پێدەرێت، کە تایبەتە بە چیرۆکی ڕووداوی ئەو ناوچانەی بەم شێوەزارە دەدوێن.

**پ- دیالێکتی گۆران:** مەبەست لەو فیلمانەیە کە ڕووداوەکانی تایبەتن بە ناوچەکانی هەورامان و دەوروبەری، بەشێک لە چیرۆکەکان بە دیالێکتی هەورامی لەزاری پاڵەوانەکانییەوە دەگێڕدرێتەوە.

**٤- دەستەی بەکارهێنانی دەنگ:** هونەری بەکارهێنانی ئەو دەنگانە دەگرێتەوە کە کاریگەری لەسەر بڕواپێهێنان بە واقیعی ڕووداوەکان لەلای بینەران دادەنێن، کە پۆلێنکراوە بۆ:

**ا- دەنگی موزیکی وێنەیی:** ئەو دەنگە موزیکییانە دەگرێتەوە کە هاوتەریب لەگەڵ وێنە بەکارهێنراوەکاندا و وێنایەکی واقیعییانە لای بینەر دروست دەکات، کە لەلایەن کەناڵەکانەوە تایبەت بە بەرهەمە دۆکیومێنتارییەکان بەرهەمهێنراون.

**ب- دەنگی سروشتی:** هەموو ئەو دەنگانەیە کە کە لە سروشت و واقیعی ڕووداوەکاندا و شوێنی تۆمارکردنی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا بوونیان هەیە.

**پ- دەنگی دەستکرد (کارتێکەری دەنگی):** ئەو دەنگانە دەگرێتەوە کە دەستکردن و وەک جێگرەوەی دەنگی سروشتی بەکاردەهێنرێن، لەڕێگەی ئامێری مۆنتاژەوە هاوتا لەگەڵ گرتە وێنەگیراوەکاندا دادەنرێت و بە کارتێکەری دەنگی ناسراون.

**٥- دەستەی شوێنی وێنەگرتن:** مەبەست لەو شوێنەیە کە وێنەی گرتە و گۆشەکانی کامێرای تایبەت بەڕووداوەکانی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی تێدا ئەنجامدەدرێت، کە وێنە و دەنگ پێکەوە ڕاستی سروشتی شوێنی ڕووداوەکان دەردەخەن، ئەمەش پۆلێن کراوە بۆ:

**ا- دەرەوەی ستۆدیۆ:** هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە سروشتی ڕاستەقینەی شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان و پەیوەندیدار بە بابەتی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانەوە.

**ب- ناوەوەی ستۆدیۆ:** ئەو چاوپێکەوتنانە دەگرێتەوە کە لەناو ستۆدیۆی تایبەتی کەناڵەکاندا، لەگەڵ کەسایەتییەکی پەیوەندیدار بە بابەتی فیلمەکە یان شارەزا و پسپۆڕ لە بوارەکەدا، یاخود شایەتحاڵی تایبەت بەڕووداوە ڕاستەقینەکاندا ئەنجامدەدرێت.

**٦- دەستەی سەرچاوەکانی وێنە:** ئەو سەرچاوانە دەگرێتەوە کە گرتەکانی وێنەی فیلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی نمونەی توێژینەوەکەی بەرهەمهێناوە، کە پۆلێن دەکرێت بۆ:

T

**ا- خـودی کەنـاڵە:** واتە گـرتە ڤیـدیۆییە وێـنە گیراوەکـان بە کـامێرای تـایبەتی کەنـاڵەکە خـۆی تۆمارکراون و لە بەرهەرهێنامی فیلمەکاندا بەگەڕخراون.

**ب- ئەرشیف:** ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە وێنەی زیندووی بابەتەکە لە ڕێگەی کامێرای کەناڵەکەوە نەتوانراوە بەدەستبهێنرێت، بەڵکو لە ڕێگەی ئەرشیفی تایبەت بە کەناڵەکە وەرگیراون.

**٧- دەستەی جۆرەکانی وێنە:** سەرجەم ئەو وێـنانە دەگرێتەوە کە لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا بەکارهێنراون و لەسەر شاشە نمایشدەکرێن، کە بەشێوەیەکی گشـتی وێنەی تەلەڤزیۆنی پۆلێن دەکرێت بۆ سێ جۆر، ئەوانیش:

**ا- وێنەی جوڵاو:** مەبەست لە وێنەی زیندووی تەلەڤزیۆنییە، کە کەسێک یان زیندەوێک لەبەردەم کامێرادا دەجوڵێت، یاخود ماددەیەکی نەجوڵاو بە ڕاستەوخۆی وەکخۆی وێنە دەگیرێت و بە جوڵانـــدنی کـــۆی گـــرتەی وێـــنە وەرگیراوەکـــان بەدوای یەکـــدا، بەردەوامـــی بە جـــوڵە ڕاستەقینەییەکانیان دەدرێت.

**ب- وێنەی وەستاو:** ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە نەجوڵاو و وەستاون، وەک وێنەی فۆتۆگرافی یان کادرە جێگیرەکان.

**٣- گرافیک:** مەبەست لەو هێڵ و نەخشانەیە کە دەکێشـرێن، وەک جێگرەوەی مـاددە فیلمییەکـان بـۆ چارەســەرکردنی ئەو ڕووداوانەی وێـنەی جوڵاویـان لەبەردەســتدا نیـیە بەکاردەهێنرێـت، زۆرجـار لە تـایتڵی نووســین و نـاوی ئەو کەســایەتییانەی چاوپێکەوتنیـان لەگەڵـدا دەکرێـت بەکاردەهێنرێت.

**٨- دەسـتەی بەکارهێنـانی گرتەکـانی کـامێرا:** لەم دەسـتەیەدا مەبەسـت لەو گرتـانەی وێنەیە کە وێنەگر لەکاتی وەرگرتنی وێنەی بابەتی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا، بە قەبـارەی جیـاواز تۆمـاری کردوون و خراونەتەڕوو، کە دابەش دەکرێت بۆ:

**ا- گرتەی گشتی:** بەشیوەیەکی گشتی تەواو، دیمەنی سروشتی بابەتە وێنەگیراوەکە بۆ پێکەوە گرێدانی دیمەنە جیاوازەکان دەخرێتەڕوو.

**ب- گرتەی نزیک:** تۆمارکردنی بەشێکی ورد و نزیکی دیمەنە وێنەگیراوەکە دەردەخات.

**پ- گرتەی مامناوەنـد:** بـۆ بەسـتنەوەی گـرتەی گشـتی و گـرتەی نزیـک بەکاردێـت، کە لەسـەر جەستەی مرۆڤ دیارییکراوە، لە سەرییەوە بۆ کەمەری وێنەی دەگیرێت.

**ت- گرتەی گشتی دوور:** مەبەست لە دەرخستنی مەودایەکی زۆر فراوانە لە سروشـتی دیمەنە وێنەگیـراوەکە. کە بە مەبەســتی بنــاغەی ناســاندنی شــوێنی پەیوەندیــدار بە بــابەتی فــیلمە دۆکیومێنتارییەکەوە نمایشدەکرێت.

**ج- گرتەی مامناوەندنی نزیک:** ئەو گرتەیەیە کە لە چاوپێکەوتنی کەسایەتییە بەشداربووەکانی ناو فیلمە دۆکیومێنتارییەکان بەکاردەهێنرێت.

U

**چ- گرتەی لەڕادەبەردەر نزیک:** بچوکترینی بەشی بابەتە وێنە گیراوەکە دەردەخات و تەواوی ڕووبەری شاشەکە داگیردەکات، وەک وێنەی چاو یان دەمی کاراکتەرێک.

**ح- گرتەی ئەمریکی:** مەبەست لەو گرتەیەیە کە جەستەی کاراکتەرەکە پێوانە دەکات لە سەرییەوە تا ئەژنۆ.

**خ- گرتەی گشتی زۆر دوور:** ئەو گرتانە دەگریتەوە کە لەسەرەتا و کۆتایی فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا بۆ ناساندنی گشتی شوێنی ڕووداوەکە و چیرۆکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە بەکاردەهێنرێت، کە زۆرترین و دوورترین مەودای سروشتی شوێنە وێنەگیراوەکە بەشێوەیەکی بچوککراوە کە چاوی مرۆڤ ناتوانێک پێکهاتەکانی بناسێتەوە تۆماردەکرێت.

**د- گرتەی لەسەرووی شانی بەرامبەرەوە:** مەبەست لەو دیمەنەیە کە لە سەرووی شانی کاراکتەرێکەوە وێنەی کاراکتەر یان دیمەنی بەرامبەری دەگیرێت.

**٩- دەستەی گۆشەکانی کامێرا:** مەبەست لەو گۆشانەی کامێرایە کە وێنەگر بۆ تۆمارکردنی گرتەی دیمەنە وەرگیراوەکان بەکاریدەهێنێت، پۆلێن دەکرێن بۆ (٧) گۆشە:

**ا- ئاستی بینین:** کامێرا لە ئاستی بینین چاوی مرۆڤدا دادەنرێت.

**ب- خوارووی ئاستی بینین:** کامێرا بە گۆشەیەکی نزم دادەنرێت لەسەرەوە بۆ خوارەوە وێنە دەگرێت.

**پ- چاوی باڵندە:** مەبەست لەو گۆشەیەیە کە کامێرا بەشێوەی ستوونی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دادەنرێت بۆ وەرگرتنی دیمەنی بابەتەکە.

**ت- تەنیشت:** کامێرا لە تەنیشتی پاڵەوانی چیرۆک یان کاراکتەرەوە دادەنرێت.

**ج- سەرووی ئاستی بینین:** کامێرا لە خوارەوە بۆ سەرەوە بە شێوەیەکی بەرز وێنەی دیمەنی بابەتەکە تۆماردەکات.

**چ- چاوی بۆق:** کامێرا بەتەواوی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەشێوەیەکی ستوونی وێنە دەگرێت، بەجۆرێک کە وێنەی پاڵەوانەکە گەورەتر لە قەبارەی خۆی دەردەکەوێت.

**ح- لار**: کامێرا بەشێوەیەکی لار دادەنرێت بۆ تۆمارکردنی دیمەنەکە.

**١٠- دەستەی جوڵەی کامێرا:** مەبەست لەو جوڵانەیە کە وێنەگر لەڕێگەی کامێرا و هەڵگرەکەیەوە بەدوای جوڵەی ڕووداوەکاندا دەڕوات، کە پۆلێن کراوە بۆ جوڵەکانی:

**ا- Zoom:** مەبەست لە نزیک بوونەوەیەی کامێرایە لە ڕووداوەکە کە بە (Zoom in) ناودەبرێت، یان دوورکەوتنەوە لێی (Zoom out).

**ب- Pan:** کامێرا لەشوێنی خۆیدا جێگیرە و بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەلای ڕاست و چەپدا وێنەی ڕووداوەکە دەگرێت.

**پ- Tilt:** کامێرا لەسەرەوە بۆ خوارەوە یان بە پێچەوانەوە دەجولێت.

ت– **Dolly:** جوڵەی کامێرا و هەڵگرەکەیەتی پێکەوە کە بەرەو بابەتەکە دەڕوات و لێی نزیک دەبێتەوە یان بە پێچەوانەوە.

ج– **Tracking:** مەبەست لەو جوڵەیەیە کە لە دوورەوە چاودێری دەکات بەبێ ئەوەی لەڕووداوەکە نزیک ببێتەوە یان دوور بکەوێتەوە.

چ– **Crane**: مەبەست لەو جوڵەیەیە کە کامێرا لەگەڵ ئامێری کرێندا بە ئاستێکی بەرزتر و بەشێوەیەکی ستونی وێنەی دیمەنەکان دەگرێت.

ح– **Arc:** ئەو جوڵەیەیە کە بەشێوەیەکی کەوانەی بەدووری دیمەنە وێنەگیراوەکەدا دەسووڕێتەوە.

خ– **Drone:** مەبەست لە جوڵەی تەکنەلۆجیای نوێی وێنەگرتنە، کە دەتوانێت لە یەک کاتدا زیاتر لە جوڵەیەک بۆ دیمەنە وێنە گیراوەکان تۆمار بکات بەبێ بوونی وێنەگر ئەنجامدەدرێت.

د– **Steadicam:** مەبەست لەو جوڵەیەیەکە کە لەڕێگەی هەڵگرێکی تایبەتەوە کە بە سنگی وێنەگراوە دەچەسپێت بەشێوەیەکی نەرم بەرەو بابەتە وێنە گیراوەکە دەڕوات.

ر– **Pedestal:** مەبەست لە جوڵەیەکی ستوونییە کە کامێرا لەگەڵ هەڵگرەکەیدا ئەنجامی دەدات و بەجێگیری نامێنێتەوە.

**١١– دەستەی جوڵەی میکسی کامێرای بەکارهێنراو:** مەبەست لەو جوڵەیەی کامێرایە کە لە یەک کاتدا و بەبێ بەکارهێنانی کارتێکەری وێنەیی لەڕێگەی دوو جۆر جوڵەی کامێراوە دوو گرتەی جیاواز پێکەوە گرێ دەدات، کە بەمجۆرەی خوارەوە پۆلێن کراوە:

ا– **ELS+ Drone+ Zoom+ VLS:** مەبەست لە نیشاندانی هەر دوو گرتەی گشتی زۆر دوور و گرتەی گشتی دوورە، کە لە یەک کاتدا دیمەنە نمایشکراوەکە بە هەردوو جوڵەی کامێرای Drone لەگەڵ ئەنجامدانی Zoom بە هەمان کامێرا، بە بێ بەکارهێنانی کارتێکەری وێنەیی لە گرتەیەکی گشتی لە زۆر دوورەوە دەچێت بۆ گرتەیەکی گشتی دوور.

ب– **LS+ Pan+ Zoom+ MS:** گواستنەوەی دیمەنێکە لە گرتەیەکی گشتییەوە بۆ گرتەی مامناوەند، بە تێکەڵکردنی هەردوو جوڵەی پانۆرامی و زووم کە لەیەک ساتدا ئەنجامدەدرێت.

پ– **ELS+ Drone+ Tilt+ VLS:** بە تێکەڵکردنی هەردوو جوڵەی Drone و Tilt پێکەوە بەبێ دابڕان، لە گرتەی گشتی لە زۆر دوورەوە بۆ گرتەی گشتی دوور دەگوازرێتەوە.

ت– **VLS+ Drone+ Pan+ ELS:** مەبەست لە پێکەوە گرێدانی دیمەنەکانە لە گرتەیەکی گشتی دوورەوە بۆ گرتەیەکی گشتی لە زۆر دوور، لە یەک کاتدا بەهۆی ئەنجامدانی جوڵەی کامێرا بە Drone و لە هەمان کاتیشدا ئەنجامدانی جوڵەی Pan پێکەوە.

ج– **VLS+ Drone+ Arc+ LS:** مەبەست لە گواستنەوەی گرتەی گشتی دوورە بۆ گرتەی گشتی، لە یەک کاتدا بە هۆی جوڵەی کامێرای Drone و لە هەمان کاتیشدا ئەنجامدانی جوڵەی

W

Arc به هەمــان کــامێرا لە ئاســتێکی بەرز و دوورە دەســتی وێنەگــر بەدەووری ڕووداوەکەدا دەسوڕێتەوە.

**چ- VLS+ Drone+ Tracking+ LS:** مەبەسـت لەو جـوڵە تێکەڵکـراوەی کـامێرایە، کە بەجـوڵەی Drone و Tracking ئەنجامـدەدات، بـۆ گواسـتنەوەی دیمەنـی ڕووداوەکـانی فـیلمە دۆکیومێنتارییەکە لە گرتەیەکی گشتی دوورەوە بۆ گرتەیەکی گشتی.

**ح- MS+ Pan+ Tilt+ CU:** لێرەدا مەبەست لە بەستنەوەی گرتەی مامناوەندە بە گرتەیەکی نزیکە لە یەک دیمەندا، کە لەیەک کاتدا بە هەمان کامێرا لە جوڵەی Pan وە، پاشان بەشێوەیەکی نەرم بە جوڵەی Tilt گرتەیەکیان بۆ ئەوی دیکە دەگوازێتەوە.

**خ- LS+ Pan+ Tilt+ CU:** مەبەست لەوەیە بە یەک کامێرا لە جوڵەی Pan وە گرتەی گشـتی بەشێوازێکی لەسەرخۆ و ئەنجامدانی جوڵەی Tilt لە هەمانکاتدا بەبێ بەکارهێنـانی کارتێکەری وێنەیی دەبەستێتەوە بە گرتەیەکی نزیکی دیمەنی بابەتە دۆکیومێنتارییەکە.

**د- LS + Tilt+ Zoom+ CU:** بە تێکەڵکردنی هەردوو جـوڵەی Tilt و Zoom لەیەک کاتدا دیمەنێکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە لە گرتەیەکی گشتییەوە بۆ گرتەیەکی نزیک بەبێ بەکارهێنـانی کارتێکەریی وێنەیی دەگوازێتەوە.

**ر- LS+ Pan+ Zoom+ ECU:** بە تێکەڵکردنی هەر دوو جوڵەی Pan و Zoom  دیمەنێکی فـیلمە دۆکیومێنتـارییەکە لە گرتەیەکـی گشـتییەوە بـۆ گرتەیەکـی زۆر نزیـک بەبـێ بەکارهێنـانی کارتێکەریی وێنەیی دەگوازێتەوە.

**١٢- دەســتەی بەکارهێنــانی کــارتێکەری وێنەیــی:** مەبەسـت لێـی بەکارهێنـانی ئامڕازەکـانی گواستنەوەیە لە نێوان گرتە وێنەییەکانی نێو فیلمە دۆکیومێنتارییەکان، کە لە ژووری مۆنتاژدا لە لایەن مۆنتێرەوە کاریان پێدەکرێت، دابەش دەکرێن بەسەر:

**ا- کــارتێکەری بــڕین Cut:** گواسـتنەوەیەکی خێـرایە لە گـرتەیەکەوە بـۆ گرتەیەکـی دیـکە، کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەسەرجەم ژانرە تەلەڤزیۆنییەکاندا بۆ گواستنەوەی وێنە بینراوەکان لەسەر شاشە.

**ب- تێکەڵکردن Dissolve:** مەبەست لە گواستنەوەی وێنەیە لە نێوان دوو دیمەندا، بە مەبەسـتی تێکەڵکردنی دوو گرتەی یەک لەدوای یەک.

**پ- دەرکەوتن و دیار نەمـان Fade in و Fade out:** مەبەسـت لەو کـارتێکەرەیە کە زۆرتـرین کـات لەسـەرەتای دەسـتپێکردنی فـیلمە دۆکیومێنتـارییەکە و کۆتاییەکەیـدا، بەکاردەهێنرێـت بـۆ چوونە نێو ڕووداوەکان، پاشان کۆتایی هێنان بە فیلمەکە.

**ت- سڕینەوە Wipe:** مەبەست لەو جۆرەیە کە بەهاتنی گرتەیەکی نوێ بۆ سـەر شاشـە گرتەی پێش خۆی دەسڕێتەوە.

X

**پاشکۆی -٤-**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی سلێمانی**
**کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان**
**بەشی ڕاگەیاندن / خ. باڵا - ماستەر**

**فۆرمی شیکاریی پاش هەڵسەنگاندنی شارەزایان**

سڵاوی زانست ...................

ئەم فۆرمەی لەبەردەستی بەڕێزتانـدایە، تـایبەتە بە پـڕۆژەی تـوێژینەوەیەکی ئەکـادیمی وەک بەشـێک لە پێداویسـتییەکانی بەدەسـتهێنانی بڕوانـامەی ماسـتەر بە ناونیشـانی **(بەکارهێنـانی وێـنە لە بەرهەمهێنـانی فیلمـی دۆکیومێنتـاری لە کەنـاڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کورستاندا)**، کە هەرچـوار کەناڵی ئاسمانی (K24، Rudaw، NRT، Kurdsat News) بە نمونە وەرگیراوە.

تـوێژەر بەمەبسـتی گەیشـتنی بە ئەنجـامی پێویسـت و کـۆکردنەوەی زانیـاری لەبـارەی نــاوەڕۆکی تــوێژینەوەکەی، پێویســتی بە بەکارهێنــانی فــۆرمێکی شــیکاری نــاوەڕۆکە بــۆ هەڵســەنگاندنی چــۆنییەتی بەکارهێنـانی وێـنە لە بەرهەمهێنـانی فیلمــی دۆکیــومێنتەری کەنـاڵە ئاســمانییە کوردییەکانــدا، بەو پێــیەی بەڕێزتــان خــاوەن شــارەزایی و پســپۆڕین لە بــواری ڕاگەیاندندا، داواکارم بە خستنەڕووی سەرنج و تێبینییە زانسـتییەکانتان، لە پێنـاو بەرهەمهێنـانی توێژینەوەیەکی ڕاست و زیاتر دەوڵەمەندکردنی بڕگەو تەوەرەکان، بفەرمـوون بە خوێنـدنەوەی بڕگەکانی فۆرمەکە و جێگیرکردنی تێبینییەکانتان دەربارەی:

- وردیی لە کرداری داڕشتنەوەی بڕگەکان.
- ئاستی پەیوەندیداری بڕگەکان بە بوارەکەوە.
- سڕینەوەی ئەو بڕگانەی پەسەندنین و پێشنیاری بڕگەی گونجا و لەشوێنیاندا بکرێت.
- هەر تێبینییەکی دیکە کە بەگونجاوی دەزانیت.

لەگەڵ ڕێزدا ...

ناو: ------------------ شوێنی کار: ------------------

پسپۆڕی: -------------- نازناوی زانستی: --------------

توێژەر سەرپەرشتیار

کوێستان قادر سعید پ.ی.د. سەلام نصرالدین محمد

## بەکارهێنانی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتەری لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

**١- جۆرەکانی فیلمی دۆکیومێنتاری**

| جۆری فیلم | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| چاودێرییکردن | | | |
| ڕاڤەکردن | | | |
| ڕەنگدانەوەیی | | | |
| دۆکیودراما | | | |
| بەشدارییکردن | | | |
| نواندن | | | |

**٢- دابەشکردنی فیلمی دۆکیومێنتاری بەپێی ناوەڕۆکی بابەت:**

| بابەتی فیلم | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| ژیانی کەسایەتی | | | |
| مێژوویی و شوێنەوار | | | |
| کۆمەڵایەتی | | | |
| ئابوری | | | |
| سیاسی | | | |
| هۆشیارکردنەوە و ڕێنمایی | | | |
| هونەری | | | |
| وەرزشی | | | |
| ژیانی دەریایی و وشکانی | | | |
| ئاینی | | | |

**٣- بەکارهێنانی کۆمێنت (تعلیق) لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

| کۆمێنت | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| بوونی کۆمێنت | | | |
| بەبێ کۆمێنت (گێڕانەوەی زارەکی)* | | | |

* **گێڕانەوەی زارەکی:** مەبەست لە پاڵەوانی چیرۆکەکە یان ئەو کاراکتەرانەی ڕۆڵدەگێڕن لە فیلمە دۆکیومێنتەرییەکەدا و لەزاری خۆیانەوە چیرۆکی فیلمەکە دەگێڕنەوە.

Z

**٤- جۆری ڕەگەزی کۆمێنتتار* (Narrator) لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

| ڕەگەز | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| نێر | | | |
| مێ | | | |
| هەردوو ڕەگەز | | | |

**٥- شێوەزاری زمانی کوردیی بەکارهاتوو لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

| شێوەزار | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| کرمانجی ناوەڕاست | | | |
| کرمانجی ژوورو | | | |
| دیالێکتی گۆران (هەورامی) | | | |

**٦- بەکارهێنانی دەنگ لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

| بەکارهێنانی موزیک | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| دەنگی سروشتی | | | |
| کارتێکەری دەنگی | | | |
| موزیکی وێنەیی | | | |

**٧- شوێنی وێنەگرتن لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

| شوێنی وێنەگرتن | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| دەرەوەی ستۆدیۆ | | | |
| ناو ستۆدیۆ | | | |

**٨- جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

| جۆری وێنە | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| جوڵاو (وێنەی ڤیدیۆیی) | | | |
| وەستاو (وێنەی فۆتۆگراڤی) | | | |
| گرافیک | | | |

(*) **کۆمێنتتار:** مەبەست لەو کەسەیە کە هەڵدەستێت بە خوێندنەوەی دەقی نووسراوی فیلمەکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو وێنانەی لە فیلمەکەدا نمایشدەکرێت.

AA

**٩- سەرچاوەکانی وێنەی بەکارهاتوو لە فیلمە دۆکیومێنتارییەکاندا:**

| سەرچاوەی وێنە | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| خودی کەناڵ | | | |
| ئەرشیف | | | |

**١٠- بەکارهێنانی قەبارەی گرتەکانی کامێرا لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

| گرتەکان | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| گرتەی گشتی<br>LS | | | |
| گرتەی نزیک<br>CU | | | |
| گرتەی مامناوەند<br>MS | | | |
| گرتەی گشتی دوور<br>VLS | | | |
| گرتەی ماناوەندی<br>نزیکMCU | | | |
| گرتەی لەڕادەبەدەر<br>نزیک<br>ECU | | | |
| گرتەی ئەمریکی<br>USA | | | |
| گرتەی گشتی زۆر<br>دوور ELS | | | |
| گرتەی لەسەرووی<br>شانەوە OTS | | | |

**١١- گۆشە بەکارهێنراوەکانی کامێرا لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

| گۆشەی کامێرا | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| ئاستی بینین | | | |
| خوارووی ئاستی<br>بینین (نزم) | | | |
| چاوی باڵندە (زۆر<br>بەرز) | | | |
| تەنیشت | | | |
| سەرووی ئاستی<br>بینین (بەرز) | | | |

BB

| | | | |
|---|---|---|---|
| چاوی بۆق (زۆر نزم) | | | |
| لار Slander | | | |

**١٢- جوڵەکانی کامێرا لە فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

| جوڵە باوەکانی کامێرا | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| Zoom | | | |
| Pan | | | |
| Tilt | | | |
| Dolly | | | |
| Tracking | | | |
| Crane | | | |
| Drone | | | |
| Arc | | | |
| Steadicam | | | |
| Pedestal | | | |

**١٣- چۆنییەتی مامەڵە کردن لەگەڵ گرتەی تێکەڵاو** mix[*]:

| گرتەی تێکەڵ mix | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| ELS+ Drone+ Zoom+ VLS | | | |
| LS+ Pan+ Zoom+ MS | | | |
| ELS+ Drone+ Tilt+ VLS | | | |
| VLS+ Drone+ Pan+ ELS | | | |
| VLS+ Drone+ Arc+ LS | | | |
| VLS+ Drone+ Tracking+ LS | | | |
| MS+ Pan+ Tilt+ CU | | | |
| LS+ Pan+ Tilt+ CU | | | |
| LS+ Tilt+ Zoom+ CU | | | |
| MS+ Pan+ Zoom+ ECU | | | |

(*) **گرتەی تێکەڵاو mixing:** مەبەست لە تێکەڵاوکردنی دوو جۆر لە گرتەی کامێرایە لەگەڵ دووجۆر جوڵەی کامێرادا لەیەک کاتدا.

CC

**١٤- بەکارهێنانی کارتێکەری وێنەیی لە مۆنتاژکردنی فیلمی دۆکیومێنتارییدا:**

| کارتێکەری وێنەیی | پەسەندە | پەسەند نییە | پێویستی بە گۆڕانکارییە |
|---|---|---|---|
| بڕین Cut | | | |
| تێکەڵکردن Dissolve | | | |
| Fade in – Fade out | | | |
| سڕینەوە Wipe | | | |

حكومة اقليم كوردستان
وزراة التعيم العالي والبحث العلمي
جامعة سليمانية
كلية العلوم الانسانية
قسم الاعلام/ التلفزيون

# استخدام تقنيات الصورة في إنتاج الأفلام الوثائقية في القنوات الفضائية في إقليم كوردستان

**رسالة الطالبة**

**كوێستان قادر سعيد**

**قدمتها الى لجنة كلية علوم الانسانية في جامعة سليمانية، كجزء من متطلبات نيل شهادة الماجيستير في علوم الاعلام- التلفزيون**

**باشراف**

**أ. م . د. سلام نصرالدين**

**٢٧٢٢ الكوردي** **٢٠٢٢ الميلادي** **١٤٤٤ الهجري**

## ملخص البحث

تحاول هذه الدراسة بعنوان "استخدام تقنيات الصورة في إنتاج الأفلام الوثائقية في القنوات الفضائية في إقليم كوردستان" وهي كشف تلك الغموض الذي يكتنف مستوى استخدام الأساليب الفنية في التصوير التلفزيوني كعملية مهمة في إنتاج الأفلام الوثائقية في القنوات التلفزيونية الكوردية.

لإجراء هذه الدراسة اعتمدت الباحثة على المنهج الوصفي باستخدام طريقة تحليل المحتوى ( تحليل الظاهري ). ويشمل مجتمع البحث جميع الأفلام الوثائقية في فضائيات إقليم كوردستان والتي تشمل كل من ( Rudaw، K24، Kurdsat News، NRT ) و بخصوص العينة لجأت الباحثة الى عينة غير عشوائية قصدية وا تخذت ٢٧ فيلما وثائقيا خلال ستة أشهر من ( ٢٠٢١/١/١- ٢٠٢١/٦/٣٠ ).

ومن أبرز أهداف الدراسة هي: معرفة مدى استخدام محتوى الأفلام الوثائقية وانواعها في القنوات الفضائية الكردية. وكيفية تعاملهم مع سرد الأفلام من خلال استخدام أصواتهم ولهجتهم، ثم الكشف عن كيفية استخدام الصور من حيث ( اللقطات، الزاوية، الحركة ) الكاميرا.

أهم نتائج الدراسة التي توصلت اليها الدراسة هي:

١. تتعامل القنوات الفضائية، مع نوع المراقبة والتفسير كاحدى اولويات الأفلام الوثائقية واعتمدت بشكل أكبر على المواضيعات التى تخص (السيرة الشخصية والتاريخ والآثار)، وهو ما يعتبر فجوة في إنتاج الأفلام الوثائقية الكوردية، كونها لم تتطرق الى الكثير من المجالات الاجتماعية الهامة.

٢. حطى السرد كنوع مهم من الأفلام الوثائقية من خلال وجود التعليقات، في كافة الفضائيات باهتمام كافٍ في تعليقاتهم، وكانت ان معظم المعلقين من الذكور مقارنة بالاناث التي كانت تعليقاتهن أقل، كما اعتمدت القنوات في الغالب على اللهجة كرمانجية الوسطى لسرد أفلامها، وقد جاءت في قناة K24 فقط عرض الأحداث والقضايا المتعلقة بالمجتمع الكوردي دون تمييز في اللهجة.

٣. بذل مخرجي الأفلام الوثائقية على القنوات الفضائية جهوداً جيدة في معالجة الأفلام، حيث تمكنوا من استخدام صوت الموسيقى التصويرية وطبيعة الأحداث لدعم الصور بشكل جيد، ويُنظر اليه جانبًا إيجابيًا، لأنها أولت اهتمامًا أقل بالمؤثرات الصوتية أى الاصطناعية، وفي سرد قصة الأفلام، وتم التقاط الصور المستخدمة خارج الاستوديو والأماكن المتعلقة بطبيعة الأفلام وموضوعها بمستوى جيد.

٤. تمكنت القنوات من العمل باخذ التقاط لقطات مختلفة وتجسيد زاوية مستوى المشاهدة فيها، وهي أفضل طريقة لنقل لقطات متتالية وعلى مستوى عالٍ من خلال التأثير (قطع). يوضح هذا قدرة المصورين على التقاط حقيقة الأحداث علميًا.

٥. من حيث كيفية حركات الكاميرا بشكل عام، تختلف القنوات في مدى استخدامها، بحيث احتلت حركة ( Zoom ) مساحة كبيرة، وهو أمر يعتبر علميًا، ولكن أقل أهمية للحركة ( Tracking ) وتعتبر من أهم الحركات لمتابعة الأحداث وايصال الحقائق كما هي. في الوقت نفسه، ظهرت تقنية اختلاط و الجمع بين اللقطات و حركات الكاميرا في الأفلام بشكل جيد.

Kurdistan Region- Iraq
Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education and Scientific Research
University of Sulaimany
College of Humanitarian Science
Media Department/ TV

# Using Photographic Techniques in Documentary Film Production in Kurdistan Region's Satellite Channels

A Thesis Submitted to Council of College of Humaniterian Sceince College of University of Sulaimani in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master in Media Science -TV

By

**Kwestan Qadir Saeed**

Supervised by

**Asst Prof. Dr. Salam Nasradin Mohammed**

**(2722) KU** **(2022) AD** **(1444) AH**

# Abstract

The research, entitled (Using Photographic Techniques in Documentary Film Production in Kurdistan Region's Satellite Channels), is an attempt to illustrate the lack of clarity regarding the use of technical methods of television photography as an important act of visual production, in the process of producing documentary films in Kurdish Satellite channels. To conduct this research, the researcher depended on descriptive method using content analysis approach. The research community includes all documentary films from The Kurdistan Region's satellite channels, including (K24, Rudaw, NRT, Kurdsat News). During the six months from (1/1/2021) to (30/6/2021) (27) Documentary films, were deliberately selected and analyzed.

The most important objectives of this research are: Knowing the extent of the use of the type and content of documentary films in Kurdish satellite channels. And dealing with the art of narrating films by using voices and their dialects, and then how photographs from the perspective of (capture, angles and motions) in the cameras were used. The most important results of the research are:

1- In the satellite channels, dealing with the type of observation and interpretation are at the forefront of the types of documentary films and more dependent on subjects of (personal life, historical and archaeology), This is considered a gap in the production of Kurdish documentary films, as many other important areas such as social issues have been neglected.

2- Narration, as an important element of documentary film through the presence of a comment, has been considered in all channels, They rely mostly on the Middle Kurmanji dialect, only (K24) Channel has been able to present events and issues related to Kurdish society without distinction of dialects.

3- Directors of documentary films in the satellite channels, have made a good effort in the films, they have been able to follow the sound of the music and the nature of the stories to support the Photos at a good level.

4- The channels have been able to receive different footages and Showing more viewing angles, which is the best way to transmit consecutive footages and carried out at a high level through the effect of (cut).

5- In terms of how cameras move, channels generally consider it differently, in a way that (Zoom) movement is major, which is considered scientifically, However, (tracking) Movement was given less attention, which is considered one of the most important movements to investigate events and Showing the facts as they are. At the same time, the technique of combining footages and camera movements in the films can be seen noticeably.